# بزوتنەوەی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری

# لە بەڵگەنامەکانی بەریتانیادا




زێبار عەزیزخان مهاجیر

# بزوتنەوەی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری

# لە بەڵگەنامەکانی بەریتانیادا

**بەعەرەبی کردنی**

**تیلی ئەمین عەلی**

**بەکوردی کردنی**

**زێبار عەزیزخان مهاجیر**

**پێناسی کتێب:**

**ناوی کتێب: بزوتنەوەی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری لە بەڵگەنامەکانی بەریتانیادا**

**بەعەرەبی کردنی: تێلی ئەمین عەلی**

**بەکوردی کردنی: زێبار عەزیزخان مهاجیر**

**بابەت: مێژوویی**

**تیراژ: ٥٠٠**

**نۆرە و ساڵی چاپ: دووەم، ٢٠٢٦.**

**چاپ: چاپخانەی شوان – سۆران.**

**مافی چاپی ئەم کتێبە بۆ وەرگێڕ پارێزراوە.**

**لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانەکان، ژمارە سپاردنی (٨٦٧) ساڵی (٢٠١٥)ـی**

**دراوەتێ.**

## بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

# پێشەکی وەرگێڕ

گەلی کورد، یەکێکە لە گەلە هەرە مەزنەکانی دونیا، بەهۆی ستەم و زۆرداری گەلانی تر و لێکترازانی نێوخۆیی ڕیزەکانی، تا ئێستاشی لەگەڵ بێ، نەیتوانیوە ببێتە خاوەن قەوارە و دەوڵەتێکی سەربەخۆ، گەورەترین گەلی بێ دەوڵەتە.

لە دوای نەمانی میرنشینە نیمچە سەربەخۆکان، شڵەژانی کایەی سیاسی و ئیداری کوردستان، ڕابەر و سەرکردەیەکی گەورەتر دەرکەوت، ڕۆڵی ناوچەیی نەبوو، بەڵکور کوردستانی بوو، لەسەر ئاستی کوردستانی مەزن، ئەویش شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری بوو، نەك تەنها سەرکردەیەکی سیاسی، بەڵکو سەرۆکی تەریقەتی نەقشبەندی بوو، لە دوای مەولانا خالدی نەقشبەندی بوو، خاوەنی بیروباوەڕی یەکخواناسی (التوحيد) بوو، ئامانجی ڕزگارکردنی گەلی کورد و یەکخستنی کورد بوو لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی سەربەخۆدا.

دوای پاشەکشەی بزوتنەوەی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری و دوورخرانەوەی بۆ شاری مەدینە، لە شاری ناوبراودا کۆچی دوایی کرد، شێخ عەبدولقادری کوڕی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری لەگەڵ کوڕەکەی سەید محەممەد لە دیاربەکر، لە دوای شکستی شێخ سەعیدی پیران لەگەڵ کۆمەڵە کەسێکی تر لە سێدارە دران. دوای ئەمە بنەماڵەی نەهری لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە خێزان و خانەوادە و شوێنکەوتوو و هەوادارانیان ڕۆیشتنە ڕۆژهەڵاتی کوردستان (کوردستانی ئێران) و باشووری کوردستان (کوردستانی عێراق)، تا ئێستاشی لەگەڵ بێ لەوێن.

له شۆڕشەکەی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهریدا کەمە نەتەوەکانی وەك: ئەرمەنی و ئاشوری و خاوەن ئاینەکانی دیکەش وەك مەسیحییەکان بەشداریان تێدا کرد، واتە شۆڕشکی بەرتەسك نەبوو، بەڵکو تەواو کوردستانی بوو، هەموو ئایین و ئاینزا و نەتەوە و کەمە نەتەوەکانی کوردستانی لەخۆگرت بوو.

ئەم کتێبەی بەردەستمان بەڕێز تێلی ئەمین عەلی بە عەرەبی کردووە، بەندەش وەریگێڕاوەتە سەر زمانی شیرینی کوردی، چەند وێنەیەکی پەیوەندیدارم بۆ زیاد کردووە. ئەم کتێبە چەندین بەڵگەنامەی گرنگ دەربارەی بزوتنەوە و شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری لەخۆدەگرێت، کە ئاشنامان دەکەن بە قوڵی، فراوانی، هەمەلایەنی یەکەمین بزوتنەوەی نەتەوەییی سەربەخۆییخوازی کورد، چونکە شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری ڕێبەری سەربەخۆییخوازی نەتەوەیی کوردە. یەکەمین سەرکردەی کورد بووە کە داوای سەربەخۆیی گەلی کوردستانی کردووە و بزاڤ و شۆڕشەکەشی سەرتاسەری بووە و تەواوی کوردستانی گەورەی گرتۆتەوە.

ئەم بەڵگەنامانە لە بنەڕەتدا بە زمانی ئینگلیزین، ئینجا بۆ سەر زمانی فارسی و عەرەبی و کوردی وەرگێڕدراون. لە کۆتاییدا دەمەوێ سوپاسی ڕێزدار: "سەرهنگ عبدالواحید" بکەم، کە ئەرکی پێداچوونەوە و هەڵەچنینی ئەم بەرهەمەی گرتەئەستۆ.

سەرکەوتن تەنها لە خواوەیە، هیوای سەرکەوتن بۆ هەموو لایەك.

**زێیار عەزیزخان مهاجیر**

**درەختی ساداتی نەهری.**




**درەختی ساداتی نەهری.**

ئەمانە ئەو بەڵگەنامە بەریتانیانەن، کە لەبارەی بزوتنەوەی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری لە ساڵی ١٨٨٠ دەدوێت، چەندین لایەن و ڕێڕەوی ئەم بزوتنەوەیە و کەسایەتی سەرکردەکەی دەردەخات، ڕۆشنایی دەخاتە سەر ئامانجەکانی، هەروەك دیدی بەریتانیا لەبارەیەوە ڕوون دەکاتەوە، ئاماژە بە هەوڵەکانی حکومەتی ئەو کاتی بەریتانیا دەکات، بۆ کۆتایی هێنان بەو بزوتنەوەیە بە زووترین کات، چونکە ترسی هەبوو لە لە یەکتر نزیکبوونەوەی ڕوسیا و ئێران، ئەمەش وای دەکرد دەسەڵاتی ڕوسیا لە ناوچەکە زیاتر بێت. ئەم بەڵگەنامانە هەڵوێستی وڵاتانی دیکەش لەبارەی ئەم بزوتنەوەیە ڕوون دەکاتەوە.

سەرچاوە بیانیەکان ئاماژە بەم بەڵگەنامانە دەدەن بە ناوی ((پەڕاوە پەرلەمانیەکان: Parliamentary Papers)) (تورکیا ١٨٨١)... بە زۆری بریتین لە نامەو بروسکەی نێوان باڵیوزخانە و کونسلگەریەکانی بەریتانیا لە ئەستەمبۆڵ و مۆسکۆ و شاری وان و تەبرێز لەگەڵ وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا، ئەو ڕێنمایانەی دەهات لە وەزارەتی ناوبراوەوە، لە سەردەمی (ئێریل کرانفیل)، کە جانتاکەی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیای لە چەندین قۆناغدا گرتەدەست.

ئەم بەڵگەنامانە وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی کوردی لەلایەن ڕێزدار جەمال میرزا عەزیز، لە دوو توێی کتێبێکدا دەرچوو، لە ژێر ناونیشانی (لە تاریکیەوە بەرەو ڕووناکی) لە شاری سلێمانی لە ساڵی ١٩٩٩، لەلایەن چاپخانەی سەردەمەوە بە زنجیرە (٣٥) بە چاپ گەیەنرا[١].

---

(١) ئێستاش بەندە دووبارە وەریدەگێڕێتە سەر زمانی شیرینی کوردی (وەرگێڕ).

هەروەك ئەم بەڵگەنامانە وەرگێڕدرانە سەر زمانی فارسی، لەلایەن (بەهزاد خۆشحاڵی) لە چاپدرا، بڵاوکار: نوری علم، لە هەمەدان، لە ساڵی ١٣٧٩ هەتاوی، ٢٠٠٠ زاینی، وەرگێڕە فارسیەکە ئاماژەی نەکردووە بەوەی ئەم بەڵگەنامانەی لە چ زمانێکەوە وەرگێڕاوە، لەگەڵ ئەوەی ناوی نووسەر (جەمال میرزا عەزیز)ی لەسەر بەرگی کتێبەکە دانابوو.

لەبەر گرنگی ئەم بەڵگەنامان و تۆمارکرانی ڕووداوەکانی قۆناغێکی گرنگ لە مێژووی گەلی کوردستان و یەکێك لە پڕ بایەخترین شۆڕش و بزوتنەوە و ڕاپەڕینەکانی لە پێناو ئازادیدا لەم بەڵگەنامانەدا، پێمان وابوو پێویستە وەری بگێڕینە سەر زمانی عەرەبی، تا خوێنەر هەل و فرسەتی ئەوەی بۆ بگونجێ شارەزا و ئاگاداری بێ.

بە مەبەستی یارمەتیدانی خوێنەر بۆ بەدواداچوون و ڕۆیشتن لەگەڵ ڕووداوەکانی بزوتنەوەکە بە گوێرەی کات، بەڵگەنامەکانمان بەپێی بڕگەی کاتی ژمارەمان بۆ داناوە، ژمارەی نوێ لە سەرەوەی لاپەڕەکەیە، لە هەمان کاتدا ژمارەی ڕەسەنی بەڵگەنامەکان وەك خۆمان دامانناوەتەوە، لە ژێر ژمارە نوێیەکە و لەلای ڕاستی لاپەڕەکە. بەڵگەنامەکان لە بنەڕەتدا زنجیرەیەکیان لەخۆدەگرت، بەڵام ئەم زنجیرەیە ڕەچاوی کاتی ڕووداوەکانی نەکردووە، هەر بۆیە هەڵساین بە ڕێکخستنیان بەگوێرەی کات و سەردەم بە ژمارە بۆ دانانێکی تازە. پەڕاوێز و سەرنجمان نووسیوە تا خوێنەر کەڵك و سوود ببینێ، هەروەك ناوی کەسایەتی و شوێنەکانمان بەشێوەی دروست چەسپاندووە دوای دڵنیابوونەوە لێی.

سەرەتا پشتمان بەست بە وەرگێڕدراوە فارسیەکە، دوای تەواوبوون لە وەرگێڕانی بەڵگەنامەکان بۆ سەر زمانی عەرەبی، وەرگێڕدراوە کوردیەکەم دەستکەوت لەسەر

لاپەڕەکانی پێگەی ئەلیکترۆنی، بۆیە پێویست بوو بەراوردکاری بکەین لە نێوان وەرگێڕاوە کوردی و فارسیەکە.

ئەم توێژینەوەیەمان لەبارەی بزوتنەوەی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری، پشت دەبەستێت بەم بەڵگەنامان و کۆمەڵێك بەڵگەنامەی ڕوسی و فەڕەنسی و ئیرانی، تێروتەسەلن لەبارەی ئەم بزوتنەوەیە. پێویستە ئەوەش بڵێم بابەتی پێشەکی ئەم بەڵگەنامانە یەکێکن لە توێژینەوەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیەلەگەڵ چەند دەستکاری و زیادکردنێك. هیوادارم خوێنەر سوود ببینێ لەم زانیاریە بەهادارانەی لەم بەڵگەنامانەدا هەن، کە ڕووماڵی تەواوی کاتی بزوتنەوەی شێخ عوبەیدوڵڵا ناکەن، دەبێ ئەرشیفی بەڕیتانی و بروسکە و گوتارەکانی باڵیوزخانەکانی بەریتانیا لە بارەی ئەم بزوتنەوەیە بەڵگەنامەی زیاتری هەڵگرتبێ و پاراستبێ، بە ڕەچاوکردنی ئەو گرنگییە مەزنەی حکومەتی بەریتانی پێیداوە و پەرلەمانی بەریتانیا تاوتوێ ڕووداوەکانی کردووە.

ئەم بەڵگەنامە بەریتانیانەی ئێستا هەن، لە بەرواری ٧ شوباتی ١٨٨١ دەپچڕێن، لە کاتێکدا ڕووداوەکانی بزوتنەوەی شێخ عوبەیدوڵڵا بەردەوام بوو تا کۆتاییەکانی ساڵی ١٨٨٢، کۆتایی دێت بە ڕازی بوونی شێخ بە جێبەجێکردنی ویستی سوڵتانی عوسمانی و قبوڵکردنی مانەوە لە حیجاز، ئەمە ئەو ماوەیەیە کە پێویستی بە هەوڵ و کۆششی لێکۆڵەر و ڕۆشنبیرانی کورد هەیە لە ئەوروپا، بۆ گەڕان و لێکۆڵینەوە لە بەڵگەنامە بەڕیتانیەکان، کە ڕووماڵی ئەو ماوەیەیان کردووە، تا وێنەکەی تەواو دەبێ لەبارەی ڕۆڵی بەریتانیا لە بزوتنەوەی شێخ عوبەیدوڵڵادا بەشێوەیەکی فراوانتر، لەگەڵ ئەوەی پێشبینی ئەوە ناکرێت حکومەتی بەڕیتانی ئەو ستراتیژەی خۆی گۆڕیبێ، کە

دامەزرابوو لەسەر داوکاری ئیرانی و فشار خستنەسەر (باب العالی) بۆ بەدەمەوەچوونی و دوورخستنەوەی شێخ عوبەیدڵڵا لە سنوورەکانی ئێران.

# پێشەکی


## شێخ عوبدوڵڵای نەهری

## ژیاننامە و ناوبانگەکەی

وەزیر محەممەد ئەمین زەکی مێژوونووس، لە ئینسکلۆپیدیای ئیسلامەوە ئەوە دەگوازێتەوە، کە خانەوادەی شەمزینان سیمت لە خانەدانەکانی نەهری (نەهری یان نیری یاخود نایری)، لە سەردەمی (مەلا حەجیج) شوێنەکەیان بۆ ناوچەی (هەمارۆ) گواستۆتەوە، لەوێ ماونەتەوە تا سەردەمی مەلا سالّح، مەلا سالّح دوو منداڵی هەبوو، سەید عەبدوڵلا و سەید ئەحمەد. سەید عەبدوڵلا بووە یەکێك لە خەلیفەکانی مەولانا خالید، دوای ئەوەی تەریقەتی نەقشبەندی وەرگرت، سەید عەبدوڵلا گەڕاوەتەوە گوندی (نەهری) و لەوێ نیشتەجێ بووە، بە خۆی و منداڵەکانی، دواتریش نەوەکانی، ئەم خێزانە دەسەڵاتێکی ئاینی هەبوو لە قۆناغەکانی سەرەتادا، دواتر دەسەڵاتی ماددی دونیایشی بەهەمان شێوە بۆ پەیدابوو، ئەم دەسەڵاتە بەشێوەیەکی بەردەوام لە زیادبووندا بوو لە سەردەمی شێخ عوبەیدوڵڵادا[1].

---

(١) محەممەد ئەمین زەکی، پوختەی مێژووی کورد و کوردستان، بەشی یەکەم و دووەم، بڵاوکراوەکانی (سەردەم) سلێمانی ٢٠٠٢ لا ١٦٧. بە زمانی کوردی.




**نامەی مەولانا خالدی نەقشبەندی بۆ شێخ سەید تەهای نەهری گەورە، لە سەدەی نۆزدەم، بە هەر دوو زمانی فارسی و عەرەبی.**

**بابا مەردۆخی ڕۆحانی لەبارەی ڕەچەڵەکی شێخ نەهری دەڵێت: ((مەلا ساڵح دوو کوڕی هەبوو، شێخ عەبدوڵڵا و شێخ ئەحمەد، شێخ عەبدوڵا یەکێك بوو لە گەورە خەلیفەکانی مەولانا خالیدی نەقشبەندی. شێخ عەبدوڵڵا لە گوندی (نەهری) یان (نەری) نیشتەجێ بوو، دوای ئەوەی چووەسەر تەریقەتی نەقشبەندی، دوای ماوەیەك شێخ ئەحمەد لەگەڵ گشت خزم و شوێنکەوتووەکانی ڕۆیشتە ئەوێ، دەسەڵاتێکی**

بەفراوانی ئاینیان بەدەستخست، ڕێگەیان خۆشکرد بۆ نەوەکانیان بۆ ئەوەی ببنە میر و دەسەڵات بگرنەدەست[١].

مەردۆخی ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە باوکی شێخ عوبەیدوڵا، ناوی شێخ تەهای نەهری شەمیزنانی بوو، یەکێك بوو لە خەلیفەکانی مەولانا خالدی خاوەن دوو باڵ، کە لە گەورە پیاوانی سۆفیەکان بوو. مەردۆخی دەڵێت محەممەد شا قاچار (لە ماوەی ١٧٨٨ - ١٧٩٧ زاینی حوکمی کرد) یەکێك بوو لە موریدەکانی شێخ تەها، هەموو ساڵێك دیاری و شتی دەگمەنی بۆ دەنارد، هەروەك چەندین گوندی پێدا بۆ دابینکردنی خەرجی خانەقاکانی. یەکێك لە هاوژینەکانی محەممەد شا، کە دایکی عەبباس میرزای پاشی ئارا بوو، سەر بەم خانەوادەیە بوو، خودی عەبباس میرزا موریدی شێخ بوو، گۆڕی شێخ تەها لە تارانە)[٢].

مەردۆخی لە خودی شێخ عوبەیدوڵاوە دەنوسێ و دەڵێت (شێخ عوبەیدوڵای کوڕی شێخ تەهای نەهری لە گوندی نەهری لە ساڵی ١٢٤٨ کۆچی لەدایکبووە، وەك باوکی خۆی بووە یەکێك لە خەلیفەکانی نەقشبەندی، دوای ماوەیەك دەسەڵاتی گەورە بوو و ناوبانگی فراوان بوو، تا وای لێهات بیری لە میرنشینایەتی و دەسەڵاتداری کردەوە و بازنەی شێخایەتی تێپەڕێنێت)[٣].

---

(١) بابا مەردۆخ ڕوحانی (شیوا) - تاریخ مشاهیر الکرد باللغە الفارسیە - بەرگی دووەم - چاپی دووەم - بڵاوکراوەکانی سروش - تاران ١٣٨٣ کۆچی هەتاوی، لا ٥٤٥.

(٢) بابا مەردۆخ ڕوحانی (شیوا) - تاریخ مشاهیر الکرد باللغە الفارسیە - بەرگی دووەم - چاپی دووەم - بڵاوکراوەکانی سروش - تاران ١٣٨٣ کۆچی هەتاوی، لا ٥٤٥.

(٣) هەمان سەرچاوە، لا ٥٤٦.

(دەیڤید مکداول) ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە شێخ تەها، کوڕی برای شێخ عەبدوڵڵا و خەلیفەکەیەتی[1]، بەڵام ئەوەی جێگای دڵنیاییە ئەوەیە (شێخ ساڵح) برای شێخ تەها خەلافەتی لە شێخ تەهاوە وەرگرت لە کاتی مردنیدا، کاتێك شێخ ساڵح مرد، عوبەیدوڵڵا خەلافەتی لێوەرگرت.

ڕۆژبەیانی لەبارەی شێخەوە دەڵێت (شێخ عوبەیدوڵڵا شکۆ و پایەداری لە پایەدارەوە بۆ پایەداری دواتر وەرگرت، خەڵکی ملکەچ کرد بۆ ئەم خانەوادەیە، بڕوای وابوو وەلیایەتی و لەخواترسان لەواندایە، ناوچەی شەمزینان لە ویلایەتی هەکاری ملکەچی ئەوان بوو، دەسەڵاتی ئاینیان فراوان بوو، بەمەش خەڵك لە ئازربایجانی بچوکی خۆرئاواش ملکەچیان بوون، بەڵام حکومەتی سوڵتان عەبدولحەمید لەخواترسان و دەستگرتنەکەی بە ئایین قۆستەوە، بەوەی هەوڵیدا هانی بدات بۆ ئەنجامدانی جەنگ لە دژی ئەرمەن و مەسیحیەکانی نیشتەجێی هەکاری و ئورمییە، بەڵام شێخ گوێی بۆ حکومەتی عوسمانی نەگرت))[2].

---

(١) دەیڤید مکداول - ڕابوونی شێخ عوبەیدوڵای نەهری - بەشێکی سەربەخۆ و جیاکراوەیە لە کتێبەکەی مێژووی هاوچەرخی کورد - جرجیس فەتحوڵا ئەم بەشەی وەرگێڕاوە لە کتێبەکەیدا بڵاوکردۆتەوە (دوو دەروازە لەسەر پەڕاوێزی شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵا لا ١٠٦).

(٢) بابا مەردۆخ ڕوحانی (شیوا) - تاریخ مشاهیر الکرد باللغه الفارسیه - بەرگی دووەم - چاپی دووەم - بڵاوکراوەکانی سروش - تاران ١٣٨٣ کۆچی هەتاوی، لا ٥٤٥.

دكتۆر كۆچەران بەم وتەیە وەسفی دەكات ((شێخ تەمەنی دەگاتە پەنجا ساڵ، كەسێكی زۆر سەرنجڕاكێشە لە ڕووكەشیدا، پۆشاكێكی درەوشاوە لەبەرە لە جوبەیەكی دەلینگ و لا فراواندا، جامانەی (جەمەدان)یەكی سپی لەسەری بوو))[١].

(لایارد[٢]) دەڵێت: خانەوادەی شێخ تەها لە جەزیرەی بۆتان لە ژێر حوكمڕانی میر بەدرخان پاشای مەزن نیشتەجێ بوو، دوای داگیركرانی میرنشینەكە لەلایەن عوسمانیەكان و دوورخستنەوەی میری گەورە لە ساڵی ١٨٧٤ز شێخ تەها لەگەڵ خانەوادەكەی ڕۆیشتنە (نەهری) لە شەمزینان لە سنووری میرنشینی هەكاری و لە ژێر دەسەڵاتی میرەكەی (موسا بەگ)، "لایارد" دەڵێت: ساڵی ١٨٤٩ سەردانی كردووە، تاكە میری كورد بووە تا ئەو كات دەسەڵاتی پاراستبێ و بەدەستیەوە مابێ.

شێخ بە (شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری) لەلای عەرەبەكان ناوی دەركرد، لە نێو كوردانیشدا بە ناوی (شێخ عوبەیدوڵڵای نیری) و (شێخ عوبەیدوڵڵای شەمزینی) ناسراوە، ئەو سەرچاوانەی لێكۆڵینەوەمان تێیاندا كردووە دەڵێن: كاتێك شێخ تەهای باوكی كۆچی دوایی كرد، سەرۆكایەتی شێخایەتی بۆ براكەی شێخ محەممەد ساڵح گوازرایەوە، ئەویش دوای ١٢ ساڵ لە ڕێنیشاندان و ڕێنوێنی كردن گەڕایەوە بەر ڕەحمەتی خوا لە ساڵی ١٨٦٥، شێخ عوبەیدوڵا سەرۆكایەتی شێخایەتی گرتەدەست، ئەمەش لە كاتێكدا كە تەمەنی سی ساڵان بوو، كاتێك شێخ عوسمان سیراجەددین لە ساڵی ١٨٦٦ كۆچی دوایی كرد، وایلێهات شێخ عوبەیدوڵا بووە سەركردە و تاكە ڕێبەر و

---

(١) دكتۆر وەدیع جەودە - شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵای نەهری - بەشێكی سەربەخۆ و جیاكراوە لە كتێبەكەی - بزوتنەوەی نەتەوەیی كورد، بنچینە و گەشەكەی - جرجیس فەتحوڵا وەریگێڕاوە و لە كتێبەكەیدا بڵاوی كردۆتەوە (دوو دەروازە لەسەر شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵای نەهری) لا ٢٠.

(٢) سێر ئۆستن هنری لایارد، باڵیۆزی بەریتانیا بوو لەلای بابولعالی لا ١٨٧٧ - ١٨٨٠.

ڕێنیشاندەری تەریقەتی نەقشبەندی لە کوردستان و تورکیا و ئێران، دەسەڵاتی مەزنی هەبوو بەسەر شوێنکەوتووانی شێخایەتیدا، لە زۆربەی ناوچەکاندا کورد ڕێزێکی تایبەتیان لێدەگرت، سەرباری ئەوەی مورید خۆشەویستی هەبوون لە عەرەب و تورکەکان، بەڵکو خودی دەسەڵاتی تورکی بە چاوی ڕێز و شکۆوە سەیری دەکرد.

یەکێك لە سەرکردە ئێرانیەکان کە بەشداربوو لە جەنگی دژی شێخ عوبەیدوڵڵا دەڵێت: ((ئەم شێخە موریدی وای هەن، بەبێ مشتومڕ فەرمانەکانی جێبەجێ دەکەن، ئەم موریدانە هەر لە بایەزیدەوە تا موسڵ و سلێمانی و کەرکوك و دیاربەکر ... بڵاوبوونەتەوە)).

پێش هەڵگیرسانی جەنگی نێوان ڕوسیا و عوسمانیەکان، هەندێك سەرچاوە باس لەوە دەکەن ناکۆکیەك ڕوویداوە لە نێوان شێخ عوبەیدوڵڵا و دەسەڵاتدارانی ئێرانی، بەهۆی ئەوەی موریدەکانی شێخ لە بەشی خۆرهەڵاتی کوردستان باجیان بە حکومەتی قاچاری نەداوە، بەوپێیەی ئەو زەویانەی بەکاری دەهێنن هی شێخن نەوەك هی حکومەتی قاچاری.

(سەرکردایەتی شێخ عوبەیدوڵڵا لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی نۆزدەم دەرکەوت، کاتێك کوردەکانی فارس ڕەتیان کردەوە باج بدەن بە حکومەتی فارسی، پاساویان ئەوە بوو ئەوان دەیدەن بە شێخ عوبەیدوڵڵا، بەپێی ئەو مافەی باوکی بەدەستی هێنابوو لە شای فارس لە ساڵی ١٨٣٦. فارس هەڵمەتێکی سەربازی لە دژی ئەنجامدا، وای لێکرد داوای یارمەتی لە دەوڵەتی عوسمانی بکات)[1]. پێویستە باسی ئەوەش بکرێ شێخ تەها ژمارەیەك گوندی هەبوو لە دەشتاییەکانی (مرگەوەر و

---

(١) عبدولرەئوف ستو - سەرچاوەی پێشوو لا ١١٨.

ترگەوەر) بەڵام شێخ عوبەیدوڵڵا ژمارەی گوندەکانی زیاد کرد، زیاتر لە ٢٠٠ گوند بوو، هەر بۆیە شێخ دەیویست بارودۆخەکان جێگیر بن لە سایەی حکومەتێکی دادگەردا، تا ناوچەکە گەشە دەکات و بازرگانی دەبوژێتەوە، بە لەناوبردنی تاڵانکار و ڕێگرەکان، ئەمە کارێك بوو لە دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی و ئێرانیدا نەبوو بیکەن. بەڵگەنامە بەریتانیەکان ئەوە ڕوون دەکەنەوە کە شێخ عوبەیدوڵڵا دەستی کردووە بە کڕینی زەوی کشتوکاڵی لە (گەوەر و باشقالا و مرگەوەر و ترگەوەر)) بە ئامانجی باشکردنی گوزەرانی خەڵك و بەگەڕخستنی زۆرترین ژمارەیان لە کاری کشتوکاڵیدا، پێشنیازی کرد بۆ دەوڵەتی ئێرانی زنجیرە دەشتەکانی (مرگەوەر و برادۆست) بەکرێ بگرێت لە بەرامبەر بڕە پارەیەکی ساڵانە و بۆ هەمان مەبەست و بە ئامانجی نەهێشتنی دزیکردن و ڕێگری. عەبدولقادری کوڕی خۆی بۆ ئەم مەبەستە ڕەوانەی ئێران کرد، بەڵام دەسەڵاتدارانی ئێرانی، کە سوودیان دەبینی و بەشداربوون لەگەڵ دزیکەران، ڕەتیان کردەوە زەویەکان بەکرێ بەو بدەنەوە، بۆیە شێخ هەڕەشەی کرد بە ڕۆیشتن بەرەو ئەو ناوچەیە بۆ لەناوبردنی دز و جەردەکان. شێخ کە سەرۆکایەتی تەریقەتی سۆفیگەری دەکرد، بڕوای هەبوو بە دادگەری و یەکسانی و پێویستی بەرەنگاربوونەوەی ستەم و حوکمڕانی گەندەڵ، تەریقەت جەختی دەکردەوە لەسەر بنەمای ڕەتکردنەوەی ستەم و یەکسانی لە نێوان خەڵکدا، گشت خەڵك، جا ئایین یان ڕەچەڵەك یاخود مەزهەبیان هەر چییەك بێ، چونکە دروستکراوی خوان و مرۆڤن، لە ماف و ئەرکدا یەکسانن، گشت شەریعەتەکانی بۆ ناسینی خوان. سەرچاوەکانی ئاماژە دەکەن بەوەی زۆربەی بەرهەمی توتنی هەکاری دەگەڕایەوە بۆ شێخ

عوبەیدوڵڵا، زۆرێکی لەو بەرهەمەی ڕەوانەی ئەوڕوپای دەکرد، لە بەرهەمهێنانی توتندا کێبڕکێی دەکرد لەگەڵ کۆمپانیای (ریژی) فەرەنسی[1].

شێخ گۆشەگیر نەبووە، بەڵکو کارا و چالاك بوو لە چالاکییە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووریەکاندا، بە بەردەوامی بانگەوازی دەکرد بۆ جێگیربوونی ئەمن و ئاسایش و گەشەی ئابووری و بەرزکردنەوەی گوزەرانی هاوڵاتیان و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بۆیان. ناوەندە کۆمەڵایەتی و قورسایە سیاسییەکەی هەندێك جار پێش پێگە ئاینیەکەی دەکەوت، لەسەری بوو پابەندبێ بەم ناوەندانە، ئەمە وای کرد لەلای زۆرێکیان شتەکە ئاڵۆز بێ کە وایان نەدەبینی ئایین بەندکراوی ناخە لە ژوورەکان و فەرامۆشکردنی کاروباری دونیا.

شێخ (محەممەد بچکولە) بە ئاشکرا خانەوادەی شەمزینانی تۆمەتبار کرد، لەبەر ئەوەی لە ڕێگەی ئاینی ڕاست و دروست لایداوە، چونکە بووەتە خاوەن دەسەڵاتێکی ئاینیە زیاتر لەوەی خاوەن ڕێنوێنی و ڕێنیشاندانی ئاینی بێ[2].

بەڕاستی شێخ تەنها پیاوی ئاینی نەبوو، بەڵکو سەرکردەیەکی ڕاستەقینەی گەلی کوردستان بوو، (لازاریف) لە کتێبەکەیدا لەبارەی مێژووی کوردستان دەڵێت: (دەسەڵاتی تەنها لەبەر ئەوە نەبوو، کە سەرۆکی تەریقەتی نەقشبەندی بوو، بەڵکو یەکێك بوو لە دەوڵەمەندە موڵکدارەکانی کوردستان، ٢٠٠ گوندی هەبوو بە یەکسانی

(١) جەلیل جەلیل - سەرچاوەی پێشوو لا ٨١.

(٢) هەمان سەرچاوە لا ٨٠، نەگەیشتووین بە زانیاری سەبارەت بەم شێخە.

لە تورکیا و ئێران، ئەو کات سەرکردەیەکی بێ هاوتای کوردانی تورکیا و ئێران بوو)[1].

نووسەری ناوداری فەڕەنسی، کە بە (کریس کوچیرا) ناسراوە، لە کتێبەکەیدا (بزاڤی نەتەوەیی کورد) لەبارەیەوە دەڵێت: ((شێخ عوبەیدوڵا مرۆڤێکی سادە و خاوەن قەناعەت و بڕوادار بوو بە خوا، زۆر دیندار بوو، زۆر بایەخی دەدا بە چاك کردنی گوزەرانی کورد، هەموو ئەم شتانە وایان کرد، هاوڵاتیانی ڕێزی لێبگرن و بەوچاوە سەیری بکەن، وەك ئەوەی خوا وەك ڕزگارکەری بۆ ئەوان ناردووە))[2].

شێخ تەنها سەرکردەی کورد نەبوو، بەڵگەنامە بەریتانیەکان باسی ئەوە دەکەن پێنج هەزار سوارچاکی عەرەب پەیوەندیان بە لەشکرەکەوە کردبوو، ئەو کاریگەری لە موسڵ هەبوو، کەمتر نەبوو لە کاریگەریەکەی لە هەکاری، بۆیە دەیەویست موسڵ بکاتە پایتەختی دەوڵەتەکەی خۆی، هەروەك ژمارەیەکی زۆر لە ئاشوریەکان ڕۆیشتنە ناو لەشکرەکەی، لەم بارەوە (لازاریف) لە کتێبەکەیدا (مێژووی کوردستان) لەم بارەوە نووسیویەتی: (خاوەن جەماوەرێك مەزن بوو لە نێو گەلانی ناوچەکە و چینە جیاوازەکانی دانیشتوان)[3].

---

(١) م. س. لازاریف و ئەوانی تر - مێژوووی کوردستان - وەرگێڕانی د. عەبدی حاجی - بڵاوکراوەکانی خانەی سپیرێز بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە لە دهۆك - چاپخانەی حاجی هاشم - هەولێر ٢٠٠٦، لا ١٤٧.

(٢) کریس کوچیرا - کورد لە سەدەی نۆزدەم و بیستەمدا - وەرگێڕانی بۆ زمانی کورد، حەمە کەریم عارف - چاپی چوارەم - هەولێر ٢٠٠٧ لا ١٨.

(٣) لازاریف و ئەوانی تر - سەرچاوەی پێشوو ١٤٨.

توێژەری کوردستانی د. عەبدولفەتاح عەلی بۆتانی شێن عوبەیدوڵا (بە چاکترین نمونە دادەنێ بۆ سەرکردەکانی کوردی، کە دوای حوکمی میرنشینەکان دەرکەوتن، بەپێی وتەی دیڤید ماکدویل و لە دیدی زۆر کەسدا یەکەم پاڵەوانی نەتەوەیی کوردە، چونکە لە ساڵی ١٨٨٠ بەناوی نەتەوەییەوە شۆڕشی ئەنجامداوە، ئامانجەکەی یەکخستنی کورد بوو لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆدا)[١]. بەریتانیەکان شێخیان بە دوژمنی خۆیان دادەنا، لە بەڵگەنامەکانیاندا بە ئاشکرا ئەمەیان ڕاگەیاندووە، خوێنەر دەتوانێت بۆی بگەڕێتەوە، باڵیۆزی بەریتانی (تامسۆن)، کە لەلای شاه بوو، باڵیۆزی بەریتانی (گوشن) کە لەلای بابولعالی بوو، وەسفی شێخ عوبەیدوڵا دەکەن، هەندێك جار بە شێخی دواکەوتوو، هەندێك جاری تریش بە شێخی ئاژاوەگێڕ، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا هەندێك لە بەرپرسانی بەریتانی داندەنێن بە سەرکردایەتی و شکۆداری و دادگەری و هەڵسوکەوتە ڕێك و پێکەکانی شێخ، حکومەتە دادگەرەکەی و شەونخۆنی شێخ بەدەم بەرژەوەندی هاوڵاتیانی، (ولیام ج. ئابوت) باڵیۆزی گشتی بەریتانیا لە تەبریز، ڕاپۆرتێك بۆ باڵیۆزی بەریتانی لە کۆشکی شادا بەرز دەکاتەوە، لە هاوپێچەکەیدا هاتووە: لە زنجیرەی پلەکانی دەسەڵاتی ئیسلامیدا، شێخ خۆی بە کەسی سێیەم دادەنێت. جگە لە چەند هۆزێکی کورد لە ناو ئێران، کورد بە گشتی داندەنێت بە سەرکردایەتی شێخ، شێخ عوبەیدوڵا دەژیەت وەك چۆن پاشاکان دەژین. ڕۆژانە ٥٠٠ تا ١٠٠٠ کەس خواردن لەسەر سفرە و خوانی ئەو دەخوات. لە نێوان میوانەکاندا تاکەکانی گشت چینەکانی کۆمەڵگە دەبینرێن، هەر لە هەژارترین کەسەوە تا گەورە بەرپرسەکانی هەر دوو دەوڵەتی ئێران و تورکیا.

---

(١) د. عەبدولفەتاح عەلی بۆتانی - سەرەتاکانی هەستی نەتەوەیی کوردی - دهۆك ٢٠٠٥ لا ٣٥.

شێخ به خودی خۆی لەگەڵ کوڕەکەشی لێکۆڵینەوە دەکات، لە سکاڵا و داواکارییەکانی گەل، لە نزیکەوە لەگەڵیان تاوتوێی دەکەن. لە شاری شێخ عوبەیدوڵڵا شتێك نییە بە ناوی خواردنەوە سەرخۆشکەرەکان. شێخ هەر لە خۆرهەڵاتنەوە تا نیوەی شەو هەڵدەستێت بە ڕاپەڕاندنی کارە کارگێڕییەکانی گەلەکەی. گەلەکەی شێخیان خۆشدەوێت و فەرمانەکانی بەبێ مشتومڕ جێبەجێ دەکەن. پێشێلکردنی یاساکان بڕیاری مردن بەدوای خۆیدا دێنێت. شێخ زۆر ژیرمەندە، بەپێچەوانەی گشت ڕۆحانیەکان زانیاری هەیە سەبارەت بە زانستەکانی ڕۆژگار.

شێخ حەزی لە یەکگرتنی کوردە، دەیەوێ دزی و جەردەیی و ڕێگەبڕین تاڵان بنبڕ بکات. هەر بۆیە بە خودی خۆی دەستی کرد بە کڕینی زەوی کشتوکاڵی لە (گەوەڕ) و (باش قەلعە) و (مەرگەوەر) و (ترگەوەر) تا بتوانێت زۆرترین جوتیار بەکار بخات[١].

پێم وابێ ڕاپۆرت نووسەکە، لە ئاماژەکردنیدا بۆ زنجیرەی پلەکانی ئیسلامی، مەبەستی سوڵتانی عوسمانی و شێخ عوبەیدوڵا و شەریفی مەککەیە، شێخ نامەی لەگەڵ دەگۆڕیەوە و لەوانەیە چاوی بە نوێنەرەکانیشی کەوتبێ لە موسڵ، یان لەوانەیە مەبەستی شێخ عوبەیدوڵا و سوڵتانی عوسمانی و شای ئێرانە.

بەڵگەنامەیەکی تری بەریتانی داندەنێ بەوەی شێخ بووەتە نیشانەی یەکێتی کورد، کوردەکان بە چاوی ڕێزەوە سەیری دەکەن زیاد لە ڕێزگرتنی ئاسایی، بەڵگەنامەکە دەڵێت: ((هۆزەکانی ئەم دیوەی سنوور، لەگەڵ ئەوەی وەفادارن بۆ شا، بەڵام لەبەر ئەوەی سوننە مەزهەبن، وا دەبینن شێخ عوبەیدوڵڵا سەرکردەی مەزهەبی ئەوانە، ڕێز و حورمەتیان بۆ هەیە. هەر بۆیە شێخ هێمای یەکێتی کردوو

---

(١) بەڵگەنامەی بەریتانی، ژمارە (٦).

لەسەر هەر دوو دیوی سنوورەکە. وا پێم باشە (ژەنەڕاڵ کوبی خان) لە تەبرێزەوە بۆ سنوور ڕەوانە بکرێ، بۆ ئەوەی چاوی بە نوێنەری بابولعالی بکەوێت وگفتوگۆی لەگەڵ بکات))[١]. لە بروسکەیەکی تردا (میجەر تروتر) کونسلی بەریتانیا لە وان بۆ باڵیۆزی وڵاتەکەی لە ئەستەنبۆڵ دەنێری، کونسڵەکە داندەنێ بەوەی دەسەڵاتی شێخ عوبەیدوڵڵا لە دەسەڵاتی خودی سوڵتان زیاترە، هەروەك چۆن بروسکەکە داندەنێت بەوەی شێخ سوودی لەم دەسەڵاتەی خۆی بینیوە و زۆرێك لە مەسیحییەکانی لە مردن پاراستووە لە کاتی ڕووداوەکانی (بایەزید)دا. بروسکەکە دەڵێت: بێگومان، شێخ عوبەیدوڵا دەسەڵاتی زیاترە لە هەر کەسێکی تر، دەسەڵات و هێزەکەی تەنانەت زیاترە لە دەسەڵاتی سوڵتانی عوسمانی... شێخ ئامانجی ئەوەیە گەلی کورد ڕزگار بکات لە دەسەڵاتی عوسمانی و حکومەتێك دروست بکات، دەسەڵاتەکەی درێژ ببێتەوە بەسەر ئەو ڕووبەرەی دەکەوێتە نێوان (وان و موسڵ) لە سەرەتادا، دواتر گرتنەوەی تەواوی کوردستان، بۆ گەیشتن بەم ئامانجە، کار دەکات لەسەر پاراستنی مەسیحییەکان. شێخ عوبەیدوڵڵا تاکە سەرکردەی چاوەڕوانکراوە بۆ کوردستان...))[٢].

سەرچاوەیەکی تر بە هەمان مانا لەبارەی شێخ عوبەیدوڵڵاوە دەڵێت: ((ئەو کەسەیە کە ڕاپۆرتەکانی باڵیۆزخانەی بەریتانی وەسفیان کردووە بەوەی (دەسەڵاتی هەرە زۆری هەیە لە کوردستان، خەڵك بە ڕێز و شکۆوە سەیری دەکەن زیاتر لە خودی سوڵتان). هەروەك سەرچاوە ڕوسییەکان وەسفیان کردووە بەوەی "گەورەترین سەرکردەی ڕۆحی کوردییە"))[٣].

---

(١) بەڵگەنامەی بەریتانی (٩).

(٢) بەڵگەنامەی بەریتانی ژمارە (٤٦).

(٣) عەبدرەئوف ستو - سەرچاوەی پێشوو ١١٨.

له بروسکەیەکدا کە یاریدەدەری باڵیۆزی ڕوسی لە شاری وان بۆ ئەو (یەڤگسنی) باڵیۆزی ڕوسی لە ئەستەنبۆڵ لە بەرواری ٢ تشرینی ١٨٨٠ ناردووە، دەسەڵاتی شێخ ڕوون دەکاتەوە لە چەندین ویلایەتی کوردیدا، مەترسی بەرپرسە عوسمانیەکان لە دەسەڵاتی شێخ، بروسکەکە دەڵێت: ((وەك هاوپێچێکی پەیامەکەم لە ١٠ مانگی ئاب، ژمارە ٣١، کە لە شاری بایەزیدەوە ناردبووم. لە شاری سێرتەوە ڕۆیشتمە دیاربەکر و خارپوت و لە ڕێگەی ئارزنجان و دێرسیمەوە چوومە ئەرزەڕوم. شەڕەفمەند دەبم ئەم زانیاریانە بخەمە پاڵ ئەوانەی ڕەوانەم کردوون و بەرزیان بکەمەوە بۆ لای پێگە بەرزەتەکان.

لە سێرت چەندین جار چاوم کەوت بە سەرپەرشتیار و پیاوماقوڵانی شار، سەرپەرشتیارەکە دانی نا بەوەی چەندین جار داوای ڕەوانەکردنی دوو فەوجی کردووە بە پەلە بۆ ئەوەی بتوانێت بەسەر ئەو ئاژاوەیە زاڵ ببێت، کە ناوچە کوردیەکانی گرتۆتەوە. بەڵام بەرپرسان داواکارییەکانی ئەویان فەرامۆش کردووە. بەپێی وتەکانی ئەم کەسە ئەوە دەردەکەوێت ئەستەنبۆڵ دەیەوێت لەگەڵ کورد ڕێکبکەوێت. سەرپەرشتیار و زۆربەی خانەدان و پیاوماقوڵانی شار لە موسڵمانان و مەسیحییەکان، قەناعەتیان هەیە بەوەی شێخ عوبەیدوڵا ئاڵای ڕاپەڕین لە هەکاری هەڵدەکات، هەر کاتێکی هەلی گونجاوی بۆ بڕەخسێت.

هەر بۆیە وای دەبینم ئەرکی منە ڕاستییەك ڕوون بکەمەوە، شێخی ناوبراو خاوەن دەسەڵاتێکی مەزن بوو بەسەر کوردەکانی ویلایەتی بەدلیس، لە پەیوەندیەکی بەردەوام دابوو لەگەڵیان. بەپێی وتەی ئەم سەرپەرشتیارە، شێخ عوبەیدوڵا هەر کە پەنجەی خۆی بەرز بکاتەوە، ئەوا کوردەکانی ناوچەی سێرتیش دەچنە پاڵی. بەهەمان شێوە دەمەوێ ئەوەش ڕۆشن بکەمەوە، کە شێخ دەسەڵاتی هەیە بەسەر

ناوچەکانی جەزیرەدا، پێم وابێ ناکرێ بەراورد بکرێ بە دەسەڵاتەکانی بەحری بەگ (کوڕی بەدرخان پاشای ناودار، بەحری بەگ شاری وانی جێهێشتووە و لە ئەستەنبۆڵ دادەنیشێ). زانیاریم لەسەر دەسەڵاتی شێخ نییە لە وان. هێشتا سامح پاشا لەوێیە...))[1]. سەرباری کورد و ئەرمەن و ئاشوری و عەرەبەکان، بەتایبەت عەرەبەکانی ویلایەتی موسڵ و عەرەبەکانی فەرحان ئاغا لە بەغداد، خودی تورکەکانیش ڕێزی زۆریان هەیە بۆ پێگەی کۆمەڵایەتی و ئاینی شێخ عوبەیدوڵڵا، بەڵگەنامەکان ئەوە دەردەخەن کە بەرپرسانی عوسمانی و ئەفسەرە تورکەکان، لە کاتی ئامادەبوون لەلای شێخ دەستی ئەویان ماچ دەکرد، هاوڵاتیانی کورد دەیانوت پێویستە گوێ لە داواکاریەکانی بگیرێ بۆ چاککردنی کارگێڕی و ڕێکخستنی باج و بەرزکردنەوەی ئاستی ژیان و گوزەرانی خەڵك و هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ هەمووان بە یەکسانی، (کلایتون) ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە تورکەکان حەزیان لە شەڕ نەدەکرد لە دژی هێزەکانی شێخ، چونکە خاوەنی پێگەیەکی زۆر بەرز و بڵند بوو لەلای موسڵمانان، بەردەوام وەك شێخێکی پیرۆز سەیری دەکرا))[2]، هەمان شت، مەبەستمان پێگەی شێخ عوبەیدوڵڵایە لە جیهانی ئیسلامیدا، و ڕوانینی موسڵمانانە بۆی بە ڕێز و پیرۆزیەوە، باڵیۆزخانەی فەڕەنسی لەلای بابولعالی جەختی لەسەر دەکاتەوە، ئەوەی بۆی بگەڕێتەوە بۆی ڕوون دەبێتەوە لە پاریس، لە چوارچێوەی پەیامێکدا، لە بەرواری ١٢ ئۆکتۆبەری ١٨٧٩، کە لە باڵیۆزی فەڕەنسی لە شاری موسڵ گواستوویەتیەوە، کە شێخ خاوەنی ڕێزێکی سەرووی ئاساییە لەلایەن خەڵکی موسڵ و ناوچەکە، خەڵك شەرم دەکەن سەیری بکەن یان قسەی لەگەڵ بکەن، بەهۆی ئەو

---

(١) د. جەلیل جەلیل - سەرچاوەی پێشوو - دەقی بروسکەی وەرگێڕدراو بۆ زمانی کوردی لا ١٧٦ و ١٧٧.

(٢) د. جەلیل جەلیل - سەرچاوەی پێشوو - لا ٩٠، هەمان سەرچاوە لا ٥١.

ڕێزە زۆرەی لێی دەگرن، بەڵگەنامە فەرەنسییەکە دەڵێت: ((شێخ عوبەیدوڵڵا لە تێڕوانینی خەڵکی موسڵدا، بە کەسێکی پیرۆز دادەنرێت، چونکە ڕێزی لێدەگرن، هاوشێوەی پێغەمبەر یان نیمچە خوایەکە بۆ کورد، لە ڕاستیدا کورد پیرۆزیەکی خوایی پێی دەبەخشن، لە چینە جیاوازەکانی خەڵك کاتێك دەیبینن، ئەگەر لە دوورەوەشەوە بێ، لە ئەسپەکانیان دادەبەزن و دەستێکیان دادەنێنە سەر ئەوەی تر لەسەر سینگیان، سەریان نزم دەکەنەوە و چاویان دادەخەن، بەم شێوەیە بە کڕنووشەوە پێشوازی لێدەکەن. لە ئامادەبوونی شێخدا خۆیان بەرەو زەوی نزم دەکەنەوە و چاوەڕێ دەکەن شێخ قسەیان لەگەڵ بکات، کە شێخ قسە دەکات ئەوا ئەوان سەیری ناکەن، بە بچوکترین داواکاری یان سادەترین ئاماژە ئەم شێخە کێو ئاسایە سەردەمییە، بە فەرمانێکی بەرز دادەنرێ لەلایەن ئەوانەی دەوروبەری، کە وا دەردەکەوێ ئامادەن خۆیان بهاوێژنە ناو ئاگردا، بۆ گوزارشت گوێڕایەڵیەکەیان و بەدەستهێنانی ڕەزامەندیەکەی...))[1]. بەڵگەنامەکە بەردەوام دەبێ و ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە شێخ عوبەیدوڵڵا سەرکردایەتی بزوتنەوەی کوردی چەکدار دەکات، دەیەوێت سوود ببینێ لە دەستکەوتەکانی، لە کۆتاییدا بچێتە ناو جەنگەوە لەگەڵ عوسمانیەکان، بۆ تۆڵەسەندنەوە لێیان لەبەرامبەر زەبر و زەنگی و ڕشتنی خوێنی ئەندامانی گەلەکەی، بەڵگەنامەکە دەڵێت: ((کورد لە ڕۆژگاری کۆنەوە، خاوەنی ئەو زەویەن کە ئەمڕۆ تیایدا دەژین)).

شێخ پەیوەندی تۆکمەی هەبوو لەگەڵ سوڵتان عەبدولحەمید، سەرباری گشت خاڵە نەرێنیەکانی ناوی دەرکردبوو بە ڕێزگرتن لە زانایان، کاتێك جەنگ دەستی

(١) نەجات عەبدوڵڵا - شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵا لە بەڵگەنامە فەرەنسییەکاندا ١٨٧٩ - ١٨٨٢ - سلێمانی ٢٠٠٤، لا ٤٥، بە زمانی کوردە.

پێکرد له سەرەتای ساڵانی حوکمڕانی سوڵتان، ناوبراو له کاتی چوونه سەر تەخت قسەی کرد لەبارەی چاکسازی کردن له ئیمپڕاتۆریەتەکەیدا، دەستوور و مافی نەتەوەکانی دیکه جگه له تورك و یەکسانی، شێخ هیوای چاکەی دەخواست و داوای چاککردنی بارودۆخەکانی دەکرد. ((شێخ پێی وابوو هۆکاری یەکەمی تاڵان کردنی هەژاران و هەڵمژینی خوێنی خەڵکی ماندوو و ئەو وشکه ساڵیەی هاوڵاتیان بەدەستیەوە دەناڵێنن، بریتییه له ڕێگەی کاری دەزگا ئیدارییه عوسمانیەکان، سەید محەممەد سەعید ڕای شێخی ڕوون کردۆتەوە و وتویەتی هۆکاری کاول بوون و تێکچوون بریتییه له چلێسی دەزگا و دامەزراوەکان، گەندەڵی له پله نزمەکانەوە دەستپێدەکات، ڕێکخستنیەکان لەسەرەتادا و ئینجا بەرز دەبێتەوە بۆ سەرەوە))(١).

هەر بەم هۆیه و بەو پێیەی پیاوی ئاینیه و وەك بەدەمەوە چوونی بانگەوازی سوڵتان و فەتوای شێخی ئیسلام، شێخ وەڵامی بانگەوازی سوڵتانی دایەوە، لەگەڵ مورید و پیاوەکانی دەرچوو، بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی ڕووسیەکان له بەرەکانی پێشەوە، لەلای قارس و بایەزید لەگەڵ لەشکری ڕوسی شەڕی کرد.

باوەڕمان وایه، بەشداری نەکردنی شێخ عوبەیدوڵڵا له بزوتنەوەکەی عوسمان پاشا و براکەی حوسێن کەنعان پاشا، له ساڵی ١٨٧٨، هەمان هۆکار بووە، واته شێخ بێ ئومێد نەببوو له بەڵێنەکانی سوڵتانی تازە، پێی وابوو له توانای دەوڵەتی عوسمانیدایه ئازادی فەراهەم بکات بۆ گشت گەلانی، هەر بۆیه پشتیوانی ئەم شۆڕشەی نەکرد و بەشداری نەکرد تیایدا، بەڵکو سەرچاوەکان ئاماژه بەوە دەکەن زۆرێك له هۆزە کوردییەکان له ناوچەی هەکاری بەشداریان له شۆڕشەکه نەکرد،

(١) د. جەلیل جەلیل، سەرچاوەی پێشوو لا ٥٢، قەسیدەکه له کتێبی عەبدولڕەحمان شێخ عەلائەدینی ئاماژه پێکراو بڵاوکراوەتەوە.

چونکه ئەو کات شێخ بانگەوازی نەکرد بۆ بەشداری کردن تیایدا، دەوڵەتی عوسمانی سەرقاڵی جەنگێکی دەرەکی بوو ئەو کات، ئەگەر نا بەڵگەنامەکان جەخت دەکەنەوە کە شێخ ڕێزێکی زۆری هەبوو بۆ خانەوادەی بەدرخانی و دانی دەنا بە سەرکردایەتیەکەی بەسەر کورددا و ڕێزی لە تێکۆشان و قوربانیەکانی دەگرت. باڵیۆزی ڕوسی لە ئەرزەڕوم (ئیفانوف) لە بروسکەیەکدا بۆ سەرپەرشتیارەکەی لەبارەی پەیوەندی خانەوادەی شێخ عوبەیدوڵا لەگەڵ بەدرخانیەکان دەڵێت: (نە عوبەیدوڵڵا و نە باپیرەی شێخ حوسێن و نە باوکی شێخ تەها، هەرگیز حەزیان لە دژایەتی ئەوان نەدەکرد، بەڵکو بە پێچەوانەوە، هەردەم دژی عوسمانیەکان بوون، بە بەردەوامی پشتیوانی ئەم خانەوادە ڕابەریان دەکرد لە میزۆپۆتامیا، کە شۆڕشی دەکرد دژی حکومەت، دەستی یارمەتیان بۆ درێژ دەکرد)[1].مێژوونووس جەلیلی جەلیل بەشێوەیەکی تر ڕاڤەی نەچوونی شێخ عوبەیدوڵڵا دەکات بۆ پاڵ شۆڕشی بەدرخان دەکات لەم جارەدا و بەشداری کردن لە جەنگی دەوڵەتی عوسمانی دژی ڕوسیەکان، جا دەڵێت: (لە پێناو ئەوەی دەوڵەتی عوسمانی، ڕێگری بکات لە زاڵبوونی ڕوسیەکان بەسەر ناوچەکانی خۆرهەڵاتی ئیمپڕاتۆریەتەکە، تێکۆشان و جیهادی ڕاگەیاند. بەبێ گومان، بەپێی ئەوەی شێخ عوبەیدوڵڵا سەرۆکی یەکێك لە تەریقەتە زۆر مەزنەکانی ئیسلامی بوو، نەدەکرا دوور بوەستێت لە بانگەوازی تێکۆشان و جیهاد، هەر بۆیە بەرەو هێڵەکانی باکور ڕۆیشت لەگەڵ ٣٠٠ لە موریدەکانی، دوای ماوەیەکی کەم لەوێ جەنگ هەڵگیرسا))، مێژوونووس جەلیلی جەلیل پێی وایە بەشداری کردنی شێخ عوبەیدوڵڵا لە جەنگەکەدا، دابڕاو نەبوو لە ئامانجی سیاسی، چونکە دەیویست لە میانەی جەنگی نێوان عوسمانی و ڕوسیدا دەسەڵاتی خۆی

(١) جەلیل جەلیل - سەرچاوەی پێشوو، لا ٥٤.

فراوانتر بكات، ببێته سەركردەی هێزە كوردییەكان، بۆ ئەوەی لە ئایندەدا دژی عوسمانیەكان بەكاریان بهێنێ.

داوای لێبوردن دەكەم ئەگەر بۆچوونم لەگەڵ بۆچوونی مێژوونووس جەلیل جیاواز بێ، چونكە شێخ عوبەیدوڵڵا لەو كاتدا پێویستی بە فێڵ و مناوەرەی سیاسی نەبووە، بۆ فراوانتر كردنی دەسەڵاتەكەی لە گشت بوارەكاندا، تەنها یەك ئاماژەی شێخ بەس بوو بۆ كۆكردنەوەی كۆمەڵانی كوردی لە ژێر سەركردایەتیەكەیدا، تا ئەو كات پلانی دانەدەنا بۆ دژایەتی كردنی دەوڵەتی عوسمانی، بەهۆی ئەو هۆكارەی ئاماژەمان پێدا، ئەگەر نا دەبوایە ڕۆیشتبایە پاڵ شۆڕشی بەدرخانی و فرسەتی جەنگەكە بقۆزێتەوە بۆ شۆڕشكردن دژی دەوڵەتی عوسمانی، ئەمە هەلێكی زێڕین بوو، ئەگەر مەبەستی ئەم كارەی هەبووبا. دواتر ئەو هێزەی لەگەڵ شێخدا ڕۆیشت لە هەزاران پۆل پێكهاتبوو، بەڵام مێژوونووس جەلیلی وەك نەریتی مێژوونووسانی ڕوسی و سۆفیەتی، هەوڵ دەدەن تەنها لایەنی نەرێنی لە پەیوەندیەكانی كورد لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی دەربخات، لە بایەخی بەشداری كردنی كورد لە بەرگری كردن لە دەوڵەتی عوسمانی كەم دەكەنەوە. ئەوەی ڕوویداوە لە گۆڕان لە شێخ عوبەیدوڵادا، ئەوەیە كە لە سەروبەندی جەنگدا ڕوویداوە، لە میانەی ڕووداوەكاندا قەناعەتی بەوە هاتووە دەوڵەتی عوسمانی لە زۆربەی ناوەندەكانی سەركردایەتیەكەیدا گەندەڵە، دەوڵەتێكە لەسەر جیاوازی كردن لە نێوان تورك و گەلانی تری موسڵمانی ژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتەكە دامەزراوە، شێخ و پیاوەكانی بە بوێری جەنگان و قوربانی زۆریان پێشكەش كرد، لە سەرەتادا چەند سەركەوتنێكیان بەدەستخست، بەڵام شێخ عوبەیدوڵڵا ڕووبەڕووی بیركردنەوەی ڕەگەزپەرستی هەندێك لە سەركردە مەزنەكانی تورك بووەوە، ئەوانەی جەنگیان دەویست، ئەمەش شتێكی واق وڕمێنی بۆ ئەو دروست كرد كە پێشبینی نەدەكرد، مادەم ئەو بەشدارە لە (جیهاد)دا بەوپێیەی

موسڵمان و هاوڵاتیەکی عوسمانییە. ئەگەر شێخ تا ئەو کاتە ڕەتی کردبێتەوە بارودۆخە خراپەکان بۆ بەرژەوەندی بزوتنەوەکەی بەکاربهێنێ، قەناعەتی نەیەت بە بانگەوازە ڕوسییە دووبارە بووەوەکان، بۆ هاوکاری کردن لەگەڵیان، چونکە ئومێدی چاکەی بە سوڵتان عەبدولحەمید هەبوو، نەیدەویست لە دژی بجولێتەوە، ببێتە هۆکاری هەلگیرسانی جەنگ لە نێو موسڵماناندا، ئەم هیوایە بە هەمان شێوە پوکایەوە، کاتێك شێخ بە فەرمی ملکەچی ڕوسییەکان بوو لە پەیماننامەی (سان ستیفانۆ) لەبارەی چەندین شار و زەوی زۆر لە کوردستان، لەوانەش شاری بایەزیدی ناودار.

قورەکە خەستتر بووەوە، کاتێك دەوڵەتی عوسمانی واژووی کرد، لەسەر پەیماننامەی بەرلین، کە شوێنی پەیماننامەی یەکەمی گرتەوە، لە پەیماننامە نوێیەکە هاتبوو، ئەگەر شاری بایەزید بۆ دەوڵەتی عوسمانی بگەڕێتەوە، ئەوا بەندەکانی ئاماژەی دەکرد بە گریمانەی لکاندنی کوردستان بە دەوڵەتی ئەرمینا، کە قسە لەبارەی دامەزراندنی دەکرا تەنانەت لەسەر خاکی کوردستان، بەڵگەکانی بەریتانی ئاماژە دەکەن بە ترسی ڕەوای گەلی کوردستان لەم پرۆژەیە.

کاپیتان لایتۆن بریکاری کونسلی بەریتانی لە (وان)، ویستی لە چەند بروسکەیەکی یەك لە دوای یەکدا بە سەرپەرشتیارەکەی ڕابگەیەنێت، ئەو قسەی لەگەڵ زۆرێك لە سەرکردەکانی کورد کردووە، پێدانی خۆڕێبەری بە ئەرمەنیەکان لەگەڵ فەرامۆشکردنی مافی زۆرینەی کورد، نابێتە مایەی ڕەزامەندی کورد بەڵکو دەیانوروژێنێ، لە بروسکەیەکدا لە بەرواری ٥ ئۆکتۆبەری ساڵی ١٨٨٠ کابیتان کلایتۆن هاتووە، بابەتی کۆبوونەوەی سەرکردەکانی کورد، بە سەرکردایەتی شێخ عوبەیدوڵڵا، لەوانەیە گەڕان بێ بەدوای چارەسەری بابەتی (دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئەرمینی لە

دڵی کوردستاندا). خوێنەر دەقی بروسکەکە لە بەشی سێیەمی بەڵگەنامەکاندا دەبینێ. ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کورد ڕێگریان کردووە لە مافەکانی ئەرمەنی یان ئاشوورییەکان، بەڵام بە دڵنیایەوە کورد ڕازی نابێ بە لکاندنی نیشتمانەکەیان لە دەوڵەتێکی ترەوە، یان دەوڵەتێکی تر دروست بکرێت لەسەر خاکەکەی بۆ ڕەچەڵەکێك، کە لە کەمینە نیشتەجێکانی کوردستانن، یان بە پەنابەری بۆ ئەوێ هاتوون و دەوڵەتانیمەزن دەیانپارێزن.

شێخ عوبەیدوڵڵا بیری لە شۆڕش کردۆتەوە، کاتێك هەستی بەو ستەمە کردووە، کە کورد بەدەستیەوە دەناڵێنن، لە هەموو مافەکانیان بێ بەش کراون، کاتێك پڕۆژەی دەوڵەتی ئەرمەنی لە ناو جەرگەی کوردستان دەرکەوت، کاتێك بەریتانیا نیازی وابوو سەرپەرشتیاری خۆی بەسەر ئاشوورییەکانی کوردستان دابنێ، شێخ دووربین بوو، درکی بەوە دەکرد هاووێنەی ئەم کارە لەوانەیە ببێتە هۆی ناکۆکی و ململانێی توند و خوێناوی، زیان بە کورد و ئەرمەنی و ئاشوریەکان بەگشتی بگەیەنێ. گرنگتر لەمە، بۆ شێخ دەرکەوت ئەو کۆمکاریەی سوڵتان بانگەشەی بۆ دەکرد، ڕەشماڵێکی گونجاو فەراهەم ناکات، بۆ ئەوە گشت گەلانی ئیمپراتۆریەتەکە بە ئازادی و یەکسانی لە ژێریدا بژین، شێخ بۆی دەرکەوت ئەو چەترەی سوڵتان عەبدولحەمید دەیەوێت پێکی بهێنێت، هیچ دەستەبەریەك پێکناهێنێ بۆ ڕەگەزەکانی دیکە جگە لە تورکەکان نەبێ، کە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لێیان پێکهاتوون، لەوانەیە فێڵ و تەڵەکەیەك بێ بۆ بەردەوامیدان بە سەروەری ڕەگەزی تورکی حوکمڕان. ئەمە لەبەر ئەوە نەبوو کە گومانی لە هەڵوێستەکانی سوڵتان هەبوو، بەڵکو دەسەڵاتە ناوچەیی و ناوخۆییەکان بەپێی ئەم تێگەیشتنە هەڵسوکەوتیان دەکرد. سەبارەت بە ئیدارەدانی شێخ عوبەیدوڵڵا بۆ کاروباری گەلەکەی، ئەوا کونسلی بەریتانی باسی لایەنێکی بابەتەکەی کردووە، ڕوون کردووە بە درێژایی کات سەرقاڵ بووە بەو پرسانەی بەرەو ڕووی

دەبوونەوە، لە پرسەکانی تایبەت بە هاوڵاتیان، چەند سەرچاوەیەکی تر باسی ئەوە دەکەن ((شێخ عوبەیدوڵڵا، بەهۆی ئەو دادگەری و سادەیی و خاکیبوونەی پێی ناسراوە، خەڵکی ناچارکرد لەسەر ڕێز لێگرتن و حورمەت بۆ دانانی))، ((هەرگیز بەرتیلی نەدەخوارد، ڕێگەی بە کەسانی دەوروبەریشی نەدەدا بەرتیل بخۆن، سەرپێچیکاران ڕووبەڕووی سزای مەرگ دەبوونەوە. مرۆڤێکی ڕۆشنبیر بوو، هەوڵیدا هزرەکان و وێنەکانی ژیان لە کۆمەڵگە پێشکەوتووەکان وەربگرێ، دژایەتی دزی و جەردەیی دەکرد، دەیەویست گەلەکەی ڕێك بخات و پێشی بخات))[١]، سەید عەبدولعەزیز یاملکی، هەروەك مێژوونووس جەلیلی ئاماژەی پێدەدات، لەبارەی شێخەوە دەڵێت: ((لەبارەی شێخەوە ئەوە بڵاوببووەوە مرۆڤێکی دادگەر و دەستەبەرکەری مافەکانی گەلە و پارێزەریانە لە ستەم و دەستدرێژیەکانی دەزگا و دامەزراوە عوسمانیەکان، هەموو ئەمە هۆکارێك بوو بۆ ئەوەی هەزاران کوردی بێ هیوا بچنە لای و پاڵپشتی بکەن، بە ((باوك)) ناویان دەبرد. ناوەکەی بە ڕێز دەورە درابوو، هێمای خۆشویستن بوو، ناوی لە هەر ناوەندێك باسکرابایە، ئەوا خەڵك وەك ڕێزێك بۆی هەڵدەستانەوە، کوردەکانی هەکاری، کە ملکەچی ستەمی فەرمانبەرانی عوسمانی بوون، وایان دەبینی شێخ عوبەیدوڵڵا حوکمڕانێکی دادوەر و بەرگریکارە لە گەل))[٢]. لێکۆڵەری عێراقی ئەمریکی (دکتۆر وەدیع جەودە) ئەمە دەگوازێتەوە، لە کتێبی کرزن (فارس و پرسی فارسی)، وەدیع جەودە وەسفی شێخ دەکات و دەڵێت ((شێخ عوبەیدوڵڵا وەك ئەو سەرکردە هاتەبەرچاو کە هیوای پێدەخوازرێ، ڕاگری خانەوادەی شێخانی شەمزینان و کوڕی شێخ تەهای پایەدار و میراتگری خانەوادە

(١) هەمان سەرچاوە، لا ١٠٧.

(٢) ن. أ. خالفین - ناکۆکی لەسەر کوردستان، لا ٢٠٠.

ئاینیەکەی و ناوبانگە بەرزەکەی لە جیهانی ڕۆحیدا، کاتێك بووە جێنشینی (شێخ ساڵحی مامی) لە سەرۆکایەتی تەریقەتی نەقشبەندیدا، زۆری نەخایەند نەوەکانی نیشتمانەکەی ئەویان وەك ڕەوانەکراوی چاودێری خوایی بینی، لە واقیعدا ئەویش بەم شێوەیە خۆی بینی، زۆربەی ئەو ناوبانگ و سەرکەوتنەی بەدەستی هێنا، دەگەڕایەوە بە باوەڕە ڕەگداکوتاوەکەی بەوەی ئەم دۆخانەی ئێستا چیتر بەرگەیان ناگیرێ، وەك ئەوەی ئەو پیاوە بێ، کە بۆ چاك کردنی ڕاسپێردراوە))[1]. دەبێ لەم دەروازەیەدا ئاماژە بە هەندێك لە سروشت و هەڵسوکەوتەکانی شێخ بکەین، یەك گەواهی ئاماژەیە بۆ ئەندازەی باوەڕ و متمانە کردنی شێخ بەخۆی و پابەندبوونی بە ڕاستیەوە، دووربوونی لە ڕووپامایی و ڕوویاکاری و دەستگرتنی بە وتەی ڕاست و نەترسانی لە دەرخستنی ڕاستی، بێ ئەوەی ترسی هەبێ لە لۆمەی لۆمەکاران، تەنانەت ئەگەر خودی سوڵتانیش بێ، ئەم گەواهییە لە کتێبێکدا هاتووە، کە (ڕبرت سبیر) نووسیویەتی، لەبارەی مژدەدەری ئەمریکی دکتۆر (کۆچەران)، ناوبراو دۆستایەتی شێخی کردووە، چارەسەری کردووە لە دەردێکی، هاوڕێیەتی ئەوی کردووە، گفتوگۆی لەگەڵ کردووە سەبارەت بە پۆلە بابەتێکی چەرخەکەی، شێخ لە میوانداری سوڵتان بوو، لە ئەستەنبۆڵ لەساڵی ١٨٨١ ((شێخ لە پەڕاوەکەیدا زۆر شتی نووسی لەبارەی مەسیحییە نەساترە (ئاشوری)یەکان لەوێ، ستایشی ئەوانی کرد و وتی ئەوان باشترین هاوڵاتی سوڵتانن، سوڵتان ڕەخنەی لەم شێوەزارەی ئەو گرت، بۆ سێیەم جار نامەکەی بۆ گێرایەوە تا ڕاکەی ڕاست بکاتەوە. لە کۆتاییدا شێخ وتی: زانست و شارەزاییەکەم لە کاروباری سیاسەتدا زۆر نییە، بەڵام شتێك دەزانم لەبارەی وتنی ڕاستیەوە، ئەمەش ڕاستیەکەی))[2]. هەڵوێستی شێخی سەرکردە لەوە بەهێزترە بە

---

(١) هەمان سەرچاوە، لا ١٨، و ١٩.

(٢) هەمان سەرچاوە، لا ٢٢.

وشەیەکی تر سەرنجی لەسەر بدەین، ئەوە بۆ خوێنەر جێبهێڵین کە تێڕوانینەکانی بنیات بنێ لەسەر مرۆڤێکی وەك ئەم مرۆڤە. بەڵام دەڵێین حوکمی شێخ عوبەیدوڵڵا، تایبەتمەندبووە بە چەسپاوی و دادگەری، هەر سەرکردەیەك لە کوردستان، ئەم دوو خەسڵەتیەتێدا نەبێ، ئەوا پێگەکەی دەبێتە شتێکی پوچ و بێ مانا. شێخ عوبەیدوڵڵا ((چاکەکاری و بێ لایەنی بڕیارکانی و دادگەریەکەی ناوی دەرکرد، بە بەراورد بە گەندەڵی و تێکچوونی دەستەبەری و لەئەستۆگرتن، ئەمانە دوو نەخۆشی بوون، لە فارس و تورکیادا بڵاوببوونەوە، سوربوونی شێخ و سەرکەوتنی لە سەپاندنی بنەما باڵاکانی بۆ بەرقەرای و دەستپاکی لە نێو شوێنکەوتووانیدا بووەمایەی سەرنجڕاکێشان))[1]. (لێوردەیی یەکێك بوو لەو خەسڵەتە دەگمەنانەی دەکرێ بدرێتە پاڵ ڕەوشتەکانی ئەم پیاوە مەزنە... کەسێکی لێبوردە و عەقڵ کراوە بوو، ژمارەیەکی زۆر لە خۆرهەڵاتناسان تێبینی ئەم لایەنە درەوشاوەیان کردووە، لە ڕەوشتەکەی و تا بەرزترین ئاست پێی سەرسام بووینە، (سیبر) زۆر بە پاکی ستایشی کردووە و بە پیاوی لێبوردە وەسفی کردووە، کە خاوەن ویژدانێکی فراوان بووە، کاتێك ئاماژەی بە هەڵسوکەوتە دۆستانەکەی کردووە لەگەڵ بیانیەکان و چاك ڕەفتارکردنی لەگەڵ مەسیحییەکان))[2]. دکتۆر وەدیع جەودە لەبارەی ئەم لایەنە درەوشاوەیە لە کەسایەتی لێبوردەی شێخ دەڵێت: ((بەڵگە لەسەر ئەو بەخشندەیی شێخ هەیبووە، هەڵسوکەوتەکەی بوو لەگەڵ دکتۆر کۆچەران، دوای ئەوەی شکستی خواردووە لە داگیرکردنی ئورمییە. بە داواکاری دەسەڵاتدارانی فارسی، دکتۆر کۆچەران سەرکەوتوو بوو لە قەناعەت پێهێنانی شێخ، بە دواخستنی هێرشەکەی بۆ سەر شارەکە، بۆ ماوەی

(١) هەمان سەرچاوە، ٢١.

(٢) هەمان سەرچاوە، لا ٢٢.

بیست و چوار کاتژمێر، بەهۆی ئەم ماوە پێدانە، فارسەکان شارەکەیان ڕزگار کرد، توانیان سەنگەرەکانیان لەوێ بەهێز بکەن... لەگەڵ ئەمەشدا هیچ شتێك لە هیچ کاتێکدا لە شێخەوە گەڵاڵە نەبووە، گوزارشت بکات لە لۆمە یان سەرکۆنەکردنی کۆچەران))[1]. جەودە وتەی (لاباری) دەگوازێتەوە لەبارەی ئەم خاڵە ((ئەگەر شێخ دەستی بەهێرشەکەی کردبا بەر لەو کات، ئەوا لەوانەیە بە یەك هێرش شارەکە گیرابا، لەگەڵ ئەمەشدا دوای ئەوەی بە شێخ گەیشتین، هیچ شتێکی وای لێ بەدی نەکرا بەرپرسیارێتی بخاتە ئەستۆی دکتۆرەوە، بەڵکو فارسەکانی بە دووڕوویی و فێڵکاری تۆمەتبار دەکرد))[2]. بەڵگەنامە بەریتانیەکان کە لەبەر دەستی خوێنەرن لەم کتێبەدا و ئێستا فەراهەمن، ڕووماڵی گشت قۆناغەکانی بزوتنەوەی شێخ عوبەیدوڵڵا ناکەن، لە بەرواری ٧ شوباتی ١٨٨١ دەپچڕێ. هەر بۆیە و تا خوێنەر بتوانێ ئاشنا ببێ بە چالاکییەکانی ئەم بزوتنەوەیە لە دوای ئەم بەروارە، دەبێ بوترێت شێخ بەردەوام بوو لەسەر هەوڵدان بۆ بەجێهێنانی ئامانجەکانی بە ڕێگەی جیاواز، لە گەڵیدا هەوڵیداوە پاڵپشتی کرداری عوسمانی بەدەستبهێنێت، لە جەنگی ئایندەیدا، ئەمەش لە میانەی گفتوگۆکردن لەگەڵ بابولعالی، بۆ خۆدوورگرتن لەو هەراسانکردنانەی لەشکری عوسمانی لەسەر سنوور بۆ ئەویان دروست دەکرد، ویستی ئەو دوژمنایەتیە مێژوویەی هەیە، لە نێوان عوسمانی و ئێرانیەکان بقۆزێتەوە، بە سوودبینین لە جۆش و خرۆشی سوڵتان و ئەو ئەرکانەی بەهۆی پێگەکەی دەکەونە سەر شانی وەك خەلیفە و چاودێری ئیسلامی سوننی، شێح عوبەیدوڵڵا دەیەوێت سوڵتان پاڵپشتی بزوتنەوەکەی بکات، ئەم جارەیان بەشێوەیەکی بەهێز، لە بەرامبەر

(١) هەمان سەرچاوە، لا ٢٣.

(٢) هەمان سەرچاوە، لا ٢٣.

قبولکردنی خەلافەتی سوڵتان و دانان بە ناوەندەکەی لە کوردستان و دەسەڵاتە فەرمییەکەی. چونکە شێخ عوبەیدوڵڵا هەرگیز پاشگەزبوونەوەی خۆی ڕانەگەیاندووە لە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان.

شێخ عوبەیدوڵڵا دەستی بە یەکەم هەنگاوی دیبلۆماسی کرد، پشتیوانانی یاداشتنامەیەکیان لەلایەن پەنابەرانی کورد لەسەر سنوور ئامادەکرد، ژمارەیان دەگەیشتە ٦٠ بۆ ٧٠ هەزار کەس، ئەم یاداشتنامەیە کە لەلایەن سەرکردەکانیانەوە واژوو کرابوو، ئاڕاستەی دەسەڵاتدارە ڕوسییەکان کرا، لە ڕێگەی کونسلی ڕوسی لە وان[(١)]. ڕوسیا درکی بەوە دەکرد بزوتنەوەی کوردی هێشتا جەنگەکەی نەدۆڕاندووە، ئەو پاشەکشەیەی هێزە کوردییەکان، کۆتایی بزوتنەوەکە نییە، هەر بۆیە (شولشیفسکی) کونسلی گشتی ئیمپڕاتۆریەتی ڕوسی لە ئازەربایجان بە حکومەتی وڵاتەکەی ڕادەگەیەنێ ((کورد هەر هەست بە نزیکبوونەوەی هێزە ئیرانیەکان بکەن، ئەوا خێرا دەچنە ناوچە شاخاوییە سەختەکان، کە هێزە ئیرانیەکان بەوێ ناگەن، ئاژەڵەکانیان و خواردن لەگەڵ خۆیان دەبەن، ئەمەش بۆ ماوەیەکی زۆر بەشیان دەکات. هەر لەبەر ئەمە ئەگەر کورد هێرش نەکاتە سەر لەشکری ئێرانی لە زستاندا، ئەوا بە دڵنیایەوە جەنگەکە لە بەهاردا دەستپێدەکات، چونکە سەختە واز لە ئامانجەکەیان بهێنن، سەبارەت بە کوردستانێکی یەکگرتوو، دوای ئەم هەموو قوربانیدان و تورە بوونە لە ئێران. خودی بەرپرسە ئێرانیەکان وای دەبینن...))[(٢)].

---

(١) چەند برگەیەك لە یاداشتنامەکە لە پەڕاوێزی بەڵگەنامەی (١١١).

(٢) د. جەلیلی - ڕابوونی کورد ١٨٨٠ - وەرگێڕانی د. کاوس قەفتان - لا ١٨٣ - ١٨٤.

هەروەك وەزارەتی دەرەوەی ڕوسیا داواكەی شێخ عوبەیدوڵڵای بە باڵیۆزی بەریتانی لە سان پێترسبێرگ ڕاگەیاندووە، كە داوا دەكات پێویستە دانبنرێ بە مافەكانی كورددا[1].

شتێكی سروشتی بووە كورد بە ئاسانی واز نەهێنن لەم ئامانجەیان، بەتایبەت كە چەندین سەركەوتنیان بەدەستهێنا، بەڵام ئەو بارودۆخەی دەوری بزوتنەوەكەی دابوو، بزوتنەوەكەی ناچاركرد كۆتایی بە جەنگ بهێنێ، ڕاپۆرتەكان دەگەیشتنە شا و (مژدەی) جەنگێكی ڕێك و پێكتر و پاڵپشتیكراوی زیاتری پێدەدرا، هەر بۆیە دەلەرزیەوە و تكای لە وەزیری بەریتانی ڕاسپێدراو لە ئێران و باڵیۆزەكانی وڵاتانی تر دەكرد، پاڵپشتی ئەو داواكاریانەی ئەو بكەن، كە لە دەوڵەتی عوسمانی كردووە، بە دوورخستنەوەی شێخ عوبەیدوڵڵا لە ناوچە سنووریەكان و سەپاندنی چاودێری بەسەریدا.

شێخ عوبەیدوڵڵا، چەندین هەوڵی دیكەی بەگەڕخست بۆ بەدەستهێنانی پاڵپشتی ڕوسیا، یان بەلایەنی كەمەوە بێ لایەن بوونی ڕوسیا لە جەنگی داهاتوودا، لە دوای نزیكەی مانگێك یان كەمتر لە گەڕانەوەی بۆ شەمزینان، (هەروەك بەڵگەنامە ڕوسییەكان ئەمە دەردەخەن) كوڕە برای خۆی شێخ محەممەد ئەمینی نارده ڕوسیا، كە بە یەكێك لە سەركردەكانی بزوتنەوەكەی دادەنرێت، بە دیاریكراوی بۆ پایتەختی ئەرمینیا، یەكێك لە قەشەكانیشی لەگەڵ نارد، بۆ پەیوەندی كردن بە دەسەڵاتدارە ڕوسییەكان و هۆزە كوردییەكان لە ئەرمینیا، بۆ ئەوەی بیانهێنێتە پاڵ بزوتنەوەكەی، یاریدەدەری كونسلی ڕوسی لە (وان) ئەم جوڵەیەی شێخ عوبەیدوڵڵا ڕوون دەكاتەوە و ئاماژە بەوە دەكات كە مەبەستەكەی ڕۆشن كردنی ئامانجەكانی بوو. بروسكەكەی یاریدەدەری كونسلی ڕوسی كە لە بەرواری ٢ كانونی دووەمی ١٨٨١ ئاڕاسەی باڵیۆزی

---

(١) بەڵگەنامەی بەریتانی (١١١).

ڕوسی له ئەستەنبۆڵ کراوە، تیایدا هاتووە: ((من پێشتر ئەوەم ڕاگەیاندبوو، شێخ عوبەیدوڵڵا خۆی ئامادە دەکات بۆ ڕاپەڕینێکی تازە دژی ئێران، ئەمەش بەپێی ئەو بەڵگانەی پێم گەیشتوون، نزیکەی چوار بۆ پێنج هەزار کەس لە ویلایەتی موسڵ و بەغداد گەیشتوونە لای شێخ. جەخت دەکەمەوە لەوەی بەشێکی مەزن لەو عەرەبانە، جەندرمەی خانەنشین کراون. شێخ ئەم عەرەبانەی دابەش کردووە بەسەر ناوچەکانی (ئاڵان) و (گەردی) و (گەرکی). سەرباری ئەمە پێنج هەزار کوردی لەلا کۆبووەتەوە. ئەم کوردانەی بەسەر ئەم ناوچانەی خوارەوەدا دابەشکردووە: بینیانش، ڕێکان، مزوری، هەرکی، هەکاری، چەند ناوچەیەکی تر). ئێستا مەشق و ڕاهێنانی جەنگی فێری ئەم هێزانە دەکرێ. (٢٦) ئەفسەری خانەنشینکراوی دەوڵەتی عوسمانی لەلای هێزەکانی شێخ کار دەکەن، هەر یەکێکیان مانگانە (دوو لیرەی) لەلایەن شێخەوە پێدەدرێ. عەرەبەکان دوو و نیو (مەجیدی) وەردەگرن، دوو (مەجیدی)یش بە کوردەکان دەدرێ... هەواڵ هەیە کە شێخ نامەی بۆ سەرکردەکانی پارێزگاری (یەریڤان) ناردووە، لە نامەکەیدا داوای لێکردوون یارمەتیان بدەن و بچنە پاڵی، بۆ ئەوەی ئامانج و مەبەستکەی ڕوون بکاتەوە، کوڕە براکەی شێخ محەممەدەمینی بۆ ئەوێ ڕەوانە کردووە، یەکێك لە ئاشوریەکانی بە جلی قەشە وەك وەرگێڕ لەگەڵی ڕەوانە کردووە))[1].

شێخ عوبەیدوڵڵا بە شێوەیەکی ڕاستەقینە کاری کرد لەسەر دەستەبەرکردنی پشتیوانی یان بێ لایەنبوونی دەوڵەتی عوسمانی، گفتوگۆی لەگەڵ دەستپێکرد، شاندە عوسمانیەکان بە گشت ئاستەکانی بە ڕێك و پێکی دەچوونە بارەگاکەی شێخ، وایلێهات ئەستەنبۆڵ هێنان و بردنی لە دانوستانەکانی لەگەڵ دەوڵەتی ئێرانیدا دەکرد، وەك

(١) د. جەلیلی جەلیل - وەرگێڕانی د. کاوس قەفتان - لا ١٩٤.

چاوەڕوانیەك بۆ ئەوەی دەبێ چی بکەوێتەوە لە دانوستانەکەی لەگەڵ شێخدا، دەوڵەتی عوسمانی بە توندی ئەو تۆمەتانەی ڕەت دەکردەوە، کە ئێران ئاڕاستەی شێخ عوبەیدوڵڵای دەکرد، (بهرندت) جەخت دەکاتەوە کە ((بابولعالی بە توندی بەرگری لە شێخ عوبەیدوڵڵا کرد، لە بەرامبەر دیبلۆماسییە بەریتانیەکان و فارسییەکان، ڕەتی کردەوە شێخ لە شۆڕشی کوردی فارس تێوەگلابێ))[١].

گفتوگۆکانی شێخ عوبەیدوڵڵا گەیشتوونەتە ئاستێکی درەوشاوە، بەشێوەیەك کە نامەی لەگەڵ بابولعالیدا دەگۆڕیەوە، یاوەری سەربارزی سوڵتان عەقید (ئەحمەد بەگ) لە شوباتی ١٨٨١ گەیشتە بارەگای شێخ لە (نەهری)، کاپتن (کلایتۆن) بریکاری کونسلی بەریتانیا لە شاری (وان) بۆ ئاگادارکردنەوەی سەرپەرشتیاری خۆی بەوەی شێخ نێردراوی خۆی ڕەوانەی لای شێخ عوبەیدوڵڵا کردووە و یارمەتی پێشکەش بەو کردووە[٢]، یاوەری سوڵتان زنجیرە دانوستانێکی بەدرێژایی سێ ڕۆژ لەگەڵ شێخدا ئەنجامدا، ئەم دانیشتنانە لەماڵی شێخ عوبەیدوڵڵا. ڕاستەوخۆ دوای ئەم کۆبوونەوانە هەر یەکە لە یاوەری سوڵتان و شێخ عەبدولقادر و شێخ محەممەد سەعید خەلیفە سەردانی ناوچەکانی ڕواندز و هەولێر و لەوانەیە سلێمانیان کرد، بەشداری هۆزەکانی ئەم ناوچانە لە بزوتنەوەکەدا بە ئەندازەی پێویست نەبوو، هەواڵەکان وا هاتن، دەوڵەتی عوسمانی هەڵدەستێت بە کۆگاکردنی ڕێژەیەکی زۆر مەزن لە چەك لە سلێمانی، کە دەکەوێتە خۆرهەڵاتی مەهاباد، لەگەڵیدا بە کۆمەڵێك ڕێگە دەبەسترێتەوە. ئەم هەواڵانە گەیشتنە ئێران، بەمەش ئێران هەراسان و مشەوەش بوو، ترس و بیم بەرپرسە ئێرانیەکانی گرتەوە لە کوردستان و ئازربایجان، ئەمەش

---

(١) بەڵگەنامەی بەریتانی (١١١).

(٢) بەڵگەنامەی بەریتانی (١١٣).

کاتێك بوو کە بەرپرسە ئێرانیەکان نامەیەکیان کەوتەدەست، لە کەسێکەوە ڕەوانەکرا بوو کە لە سلێمانی دەژیا، بۆ براکەی کە لە (بانە) نیشتەجێ بوو، لە کوردستانی ئێران، پێی وتووە:((ڕۆژانە هێزی سەربازی و زەخیرە دەگەنە سلێمانی، نووسیویەتی: دەبێ ٧٠ تابور دابنرێنە ژێر سەرکردایەتی شێخ، جگە لەمە هیچ هەواڵێکی تر بوونی نییە، شتێکی ڕوونە لەم بەهارەدا جەنگێکی مەزن ڕوودەدات، پێویستتان بە ڕای ئێمە نییە، چونکە ئێوەش خاوەن عەقڵ و ژیرین))[1]، (میر نیزام) لە تەبرێز بەیاننامەیەکی دەرکرد، تیایدا هۆشداری دایە خەڵك و هۆزەکان بە توندی لە هەمبەر ڕۆیشتنە پاڵ شێخ عوبەیدوڵڵا، هەڕەشە سەپاندنی توندترین سزای کرد بەسەر ئەوانەی دەچنە پاڵ هێزەکانی یان بە شێوەیەك لە شێوەکان هاریکاریان لەگەڵ دەکات.

ژەنەڕاڵ (عەلی حەسەن خان) کاربەدەستی مەهاباد، دەستی کرد بە گرتنەبەری ڕێوشوێنی توند بۆ دەستخستنی خۆشەویستی هۆزە کوردییەکان، لەوانە سوێندانیان بە قورئان و تەڵاق، لەسەر پشتیوانی کردنیان لە حکومەتی قاچاری لە بەرامبەر هەر بزاڤێکی ئایندە کە شێخ ئەنجامی بدات.

دەسەڵاتدارەکانی تری ئێرانی لە کوردستان و ئازربایجان دەستیان کرد، بە پەیمان وەرگرتن لە سەرکردەی هۆزەکان و پیاوانی ئاینی و پیاوماقوڵان و تەنانەت لە موختاری گوندەکانیش، تیایدا پەیمانی لایەنگیری دەوڵەت و شا بدەن، بەوەی ئامادەن بەرەنگاری بزوتنەوەی شێخ عوبەیدوڵڵا ببنەوە.

---

(١) محەممەد حەمە باقی - شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵا لە بەڵگەنامەکانی قاچاریدا ٢٣٥.

حەسەن عەلی خان نامەیەکی بۆ (عەلائی دەوڵەت ئەمیر نیزام) لە تەبریز نووسی، لە بەرواری ١٩/ ٣/ ١٨٨١، لەم نامەیەدا پێی دەڵێت: ((تا ئێستا (٣٠) هەزار تەغار لە گەنم هاتۆتە سلێمانی، هەر تەغارێك یەکسانە بە یازدە تەغاری موکریانی، (١٩) باری تفەنگی مارتینی لە کۆگاکانی سلێمانیدا هەڵگیراون، هەر بارێك لە (٦٠) تفەنگ پێکهاتووە، چەندین تورەگەی زەخیرە لەوێ دانراون، بە بەردەوامیش دێن، ڕۆژانە پۆلە سەربازی دەوڵەت دێنە ئەوێ، کەس نازانێ بۆ کوێ دەچن، شتێکی ڕوونە بە گەیشتنی ئەم هەموو زەخیرە و کەرستەیە، جەنگ دەستپێدەکات، دوای ئەمە چی بڵێم، کەس نازانێ ڕۆم چی دەکات))[1]، عەلی خان زیاتر دەڵێت: ((چەند نامەیەك لە بەرەکەی ترەوە (دەوڵەتی عوسمانیەوە) هاتوون، جەخت دەکەنەوە فەرمان لە ئەستەنبۆڵەوە دەرچوونە، بە بانگهێشتکردنی سەربازە مۆڵەت پێدراوەکان و چەکدارکردنیان تا کۆتایی ئەم مانگە، سەرباری ژمارەی ئەو سەربازانەی ئێستا ئامادەن))[2]، پەیامی ژەنەڕاڵی کاربەدەستی مەهاباد بۆ ئەمیر نیزام لە ٢٨ ئازاری ١٨٨١، ئەو دۆخە تۆقێنەرە ڕوون دەکاتەوە، کە ئامادەکاریەکانی شێخ عوبەیدوڵڵا لە ناو سەربازگەی ئێرانی دروستی کردبوو، ژەنەڕاڵەکە دەیەوێ نمایشێکی سەربازی ئەنجام بدات بۆ ترساندنی کورد، بەڵام ترسی هەیە لە هێشتنەوەی سەربازەکانی لە ناو شارەکەی، بۆیە کار دەکات بۆ دروستکردنی سەربازگەیەك بۆیان، بەمەش خەڵکەکە ڕزگار دەکات لە بەرپرسیارێتی خواردن پێشکەش کردن بە سەربازەکان و دابینکردنی شوێنی مانەوە بۆیان. کاربەدەستەکە لەبارەی ئەو ڕێوشوێنانەی دەگرێتەبەر دوای ئەوەی هەواڵی لەبارەی ئامادەکاریەکانی شێخ عوبەیدوڵڵاوە پێی گەیشتووە دەڵێت:

---

(١) حەسەن عەلی خان - کروسی - چەند نامە و ڕاپۆرتێك - وەرگێڕانی محەممەد حەمە باپی - هەولێر ٢٠٠٧، لا ٧٦.

(٢) هەمان سەرچاوە، لا ٧٦.

((یەکەم: لە سبەینێوە یان لە دوو شەممەوە، ڕێکەوتی ٢٧ ڕبیعی دووەم، لەشکری حکومی لە ئەسپسوار و پیادە و تۆپهاوێژەکان لە ناو ماڵاندا دەبەمە دەرەوە، لێرەو و لەوێ لە دەرەوەی شار کۆیان دەکەمەوە، شوێنێکیان بۆ هەڵدەبژێرم تا سەربازگەیەکیان بۆ دروست بکەم، منیش بەهەمان شێوە لەوێ دەبم. دووەم: لەمڕۆە گشت سەرۆك هۆز و سەرکردەکانی ناوەندی موکریان، کە زۆربەیان لە مەهابادن، ئاگادارم کردوونەتەوە، پەیمانم لێ وەرگرتوون، بەوەی پێویستە هێزەکانیان (لە ئەسپسوار و پیادە) لە ماوەی چوار بۆ پێنج ڕۆژ بهێننە سابلاخ، هەروەك کەسێکم ناردووە بۆ ئاگادارکردنەوەی ئەوانەی ئامادە نین، پێشبینی ئامادەبوونی ٦٠٠٠ پیاو دەکەم لە ماوەی شەش ڕۆژی ئایندەدا... چوارەم: بەلەبەرچاو گرتنی چەند هۆکارێك، ڕۆژی ڕابردوو داوای کۆبوونەوەیەکم کرد، تیایدا گشت زانا و ئاغا و بەگەکانی ئەم ناوچەیە ئامادە بوون، بە قورئان و تەڵاق سوێندم پێخواردن، بەوەی پەیوەندی نەکەن بە دوژمنانی دەوڵەتەوە بەدرێژایی تەمەنیان، بە هەر شێوەیەك لە شێوەکان، ئەگەر شێخ و شوێنکەوتووانی هەڵسان بە هەر دەستدرێژیەکی نوێ بۆ سەر ئەم ناوچەیە، بۆ سڕینەوەی تاوانەکانی ساڵی ڕابردوو، دەبێ بەرەنگاری ببنەوە، ئەم ئەرکە وەك جیهادی سەر شانیان و چەکدارەکانیان سەیر بکەن، بانگی سەربازانی دەوڵەت نەکەن بۆ پەنابردنە بەر چەك، مادەم هەر یەکێکیان لە ژیاندا ماوە))[1].

بەمەبەستی تۆکمەکردنی یەکێتی ناوخۆیی نیشتمانی، پێویستبوو شێخ عوبەیدوڵڵا لایەنگیری ئاشوری و ئەرمەنیەکانی هاوڵاتیانی کوردستان بۆ لای خۆی مسۆگەر بکات، ئەمە لەبەر ئەوە نا کە ترسی هەبێ لەوەی ئەوان بچنە پاڵ سەربازگەی بەرامبەر، بەڵکو لەبەر ئەوەی شێخ باوەڕی وابوو گەلی کوردستان

---

(١) حەسەن عەلی خان کروسی - سەرچاوەی پێشوو، لا ٨٠.

دەناڵێنێ بەدەست ستەم و چەوساندنەوە بە گشت چینە نەتەوەیی و ئاینیەکانیەوە، شێخ عوبەیدوڵڵا نامەیەکی بۆ شێخ (ئالاشکیر) ناردووە، داوای لێکردووە واز لە ئەرمەنیەکان بێنێ لە پەیوەندی هەبوونیان لەگەڵ تورکیا، ڕوونی کردۆتەوە کە دەبێ هاوپەیمانێتیەکی کوردی ئەرمەنی هەبێ، چونکە هاووێنەی ئەم هاوپەیمانێتییە چاکترە لە هاوپەیمانێتی لەگەڵ تورك و فارس. هەروەك شێخ عوبەیدوڵڵا لە کلێسایەکی ئەرمەنیدا وتار دەدات و دان بە مافە یەکسانەکانی موسڵمان و مەسیحییەکاندا دەنێت، بەوپێیەی دەردەکەوێ ئاشوریەکان زیاتر وەڵامی داواکارییەکانی شێخیان داوەتەوە، بە چالاکانە بەشداری بزوتنەوەکە بوونە.

ئەم جارەشیان (شێخ هەوڵی زۆریدا بۆ کێشکردنی ئاشوریەکان بەرەو بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی، بۆ ماوەیەکی زۆر نامەی دەگۆڕیەوە لەگەڵ (مار شەمعون)، لە سەرەتاکان ساڵی ١٨٨١ مەتران (مقرمار شەمعون)ی ئاشوری کە لە نزیك شەمزینان دەژیا ڕەوانەی لای (کوجانیس) کرد))[1]، نامەی بۆ (ئەملار) برد، ڕۆژنامەی (مشاك)ی ئەرمەنی ئاماژەی بەوە کردووە، (ئەملار شەمعون و پازدە پاشای ئاشوری بەڵێنیان بە شێخ عوبەیدوڵڵا داوە پشتیوانی بکەن، بەشداری بکەن لە هەر ڕاپەڕینێکدا دژی دەسەڵاتداری ئێرانی، کە مەسیحییەکانی دەچەوساندەوە و باجی زیاتری بەسەریاندا دەسەپاند، بەڵکو یاسای ئێرانی مافی ئەوەی بە تاکی مەسیحی دەدا، کە دەبێتە موسڵمان، دەستبگرێت بەسەر گشت کەل و پەلەکانی خێزانەکەی! تەنانەت ئافرەتی مەسیحی کە شوی بە موسڵمانێك دەکرد، یان لەلایەن موسڵمانێکەوە دەڕفێنرا، یاسا خێزانە مەسیحییەکەی  پابەند دەکرد بەوەی زۆرێك لە سامان و کەل و پەکانی

---

(١) د. جەلیلی جەلیل - ڕاپەڕینی کورد ١٨٨٠ - وەرگێڕانی بۆ عەرەبی سیامەند سیرتی - بەیروت ١٩٧٩، لا ٨٢.

پێبدات. ئەگەر موسڵمان بوو، پێویستە خانەوادەکەی واز لە ماڵ و سامانەکەی بهێنێ بۆ بەرژەوەندی ژنە تازە موسڵمانبووەکە[1]. هەروەك باجی ساڵانەی سەپێنراو بەسەر مەسیحییەکاندا لە ئێران، زیاتر بوو لەوەی بەسەر موسڵماناندا سەپێنرابوو[2]. گەواهی مەسیحییەکان لە دژی موسڵمانان لە یاساکانی ئێراندا قبوڵکراو نەبوو[3]، هاوشان لەگەڵ ئەم هەوڵانە، شێخ عوبەیدوڵڵا ویستی سوود ببینێ لە ئەزموونی بزوتنەوە لە ساڵی ١٨٨٠ هەڵسا بە بەکارهێنانی ئەفسەرە خانەنشینکراوەکانی لەشکری تورکی، بۆ مەشق پێکردنی کورد و ئامادەکردنیان بۆ جەنگ، هەروەك ڕاهێنەری کورد و عەرەبیشی بەکارهێنا، موچەی مانگانەی ڕێك و پێکی بۆیان بڕیەوە و سەربازگە و ئامرازی مەشقی سەربازی دابینکرد.

بە جۆرەها ڕێگە و شێواز هەوڵی کۆکردنەوەی چەکی دا، نرخ و قیمەتی زۆر بەرزی پێشکەش کرد بۆ ببەدەستخشتنی چەکی تازە و هاوچەرخ، هەر بۆ ئەم مەبەستە پەیوەندی لەگەڵ کەسانی سەربازی و فەرمانبەرانی تورك بەست، بۆ کڕینی چەك لێیان، بۆ نموونە نوێنەرێکی نارد بۆ قائمقامی (شاتاخ) و لە نامەیەکدا پێی وت: ((بەگوێرەی تواناکەت تفەنگەکانی مارتینی، سنیدر، فینتشیستر بۆم بنێرە، بەتایبەت تفەنگەکانی مارتینی))[4].

شێخ عوبەیدوڵڵا هەوڵی بەدەستخستنی چەکی دا، لە چەند سەرچاوەوە.

---

(١) بەڵگەنامەی بەریتانی (١١٥).

(٢) هەمان سەرچاوە.

(٣) هەمان سەرچاوە.

(٤) د. جەلیلی جەلیل - سەرچاوەی پێشوو - وەرگێڕانی سیامەند سیرتی، لا ٨٢.

لێرەدا دەیان بەڵگەنامە هەن، ئەوە ڕوون دەکەنەوە وڵاتە زلهێزەکان فشاریان خستۆتەسەر بابولعالی، هەموو دەرگاکانیان بەڕوویدا داخستووە بۆ هاریکاری کردنی شێخ عوبەیدوڵڵا یان واز لێهێنانی، ئەم بەڵگەنامەی خوارەوە، سوربوونی بەرپرسانی ئێرانی و ترسی ڕژێمی قاچاری لە بەرامبەر شێخ و بزوتنەوەکەی ڕوون دەکاتەوە. بەڵگەنامەکە بروسکەی باڵیۆزی ئێرانیە (ئەسەدوڵڵا تەباتەبائی) لە پێترسبێرگەوە بۆ وەزارەتی دەرەوەی ئێران.

((ناوەڕۆکی ڕێنووسی هەمایۆنی پیرۆزم بینی (گیانمان فیدای بێ). ڕاستەوخۆ ڕۆیشتمە وەزارەتی دەرەوەی ڕوسیا، لەبارەی بابەتەکە گفتوگۆم کرد. بە توندی جەختم کردەوە لەسەر پێویستی ڕەوانەکردنی بروسکەیەك، دەربڕینێکی توند بۆ ئەستەنبۆڵ، پیاوانی دەوڵەتی ڕوسی وەڵامی داواکەمیان دایەوە و بروسکەیان بۆ باڵیۆزەکەیان نارد، بۆ داواکردن لە بابولعالی بۆ دوورخستنی شێخ عوبەیدوڵڵا. ئەم جارەیان بەپشت بەستن بە فەرمانەکەتان ڕۆیشتمە لای، جارێکی تر بروسکەیان بۆ باڵیۆزەکەیان (نیلۆف) کرد تا بە گشت شێوەیەك پاڵپشتی (یاریدەدەری پاشا) بکات و داوا لە دەوڵەتی عوسمانی بکات، بۆ دوورخستنەوەی شێخ عوبەیدوڵڵا.

دوو شتیان سەبارەت بە بابەتەکە ڕوون کردۆتەوە: یەکەم: تەنها داواکاری ڕوسیا بەس نییە، بەڵکو دەبێ باڵیۆزی ئێرانیش سوربێ لەسەر هاووێنەی ئەم داواکارییە. وتم (یاردەدەری پاشا) گشت هەوڵەکانی خەرج دەکات، ئەگەر تا ئێستاش نەگەیشتبێتە دەرەنجامێك، لەبەر ئەوەیە دەوڵەتی عوسمانی دڵنیا نییە لە پاڵپشتی راستەوخۆی ئێوە بۆ ئێمە، دەوڵەتی عوسمانی ئەگەر دڵنیا بێ کە ئێوە بە ڕاستی لەگەل ئێمەدان، بەو مانایەی دەوڵەتی ڕوسی بەشدارە لەگەڵمان لە بیرکردنەوەدا، ئەوا پاڵپشتی

فەرامۆشکردنی بەلاوە دەنێ و هەوڵی بەدەستهێنانی کات نادات، بە کردار بەوە هەڵدەستێت کە لێی داواکراوە.

دووەم شت: شێخ عوبەیدوڵڵا لە کاتی ئێستادا پابەندبووە بە هێمنی و ئارامیەوە، هیچ کارێك ناکات. دەڵێم هێمنیەکەی کاتییە، بەڵگە نییە لەسەر ئەوەی وازی لە خەیاڵ و ئومێدەکانی هێناوە، بەڵام لە ئێستادا هێمنە چونکە لە سێ دەوڵەت دەترسێ[1]، کاتێك دەوڵەتی عوسمانی لێ بێدەنگ دەبێ، ڕوسیا فەرامۆش دەکات، ئەوا شێخ کار بۆ بەجێهێنانی مەبەستە خراپەکانی دەکات.

تەنها مانەوەی شێخ لە کوردستان، واتە هاندانی یاخیبوون و ڕوودانی قەیران، مادەم ئەو لە کوردستان ماوە، پێویستە ساڵانە نزیکەی دوو هەزار تومەنی زیاتر دیاری بکەین، بۆ خەرجیەکانی لەشکر لەسەر سنوور. دوای گفتوگۆیەکی دوور و درێژ، ڕەزامەند بوون لەسەر ناردنی بروسکەیەکی تازە بۆ ئەستەنبۆڵ بۆ جەختکردنەوە لەسەر دوورخستنەوەی شێخ عوبەیدوڵڵا))[2].

لە کۆتاییدا دەوڵەتی عوسمانی ملکەچی فشارە نێودەوڵەتییەکان بوو، قەناعەتی بەشێخ هێنا، بۆ ڕۆیشتنە ئەستەنبۆڵ، بەمەبەستی دانوستان لەگەڵ سوڵتان، ترسیشی هەبوو لەوەی شێخ داواکەی ڕەت بکاتەوە و بچێتە ئێران و لەوێ لە دژی دەوڵەتی عوسمانی بجوڵێتەوە. باڵیۆزی ئێرانی لە ئەستەنبۆڵ بروسکەیەکی بۆ وەزارەتی دەرەوەی وڵاتەکەی نارد، بەوەی وەزیری دەرەوەی دەوڵەتی عوسمانی پێی ڕاگەیاندووە، بڕیار دەرچووە بۆ ناچارکردنی شێخ بۆ ڕۆیشتنە ئەستەنبۆڵ، لەو

---

(١) دەوڵەتانی: عوسمانی و ڕوسیا و ئێران، لەوانەیە بەریتانیا و ڕوسیا و ئێرا.

(٢) محەممەد حەمە باقی - شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵا لە بەڵگەنامەکانی قاچاریدا، لا ٣١١.

کاتەی شێخ ئەم بڕیارە ڕەت دەکاتەوە لەوانەیە هێزی لە دژ بەکاربهێنرێت. باڵیۆزی ئێرانی دەڵێت وەزیری دەرەوەی دەوڵەتی عوسمانی پرسیاری لێکردووە لەبارەی هەڵوێستی ئێران، ئەگەر شێخ عوبەیدوڵڵا پەنای بۆ برد ((ئەگەر شێخ عوبەیدوڵڵا پەنای بۆ لای ئێوە هێنا، وەڵامتان چی دەبێ؟ وتم: بە بروسکە پرسیار دەکەم، بەڵام بە بێگومان پشتیوانی ناکەین))[1]، بەڵگەنامەی قاچاری وا دەڵێت، بەڵام هیچ بەڵگەیەك نییە جەختی لەسەر بکاتەوە.

لە چواری مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٨٨١ کاروانی شێخ عوبەیدوڵڵا بەرەو ئەستەنبۆڵ بەڕێکەوت، شاعیری ناودار (وەفایی) کە سکرتێری شێخ بوو قسەی لەسەر گەشتەکەی شیخ کردووە، گێڕانەوەکەی لە کتێبەکیدا (شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵای نەهری) دانراوی هاوڕێ (محەممەد حەمە باقی) دەگوازینەوە.

وەفایی دەڵێت: ((دەوڵەتی سوڵتان ناچار بوو بانگهێشتی شێخ بکات بۆ ئەستەنبۆڵ، لەبەر ئەوەی جێبەجێکردنی ویستی خەلیفەی باوەڕداران ئەرك و پێویست بوو، شێخ لە شەمزینانەوە، کە خاکی نیشتمانە، سەفەری کرد لەگەڵ کۆمەڵێك لە خزمە نزیکەکانی تا گەیشتە سنووری دەریا، ئەسپسوار و پیادە و نزیکەی (٥ - ٦) هەزار مورید هاتن بۆ پێشوازی ئەو، شار دوای شار و قۆناغ پاش قۆناغ پێشوازی لێدەکرا... کاتێك گەیشتنە کەناری دەریا، بە فەرمانی سوڵتانی مەزن بە کەشتی (بیالە) پێشوازیان لێکرا، گەیشتنە ئەستەنبۆڵ و گەورە پیاوانی دەوڵەت و پیاوماقوڵان لەگەڵ سەربازەکان پێشوازیان لێکرد، خانوێکی بۆ دیاریکرا لە پاڵ

---

(١) هەمان سەرچاوە، لا ٢٧٠.

خانووەکانی سوڵتان، ڕێز و حورمەتێکی زۆری لێنرا لەلایەن سوڵتانەوە...))[1]. دەبینین تەنانەت وەفایی شاعیریش دەڵێت (سوڵتان ناچاربوو بانگهێشتی بکات).

سەرچاوەیەکی تر وەسفی پێشوازی کردنی ئەستەنبۆڵ لە شێخ عوبەیدوڵڵا دەکات، دەڵێت: ((شێخ عوبەیدوڵڵا ڕوویکردە ئەستەنبۆڵ، پاسەوانی شەرەفی تورکی هاودەمیان دەکرد... سوڵتان چرنوکی نەنواند لەوەی بە ڕێزێکی شایستە پێشوازی لە میوانەکەی بکات، گشت کەسایەتییە فەرمییەکانی شارەکە بۆ پێشوازیکردنی دەرچوون))[2]. توێژەرێکی تر پێی وایە، سوڵتانی عوسمانی ویستویەتیسوود لە شێخ و دەسەڵاتەکەی ببینێ لە دامەزراندنی پرۆژەکەی (کۆمکاری ئیسلامی)، جا دەڵێت: ((سوڵتانی عوسمانی وای پێباشتر بوو دیبلۆماسییەت و نەرمی بەکاربهێنێ، لەگەڵ سەرکردە کوردیەکە، بە ئامانجی سوودبینین لێی لە دامەزراندنی (کۆمکارێکی کوردی)، هەر بۆیە بانگهێشتی شێخی عوبەیدوڵڵای کرد بۆ ئەستانە و ڕێزی لێگرد و دیاری پێبەخشی، لە خانووێکدا نیشتەجێی کرد کە نزیك بوو لە کۆشکەکەی، دواتر دانوستانی لەگەڵ کرد لە پێناو کۆچکردنی کوردەکانی فارس بۆ خۆرهەڵاتی ئەنادۆڵ، بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەکەی دژی ئەرمەنەکان))[3]. (دەیڤید مکداول)ی توێژەر تێڕوانینێکی تری هەیە لەبارەی پەیوەندی شێخ عوبەیدوڵڵا بە دەوڵەتی عوسمانی و پەیڕەوەکەی لە زیان نەگەیاندن بە دەوڵەتی عوسمانی، لەوانەیە ئەم تێڕوانینەی ئەو چەندین لایەنی دروست لە خۆ بگرێ، دەڵێت: ((وەزیری دەرەوەی عوسمانی (مەبەستی عاسم پاشایە) دەیزانی شێخ عوبەیدوڵڵا نەقشبەندییە و زۆر تووند

---

(١) هەمان سەرچاوە، لا ٢٤٠.

(٢) د. جەلیلی جەلیل - ڕاپەڕینی کورد - وەرگێڕانی: سیامەند سیرتی، لا ٨٣.


(٣) د. عەبدلرەئوف ستو - سەرچاوەی پێشوو، لا ١٢٧.

دەستی گرتووە بە تەریقەتەکەی. مەولانا خالید فێری مورید و خەلیفەکانی کردووە پێویستە نزا بکەن بۆ مانەوەی دەوڵەتی عوسمانی پایەبەرز، کۆڵەگەی ئیسلام و پارێزەری موسڵمانان...))[1]، ئەوەی (کوشین) باڵیۆزی بەریتانی لە ئەستەنبۆڵ لە نامەکەیدا بۆ وەزیری دەرەوەی وڵاتەکەی جەختی لەسەر کردەوە پاڵپشتی ڕای توێژەر (مکداول) دەکات، نامەکە لە ڕێکەوتی ٢٩ نۆڤەمبەری ١٨٨٠ نێردرابوو، باڵیۆزەکە سەرسامی خۆی دەربڕیوە لەوەی وەزیری دەرەوەی دەوڵەتی عوسمانیپرسی کوردستانی فەرامۆش کردووە و هیچ بایەخێکی بە قەیرانەکە نەداوە، تەنانەت دەڵێت وەزیر ئاوڕی بەلای ئەو پێشنیازەی من نەدایەوە کە هەوڵێك هەیە بۆ دروستکردنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردستان، تاوتوێی بیرۆکەکەی نەکردووە و بابەتەکەی بەبێ ڕوونکردنەوە تێپەڕاندووە، باڵیۆزەکە دەڵێت: ((زۆر سەرسام بووم کاتێك بینیم وەزیری دەرەوە تا ئەم ئاستە بایەخ نادات بەو ڕووداوانەی لە کوردستان ڕوودەدەن. ئاگادار نەبوونی لە بارودۆخی ناوچەکە، سەرگەردانی منی زیاتر کرد.

کاتێك پێشنیازی ئەوەم بۆ کرد شیخ سزا بدرێ، بۆم ڕوون کردەوە حکومەتی ئێران داوا دەکات شێخ ڕادەستی ئەو بکرێ، یان لەلایەن حکومەتی تورکیاوە دادگایی بکرێت، ئاماژەی بە تۆمەتە فراوانەکانی بابولعالی کرد دژی حکومەتی ئێرانی لە پرسە سنوورییەکان و وتی (ئێران تا ئێستا وەڵامی گشت داواکانی ئەستەنبۆڵی نەداوەتەوە...)، کاتێك بە توندی بەرگریم دەکرد لە داواکارییەکانی ئێران، ناوبراو دووبارە جەختی دەکردەوە لەسەر داواکانی بابولعالی، بەوەی هەر هەنگاوێك دژی شێخ بەستراوەتەوە بە دادگایی کردن و سزادانی سەرکردە هۆزە دواکەوتووەکانی ئێران.

---

(١) دەیڤید مکداول - سەرچاوەی پێشوو، لا ١١٨.



وێنەی شێخ عەبدولقادری کوڕی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری، لە دوای شۆڕشەکەی شێخ سەعیدی پیران لەگەڵ ٥٢ دوو کەسی تر لە سێدارە دران، ئەو دوو وێنەکەی تریش هی هەر دوو کوڕەکەی ئەون:ئەوەی لای ڕاست: سەید عەبدوڵڵایە، کە لە دزێ و مەرگەوەر کۆچی دوایی کردووە، ئەوەی لای چەپیش: سەید محەممەدە، کە لەگەڵ باوکی لە سێدارە دراوە.

لەبارەی ئاکامەکانی دادگایی نەکردنی شێخ لەلایەن بابولعالیەوە، (عاسم پاشا) وەڵامی دایەوە، پێم وابێ دروسکردنی دەستەیەکی هاوبەش، یارمەتیدەر دەبێ بۆ چارەسەرکردنی کێشە هەڵواسراوەکان.

لەبارەی بابەتی ئەوەی هۆکاری یارمەتیەکانی بابولعالی بۆ کورد، بریتییە لە هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ (ئەرمەنەکان)، عاسم پاشا وتی: (ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانی ئەوەندە توانای هەیە، بەبێ یارمەتی کورد، بەسەر هەر ئاشوبێکدا زاڵبێت لە هەر کاتێکدا).

لە کاتی قسەکردن لەسەر هەوڵدانی شێخ بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانی سەربەخۆ، عاسم پاشا هیچ بابەخێکی بە بابەتەکە نەدا. پێم وابێ بابولعالی هەرگیز بە شێوەیەکی ڕاستەقینە بیری لە گریمانەی ڕوودانی ئەم کارە نەکردۆتەوە))[1].

گومان لەوەدا نییە، باڵیۆزەکە عاسم پاشای بە گێل داناوە، کە ئاگاداری مەترسی دروستکردنی دەوڵەتی کوردستان نییە، بەڵام عاسم پاشا بە دڵنیایەوە ئاگاداری دانوستانەکانی بابولعالی بووە. پرسیارێك خۆی دەخاتەڕوو، هیچ وەڵامێکمان دەستناکەوێ، تا ئەو کاتەی بەڵگەنامەکانی عوسمانی بڵاو دەکرێنەوە، پرسیارەکە ئەوەیە: ئایا سوڵتانی عوسمانی دەیویست بیرۆکەی سوڵتان سەلیم لەبارەی کورد زیندوو بکاتەوە، ئەم جارەیان لەبارەی گشت کوردە لە ئێران و دەوڵەتی عوسمانیدا؟، ئایا شێخ عوبەیدوڵڵا دەیویست شوێن پێی شێخ ئیدریسی بەدلیسیدا بڕوات، بە مسۆگەرکردنی حوکم و خۆڕێبەری بۆ کورد، لە ژێر سەرکردایەتی فەرمی بابولعالی؟. بابولعالی بۆ ماوەیەکی درێژ بەرپەرچی تۆمەتەکانی سەر شێخ داوەتەوە، لە بنەڕەتدا گوێ بۆ داواکارییە نێودەوڵەتییەکان ناگرێ بۆ لێپرسینەوە، بەڵکو دەوڵەتی ئێرانی بەرپرسە لەو قرکردنەی بەسەر کورد داهاتووە، پێویستە لەسەری قەرەبویان بکاتەوە. لە ٢٤ نۆڤەمبەری ١٨٨١ فەخری بەگی وەزیری ئێرانی ڕاسپێردراو لە تاران، لە سەر داوای شێخ عوبەیدوڵڵا، یاداشتێك بۆ وەزارەتی دەرەوەی ئێران ڕەوانە کرا،

---

(١) بەڵگەنامەی بەریتانی (١١٣).

تیایدا داوای لێکرا گشت ئەو زیانانەی بە شێخ گەیەنراون لە ساڵانی (١٨٧٠ و ١٨٧٦ و ١٨٨١) قەرەبوو بکرێتەوە، هەڕەشەی لە فەخری بەگ کردووە بە ئەنجامدانی ڕاپەڕینێکی تر، ئەگەر ئێران ئەم داوایە ڕەت بکاتەوە، هۆشداریشی داوە لە بارەی ڕێوشوێنە زۆرەملێیە نا مرۆییەکان بەرامبەر بە کورد[١]. ئەمە ئەوە دەگەیەنێ بانگهێشتی شێخ بۆ ئەسەنبۆڵ بەمەبەستی دەستگیر کردنی شێخ نەبوو، بەڵکو دانوستان کردن بوو لەگەڵیدا لەسەر ئامانجەکانی بزوتنەوەکەی. ژمارەیەك لە توێژەران جەخت دەکەنەوە کە شێخ تەنها بۆ دانوستان چووەتە ئەستەنبۆڵن لەوانە توێژەری بەڕێز جەرجیس فەتحوڵڵا.

وتمان شێخ عوبەیدوڵڵا چەندین دانوستانی ئەنجامداوە، لەگەڵ ژمارەیەك بەرپرسی عوسمانی، لەوانە یاوەر و نێردراوی سوڵتان (ئەحمەد بەگ)، لەگەڵیان نزیك بووەتەوە لە ڕێکەوتنەوە، شێخ بە سەرۆك هۆزە باوەڕپێکراوەکانی لە کوردستان ڕاگەیاندووە ئەوە نزیك بووەتەوە جڵەوی کارەکان بدرێتە دەست ئەو[٢].

سوڵتانی عوسمانی و تەنانەت دوای جەخت کردنەوەی لەسەر شێخ عوبەیدوڵڵا، بۆ ڕۆیشتنە ئەستەنبۆڵ، بەردەوام دانوستانی لەگەڵ شێخ دەکرد، بە ئومێدی سەپاندنی چەند مەرجێك لەسەری، لەوانە: وەك یەکێك لە سەرچاوەکان ڕوونی کردۆتەوە، ئەویش پێشنیازی گواستنەوەی کوردە لە خۆرهەڵاتی کوردستانەوە بۆ هەکاری.

---

(١) هەمان سەرچاوە، لا ٢٧٠.

(٢) ئەم پەیامە ئێمە لە پەڕاوێزی بەلگەنامەی بەڕیتانیدا دامانناوە (١٥٣).

بڕوامان وایە شێخ وازی لە ئامانجەکەی نەهێناوە، بەردەوام داوای حوکمی کوردستانی یەکگرتووی کردووە، لە ژێر سەرپەرشتی فەرمی دەوڵەتی عوسمانی، لە بەرامبەر پێدانی باج و خەراج بە دەوڵەتی عوسمانی. هەر بۆیە بڕوا وایە دوای مانەوەی شێخ بۆ ماوەی یەك ساڵ لە ئەستەنبۆڵ و دانوستانی لەگەڵ سوڵتان نەگەیشتە ڕێکەوتنێکی تەواو، بەتایبەت کە دەوڵەتی عوسمانی دەستکراوە نەبوو بۆ پشتگرتنی بزوتنەوەکەی شێخ، بەهۆی هەڵوێستی دەوڵەتە زلهێزەکان، لەوانەیە سوڵتان ویستبێتی شێخ لەلای ئەو بمێنێتەوە تا ئەو کاتەی بارودۆخەکان دەگۆڕێن.

دەوڵەتی عوسمانی تەواو ئاگادار بوو لە دەسەڵاتی شێخ عوبەیدوڵڵا و ئامانج و مەبەستەکانی، کە دەیشاردەوە، هەر بۆیە ترسی هەبوو لەوەی بزوتنەوەی کوردی لە بزوتنەوەیەکی نیمچە هاوپەیمان یان بزوتنەوەیەکی ڕێکخراوەوە وەربچەرخێ بۆ بزوتنەوەیەکی دژەکاری لە دەسەڵات دەرچوو، لەلایەکی ترەوە لە دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانیدا یان سوڵتاندا نەبوو ڕاستەوخۆ زیان بە شێخ عوبەیدوڵڵا بگەیەنێ، چونکە دەسەڵاتەکەی هاوشانی دەسەڵاتی سوڵتان بوو، هەر بۆیە کاری لەسەر کرد بۆ ڕازی بوونی بە مەرجەکانی عوسمانی بۆ پاڵپشتی کردنی بزوتنەوەکە.

بڕوابوون بەوەی دەوڵەتی عوسمانی بە بانگهێشتکردنی شێخ عوبەیدوڵڵا بۆ ئەستەنبۆڵ، ویستویەتی ستراتیژەکەی بەرامبەر بە ئێران بگۆڕێت، ترسەکانی نەهێڵێت و لاپەڕەیەکی نوێی لەگەڵ بکاتەوە و بەشداری پێبکات لە ڕێکخستن و تۆکمەکردنی سنوور و ڕێگە گرتن لێی لە دژایەتی کردنی، باوەڕێکی هەڵەیە.

متمانە پێکراوی دەوڵەت لە یاداشنامەکانیدا نووسیویەتی ((لە ڕۆژی هەینی ٤ مایس ١٨٨١ فەیرۆزی خزمەتکاری میرزا سەعید خان وەزیری دەرەوە هەواڵێکی هێنا، تیایدا ئەوە هاتبوو دەسەڵاتدارانی عوسمانی بە دەستگیرکراوی شێخ عوبەیدوڵڵایان

ڕەوانەی ئەستەنبۆڵ کردووە، لە بەرامبەر ئەم مژدەیە (شالا)یان پێشکەشی فەیرۆز کرد و نازناوی (خان)یان پێبەخشی[1].

بەڵام ئەوەی سەیری نامەکەی وەزیری دەرەوەی ئێران لە ٢٦ ئەیلولی ١٨٨١ بۆ باڵیۆزی وڵاتەکەی لە ئەستەنبۆڵ بکات، درك دەکات بەوەی (ئەلشال) بە فشە بەخشراوە و وەزیری ئێرانی لە شوێنی خۆیدا گەشبین نەبووە، دوای چوار مانگ لە ڕویشتنی شێخ عوبەدوڵڵا بۆ ئەستەنبۆڵ بۆ باڵیۆزی وڵاتەکەی نووسیویەتی: ((ڕادەستکردنی هەڵاتوان و لەخۆنەگرتنی هۆزەکانی لایەنی بەرامبەر، بەشێکە لە مەرج و بڕیارەکانی دوو دەوڵەتەکە، هەر لەسەردەمی سەفەویەکانەوە، لە دوای هەر پەیماننامەیەکی ئاشتیدا جەختی لەسەر کراوەتەوە. هەردەم دەوڵەتی ئێرانی پابەند بووە بەم مەرجانەوە، هەر یەکە لە (عەزیز بەگ بابان و هۆزەکەی و هەندێك لە ئاژاوەگێڕانی ناوچەی هەکاری و ئارتوش و ئەحمەدوند جلبی و محەممەد ئەلیخان و کەسانی تریش) ڕادەستی عوسمانیەکان کران، بێ ئەوەی سەیری ئەوە بکرێ ئەوان ئێرانین، ئەم کارەش بۆ جێبەجێکردنی بڕیار و مسۆگەرکردنی ئاسایشی سنوورەکان بوو. بەڵام پێگە سنووریەکانی عوسمانی لە جیاتی ئەوەی چاکە بە چاکە بداتەوە، ڕێوشوێنی توندی گرتەبەر بۆ بەدەستهێنانی هۆزەکانی ئێرانی بۆ لای خۆیان، تەنانەت ئەگەر ڕێوشوێنەکانمان لەسەر داوای خودی عوسمانیەکانیش بێ. بەم ڕێگەیە بوار لەبەردەم هۆزەکانمان دەکەنەوە بۆ یاخی بوون، هەروەك ئەمە لەگەڵ هەمزە ئاغا ڕوویدا، کە بووە هۆی ئەم هەموو کوشت و کوشتارە. لە سەرەتادا گوێڕایەڵی دەوڵەت بوو و لە خزمەتی دابوو، بەرپرسانی عوسمانی لەسەر سنوور چەند سکاڵایەکیان هەبوو لە دژی، هەر بۆیە شوجاعی دەوڵەت بەمەبەستی ڕازی

(١) هەمان سەرچاوە، لا ٢٧٠.

کردنیان دەستی گرت بەسەریدا. دواتر لە کاتی تەمبێکردنی (ئارتوشییەکان) و جگە لەوان لەلایەن عوسمانیەکان، ناوبراو (عومەر بەگ) لەگەڵ خزمانی ڕۆیشتنە لای هەمزە ئاغا و ویستیان دەستوەردان بکات، هەمزە ئاغا ئەوانی ڕادەستی عوسمانیەکان نەکرد بە پاساوی شەرەف و ناوبانگ، بەڵام کاتێك فەرمان بۆ شوجاعی دەوڵەت دەرچوو لەلایەن وڵاتەکەمان بۆ گێڕانەوەیان بە زەبری هێز بۆ عوسمانیەکان، شوجاعی دەوڵەت ڕۆیشت بۆ ناچارکردنی هەمزە ئاغا بۆ ڕادەستکردنیان، هەمزە ئاغا هێزی نەبوو بۆ ئەوەی بەرگری لێ بکات، بۆیە هەڵات بۆ خاکی عوسمانی، دەستبەجێ دەسڵاتدارانی عوسمانی لەسەر سنووری پشتگیریان بۆ دابینکرد... (محەممەد ئالی عەلیخان)مان دەرکرد لەسەر ویستی (والی بەغداد) بەڵام هەر کە گەیشتە خاکی عوسمانی لە باوەشیان گرت و ئاسوودە بوو و لەگەڵیان ڕێکەوت لەسەر یاخی بوون و داگیرکردنی بەشێك لەم وڵاتانە وەك (باغسای و مخلتاوی). ئەگەر نەخۆشی یارمەتیدابایە ئەوا ئاشوبەکەی بەرپا دەکرد، وەك ئاشوبی کورد لە عەرەبستان و لورستان بەدەستی ئەم عەرەبانە... بەهۆی ئەمە، ئەم جارەیان بەهۆی نەمانی دوودڵی کوردستان، کاتێك گەورە پیاوانی دەوڵەتەکەمان لە پێناو دابینکردنی ئاسایشی سنوور، ویستیان چەند هۆزێکی ئێرانی تەمبێ بکەن، بینیان لەسەرەتادا و بە پێی ڕێکەوتننامەی دوو دەوڵەتەکە هەڵاتووان قبوڵ نەکەن، داوایەکی فەرمی ئاڕاستەی وەزیری عوسمانی بکەن کە ڕاسپێردراوە و ئەو بەرپرسانی سەر سنوور لە ئازربایجان و فەرمانبەرانی دەوڵەت سەبارەت بە پەنانەدانی هۆزی شکاك و سەرۆکەکەی (عەلی خان). باڵیۆز و بەرپرسانی عوسمانی بڕیاری ڕوونیان دەرکرد بۆ زاڵبوون بەسەر ئەم هۆزە، ڕازی بوونی خۆیان دەربڕی و وادایاننا ئەم ڕێوشوێنە پێویستە بۆ ئاسایشی سنوور. لە دوای ئەم پەیماننامە و بەڵێنانە، دەوڵەتەکەمان دەستی کرد بە گرتنەبەری ڕێوشوێن دژی ئەم هۆزە... هەر کە ئەم هۆزە بۆ خاکی عوسمانی هەڵات، ئەوا

عوسمانیەکان سەرباری گشت بڕیارەکان پاڵپشتیان کرد و لەخۆیان گرت... ئەوەیان بۆ ڕوون کردەوە ئەگەر ئەم هۆزە ڕادەست نەکرێتەوە و وەڵامی داواکاریەکانمان لەبارەی سنوورەکان نەدرێتەوە لەلایەن دەسەڵاتە سنووریەکانی عوسمانی، ئەوا ئەمن و ئاسایش بۆ سنوورەکان ناگەڕێتەوە)[1].

له ماوەی مانەوەیدا لە ئەستەنبۆڵ، کە نزیکەی ساڵێکی خایاند، شێخ عوبەیدوڵڵا درکی کرد بەوەی سوڵتان عەبدولحەمید جدی نییە یان توانای نییە ویلایەتێکی گشتی کوردستانی یان حکومەتێکی کوردستانی دابمەزرێنێ، کە شێخ بەڕێوەی ببات لە ژێر دەسەڵاتی خەلیفە بێ بە ڕووکاری، حکومەتی کوردستان باج بداتە دەسەڵاتدارانی عوسمانی، ئەو بەڵێنانەش جێبەجێ نەکران کە یاوەری سوڵتان (ئەحمەد بەگ) لەگەڵ خۆی بۆ (نەهری) هێنابوونی، قسەی لەسەر کردبوو لەگەڵ شێخ لە نامەکانیدا کە بۆ سەرکردەکانی کورد ڕەوانەی کرد بوو، سەبارەت بەوەی کوردستان دەدات دەست شێخ، وا دەردەکەوێ دانوستانەکانی لەم بارەوە لەگەڵ سوڵتاندا نەگەیشتنە هیچ دەرەنجامێك، لەوانەیە لەبەر ئەوە بووبێ، کە فشاری دەرەکی لەوە گەورەتر بووبێ کە شێخ و سوڵتان بەیەکەوە پێشبینیان کردووە، هەروەك ئەو شاندەی سوڵتان، کە بۆ کوردستان ڕەوانەی کردبوو لەسەر داوای شێخ عوبەیدوڵڵا دوای ئامادەبوونی لە ئەستەنبۆڵ، هیچ شتێکی نەکرد بۆ گەشەپێدانی کارگێڕی و ئیدارە لە کوردستان، ئەو پێشنیازانەشمان نەبیست کە دەبوایە پێشکەشیان بکات.

لەلایەکی دیکەوە شێخ عوبەیدوڵڵا ئەوەی بینی، کە دەوڵەتی عوسمانی، بووەتە دیلی سیاسەتە دەرەکییەکان، سوڵتان کەوتۆتە ژێر فشار دەوڵەتە زلهێزەکان و لە نێویاندا بەریتانیا و ڕوسیا، هەر بۆیە لە توانای سوڵتاندا نییە لەگەڵی ڕێکبکەوێت،

---

(١) هەمان سەرچاوە، لا ٣٥٤.

بۆ پاڵپشتی کردنی شێخ بەشێوەیەکی جددی لە جەنگ کردن لەگەڵ ئێراندا، سوڵتان لە هەڵوێستێکدا بوو، پێویست بوو لەسەری ڕێگە نەدات بە شێخ، بە هیچ بزوتنەوەیەك هەڵبستێت دژی ئێران، دەسەڵاتدارانی تورك دەترسان لەوەی شێخ عوبەیدوڵڵا کاتێك دەگەڕێتەوە نیشتمانەکەی دژی عوسمانیەکان بجوڵێتەوە، ئەمەش دوای ئەوەی بۆی دەردەکەوێ عوسمانیەکانیش بەشێوەیەك لە شێوەکان بەشداربوون لە لەناوبردنی بزوتنەوەکەی، تەنانەت ئەگەر نەشیویستبێ و بە فشاری هێزە نێودەوڵەتیەکان بێ، بەتایبەت کە ئەم دەسەڵاتە تەواو ئاشنا بوون بە نیازە ڕاستەقینەکان شێخ عوبەیدوڵڵا و ئامانجەکانی لە ڕزگارکردنی کوردستان لە ستەمی هەر دوو ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانی و ئێرانی. کاتێك شێخ عوبەیدوڵڵا بێ ئومێد بوو لەوەی سوڵتان دانبنێ بە حکومەتی کوردستان یان پشتگیری بزوتنەوەی کورد بۆ ڕزگارکردنی کەرتی خۆرهەڵات، شێخ عوبەیدوڵڵا ئەستەنبۆڵی جێهێشت و گەڕایەوە نیشتمانەکەی.

وەفایی شاعیر، کە یەکێك بوو لە کەسانی نزیکی شێخ عوبەیدوڵڵا دەنووسێ و دەڵێت: ((شێخ عوبەیدوڵڵا ناچار بوو بۆ ماوەی دە مانگ لە ئەستەنبۆڵدا بمێنێتەوە، دواتر سوڵتان پێی وت: لەسەرت پێویستە بچیتە حیجاز. دوای ئەم ڕاگەیاندنە، شێخ بە تەنها لەگەڵ خۆی سێ ڕۆژ لە دوای یەك بیری کردەوە، ئایا ڕازی ببێ بە ڕۆیشتن بۆ حیجاز یان نا؟ لە کۆتاییدا پێی وابوو باشترە گوێ بۆ سوڵتان نەگرێ و خۆی لێ ڕزگار بکات... بەناوی بازرگانیەوە بلیتی ڕۆیشتنە نێو ڕوسیای بەدەستهێنا، گەڕایەوە بۆ نیشتمانی خۆی (هەکاری - نەهری) لە ڕێگەی دەریای ڕەش - تفلیس - یەریڤان - قارس - بایەزید - ئالاشکێر - گوندی قەراج))[1]. هەر کە هەواڵی

(١) هەمان سەرچاوە، لا ٢٥٣.

گەڕانەوەی شێخ بڵاوبوویەوە، کوردستان شلەقانی تێکەوت لەم پەڕەوە بۆ ئەم پەڕ، سەرکردەکانی کورد زەخیرەیان ئامادە دەکرد و دەڕۆیشتن بۆ پێشوازی لێکردنی پێش گەیشتنی شێخ بۆ هەکاری، شێخ عەبدولقادار لەگەڵ چەند هەزار چەکدارێکەوە ڕۆیشت بۆ پێشوازی کردن لە باوکی.

لەلایەکی ترەوە ترس و هاواری ناسرەددینی شا بەرزبوویەوە، تا گەیشتە لوتکەی ئاسمان، فەرمانی کرد بە بنیاتنانەوەی ئەو بەشە دیوارە ڕووخاوانەی دیواری ئورمییە دەستبەجێ، ئەمیر نیزام بەیاننامەیەکی دەرکرد لە کۆتایی مانگی ئابی ١٨٨٢، بەڵێنیدا سزای هەموو ئەوانە بدات کە بچێتە پاڵ شێخ، یان پەیوەندی لەگەڵ گرێ بدات، ڕاستەوخۆ چووە سەلماس بۆ بەسەرکردنەوەی هێزەکانی، لە بەیاننامەکەدا هاتووە (زیانی زۆر بە گشت ئەوانە دەگەن، کە دەچنە پاڵی)[١].

بروسکەیەك لە ئیدارەی ئازربایجانەوە، وا دەردەکەوێت لەبارەی دۆخی مەهابادەوە نێردراوە، لە بەرواری ٢٩ ئابی ١٨٨٢ دەڵێت: ((سوپاس بۆ خوا؛ سابلاخ شاری ئارامە، کارەکان ئاسایی دەچنەڕێ، ڕۆژی دوو شەممە نامەیەك لە (میر نیزام)ەوە بۆ (خەسرو خان) هاتووە، جێگری حکومەت، تیایدا قسەی لەسەر گەڕانەوەی شێخ کردووە بۆ ناوچەکە. خەسرۆخان گشت زانا و پیاوماقوڵان و کەسایەتی و موختارەکانی کۆکردەوە، بانگی کردن بۆ خزمەتی دەوڵەت. (ئەمینی ئیسلام) و گشت ئامادەبووان واژویان کرد لەسەر نامەیەك، دواتر بۆئەمیر نیزامیان نارد، تیایدا ڕایانگەیاند ئامادەن بە گشت شێوەیەك بەرەنگاری شێخ ببنەوە))[٢].

---

(١) د. جەلیلی جەلیل - هەمان سەرچاوە، وەرگێڕانی د. کاوس قەفتان، لا ١٥٤.

(٢) محەممەد حەمە باقی - هەمان سەرچاوە، لا ٣٠٤.

بەڵام شێخ سەردانی شار و هۆزە کوردییەکانی کرد، ڕۆژێکی تەواوی بەسەر برد لەلای هەر سەرکردەیەکی کوردی لەو ناوچانە، هەروەك سەردانی سەرکردەی ڕۆحی ئەرمەنیەکانی کرد، گوتارێکی لە کلێسای (فارفولومیا) پێشکەش کرد، لەسەر بانگهێشتی (ئەرخیماندریت ئوکانیس کاجونی)، لە گوتارەکەیدا بانگەوازی کرد بۆ هاوپەیمانی کوردی - ئەرمەنی و مافی یەکسان بۆ موسڵمانان و مەسیحییەکان لە ناوچەی وان، پێشتر قسەمان لەسەر ئەمە کرد.

بەهەمان شێوە شێخ عوبەیدوڵڵا نەیدەویست پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانیدا بپچڕێنێ، بەڵام بە بەردەوامی داوای عوسمانی ڕەتدەکردەوە بە ڕۆیشتنە حیجاز یان یەکێك لە شار و وڵاتانی تر، چونکە ئەمە کۆتایی خۆی و بزوتنەوەی کوردی دەگەیاند. ئێران لەلای خۆیەوە وەڵامی ویستی شێخی نەدایەوە لە کردنەوەی لاپەڕەیەکی تازە، بەڵکو تەواوی ڕق و دوژمنایەتی خۆی لە دژی ئەو دەربڕی، هەروەك بە بەردەوامی داوای دوورخستنەوەی شێخ عوبەیدوڵڵای کرد لە کوردستان و گشت ئەو ئامراز و دۆستایەتی و پەیوەندیانەی هەیبوو، بەکاریهێنا بۆ ناچارکردنی دەوڵەتی عوسمانی بۆ لابردنی مەترسی شێخ عوبەیدوڵڵا، بە دوورخستنەوەی یان لە سێدارەدانی. لە گشت دۆخەکاندا، دەوڵەتی عوسمانی هەوڵیدا ئامانجی خۆی بە نەرم و نیانی بەجێبهێنێ، بەشێوەیەك نەبێتە هۆی هەراسانکردنی شێخ، بۆیە ڕۆیشتە ناو دانوستانێکی ترەوە لەگەڵ شێخ، بە هەوڵدان بۆ قەناعەت پێکردنی بە بارودۆخی زاڵ (ئەمری واقیع) و قبوڵکردنی جێهێشتنی کوردستان. ئەستەنبۆل کۆلۆنێل (یوسف بەگ)ی ڕەوانەکرد، لە هەوڵێکی تردا بۆ قەناعەت کردن بە شێخ بۆ وەڵامدانەوە و گوێڕایەڵ بوون بۆ فەرمانی سوڵتان و دیاری کردنی شارێك بۆ مانەوە تیایدا و جێهێشتنی کوردستان. (جەلیلی جەلیل)ی لێکۆڵەر دەڵێت: ئەرکی یوسف بەگ بریتی بوو لە: داواکردن لە شێخ عوبەیدوڵڵا بە کۆتایی هێنان بە ئامادەکارییە

جەنگییەکانی، بەڵام دەزانین شێخ عوبەیدوڵڵا لەم ماوەیەدا بەهیچ چالاکییەك هەڵناستێ، خۆی یەکلا دەکاتەوە بۆ هاوسەرگیری کوڕەکەی و زستان لە بارەگاکەیدا بەسەر دەبات، شێخ جەنگی نەدەویست، تەنها هەوڵی بەدەستهێنانی کاتی دەدا. کۆلۆنێل یوسف بەگ بەهەمان شێوە شکستی هێنا، لە قەناعەت کردن بەشێخ، هەر بۆیە ئەستەنبۆڵ کەماڵ بەگی سکرتێری سوڵتانی نارد، بۆ بەدواداچوون بۆ هەمان ئەرك و کارتێکردن لە شێخ، بۆ قبوڵکردنی پێشنیازی سوڵتان، کە بریتییە لە مانەوەی شێخ و خانەوادە و شوێنکەوتووانی لە یەکێك لە شارەکانی عەرەبیدا، بەوەی دەوڵەتی عوسمانی گشت خەرجیەکانیان بکێشێ، هەروەك سوڵتان بڕیاریدا موچەیەکی مانگانە بە بڕی (١٥٠) لیرەی عوسمانی بداتە شێخ[1].

شێخ عوبدوڵڵا سەر لەنوێ ئەم پێشنیازەی ڕەتکردەوە و ڕایگەیاند، ئەو دەیەوێت زستان لە کوردستاندا بەسەر ببات. کاتێك زانی هێزە سەربازیەکان سورن لەسەر ڕووبەڕوو بوونەوەی، ئەوا لە نەهریەوە بەرەو ئۆرەمار بەڕیکەوت، لەوێی خۆی تۆکمە کرد لە قەڵاکەیدا، لەگەڵ چەند هێزێکی کەم.

هێزە عوسمانیەکان، بەسەرکردایەتی موشیر (موسا پاشا) و موشیر (موستەفا پاشا) بەرەو ناوچەی ئۆرەمار بەڕێکەون، گەمارۆی ئەو قەڵایەیاندا، کە شێوازی دروستکردن و تۆکمەییەکەی سەرنجڕاکێش بوو. ئەم دوو سەرکردەیە دانوستانی دوور و درێژیان ئەنجامدا لەگەڵ شێخ، بەمەبەستی ڕازی کردنی بە جێبەجێکردنی ئەو فەرمانەی لەلایەن (خەلیفەی موسڵمانانەوە) دەرچووە، لەبەر ئەوەی شێخ لە دۆخێکدا بوو، ڕێگەی شەڕ کردنی پێنەدەدا و پێویستی بە کات بوو تا بەهار دێت، لەوانەشە فشارەکانی سەر سوڵتان سوکتر ببنەوە، بەتایبەت کە هەوڵیدا ترسی ئێران کەم

---

(١) د. جەلیل جەلیل - سەرچاوەی پێشوو - وەرگێڕانی: د. کاوس قەفتان، لا ١٥٥.

بکاتەوە، ڕایگەیاند ڕازیە لە شاری موسڵ بمێنێتەوە، کوڕەکەی خۆشی (شێخ محەممەد سدیق) بنێرێتە ئەستەنبۆڵ، لە کاتێکدا دەسەڵاتی عوسمانی داوای لێدەکرد (شێخ عەبدولقادر) ڕەوانە بکات، کە باڵیۆزی ڕوسی (نیلدۆف) لەبارەیەوە دەڵێت: عەبدولقادر وەك باوکی ڕێز لێگیراو بوو، (سەرکردایەتی هێزە کوردییەکانی دەکرد و بیری دەکردەوە لە داننەنان بە دەسەڵاتی عوسمانیدا)[1]. دەسەڵاتی عوسمانی پێشنیازەکەی شێخ عوبەیدوڵڵایان قبوڵ کرد، کە بە کردار شێخ محەممەد سدیقی کوڕی خۆی ڕەوانەی ئەستەنبۆڵ کرد.

شێخ عوبەیدوڵڵا ملکەچ بوو، چونکە هیچ بژاردەیەکی تری نەبوو، هەروەك دەردەکەوێ لە قەڵاکە هاتە دەرەوە و ڕەزامەندی خۆی ڕاگەیاند لەسەر ڕۆیشتنە موسڵ بەخۆی و خانەوادەکەی، هەندێك دەڵێن شێخ عوبەیدوڵڵا بەرەنگاری لەشکری عوسمانی بووەتەوە، عوسمانیەکانیش بە تۆپەکانیان قەڵاکەیان وێران کردووە، بەمەش شێخ عوبەیدوڵڵا دەستگیرکراوە، بەڵام ئەو بەڵگەنامانەی لێکۆڵینەوەمان لەسەر کردووە، قسە لەسەر ڕوودانی جەنگێکی لەم شێوەیە یان پێکران و بریندابوونی هێزی هیچ لایەك نەکردووە، دەکرێ هێزە عوسمانیەکان قەڵاکەیان ڕووخاندبێ و تۆپبارانیان کردبێ دوای دەرچوونی شێخ عوبەیدوڵڵا و پیاوەکانی تیایدا. سوڵتانی عوسمانی بۆ باڵیۆزی ئێرانی جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە ئەم کارە ئەنجامدراوە بێ خوێن ڕشتن. شێخ ڕوویکردە شاری موسڵ لە سەرەتاکانی نۆڤەمبەری ساڵی ١٨٨٢، کامل پاشا و نزیکەی ٣٠ تا ٤٠ ئەسپسواری لەگەڵ بوو.

لە ڕۆژی ٢٧ نۆڤەمبەری ساڵی ١٨٨٢، بەپێی بروسکەی باڵیۆزی عوسمانی شێخ گەیشتە شاری موسڵ، کە دەڵێت: ((شێخ لە ٢٧ نۆڤەمبەری ١٨٨٢ گەیشتە موسڵ، لە

(١) هەمان سەرچاوە، لا ١٥٦.

ژێر چاودێریدایە بە فەرمانی وەزیر، تا بڕیار دەردەچێ چ بە هێشتنەوەی لە موسڵ یان گواستنەوەی بۆ شوێنێکی تر))[1].

بەپێچەوانەی پێشبینیەکانەوە، کاری شێخ بەوە کۆتایی نەهات کە دوورخرایەوە بۆ موسڵ، دەوڵەتی ئێرانی لە ترسێکی بەردەوامدا دەژیان لە گەڕانەوەی شێخ بۆ سنوورەکان، یان ناردنی هێزەکانی بۆ ئەوێ، هەر بۆیە فشارەکانی چڕ کردەوە بۆ دوورخستنەوەی شێخ بۆ ناوچەیەکی دوورتر، شێخ دەیەویست موسڵ بکاتە پایەتەختی دەوڵەتی کوردستان، شتێکی سروشتی بوو پەیوەندی بەهێز دروست بکات لەگەڵ خەڵك و هۆزەکانی موسڵ و دەوروبەری، تەنانەت دەوڵەتی عوسمانی بۆی دەرکەوت پێگە و دەسەڵاتی شێخ لە موسڵ، وەك ئەو پێگە و دەسەڵاتەیەتی کە لە هەکاری هەیبووە. نا تەنانەت یاریدەدەری کونسلی ڕوسی لە وان بۆ سەرپەرشتیارەکەی دەنووسێ، شێخ عوبەیدوڵڵا لە موسڵ هەڵسوکەوت دەکات، بەهەمان ئەو هەڵسوکەوتەی لە هەکاری دەیکرد، بەهەمان شێوە بەرپرسێکی ڕوسی لەوێ دەڵێت: شێخ عوبەیدوڵڵا خاوەن دەسەڵاتێکی بەهێزە لە ناو دانیشتوان و هۆزەکاندا. بروسکەی یاریدەدەری کونسل دەڵێت: ((مایەی شانازیە بۆتان ڕوون بکەمەوە کە شێخ، لەگەڵ شێخ محەممەد سدیقی کوڕی، گەیشتوونەتە موسڵ بە پاسەوانی کامل پاشا لە ڕۆژی ٢٥ مانگی... بەڵام عەبدولقادر، تا ئێستا خۆی بەدەستەوە نادات لەگەڵ چەکدارانی کورد لە ئۆرەمار، لەوێ بە ڕاشکاوی دژایەتی دەوڵەتی عوسمانی دەکات. جوڵانەوەکانی عەبدولقادر بە ڕەزامەندی باوکی ئەنجام دەدرێن... ئەگەر بەرپرسان لە ئەستەنبوڵ نەجوڵێن بۆ دوورخستنەوەی عەبدولقادر لە هەکاری، کە دەسەڵاتێکی هاوشێوەی دەسەڵاتی باوکی خۆی لەوێ هەیە، ئەوا

(١) محەممەد حەمە باقی، هەمان سەرچاوە، لا ٣١٩.

پێویستە چاوەڕێی پشێوی و بێ سەروبەری بکەن لە سنووری نێوان دەوڵەتی عوسمانی و ئێران. لەوێ کورد دەتوانێ ڕاپەڕین ئەنجام بدات بە ئاسانی، چونکە شێخ عوبەیدوڵڵا لە تورکیا تورەیە، تا ئاستێك زۆر سەختە ڕێکەوتن یان ئاشتەوایی لەگەڵ ئەنجام بدرێ. ئا ئەوەتا شێخ عوبەیدوڵڵا لە موسڵ دەژیەت، بەهەمان شێوە لێرە (خاوەن ماڵ و بارودۆخی خۆیەتی)، هەمان دەسەڵاتی هەیە بەسەر هۆزە کورد و عەرەبەکانی ویلایەتی موسڵ. هێزەکانی عوسمانی لە هەکار ناچنە دەرەوە، چونکە شێخ عەبدولقادر دژی بەرپرسان دەجولێتەوە و دوژمنایەتیان دەکات، دەبێ بوترێ دوورخستنەوەی شێخ عوبەیدوڵڵا ئارامی و ئاسایش بۆ هەکاری نەهێناوە. هەکاری وەك خۆیەتی، وەك ئەو ڕۆژانەی عوبەیدوڵڵای لێبووە...))[1]، هەر لەبەر ئەمە سوڵتانی عوسمانی فەرمانی دەرکرد بە دوورخستنەوەی شێخ عوبەیدوڵڵا و خانەوادەکەی بۆ شاری مەدینەی پیرۆز لە خاکی نیمچە دوورگەی عەرەبیدا، لە ڕۆژی ٢٣ دێسەمبەر باڵیۆزی عوسمانی لە تاران (فەخری بەگ) بۆ وەزیری دەرەوە دەنووسی و دەڵێت: ((دۆستە وەفادار و ڕێزدارەکەم... هەواڵێکم پێگەیشت، ئەوە دەگەیەنێ کە (کامل بەگ) ڕاسپێردراوە بۆ گواستنەوە شێخ عوبەیدوڵڵا بۆ شاری مەدینەی پیرۆز، لەم ڕۆژانە ڕێگای ڕۆیشتن بەرەو ئەوێ لەگەڵ شێخ دەگرێتەبەر، لە ئێستاوە و دواتریش دەستی ناگاتە سنوورەکان... بەپێویستم زانی هەواڵەکە و سەرکەوتنەکەم پێتان ڕابگەیەنم، من ئامادەم بۆ خزمەتی شای وڵات (خوا دەسەڵاتەکەی بەردەوام بکات)...))[2]. شێخ عوبەیدوڵڵا گوازرایەوە ئەسکەندەرونە، لەوێش بۆ بەرەویت، ئینجا

---

(١) د. جەلیلی جەلیل - هەمان سەرچاوە، لا ١٧٩.

(٢) محەممەد حەمە باقی، هەمان سەرچاوە، لا ٣١٩.

بۆ حیجاز، مانەوە و ژیانی لە تائیف هەڵبژارد. تەنها د. عەیز شەمیزی دەڵێت: شێخ لەگەڵ ١٠٠ خانەوادەی کوردی بۆ حیجاز دوورخرانەوە[١].

لەوانەیە ئەم لێکۆڵینەوەیە تەواو ببێ، لێکۆڵەری زیاتر ئاشنا ببێ بە کەسایەتی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری، بە هێنانەوەی دوو گەواهی و شایەتی لەبارەی ئەوەوە، یەکەمیان هی کەسێکی ئەرمەنیە، لە نزیکەوە لە گەڵی ژیاوە و چاودێری ڕەفتار و جوڵانەوەکانی کردووە، لە بارەی شێخەوە نووسیویەتی: ((کەسێکی چالاك بوو، بە ڕێك و پێکی کاری دەکرد، هەرگیز خاوبوونەوە تووشی نەدەبوو، سۆزەکەی وەك باوان بوو بەرامبەر هەتیوان و بەساڵاچووان و دەستەوەسانەکان، لە گشت لایەکەوە کورد دەچوونە لای ئەو لە شەمزینان، تا سکاڵا و دەردەدڵ و ئێش و ئازارەکانیان بە گوێچکەی شێخدا دەدەن، داوای ئامۆژگاری ڕێنوێنی کردنیان لێ دەکرد، زۆر ڕێزیان لێدەگرت، وەك سەرۆکێکی دادگەر و مرۆڤ دۆست سەیریان دەکرد))[٢].گەواهیەکی تر هی لێکۆڵکەرێکی ئاشوری کوردستانی عێراقی ناسراوە، بایەخی بە کەسایەتی ئەم شێخە داوە و مێژووەکەی توێژیوەتەوە، داوا لە سەرکردە کوردیەکانی ئێستا دەکات، لە وانەکانی شێخ عوبەیدوڵڵاوە فێر ببن، ئەویش لێکۆڵەر جرجیس فەتحوڵڵایە، لە نووسینەکەیدا دەڵێت: ((یەکێك لە مەبەستەکانم لە پێشکەشکردنی ئەم بەشە گرنگە لە مێژووی خەباتی کورد، دوای تێپەڕینی یەك سەدە بەسەریدا، بۆ ئەوەیە ببێتە وانەیەکی چاك بۆ ئەو کەسەی ئەرکی خەباتی ئەمڕۆی لە ئەستۆگرتووە، ئەمە وانەیەکی مەزنە، سەرکردەیەکی ئەو شۆڕشە بەدبەختە فێری دەکات. ئەوەی لێرەدا دەیخوێنیەوە ئەوەیە شێخ سور نەبووە لەسەر سەرکەوتنێك بەدەست بهێنێ یان لە

(١) عەزیز شەمزینی - سەرچاوەی پێشوو، لا ١٢٣.

(٢) د. جەلیلی جەلیل - هەمان سەرچاوە، لا ١٠٧ - ١٠٨.

شەڕێکدا لەشکرەکەی بە براوە لێ بێنە دەرەوە، بە ئەندازەی ئەوەی بایەخی دەدا بەو وەسف و هاوەڵناوە ناشرینانە لەسەر ناوی کورد و کوردستان لابدات، کە بەکۆیلەکاران ڕاهاتبوون لەسەر لکاندنی پێیەوە، هەروەها نەهێشتنی ناوبانگی خراپ، کە بڵاوببووەوە لە بارەی وەحشیگەری و دڕندایەتیەکەی لە نێو کۆمەڵگەی ئەوروپیدا، ئەمەیان جەنگێکی ڕاستەقینە بوو، ئەمە لەلای شێخ بەردی بناغە بوو بۆ خەبات و بەدەستهێنانی ئازادی و سەربەستی))[١].

لە ڕۆژی ١٢ ئۆکتۆبەری ١٨٨٣ بەرامبەر ڕۆژی نۆی زولحیجەی ساڵی ١٣٣٠، کاتێك شێخ لەسەر چیای عەرەفات بوو، فەرزی حەجی بەجێدەگەیاند، شێخ عوبەیدوڵڵا گەڕایەوە بەر میهرەبانی خوا، بەهۆی تووشبوونی بە نەخۆشی کولێرا، ئەو کات تەمەنی ٥٣ ساڵ بوو. هەروەك دوای سێ ڕۆژ هاوژینەکەی و کوڕە بچوکەکەی (ڕەشید) بەهۆی هەمان دەردەوە ڕۆیشتنە بەر ڕەحمەتی خوا. لە گۆڕستانی (ئەلمعلا) لە مەککە بەخاك سپێردران.

شێخ عوبەیدوڵڵا خەلیفایەتی ڕادەستی کوڕەکەی کرد شێخ عەبدولقادر، ناوبراو لەسەر پەیڕەوی باوکی ڕۆیشت، تەواو هاوشێوەی ئەو بوو لە بیر و هەڵسوکەوت و دڵسۆزیەکەی بۆ پرسی کورد و سەرخستنی ڕاستی و بانگەوازی کردن بۆ دادگەری، دوای ساڵی ١٨٩٣ مۆڵەتی پێدرا بگەڕێتەوە ئەستەنبوڵ، شێخ عەبدولقادر خەبات و کۆششی زۆر مەزنی کرد لە دامەزراندنی ڕێکخراو و کۆمەڵانی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی کوردی، بە ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عوسمانی هەڵبژێردرا، دواتر بە سەرۆکی ئەنجومەنی پیرانی عوسمانی لە سەردەمی ئیتحادیدا.

---

(١) جەرجیس فەتحوڵڵا - هەمان سەرچاوە، لا ١٣.

شێخ عەبدولقادر یەکێك بوو لە سەرکردە دیارەکان، لە پاڵ شێخ سەعید لە شۆڕشی ساڵی ١٩٢٥. لە ڕۆژی ٢٤ ئایار شێخ عەبدولقادر لەگەڵ کوڕەکەی خۆی محەممەد لە شاری (ئامەد - دیاربەکر) لە سێدارە دران، شێخ تەمەنی گەیشتبووە ٦٧ ساڵ، هەروەك سەرکردەی شۆڕشەکە، شێخ سەعید و سەرکردەکانی تر ڕەحمەتی خوایان لێبێ لە سێدارە دران.

شێخ محەممەد سدیق پێش ئەم بەرواره کۆچی دوایی کرد.

سەبارەت بە ناسرەدین شا، ئەوا ئێرانیەك گوللەیەکی لێدا، کە ناوی (میرزا ڕەزا کرمانی) بوو، لە شوێنکەوتووانی جەمالەددینی ئەفغانی و خەڵکی شاری کرمان بوو، ساڵی ١٨٩٦ لێیدا و کوشتی و لە یادی پەنجا ساڵەی دانانی وەك پاشا ئەمە ڕوویدا.

سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم، لەلایەن لەشکری عوسمانیەوە لە ساڵی ١٩٠٩ لەسەر حوکم لابرا، بە دوورخراوەیی ژیا تا ڕۆژی مردنی لە ١٠ شوباتی ١٩١٨.

## بەڵگەنامەی (١)

بروسکەی ژمارە ١

لە مستر تامسونەوە بۆ ئیرل کرانفیل(١)

تاران لە ١٣/ ئایار / ١٨٨٠

---

(١) روناد. ف. تامسون: باڵیۆزی بەریتانیا بوو لە ئەستەنبۆڵ، هەندێك جار بە وەزیری ڕاسپێردراوناودەنرێ. ئیرل کرانفیل: وەزیری دەرەوەی بەریتانیا بووە.

بەختەوەرم بۆ بەڕێزتان بخەمەڕوو، من بە دوور و درێژی تاوتوێی بابەتی هێرشی ئەو کوردانەم کردووە کە لەسەر سنووری نێوان تورکیا و ئێرانن لەگەڵ وەزیری دەرەوە. چەندین هەنگاوی گرنگ گیراونەتەبەر بۆ بەستنی چەند پەیماننامەیەکی هاریکاری لەگەڵ تورکیا، بۆ زاڵبوون بەسەر کورد و ڕێگەگرتن لە پەنابردنیان بۆ ناوچە سنوورییەکان.

دڵنیای کردمەوە نەك تەنها ڕازی نییە لەسەر ئەنجامدانی ئەم هاوپەیمانێتیانە، بەڵکو حەزیان لە گرێدانی چەند هاوپەیمانێتیەکی ترە لەگەڵ بابولعالی، ئەو کاتەی باڵیۆزی تورکی ڕادەسپێردرێ لەلایەن بابولعالیەوە بۆ ئەنجامدانی هاوپەیمانێتی، ئەوا ڕێوشوێنی پێویست دەگیرێنەبەر.

ئەستەنبۆڵ بروسکەیەکی بۆ (فەخری بەگ[1]) نارد، داوای لێکرد گفتوگۆ و دانوستان بکات سەبارەت بەم پرسە لەگەڵ ئێرانیەکان. بروسکەکە هێشتا نەگەیشتووە.

واژوو

رونالد. ف. تامسون

## بەڵگەنامەی (٢)

پاشکۆی ١ بروسکەی ژمارە ٤

---

(١) فەخری بەگ: باڵیۆزی ئێرانە لە تاران.

باڵیۆزی حکومەتی بەریتانیای پایەبەرز بەختەوەر دەبێ ئەم ڕاپۆرتە بۆ بەڕێزتان بەرز بکاتەوە، کە کاربەدەستی ویلایەتی (وان) لەبارەی بارودۆخی ناوچەکە بۆ بابولعالی ناردوویەتی.

لە سەرەتاکانی مانگی ڕابردووە و بەهۆی هەراسانکاریەکانی کورد، دانیشتوانی سێ گوندی (باخ کالی) ناوچەکانیان جێهێشتووە و پەنایان بردۆتە (وان)، کورد لەژێر سەرکردایەتی (عەلی خان)دا بوون. لە ١٨ نیساندا بەهەمان شێوە ژمارەیەکی دیکە لە دانیشتوانی پەنابەربوونەتە (وان) و ئاماژەیان بەو هێرشە نوێیانە کردووە، کە (عەلی خان) ئەنجامیداوە، هەروەك نێردراوێك لە (ئەرکیش) و (جیفاس) گەیشتوونەتە (وان)، قسەیان کردووە لەبارەی ئەو هەڵسوکەوتە خراپانەی خەڵکەکە ڕووبەڕووی دەبنەوە لە لایەن کوردەوە. نێردراوەکە دەریخستووە کە دانیشتوانی دوو ناوچەکە، ئەگەر بەروبومێکی باشیان دەستکەوتبێ لە گەنم، ئەوا لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانن بیگوازنەوە بۆ ئاشەکان، بەهۆی ڕێگە نا ئەمینەکان، لە دەرەنجامدا لە دۆخێکدا سەخت دەژین، نێردراوەکە باسی ئەوەشی کردووە، کە کورد مەڕ و ماڵات و ئاژەڵەکانیان دەلەوەڕێنن لە ناو کێڵگەکانی گەنم و جۆدا، بەهۆی ئەمەوە دەکرێ زەویەکان دووچاری تێکدان ببنەوە، دەکرێ وشکەساڵی لە ساڵی ئاینده دەربکەوێ، ئەمە گریمانەیەکی بەهێزە.

لە دوایئەمە نامەیەك لەلایەن دانیشتوانی تورك و ئەرمەنەوە بۆ (وان) هاتووە، داوا لە حکومەت دەکەن یارمەتیان بدات.

هەروەك (کاپیتان کلایتۆن) لە ڕاپۆرتەکەیدا ئاماژە دەکات بە یاخی بوونی کوردی، کە ڕۆژانە لەم ناوچانە فراوان دەبێ، دوودڵیش دەردەبڕێ لە فراوانبوونی یاخیبوونەکە، بۆ ئەوەی گشت ناوچەکان بگرێتەوە.

پێشبینی ئەوە دەکەین (ئەختەمار) ڕووبەڕووی هەڕەشەیەکی ڕاستەقینە ببێتەوە، چونکە دانیشتوانی ئەم ناوچەیە و بەهۆی دەستگیرکردنی سەرکردەکانیان لەلایەن (عابدین پاشا) بیر لە یاخیبوون و تۆڵەسەندنەوە دەکەنەوە. ڕاپۆرتە تازەکان قسە دەکەن لەسەر بەرزبوونەوەی نرخی گەنم و خەڵك ڕووبەڕووی برسێتی بووەتەوە. بەهەمان شێوە سەرچاوەی متمانە پێکراو ئێمەی ئاگادار کردۆتەوە کە کاربەدەستی (موش) ئەو گەنمەی لە سایلۆکاندا بووە دابەشی کردووە بەسەر دادوەران و موفتییەکان و دەوڵەمەندانی شار، هیچ بەشێك بە خەڵکی سادە نەدرا.

گومانم هەیە لەوەی بابولعالی دەسەڵاتی تەواوی دابێتە کاربەدەستی ویلایەتی (وان)، بۆ قڕ کردنی کورد.

کونسڵی بەریتانیا لە ئەرزەڕوم، لە ڕاپۆرتەکانیدا ئاماژە دەکات بەوەی کورد لە ماوەی سێ مانگی دواییدا هێرشیان کردۆتە سەر نزیکەی (٢٠) گوند، کە ئەرمەنیەکانی تێدا نیشتەجێن، شەپۆڵی سێیەمی هێرشەکە لە (٢٠) حوزەیراندا ڕوویداوە، بە تێڕوانینی ئەو دەبێ حکومەتی ئێرانی سنوورەکانی دابخات، بۆ ڕێگری کردن لە کوردە یاخیبووەکان، لەوەی بچنە ناو ئێران، بۆ ئەوەی لەشکری تورکیش بتوانێت ڕووبەڕووی کورد ببێتەوە، جگە لەمە هێزە تورکییەکان هیچ توانایەکیان نییە لەسەر بەدواداچون کردن بۆ یاخیبووە کوردەکان.

(میجەر تروتر) دەڵێت: لەوەتەی سەرکردەی تازەی جەندرمەکان دەسەڵاتی لە ویلایەتی (بەدلیس) وەرگرتووە، لە ڕێگەی بەرتیل دان بە پۆستە باڵاکان، هێشتا چارەنووسی شەست بەندکراو بەهۆی تاوانە مەزنەکانەوە نەزانراوە، سەبارەت بە خەڵکی ویلایەتەکە، ئەوا هەموو ڕۆژێك زیاتر برسی دەبن، بارودۆخەکە لە

ناوچەکانی (باش قەلا) و (بایەزید) و (هەکاری) چاکتر نییە. من پێم وایە بابولعالی توانای هەیە زاڵ بێت بەسەر کورددا و کێشەکانی ناوچەکە چارەسەر بکات.

ڕاپۆرتەکانی تر دەکرێ لە کورتترین کاتدا بەرز بکرێنەوە.

واژوو

ج.ج. کوشن

٢١/ حوزەیران/ ١٨٨٠

## بەڵگەنامەی (٣)

هاوپێچی بروسکەی ژمارە (٦)[١]

وان لە ٢٠ حوزەیرانی ١٨٨٠

هیچ گومانێك نەماوە، بەهۆی دوودڵی حکومەتی ناوەندی، پێکهاتنی پێکهاتەیەکی کوردی بەهێز بە ئامانجی لەناوبردنی ئەرمەنیەکان، لە دۆخی پێگەیشتندایە[٢].

---

(١) خوێنەر بروسکەی ژمارە (٦) لە شوێنێکی تردا دەبینێ، بەپێی زنجیرە کاتیەکەی، چونکە لە ڕێکەوتی ١٧ ئۆگستی ١٨٨٠ دەرچووە، ئەم هاوپێچە لە بەرواری ٢٠/ حوزەیران بووە، هەر بۆیە بەڵگەنامەکانمان بەپێی ماوە کاتیەکەی ڕێکخستووە.

(٢) چەندین سەرچاوە دەڵێن، نووسەری ڕاپۆرتەکە قەشەیەکی ئەرمەنیە، ناردوویەتی بۆ وەزیری دەرەوەی بەریتانیا، تێبینی دەکرێ خۆی بە دوور گرتبێ لە قسە کردن لەسەر کوردستان و دەڵێت (کوردی ئەرمەنستان)، تەنانەت ناوێکی نامۆی بۆ (هەکاری) بەکارهێناوە و ناوی دەنێت (ئەغباغ). پێکهاتەی کوردی بریتییە لە (کۆمەڵەی هۆزە کوردییەکان) یان ئەوەی ڕاپۆرتە خۆرئاواییەکان ناویان لێناوە (یەکێتی کوردی). شێخ عوبەیدوڵڵا کار دەکات لەسەر پێکهێنانی ئەم ڕێکخستنە لەوەتەی ساڵی

**گومان لەوەدا نییە بابەتەکە لە بەرهەمی سیاسەتەکانی عوسمانییە، (شێخ عوبەیدوڵڵا) ناوکی ئەم پێکهاتەیەیە، بەهەمان شێوە (بەحر بەگ)یش تیۆر دانەرەکەیەتی[1].**

---

**١٨٧٩ و ڕاستەوخۆ لە دوای ڕابوونی هەکاری، هەوڵەکانی بوونە هۆی بەستنی (کۆنگرەی شەمزینان) لە گوندی (نەهری) بە ئامادەبوونی زیاتر لە ٢٠٠ سەرۆك هۆز و سەرکردەی کوردی و زانای ئاینی، لە ماوەی کۆنگرەکەدا بڕیاردرا بە پێکهێنانی کۆمەڵەیەك بۆ سەرکردایەتی کردنی خەبات و تێکۆشانی کوردی، بە ئامانجی خۆسەری بۆ کوردستان. شێخ عوبەیدوڵڵا بانگهێشتی هەر یەکێك لە مەترانی ئەرمەنی و ئەلمار شەمعون کرد بۆ هەماهەنگ کردنی هەوڵەکان و ئامادەبوون لە کۆنگرەکە، بەڵام بەریتانیا کاریگەری نەرێنی لەسەر هەبوو و تێیدا ئامادە نەبوو.**

**(١) بەحر بەگ، دواتر بەحری پاشا، یان بەحری ڕیزا پاشا، یەکێکە لە نەوەکانی (میر بەدرخان پاشای مەزن) میری بۆتان - جزیرە - ، دوای مردنی باوکی، سوڵتان عەبدولعەزیزی عوسمانی پلەی قائمقامی پێ بەخشی، لەگەڵ سێ لە براکانی، ئەوانیش بریتی بوون لە نەجیب بەگ و موستەفا بەگ و بەدری بەگ، بەحری بەگ بووە یاوەری سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم، سوڵتان ڕایسپار بە قەناعەت کردن بە هەر دوو برا ڕاپەڕیوەکەی (حوسێن کەنعان پاشا و عوسمان پاشا) بۆ کۆتایی هێنان بە جەنگ لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی لە ساڵی ١٨٧٨ و دەستکردن بە دانوستان لەگەڵ سەرکردە عوسمانیەکان، دواتر سوڵتان ڕایسپارد بۆ دانوستان کردن لەگەڵ شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری. مێژوونووسان دەڵێن: بەحری پاشا لەلایەن سوڵتانەوە ڕاسپێردرابوو بە هەڵگرتنی فەرمانی لە سێدارەدانی مەدحەت پاشا بۆ والی حیجاز، هەروەها ڕاسپێردرا بە جێبەجێکردنی حوکمی دوورخستنەوەی نووسەری تورکی ئەحمەد مەدحەت و شاعیر نامیق کەمال و جگە لەوانیش، بەحری پاشا ئەفسەری بەرپرس بوو لە دوورخستنەوەیان بۆ دوورگەی (ڕودس) و ئەوانی ڕزگار کرد لە سیخوڕێك، کە سوڵتان لەسەر پشتی کەشتیەکە داینابوو، نووسەری تورکی ئەحمەد مەدحەت بە (پیاوە زۆر شەریفەکە) وەسفی دەکات. لێکۆڵەری دیاری ئەمریکی وەدیع جەوده (عێراقی - کوردستانی - بە ڕەچەڵەك مەسیحی) لەبارەی ڕۆڵی بەحری بەگ دەنووسێ و دەڵێت: ((ئەو ئەرکەی بە بەحری بەگ ڕاسپێردرا بوو، بریتی بوو لە هەڵگرتنی نیشانەی ڕێز، لێرەدا ڕووی نامۆیی دەردەکەوێ، کە ناکۆکە و ماندووە لە کاروباری کوردیدا، ئەگەر ئەو وتە و چالاکیانەی پەیامی قەشەکە داویانەتە پاڵی دروست بێ، ئەوا دەبێ حکومەتی عوسمانی کارێکی گرنگتری پێبەخشیبێ لە هەڵگرتنی نیشانەی ڕێزێك کە بەراورد ناکرێ. ئەو گریمانەیە هەر دەمێنێتەوە بە سروشتی دۆخەکە کە هاریکاریەکەی لەگەڵ شێخ لە پشتی حکومەتەوە و بە بێ ئاگایی ئەو ڕوویداوە. بە ڕاستی ئەمە ڕێکەوتێکی سەیرە نوێنەرێك هەڵبژێریت، کە لەلای شێخ کوڕی میری**

بەحری بەگ سەردانی سەرۆك هۆزەكانی كرد، لە ڕێگەی بەڵێن پێدان و هەڕەشە لێكردنەوە، ئەوانی هێنایە پاڵ خۆی، هەندێك جاریش لە ڕێگەی ترساندنیان بەهۆی هێزە یەكگرتووەكانی كورد بە سەركردایەتی شێخ عوبەیدوڵڵا.

ئەم پێكهاتە كوردیە ئامانجی دروستكردنی یەك ویلایەتی كوردییە لە توركیا و بەدەرنانی ئەرمەنیەكانە لە ناوچەی ئاغباغ (هەكاری)[1]. ژمارەیەك لە هاوڕێیە متمانە پێكراوەكانمان لە ئاغباغ دەڵێن:

(كاتێك بەحری بەگ بە شاند هاتە ئاغباغ، بە ناونیشانی هەڵگری مەدالیای حكومەتی عوسمانی، وتی: داوا لە شێخ دەكەم سەردانی ئەستەنبۆڵ بكات، ئەگەر پێشنیازەكەی قبوڵ كرد، ئەوا منیش لەگەڵ هێزەكانی ئیمپڕاتۆریەت دێمە لای).

(هەر كە بەحری بەگ گەیشتە لای شێخ، ئەوا تەنها بانگهێشتی سەرۆك هۆزە كوردەكانی ئەرمەنستانی نەكرد، بەڵكو سەركردە كوردەكانی ئێرانیشی بانگ كرد بۆ ئامادەبوون لەلای شێخ).

---

ترسناك بەدرخانی لایە، كە هیچ ناوبانگێك كێبڕكێی لەگەڵ ناكات لە كوردستان)). لە جرجیس فەتحوڵاوە وەرگێڕاوە - دوو دەروازە لەسەر شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری - ٣٦. لە لێكۆڵینەوەكەماندا كە هیوادارین بكەوێتە بەر دیدی خوێنەران (بزوتنەوەی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری لە بەڵگەنامەكانی بەریتانیادا) شیكردنەوەی ڕۆڵی بەحری پاشا هەیە لە ڕووداوەكانی بزوتنەوەكەدا.

(١) ناوچەی هەكاری: دەكرێ بوترێ ئەم ناوچەیە، ئەو بەشە جوگرافییە دەگرێتەوە، كە دەكەوێتە باشوری ویلایەتی (وان) و خۆرهەڵاتی بۆتان - جەزیرە - خۆرئاوای هەر دوو شاری ورمێ - ئورمییە و شنۆ و باكوری شاری موسڵ و هەولێر، بە چیای مەقلوبیشەوە، مێژوونووسان باسی ئەوە دەكەن ناوەندی (لالش) دەكەوێتە چیای هەكاری. هەكاری لە ئێستادا ویلایەتێكە لە كوردستانی توركیا.

(کوڕی عەلی خان و پیاوەکانی سوێندیان خوارد لەسەر خۆشویستن و وەفاداری و لایەنگری لەبەردەم شێخ، بە چەندین دیاری مەزنەوە گەڕانەوە لایی. سەرکردەی هۆزەکانی تریش بەهەمان شێوە، بەم شێوەیە سەرکردایەتی شێخیان قبوڵ کرد).

(لەگەڵ ئەمەش ژمارەیەك لە سەرۆك هۆزەکان سەرکردایەتی شێخیان قبوڵ نەکرد، وەك: عەبدولڕەحمان جانکیر و کیروت عەلی مەحمود، سەرباری هەوڵەکانی بەحری بەگ، پێشبینی دەکرا لە کۆتاییدا بچنە پاڵ هێزەکانی ئەو).

(بەحری بەگ بەهەمان شێوە بانگهێشتی هۆزەکانی میلان و ئەلکان و دودری کرد لە ئێران، بۆ ئامادەبوون لەلای شێخ و وەستان لە ڕیزی ئەودا).

(ئەم ڕێکخستنە لە کاتی ئێستادا، خاوەنی ٤٠٠٠ تفەنگی مارتینی و ٢٠٠ ئێرانی و ئەوانی دیکەش تورکین).

(حکومەتی ئێرانی هەوڵی زۆر فراوان دەدات، بۆ ڕێگەگرتن لە بەرپابوونی بزوتنەوەیەکی کوردی لە تورکیا و ئێران. لە کاتێکدا ئەندامانی ڕێکخستنەکە دەیانەوێ نووسینگەیەکی ناوەندی لە هەر یەك لە سەلماس و ئاسمە بکەنەوە)[(١)].

(کاربەدەستی ئاغباغ (هەکاری) تۆقیوە بەهۆی ئەم ڕێکخستنە و زۆر لێی دەترسێ، لە شوێنێکدا وتویەتی دەیەوێت دەستلەکارکێشانەوەی خۆی پێشکەش بکات و لە ناوچەکە دەربچێ).

(ڕاپۆرتەکان ئاماژە بەوە دەکەن بەحری بەگ دەیەوێ بچێتە (وان) بۆ هاندانی خەڵك بۆ پەیوەست بوون بە بزوتنەوەکە و بەشداری کردن تێیدا، دەبێ ئاماژە بەوە

(١) سەلماس و ئاسمە دوو شارن ئێستا لە کوردستانی ئێران، دەکەونە باکوری شاری ورمێ.

بدرێ لقەکانی بزوتنەوەکە لە گشت ناوچە کوردییەکان چالاکە)، (ژمارەیەك لە سەرۆك هۆزە تورکەکان پێیان وایە باشترە دانبنرێ بە سەرکردایەتی شێخدا بێ جەنگ و خوێن ڕشتن[1]، بەڵام من گومانم هەیە تا ئێستا کورد بوێری ئەنجامدانی ئەم هەنگاوەی هەبێ).

((لەگەڵ ئەوەی گرنگی سیاسی ئەم بزوتنەوەیە کاریگەر نییە، بەڵام گومانی ئەوە هەیە ئەرمەنەکان بەم قومارە هەڵبخەڵەتێن، لە ژێر گوشاری بارودۆخی هەنووکە)).

سەرکردەی لەشکر لە شاری (وان) بەڵێنی ناردنی یەکەی سەربازی داوە بۆ ناوچە ناجێگیرەکان، بە تێڕوانینی ئێمە هەر کردەوەیەکی سەربازی ئەنجام بدرێت، هیچ دەرەنجامێك نابێت.

سەرباری ئەمە، لە کاتی پەسەندکردنی پەیماننامەی بەرلین، کورد کە لە تورك زیرەکترن، لە ڕێگەی ئەو نەرم و نیانییەی هەیانە، دەتوانن لە ئەرمەنییەکانەوە نزیك بن و ماف و جیاوك بەدەستبهێنن.

---

(١) لە زۆر کاتدا، ئەفسەر و سەربازە تورکەکانیش نەیاندەویست جەنگ لەگەڵ شێخ بکەن، بەلەبەرچاوگرتنی پێگە بەرزە ئاینیەکەی، کە هاوشانی پێگەی سوڵتان بوو. لە یەکێك لە سەرجدانەکانیدا بۆ ئەستەنبۆڵ، لە ڕێگەیدا بۆ حیجاز بۆ ئەنجامدانی فەرزی حەج، وەزیرەکان پێشبڕکێیان کرد بۆ ماچ کردنی دەستەکانی.

## بەڵگەنامەی (٤)

ژمارە ٢ لە ئێریل کرانفیلەوە بۆ مستر کوشن[١]


وەزارەتی دەرەوە ١ تەموز ١٨٨٠

لە نامەکەی بەڕێز تامسونەوە ڕوون دەبێتەوە، کە لە بەرواری ١٤ نیسان دانەیەکیشی بۆ ئێوە ڕەوانە کراوە، وەزیری کاروباری دەرەوەی ئێران، ئامادەیی خۆی دەربڕیوە بۆ ئەنجامدانی پەیماننامەیەکی فەرمی لەگەڵ تورکیا، بە مەبەستی زاڵبوون بەسەر هێرشی ئەو کوردانە لە سنووری نێوان ئێران و تورکیادا نیشتەجێن. نامەکە دەریخستووە کە باڵیۆزی تورکی لە تاران تا ئێستا شتەکەی لە ئەستەنبۆڵ نەگەیاندووە[٢]. بەڕێزتان ڕاسپێردراون بە بەدواداچوون بۆ بابەتەکە و بەدەستخستنی دەرەنجامی کۆتایی.

---

(١) فەخری بەگ: باڵیۆزی ئێرانە لە تاران.

(٢) ئەستەنبۆڵ بە ئەنقەست خۆی دەدزیەوە، کۆسپی دەخستە بەردەم هەوڵەکانی بەریتانیا بۆ ئەنجامدانی پەیماننامەیەکی لەم جۆرە.




**ئەمە وێنەی شێخ سەید تەهای نەهرییە، کە لە شاری ڕواندز گرتوویەتی.**

## بەڵگەنامەی (٥)

**ژمارە ٣**

**لە ئیریل کرانفیلەوە بۆ مستەر تامسون**

**وەزارەتی کاروباری دەرەوە ژ/ تەمموز / ١٨٨٠**

حکومەتە پایەبەرز و بەختەوەرەکەمان، نزیکە لە گرێدانی پەیماننامەیەکی هاریکاری لە نێوان ئێران و بابولعالیدا، بۆ لەناوبردنی هێرشی ئەو کوردانە نیشتەجێی ناوچە سنووریەکانی نێوان تورکیا و ئێرانن، تەواو ڕازییە لە هەوڵەکانی ئێوە لەم بارەوە لەگەڵ وەزیری کاروباری دەرەوەی ئێران.

داوام لە باڵیۆزی حکومەتە پایەبەرزەکەمان لە ئەستەنبۆڵ کردووە، کار بکات لەسەر خێرا کردنی گرێدانی هاووێنەی ئەم پەیماننامانە و کات بەفیڕۆ نەدان.

واژوو ئیریل کرانفیل

## بەڵگەنامەی (٦)

هاوپێچی ٣ بەڵگەنامەی ژمارە ٨

بۆ باڵیۆزی گشتی ئابوت

ئورمییە ٨ تەمموز ١٨٨٠

لە زنجیرەی پلەکانی دەسەڵاتی ئیسلامیدا، شێخ خۆی بە کەسی سێیەم دادەنێت[١]. جگە لە چەند هۆزێکی کورد لە ناو ئێران، کورد بە گشتی داندەنێت بە سەرکردایەتی شێخ، شێخ عوبەیدوڵا دەژیەت وەك چۆن پاشاکان دەژین. ڕۆژانە ٥٠٠ تا ١٠٠٠ کەس خواردن لەسەر سفرە و خوانی ئەو دەخوات. لە نێوان میوانەکاندا تاکەکانی گشت

(١) پێمان وابێ مەبەستی کەسە یەکەمەکانی جیهانی ئیسلامییە کە لێرەدا ئاماژەیان پێدەکرێ: سوڵتانی عوسمانی، شەریفی مەککە، شێخ عوبەیدوڵا. یان سوڵتانی عوسمانی شای قاچاری و شێخ عوبەیدوڵا.

چینەکانی کۆمەڵگە دەبینرێن، هەر لە هەژارترین کەسەوە تا گەورە بەرپرسەکانی هەر دوو دەوڵەتی ئێران و تورکیا.

شێخ بە خودی خۆی لەگەڵ کوڕەکەشی لێکۆڵینەوە دەکات، لە سکاڵا و داواکارییەکانی گەل، لە نزیکەوە لەگەڵیان تاوتوێی دەکەن. لە شاری شێخ عوبەیدوڵڵا شتێك نییە بە ناوی خواردنەوە سەرخۆشکەرەکان. شێخ هەر لە خۆرهەڵاتنەوە تا نیوەی شەو هەڵدەستێت بە ڕاپەڕاندنی کارە کارگێڕییەکانی گەلەکەی. گەلەکەی شێخیان خۆشدەوێت و فەرمانەکانی بەبێ مشتومڕ جێبەجێ دەکەن. پێشێلکردنی یاساکان بڕیاری مردن بەدوای خۆیدا دێنێت[١]. شێخ زۆر ژیرمەندە، بەپێچەوانەی گشت ڕۆحانیەکان زانیاری هەیە سەبارەت بە زانستەکانی ڕۆژگار[٢].

شێخ حەزی لە یەکگرتنی کوردە، دەیەوێ دزی و جەردەیی و ڕێگەبڕین و تاڵان بنبڕ بکات. هەر بۆیە بە خودی خۆی دەستی کرد بە کڕینی زەوی کشتوکاڵی لە

---

(١) شێخ عوبەیدوڵڵا فەرمانی کرد بە لەسێدارەدانی چەند سەربازێکی، کە پێشێلی فەرمانەکانی ئەویان کردووە، چەند دزیەکیان لە هاوڵاتیانی مەدەنی کردووە، هەروەك نەریت وایە شتی وا لە زۆربەی جەنگەکاندا ڕوودەدەن. مژدەدەرە ئەمریکییەکان، هەر چەندە شێخیان خۆشویستووە و دۆستی بووینە، بەتایبەت دکتۆر کۆچەران، ئەوا بە ڕێوشوێنێکی توونديان داناوە. بە هەر حاڵ ناکرێ حوکم لەسەر چەند ڕووداوێکدا بدەین بە پێوەرەکانی ئەمڕۆ، کە نزیکەی سەدە و نیوێکی بەسەردا تێپەڕیوە، بەڵام دەبێ سەرکردە هاوچەرخەکان ئاگاداربن ئەمە دەسەڵاتێکی کورت هەڵاتوو نییە.

(٢) پێم وابێ مەبەستی لە زانستەکانی ڕۆژگاری پەیوەست بە شوێنە، بۆ نموونە شێخ عوبەیدوڵڵا زانیاری جوگرافی نەبووە لەبارەی جیهانەوە کە بۆ دەرەوەی دەوڵەتی عوسمانی پەلبهاوێژێ، ڕووداوێکی دەگمەن دکتۆر کۆچەران باسی دەکات، دەڵێت: ((ڕۆژێکیان لە ماوەی گفتوگۆکەماندا، شێخ دەستی دایە دارێك و لەسەر لایەك داینا و وتی: ئێستا دکتۆر پێم بڵێ ئەمە نەهرییە، کە گوندی ئەو بوو، بۆم دیاری بکە مۆسکۆ دەکەوێتە کوێ و لەندەن و تاران دەکەونە کوێ، کۆچەران دەستی دایە چیلە دارێك و نەخشەیەکی دروستکرد. کۆچەران ستایشی زیرەکی و تێنوێتیەکەی بۆ زانین کردووە ((لە جرجیس فەتحوڵڵاوە گواستراوەتەوە - دوو دەروازە لەسەر شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵا)).

(گەوەڕ) و (باش قەلعە) و (مەرگەوەر) و (ترگەوەر) تا بتوانێت زۆرترین جوتیار بەکار بخات.

کوڕی شێخ، کە ناوی عەبدولقادرە و لە شوێنی شێخ دادەنیشێ، ئێستا لە ئێران دەژیەت، نامەی باوکی پێیە بۆ دەسەڵاتدارانی ئێرانی دەبات، سەبارەت بە ڕابوونی کوردانی شکاك بە سەرۆکایەتی (عەلی خان) و کوردانی هەرکی بە سەرۆکایەتی (حەسەن بەگ)، کە بە ڕووکەشی لە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی ئێرانیدان، بە کاری دزی و جەردەیی و ڕێگری و هەڵکوتینە سەر ماڵی خەڵك و تێکدانی ئاسایشی ناوچەکە، حکومەتی ئێرانی داوای چارەسەرکردنی ئەم کێشەی کردووە زۆر بە پەلە، یان ڕێگەدان بە هێزەکانی شێخ بۆ تۆڵەسەندنەوە و سزادانیان، بەڵام حکومەتی ئێرانی بایەخی بە پرسەکە نەدا، هەر بۆیە شێخ هەڕەشە بەزاندنی سنوورەکانی ئێران و لەناوبردنی تەواوی دز و جەردەکانی کرد، ئەگەر ئەم ڕووداوانە دووبارە ببنەوە. ناوبراو پێشنیازێکی پێیە ئەویش بەکرێگرتنی دەشتەکانی (مەرگەوەڕ) و (برادۆست)ە بەشێوەی ساڵانە، بەرامبەر دانی بڕێکی دیاریکراو لە ماڵ و سامان.

پێش چەند هەفتەیەك کوڕی شێخ، کە لەشکرێکی ئامادە و پڕ چەکی بە تۆپەوە لەگەڵدابوو، هاتنە برادۆست بۆ لەناوبردنی هۆزی شکاك، بەڵام (عەلی خان) پەشیمانی خۆی دەربڕی، کوڕی خۆی لەگەڵ ١٠٠ ئەسپسوار ڕەوانەکردە لای شێخ، لە نیشانەیەکدا بۆ ڕێزگرتن لە شێخ و داواکردنی لێبوردن لێی. شێخ گوندێکی لە برادۆستیش کڕی و قەڵایەکی لە ناوەڕاستی ناوچەی شکاك و هەرکی دروست کرد.

## بەڵگەنامەی (٧)

**هاوپێچی ژمارە ٧**

**لە بریکاری کونسلەوە، کلایتۆن[١] بۆ میجر تروتر[٢]**

**باش قەلعە ١١ تەمموز ١٨٨٠**

کاتێك گەیشتمە ئێرە، کاربەدەست (توسون پاشا) بە منی وت، ماوەیەك بەر لە ئێستا ئەفسەرێك لەلایەن شێخ عوبەیدوڵڵاوە ڕەوانە کراوە بۆ گەیاندنی نامەکەی، شێخ وتی: (وتەیەکی نامۆم بەر گوێ کەوتووە، دەوترێت ئەرمەنیەکان دەیانەوێ ناوچەیەکی خۆڕێبەری لە (وان) دروست بکەن، بەهەمان شێوە ئاشورییەکان کار لەسەر بەرزکردنەوەی ئاڵای ئینگلیز و قبوڵکردنی بەندایەتی کردنی ئەوان دەکەن. هەرگیز ڕێگە بەکارێکی لەو جۆرە نادەن، ئەگەر پێویست بە پڕ چەککردنی ئافرەتانیش بکات) لە هەمان کاتدا شێخ نێردراوێکی ڕەوانەی لای ئەلمار شەمعون کردووە و داوای لێکردووە بچێتە پاڵی لە دژایەتی کردنی تورکدا، هەمان شتی لە سەرکردەی ئەرمەنەکان داوایان کردووە لە ناوچەکە، بەڵێنی پاراستن و بەرگری کردنی لەوان بدرێت. شێخ عوبەیدوڵڵا تەنانەت خەڵکی ئەو گوندانەشی لەگەڵ خۆ هێناوە کە تەنانەت چوار کاتژمێر لە باش قەلعەوە دوورن.

هەروەك پاشا دەڵێت: شێخ دەیەوێت کوڕەکەی ڕەوانەی ئەستەنبۆڵ بکات، بۆ خستنەڕووی پێشنیازەکانی. چەند سەرچاوەیەکی ئاگادار ئەوە دەخەنەڕوو کە

(١) ئیمیلیاس کلایتۆن، ئەفسەرێکی بەریتانیە بە پلەی نەقیب، بریکاری کونسلی بەریتانبا بوو لە شاری وان.

(٢) میجەر هنری تروتر: کونسلی گشتی بەرتانیا بوو لە کوردستان.

پێشنیازەکانی شێخ دانپێدانانی ئەستەنبۆڵ لەخۆ دەگرێ، سەبارەت بە جۆرێك لە خۆڕێبەری بۆ کوردستان، لە بەرامبەر ئەمەدا باج و خەراجەکەی بۆ ئەستەنبۆڵ دەنێرێ، لە ڕێگەی (بەدرخان بەگ[١])، لە دۆخی ڕازی بوونی ئیسەنبۆڵ لەسەر خۆڕێبەری تەواو، ئەوا ئەندازەی باج و خەراجەکە زیاد دەکرێت.

شتێکی ڕوونە شێخ و کورد بە توونديی دژی پێدانی هەر ماف و جیاوکێکن بە ئاشوری و ئەرمەنەکان[٢]. لە هەمان کاتدا شێخ لە سەرکردایەتی کردنی بەسەر کورددا، ئاشوری و ئەرمەنیەکانیش لە بزوتنەوەی کوردی دژی حکومەتی تورکدا بەشدار پێ بکات. گومان لەوەدا نییە شێخ دەیەوێ دەسەڵاتەکەی فراوان بکات بەسەر گشت خاك و زەویەکانی کوردستان، بەڵام ڕووبەڕووی دوو ئاستەنگ دەبێتەوە، یەکەمیان: بەرهەڵستی زۆر توونڌ لەلایەن دوو هۆزی بەهێز، دووەمیان، دژایەتی کوڕەکەی بۆ ئەو[٣]. سەرباری ئەمە، لەگەڵ ئەوەی چەندین هێزی زۆر دەوری شێخیان داوە لەم کاتەی ئێستادا، ئەوا ڕوودانی شکستێك یان جەنگێکی توونڌ و سەخت، لەوانەیە ببێتە هۆی هەڵگەڕانەوەی هۆز و سەرکردە لەخۆباییەکانی دژی شێخ.

---

(١) میر بەدرخان پاشا لەو کاتدا کۆچی دوایی کردبوو، لەوانەیە بەحری بەگی کوڕی مەبەست بوبێ.

(٢) بەڵگەنامە بەڕیتانیەکان ناوی نەستوریەکان بۆ ئاشوریەکان لە کوردستان بەکاردێنێ. شێخ و کورد دژایەتی مافەکانی ئاشوری و ئەرمەنیەکانیان نەدەکرد، برگەی دواتر لە ڕاپۆرتەکە، ڕای شێخ ڕوون دەکاتەوە سەبارەت بەپێویستی خەباتکردنی هاوبەش بۆ بەدەستخستنی ئازادی گەلی کوردستان و دابینکردنی مافەکانی بە تێکڕایی، شێخ دووربین بوو، دەیەویست ڕێگە بگرێت لە بەرامبەر ئەو هەوڵانەی دەدران بۆ دابەشکردنی گەلی کوردستان یان پەرت کردنی نیشتمانەکەی و دروستکردنی شڵەژان و ناکۆکی ناوخۆیی.

(٣) هەندێك لە سەرچاوەکان باس لەوە دەکەن کوڕی شێخ عوبەیدوڵڵا، محەممەد سدیق، هەندێك جار تەبا نەبوو لەگەڵ بۆچوونەکانی باوکیدا. بەڵام یەکێك لە بازنەکانی جەنگی بەڕێوەبرد کاتێك بزوتنەوەکە بەرپا بوو.

بەڕای من پێدانی حوکمی خۆڕێبەری یان حکومەتی نوێنەرایەتی کارێکی نەرێنیە لە دیدی مندا، بەڵام لە واقیعدا کەسێکی بەهێز لە لوتکەی هەرەمەکەدا وەستاوە، بەڕای من پێویستە دەوڵەتانی ئەوروپی پلە دوو یارمەتی بۆ ئەم بزوتنەوەیە بنێرێن.

پرسێکی تریش هەیە دەبێ ئاگاداری بن، ئەویش دەرەنجامی پەیوەندییە سیاسییە - مەزهەبیەکانە لە ناوچەکەدا، بڕوا بوون بەوە بەهێز دەکات کە ئاشوریەکان شایستەی سەرپەرشتیکردنی ئینگلیزن، ئەم بارودۆخە سەر دەکێشێ بۆ ئەوەی گومان لای گەلانی ناوچەکە دروست ببن، لەلایەکی ترەوە ببێتە هۆی نەمانی متمانە لە نێوان ئەستەنبۆڵ و لەندەن.

واژوو

ئیملیاس کلایتۆن

## بەڵگەنامەی (٨)

پاشکۆی ٢ ژمارە ٤

لە حەسەن پاشاوە بۆ قەدری پاشا(١)

١٤/ تەمموز/ ١٨٨٠

---

(١) حەسەن پاشا، کاربەدەستی ویلایەتی وانە، قەدری پاشامان نەناسی، لەوانەیە وەزیری ناوخۆیی عوسمانی بێ.

ئەم بروسکەیە وەرگێڕدراوە، کە لە بەرواری ٢ تەمووزدا دەرچووە. داوای لە خاوەن پایە کردووە ڕاستەوخۆ بەخۆی بچێتە ناوچە نا سەقامگیرەکان و گشت هەوڵەکانی بخاتەگەڕ بۆ گێڕانەوەی ئارامی و ئاسایش و سەقامگیری بۆ ئەوێ. هەروەها ئاگادار کردنەوەی گشت سەرۆك هۆزەکان لە ڕێگەی هەوالگر و بەکرێگراوە ناوخۆییەکان سەبارەت بەپێویستی بەرەنگاربوونەوەی گشت ئەو کارانەی زیان بە خەڵك دەگەیەنن.

سوپاسی خوا دەکەین تا ئێستا ڕووداوی توونددوتیژ ڕوویان نەداوە. ژمارەیەك لە کەسانی ڤین لە دڵ دەیانەوێ ڕووداوە بچوکەکان مەزن بکەن.

لە پێنج شەممەی ڕابردوو پڕوپاگەندەیەك لە شاردا بڵاوبووەوە، سەبارەت بە تاڵانکردنی ٨٠٠ سەر ئاژەڵ لە (کیدی)، کە دوو کاتژمێر لە (وان)ەوە دوورە، کونسلی ڕووسی جەختی لەسەر ئەم هەواڵە کردەوە. ڕاستەوخۆ دوو دەستە ڕەوانەی ناوچەکە کراون بۆ لێکۆڵینەوە، دوای کۆتایی هاتنی لێکۆڵینەوەکە دەرکەوت کە ژمارەی ئەو ئاژەڵانەی دزراون تەنها ٣٠ سەر ئاژەڵن، دوژمنان تەنها کاریان گەورە کردن و دەرخستنی ناوچەکەیە بەشێوەیەکی ناسەقامگیر[١]. هیوادارم ئەم ڕاپۆرتەی دواتر بۆ جەنابتان بخرێتەڕوو.

---

(١) مەبەستی لە دوژمنان (ڕوسیەکان و کۆمەڵەی ئەرمەنیەکان، کە زۆر سکاڵایان لەلای وڵاتانی خۆرئاوا دەکرد و کوردیان تۆمەتبار دەکرد بە دەستدرێژی کردنە سەریان و دزینی ئاژەڵەکانیان، مەبەست لەمە کێشکردنی زلهێزەکان بوو، بەتایبەت ڕوسیا، بۆ دەستوەردان، بەتایبەت بە پاساوی ئەوەی دەوڵەتی عوسمانی ناتوانێ بەپێی پەیماننامەی بەرلین ئاسایش بۆ ئەرمەنیەکان بەرقەرار بکات.

## بەڵگەنامەی (٩)

**هاوپێچی ١ ژمارە ٨**

**تەبرێز ١٤ تەمووز ١٨٨٠**

**لە کونسلی گشتی ئابوتەوە بۆ مستەر تامسون[١]**

خۆشحاڵم ئاگادارتان بکەمەوە، لە بەرواری ١١ تەمموز هاوتا تورکیەکەم چاوی کەوتووە بە کاربەدەستەکە، بۆ گفتوگۆ کردن لەبارەی کێشەکانی زنجیرە سنووری نێوان تورکیا - ئێران لە نزیك (باشکا). دوای چاوپێکەوتنەکە، ڕاستەوخۆ بروسکەی جیاواز ڕەوانەکراون بە جیاواز بۆ هەر یەك لە نوێنەری (بابولعالی) لە تاران و بۆ پاشای (وان).

بەڵگەکان وا دەردەخەن کورد (شکاك و حەیدرانلو[٢]) هێرشێکی فراوانیان کردبێت لە ناو خاکی تورکیادا. لەلایەکی ترەوە دەسەڵاتی ئێرانی دەڵێت، ئەم قەیرانە بەهۆی دەستپێکردنی هێرشی هەندێك لە هۆزەکانی ناو سنووری تورکیا دروست بووە.

---

(١) ویلیام. جی. ئابوت: کونسلی گشتی بەرتانیا لە تەبرێزی پایتەختی هەرێمی ئازربایجانی خۆرهەڵات لە ئێران. ڕۆڵێکی نامۆ و خراپی بینی لە کاتی بزوتنەوەی شێخ عوبەیدوڵڵادا.

(٢) شکاك هۆزێکی کوردین لە کوردستانی ئێران، لە خۆرئاوای شاری ورمێ نیشتەجێن، حەیدەرانلو هۆزێکن لە دەوروبەری شاری وان لە کوردستانی تورکیا نیشتەجێن.

بەڵام هۆزەکانی ئەم سنووره، هەر چەنده وەفادارن بۆ شا، بەڵام لەبەر ئەوەی سوننه مەزهەبن، وا دەزانن شێخ سەرکردەی مەزهەبی ئەوانه و ئەوپەڕی ڕێز و حورمەتی لێدەنێن. هەر بۆیه شێخ هێمای یەکێتی کورده له سەر هەر دوو لای سنوورەکه. وا پێم باشه (ژەنەڕاڵ کوبی خان) له تەبرێزەوه ڕەوانه بکرێ بۆ سنوور، بۆ ئەوەی چاوی به بابولعالی بکەوێت و گفتوگۆی لەگەڵ بکات.

بێگومان کێشمەکێشی سنووری نێوان ئێران و تورکیا، پرسێك بوو بۆ چارەسەر لەبار نەبوو. به درێژایی سێ ساڵ که لەوێ بەسەرم بردووه، هەر کاتێك گفتوگۆ ئەنجام بدەم، دەردەکەوێ هیوا نەماوه له گەیشتن به دەرەنجامی کۆتایی، ئەگەر ڕێکەوتنێکی فەرمی ئەنجام نەدرێ له نێوان ئەم دوو هێزه، ناکرێ پێشبینی بارودۆخی ئاسایش و سەقامگیری بکرێ لەسەر زنجیره سنووری نێوان ئێران و تورکیا.

واژوو ولیام. ج. ئابوت

## بەڵگەنامەی (١٠)

هاوپێچی ٢ ژماره ٨

له کونسلی گشتیەوه بۆ مستەر تامسون

تەبرێز ١٥ تەمموز ١٨٨٠

بەختەوەرم بۆ بەڕێزتان بخەمەڕوو، ئەو هەڵوێستەی (بابولعالی) له ساڵی ڕابردوو گرتبویەبەر له بەرامبەر شێخ عوبەیدوڵڵا... سەرکردەی کورد، هەڵوێستێکی زۆر مەترسیداره له ئایندەدا.

حکومەتی تورکیا لە جیاتی ئەوەی بە سەختی شەڕ لەگەڵ شێخ بکات، دیاری بۆ دەنێرێ، لە کەسێکی تەواو لە نەبوونی متمانەدا زەیت دەکرێ بەسەر ئاگردا.

شێخ تەواوی کوردی لەگەڵ خۆی ڕاپێچ کردووە، لەسەر هەر بەرەی سنوور، تەنانەت هۆزی شکاکیش کە یەکێك بوو لە لایەنگرانی شێخ، کەچی شێخ بانگی کرد بۆ لای خۆی. دەوترێت ئەو هێزەی لە ژێر فەرمانی شێخدایە ئامادەیە بە چەکی متریالوز.

لە کۆتاییدا کوڕی شێخ لە (بازرکان) بینرا، کە فەوجێکی سەربازی تورکی لەگەڵدا بووە. هۆزی (گەوەر) و (برادۆست) لەم ناوچەیە دەژین. پێشبینی ئەوە دەکرێ ئامانجی کوڕی شێخ لەم سەردانە، بریتی بێ لە دەرخستنی هێزی خۆی بەرامبەر بە هۆزی شکاك بە سەرکردایەتی (عەلی خان) یان چاککردنەوەی شوێنە ڕووخاوەکانی بازرکان.

حکومەتی ئێران ناتوانێ ڕێگری لە شێخ بکات لەوەی ئیدارەی خۆی لە (مرگەوەر) دابمەزرێنێ[(١)]. سەرکردەکانی هۆزەکانی (شنود[(٢)]) و (لاهیجان[(٣)]) و نوێنەری شا، دانوستان دەکەن لەبارەی خۆڕێبەری سنووردار و فەرمانبەردار بوون بۆ شێخ. ئا بەم شێوەیە وا دەردەکەوێ دەسەڵاتی شا لە ناوچەکە تواوەتەوە.

---

(١) میجەر هنری تروتر: کونسلی گشتی بەریتانیا بوو لە کوردستان.

(٢) شنود (ئەشنویە) شارێکی بچوکە بەشێوەی ڕێژەیی، لەسەر سنووری نێوان عێراق و ئێرانە، دەکەوێتە سەر پەپۆلکەیەکی بەرز، لە خۆرهەڵاتی چیای (کێلەشین)ی ناودار.

(٣) لاهیجان، شارۆچکەیەکە لە دەوروبەری مەهاباد.

بە بڕوای من فراوانبوونی دەسەڵاتی ئەم شێخە کۆنگەرایە، مەترسییە لەسەر هەر دوولای تورکی و ئێرانی. دەکرێ دەمارگیری مەزهەبی شێخ، ببێتە مەترسییەك لەسەر ئەو مەسیحیانەی لە ناوچە کوردیەکاندا نیشتەجێن[1]. ناوچە کوردیەکانی ئێرانیش بە هەمان شێوە لە ئاسایش و سەقامگیریدا نین لەبەرامبەر فراوانی دەسەڵات و هێزی شێخ.

## بەڵگەنامەی (١١)

ژمارە ٨

لە کونسلی گشتی ئابوتەوە بۆ ئێریل کرانفیل

تەبرێز ٢١ تەمموزی ١٨٨٠

بەختەوەرم سێ نامە بۆ بەڕێزتان بەرز بکەمەوە، کە بۆ وەزیری ڕاسپێدراوی حکومەتی پایەبەرز لە تاران نووسیومە، لەبارەی ئەو ناسەقامگیریەی لەسەر زنجیرە سنووری نێوان ئێران - تورکیا.

بێ چەند و چوون پرسی کوردی پەیوەستە بە چارەنووسی ئەرمەن و مەسیحییەکان، چ ئێستا یان لە ئایندە چاوی ئەوروپا بەرەو خۆی کێش دەکات. لەم دیوەی سنوورەوە چاودێری بارودۆخی کوردستان دەکەم، سەبارەت بە تورکیا، دەبێ لێکۆڵینەوە لە ڕێگەیەکی کاریگەر بکرێ.

---

(١) کونسلی گشتی بەریتانی لە ڕاپۆرتەکانی دواتردا، هاووێنەی ئەو مەترسیانە ڕەت دەکاتەوە و جەخت دەکاتەوە لەسەر هەڵسوکەوتی دروستی هێزەکانی شێخ لەگەڵ مەسیحییەکان.

## بەڵگەنامەی (١٢)

**لە مستەر کوشنەوە بۆ ئێریل کرافیل**

**لە ٢ ئۆگێستی ١٨٨٠**

**گەورەم**

بە ئاماژەدان بە نامەکانی بەڕێزتان لە ٣٠/ حوزەیران و یەکی تەمووز، لەبارەی پرسی کورد، لە ویلایەتی (وان)[١]، بەختەوەرم بە جەنابتان ڕابگەیەنم من قسەم لەسەر ئەم بابەتانە کردووە لەگەڵ (عابدین پاشا)[٢].

چەند ڕاپۆرتێکم بۆ هاتوون لەبارەی ناسەقامگیری سەر سنووری تورکیا و ئێران، گفتوگۆم لەگەڵ دەسەڵاتە جیاوازەکان کردووە، بە شێوەیەکی فراوان سەبارەت بە ئەگەری ئەنجامدانی ڕێکەوتنێکی هاریکاری لە نێوان ئێران و بابولعالی، بۆ زاڵبوون بەسەر یاخی بوونی کورد لە ناوچە سنوورییەکانی ئێرانی تورکی، بەڵام پێم وایە ئەگەر ڕێکەوتن لەگەڵ ئەستەنبۆڵ ئەنجام نەدرێ و بابەتەکەی بۆ پێشنیاز نەکرێ، ئەوا ناکرێت دەرەنجامێکی پەسەند بەدەست بخرێت.

---

(١) وان: شارێکی مەزنی کوردستانی تورکیایە، پایتەختی هەرێمیێکی مەزنی عوسمانیە و تا ئێستاش ناوەندی ولایەتەکەیە لە ئێستادا، بە دەریاچەکەی ناودارە، دەریاچەی (وان)، جەر هنری تروتر: کونسلی گشتی بەرتانیا بوو لە کوردستان.

(٢) عابدین پاشا: وەزیری دەرەوەی دەوڵەتی عوسمانی بوو، بە لە بانگهێشتکردنی شێخ، سوڵتان ڕایسپارد بە سەرکردایەتی کردنی لیژنەیەك، بۆ توێژینەوەی باردۆخی کوردستان، لەسەر داوای شێخ عوبەیدوڵڵا بە پەرەپێدان بە بارودۆخی کورد لە ساڵی ١٨٧٨.

پێم وابێ کەسێکی زۆر بە بڕیار، خاوەن پاڵپشتی سەربازی، دەکرێ هەڵسوکەوتمان لەگەڵ بکات لەبارەی پرسی کورد. لە هەفتەی ڕابردوودا پێشنیازەکانم بۆ سوڵتان خستەڕوو، کە داوای لێکردم بچمە لای بۆ ئەم بابەتە.

سوڵتانی عوسمانی وتی: (لێرەدا پلانێکی تازە هەیە، لە ژێر جێبەجێکردندایە، لە چەند ڕۆژی داهاتوودا وردەکاریەکانی بە ئێوە دەگات، ئەم پلانەی چالاکییەکانی جەندرمەکان لە ویلایەتی خۆرهەڵات دەگرێتەوە. بەڵام یەك بابەت هەیە یەکلا نەکراوەتەوە، ئەویش ئەوەیە ئایا گرتنەبەری ڕێوشوێنی هۆڵەندی یان ڕۆمی گونجاوترە لە کردارەکانی جەندرومەکاندا؟ بە دڵنیایەوە پشتیوانانی شێوازی ڕۆمی کاریگەریان زیاترە، منیش جەختم کردەوە بەهەمان شێوە بوونی ئەفسەرێکی شیاو و بە توانا لە گشت دۆخێکدا گرنگە[١].

لە شێوازی قسەکردنی سوڵتاندا تێگەیشتم، کە دەیەوێت بە زووترین کات ئەم پرسە کۆتایی بێت. وا دەردەکەوێ دەسەڵاتە تورکییەکان سورن لەسەر چارەسەرکردنی پرسەکە بە یەکجاری. ئەم بروسکەیە کە دوێنێ وێنەیەکی لەبەرگیراوەتەوە، لەلایەن وەرگێڕی یەکەم، وەك هاوپێچی ئەم نامەیە ڕەوانەی دەکەم.

واژوو

جورج. جی کوشن

(١) لەوانەیە سوڵتان فشە بە باڵیۆزی بەڕیتانی بکات یان هەڵیخەڵەتێنێ، بەوەی بڵێ پرسی جوڵانەوە دژی شێخ عوبەیدوڵڵا پەیوەستە بە شێوازی جوڵانەوەی نا لۆژیکی، جوڵانەوە لە دژی ئەو لە بنەڕەتدا ئەو کات پێشنیاز نەکرابوو.

## بەڵگەنامەی (١٣)

ژمارە ٦

لە ئیریل کرانفیلەوە بۆ مستەر کوشن

١٧ ئۆگست ١٨٨٠

بروسکەیەکم پێگەیشت، لە بارەی دروستکردنی کۆمەڵەیەکی کوردی، دانەیەکی لێ هاوپێچ دەکەم لەگەڵ ئەم بروسکەیە.

## بەڵگەنامەی (١٤)

ژمارە ٥

لە ئیریل کرانفیلەوە بۆ مستەر کوشن

وەزارەتی دەرەوەوە لە ١٩/ ئۆگێستی ١٨٨٠

نامەی بەڕێزتانم بەدەست گەیشت، کە لە سێی ئۆگست ڕەوانە کرابوو. هەوڵە بەردەوامەکەتان بە شەو و ڕۆژ بۆ قەناعەت کردن بە بابولعالی، سەبارەت بە پرسی کورد لەسەر سنووری ئێران و تورکیا، کاریگەری بیرۆکەکانتان لەسەر (عابدین پاشا) سەبارەت بە ڕووداوی ٢١ حوزەیران جێگای ڕێزە[١].

واژوو ئیریل کرانفیل

---

(١) میجەر هنری تروتر: کونسلی گشتی بەریتانیا بوو لە کوردستان.

## بەڵگەنامەی (١٥)

ژمارە ٧

لە مستەر کوشنەوە بۆ ئێریل کرانفیل

٢٣ ئۆگێست ١٨٨٠

گەورەم

خۆشحاڵم نامەیەك هاوپێچی ئەو نامەیە بکەم، کە لەلایەن بریکاری کونسلی حکومەتی پایەبەرزەوە لە (وان) ناردوومە، سەبارەت بە پەیڕەو و سیاسەتی شێخ عوبەیدوڵڵا و دۆخی ئاشورییە مەسیحییەکان.

## بەڵگەنامەی (١٦)

ژمارە ٩

لە مستەر تامسونەوە بۆ ئێریل کرانفیل

تاران لە ٢٣ ئۆگستی ١٨٨٠

گەورەم

خۆشحاڵم بۆ بەڕێزتان بخەمەڕوو، من کار دەکەم لەسەر ڕازی کردنی دەسەڵاتدارانی ئێرانی و تورکی، بۆ گرتنەبەری هەڵوێستێکی هاوبەش، دژی ئەو کوردانەی لە زنجیرە چیای سنووریدا نیشتەجێن.

وەزیری دەرەوە منی دڵنیا کردۆتەوە، لەوەی هەموو هەوڵەکانی خۆی بەگەڕ دەخات بۆ قەناعەت کردن بە دەسەڵاتدارانی وڵاتەکەی، بۆ ڕیشەکێش کردنی ئەم بزوتنەوە نا یاساییە، بەڵام سەرکۆنەی تورکیای دەکرد و دەیوت هەر کاتێك نا سەقامگیری لە ناو تورکیا یان لە نزیك سنووری ئێرانی ڕوویدات، ئەوا هەوڵ دەدات بەرپرسیارێتی بخاتە ئەستۆی ئێران، لە کاتێکدا ٩٠ ٪ کێشەکانی تورکیا دەرەنجامی سیاسەتە هەڵەکانیەتی، ناوبراو چەند نموونەیەکی لەسەر ئەمە هێنایەوە، وتی: هەردەم ئێران لە کاردانەوەیدا بەرامبەر بەم ڕووداوانە زیاتر لە تورکیا هاوئاهەنگە، دەیەوێ کێشەکانی بە زەبری هێز چارە بکات.

وەزیری دەرەوە وتی، نموونە لەسەر ئەمە ئەوەیە بەیەکدادانێك لە نێوان هێزەکانی هەر دوو سنوورەکە ڕوویدا، پێش ماوەیەك بەر لە ئێستا، دەستەیەکی ئێرانی بە سەرۆکایەتی (عەلی خان) ڕۆیشتنە ناوچەی سەر سنوور بۆ لێکۆڵینەوەی ڕاستەوخۆ، بە هاوبەشی لەگەڵ دەستەیەکی تورکی، بەڵام تورکەکان ئامادەنەبوون لە شوێنی دانوستان و لێکۆڵینەوەکەدا.

سەبارەت بە پێشنیازەکانی جەنابی شا، دەربارەی ئەوەی لە نامەی ڕۆژی ١ تەموزدا هاتووە، کە تیایدا ئاماژەم کردووە بە هەڵسانی هەر دوو لا بە ڕادەستکردنی پەنابەران و جەنگاوەرانی کورد، ئەوا ئێران ئامادەیی تەواوی تێدایە بۆ ئەنجامدانی هەر ڕێکەوتنێك لەگەڵ بابولعالیدا. بەڵام چەند کێشەیەك هەن، بۆ نموونە ئەو دواکەوتنە دوور و درێژەی ڕوودەدات، بەهۆی باڵیۆزی ئێرانی لە تاران.

واژوو رونالْد. ف. تامسون

## بەڵگەنامەی (١٧)

**ژمارە ٧٧**

**لە کونسڵی گشتیەوە، ئابوت بۆ ئێریل کرانفیل**

**تەبرێز لە ٧ دێسەمبەری ١٨٨٠**

**گەورەم**

**شەرەفمەند دەبم، وێنەیەك لەو پێنج نامەیە هاوپێچ بکەم، کە بۆ وەزیری ڕاسپێدراوی حکومەتی پایەبەرزم ناردووە لە تاران، ئەم نامەیە لە ٢٧ سێپتێمبەردا نووسیوە، لە کاتی ئامادەبوونم بۆ سەفەرکردن بۆ ئورمییە.**

**واژوو ولیام ج. ئابوت**

## بەڵگەنامەی (١٨)

**هاوپێچی ١ ژمارە ٧٧**

**لە ئابوتی کونسڵی گشتیەوە، بۆ مستەر تامسون**

**تەبرێز ١١ سێپتێمبەر ١٨٨٠**

شەرەفمەندم بۆ بەڕێزتان بخەمەڕوو، (هەمزە ئاغا) سەرۆکی هۆزی (مەنگور)، کە بۆ تورکیا هەڵاتبوو بەر لە چەند ساڵێك، گەڕاوەتەوە ئێران، ئامادەیی خۆیی دەربڕیوە بۆ دانی باج و خەراج بە کاربەدەستی مەهاباد.

کاربەدەستی مەهاباد کاتێك هەواڵەکەی بیستووە، هەوڵیداوە دەستگیری بکات، بەڵام هەمزە ئاغا ڕۆیشتووەتە لایەك، خۆی ڕزگار کردووە لە مەترسی.

وا پێدەچێ هەمزە ئاغا لەگەڵ لەشکرەکەی لە ناوچەکەدا مابنەوە، کە دەکەوێتە نێوان (مەهاباد) و (لاجان). حکومەتی ئێران هێزێکی ناردووە کە نزیکەی ٢٠٠٠ کەس دەبێ بۆ لەناوبردنی.

بۆ دەوڵەتی ئێران وا باشترە، دۆستایەتی هەمزە ئاغا بەدەستبهێنێ، بە پێچەوانەوە لەوانەیە بچێتە پاڵ (شێخ عوبەیدوڵڵا) و لایەنگری خۆی بۆ دەربڕێت.

واژوو ویلیام. ج. ئابوت

## بەڵگەنامەی (١٩)

هاوپێچی ٢ ژمارە ٧٧

تەبریز سێپتێمبەر ١٨٨٠

(گوڵبژێرێك)

لە دوای نیوەڕۆی دوێنێ، نوێنەری وەزارەتی دەرەوە هاتە لام و وتی: (زانیاری گەیشتووە شازادەی جێنشین، لە چەندین سەرچاوەوە، ئەوە بەدەستەوە دەدەن کە

هەمزە ئاغا چووەتە پاڵ هێزەکانی شێخ عوبەیدوڵڵا. ناوبراو هەڕەشەیەکی تازەیە بۆ ئێران، شازادەی جێنشین باوەڕ بەم پڕوپاگەندەیە ناکات، بەڵام لەکاتی گوێبیستنی هەواڵەکانی شڵەژانی دەوروبەری مەهاباد، نوێنەرێکی لەلایەن ئیقبال دەوڵەوە[1] نارد، بۆ لێکۆڵینەوە لە پرسەکە و ئاگاداربوون لە بابەتەکە بە وردی).

## بەڵگەنامەی (٢٠)

**هاوپێچی ٣ ژمارە ٧٧**

**تەبرێز سێپتێمبەر ١٨٨٠**

پڕوپاگەندە لە نێوان خەڵکدا بڵابووەوە، ئەوە دەگەیەنێ کە شێخ عوبەیدوڵڵا و هەمزە ئاغا بە لەشکرێکی مەزنەوە بەرەو (ئەشنویە) دێن، ئەحمەد ئاغا[2] بەهەمان شێوە چووەتە پاڵ شێخ، لە کاتێکدا لایەنگری شا بووە و داوای لە ئێران کردووە ناوچە کوردییەکان تا ڕووباری (جغتو) لە باشوور چۆڵ بکات.

دەوترێت لەشکری شێخ لە ٣٠٠٠ هەزار سەرباز پێکدەهاتن، زۆربەیان چەکی تفەنگی مارتینیان پێبووە. گشت ئەو گوندانەی کەوتنە سەر ڕێگەی شێخ، هیچ زیانێکیان پێنەگەیشت، شێخ عوبەیدوڵڵا پێشتر زەخیرە و خواردنی دابین کردبوو.

---

(١) ئیقبال دەولە: کاربەدەستی ئورمییە.

(٢) لەوانەیە ئەو (محەممەد ئاغا مامش) بێ، کە حکومەتی قاچاری ویستی هۆزەکەی بە سەرباز بکات، لە دژی بزوتنەوەکە، لەگەڵ هۆزەکەی ڕۆیشتنە پاڵی. هەمزە ئاغا کوڕە برایەکی هەبوو بە ناوی ئەحمەد ئاغا، لەو کاتەدا کوژرا کە هەمزە ئاغا شەڕی کرد لەگەڵ هێزی ئێرانیەکان دژی بینایەی حکومی مەهاباد، کاتێك میر (لوتف خان) کاربەدەستی مەهاباد ویستی دەستگیری بکات.

نێردراوی وەزیر بڕوا بەم پڕوپاگەندەیە ناکات، پێی وایە هەمزە ئاغا لە (مەرگەوەر)ە و شێخیش لە (نوجی) نەجوڵاوە.

شازادەی جێنشین هیوادارە بە خێراترین شێوە، زانیاری دڵنیاکەرەوەی لە ئیقبال دەولەوە پێ بگات.

حکومەتی ئازربایجان خۆی ئامادە دەکات بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی پێشبینی کراو لەگەڵ کورد، هەر بۆیە (ژەنەڕاڵ ئاغا خان[1])م بۆ سەرکردایەتی لەشکر دیاریکردووە، بەڵام تا ئێستا هێزێکی کەمی لە (قەرەدە)وە بۆ (مەهاباد) ناردووە.

بەهەمان شێوە زانیاری هاتووە، لەبارەی ڕەوانەکردنی چوار پارچە تۆپ بۆ ناوچەکە، هێزەکان لە (مراوغە)ش ئامادە سازی دەکەن بەهەمان شێوە.

ئیقبال دەولە بە شازادەی جێنشینی ڕاگەیاندووە، کە ناتوانێت هێزەکانی ئورمییە بۆ ناوچەکە بنێرێت، چونکە جێهێشتنی شارێکی سنووری گەورەی وەك ئورمییە بەبێ بەرگری، کارێکی زۆر مەترسیدارە.

لەبەر ئەوەی شێخ خاوەن دەسەڵاتێکی زۆرە لە نێو کوردانی ناوچەکەدا، ئەوا دژایەتی شێخ بۆ ئێران زۆر مەترسیدارە.

پێم وابێ تورکیا و ئێران، ناتوانن چاوپۆشی بکەن، لە مەترسی بەکارهێنانی هێز لەلایەن شێخەوە.

لە چاوپێکەوتنە کورتەکەمدا لەگەڵ هاوتا تورکیەکەم، پێش چەند ڕۆژێك بەر لە ئێستا، باڵیۆزەکە نکۆڵی کرد کورد کۆکرابنەوە بۆ لەشکرکێشی بەسەرکردایەتی شێخ

---

(١) ئەوە ژەنەڕاڵ موستەففا قلی خانی کۆڵەگەی شانشینەکەیە.

عوبەیدوڵڵا، بەڵام جەختی کردۆتەوە کە هەمزە ئاغا سەردانی (نوجی) کردووە، چاوی بە شێخ کەوتووە.

کونسلی تورکیا زیاتر وتی: (ئەحمەد ئاغا مامش) بەهەمان شێوە ڕۆیشتووەتە لای شێخ، بەڵام پەیوەندییە چاکەکانی لەگەڵ حکومەت پاراستووە، دوای گەڕانەوەی بۆ ئێران.

## بەڵگەنامەی (٢١)

هاوپێچی ٤ ژمارە ٧٧

لە کونسلی گشتیەوە، ئابوت بۆ مستەر تامسون

تەبرێز ٢٧ سێپتێمبەر ١٨٨٠

نەوەی (شێخ عوبەیدوڵڵا) لە (ئەشنویە)یە، لەوێ ژماریەکی زۆر لە سەرکردە کوردەکان هەن، لە نێویاندا (هەمزە ئاغا)، کۆی گشتیان دەگاتە ١٥٠ کەس.

زانیار گەیشتوون، لەبارەی ئەوەی خێزانە ئەرمەنی و ڕوسییەکان، بەهۆی کەشی جەنگەوە شاری مەهاباد جێدەهێڵن.

هێشتا جەخت کردنەوە لەسەر ئەوەی شێخ عوبەبدوڵڵا ئامادەسازی دەکات، بۆ هێرش کردنە سەر ئێران سەختە.

بابولعالی هیچ ڕێگەیەکی لە بەردەم نییە، جگە لە دانانی بە شێوەیەکی فەرمی بە (شێخ عوبەیدوڵڵا) وەك سەرکردەی گەلی کورد، وەرگرتنی پارە و سامان لە شێخ بەرامبەر پاراستنی ئاسایشی کوردستان.

لەلایەکی ترەوە، گریمانەیەك هەیە شێخ جیابوونەوەی خۆی لە هەر یەك لە ئێران و تورکیا ڕابگەیەنێ، میرنشینی خۆڕێبەر دابمەزرێنێ.

## بەڵگەنامەی (٢٢)

هاوپێچی ٥ ژمارە ٦١

چەند خاڵێکی سەرنجڕاکێش لە نامەی شێخ عوبەیدوڵڵادا بۆ ئیقبال دەولە

١٥ سێپتێمبەری ١٨٨٠

دوای سڵاوو ڕێز، دەڵێت: (حاجی مەلا ئیسماعیلی[١]) ناردووە، بۆ ئەنجامدانی دانوستان لەگەڵ کاربەدەستەکە. بێگومان حکومەت دەزانێ ٥٠٠٠ خێزان لە کوردستان دەژین.

هۆکاری سەرەکی بۆ ناساندنی کورد، وەك گەلێکی بێ ناوچە و دڕندە، بریتییە لە لێنەکۆڵینەوەی ورد لەبارەی ئەم گەلە.

لە نێو گشت گەلاندا ڕەگەزی چاك و خراپ هەیە، ئایا بۆچی بەهۆی چەند ڕەگەزێکی خراپەوە، سیفەتەکە لەسەر گشت کوردێك دەگشتێنرێ.

---

(١) نەمانتوانی ئەم نێردراوە بناسین.

هۆکاری ستەمکردن لە مافی کورد، بریتییە لە نەتوانینی عوسمانیەکان و ئێرانیەکان لەسەر حوکم کردن بەسەر کوردستاندا.

کەم و کورتی و نەنگی لە کورد دەگرن، کوردیش بەهەمان شێوە دان بە حوکمڕانیان نانێ.

هەر بۆیە کورد لەسەر هەر دوو لای سنوورەکە، پەیمانی یەکێتی و دامەزراندنی دەوڵەت و سیستەمێکی داوە کە پشت بەخۆیان ببەستێ.

شتێکی ئەستەمە ئەم شۆڕشە لەناوببرێ بەهۆی بەکارهێنانی ئامرازی سەربازیەوە. ئەگەر کارەکان بەرەو جەنگ ڕۆیشتن، دڵنیابە لەوەی من تێکیان دەشکێنم. هەر بۆیە واباشترە حکومەتی ئێرانی ڕێگەیەکی ژیرانە بگرێتەبەر.

شێخ لە کۆتاییدا ئەوە ڕوون دەکاتەوە، ئامانج لە نووسینی ئەم پەیامە بریتییە لە ڕاستگۆبوونی وتە و کردارەکەی و کاربەدەستەکە سەرپشکە لە ئەنجامدانی ئەوەی بەرژەوەندی تێدایە.



پۆلێك له پیاوانی عەشیرەتی موهاجیر.

## بەڵگەنامەی (٢٣)

**هاوپێچی ٢ ژمارە ٦١**

**له شێخ عوبەیدوڵلاوە بۆ دکتۆر کۆچەران**

**٢٥ سێپتێمبەری ١٨٨٠**

وەرگێڕدراو

بەبێگومان ئاگادارن لەبارەی چۆنیەتی هەڵسانی (شوعاعی دەولە) بە سەبڕینی ٥٠ کەس لە پشتیوانانم لە ساڵی ڕابردوو، هەروەها بووە هۆکاری ئەوەی ٠٠٠ ١٠٠ تومەن بدۆڕێنم.

عوسمانیەکان و حکومەتی ئێران هیچ نیازێکی بێگەردیان نییە. بە فەرمی دان بە مافەکانمان نانێن.

(فەرەج عەبدوڵڵا خان) کوڕی (حاجی غفور خان) بەهەمان شێوەی من دووچاری زیانی زۆر بوومەوە.

پێش چەند مانگێك بە ستەم (موعینی دەولە عەبدوڵڵا خان) و (ئیبڕاهیم خان)ی ئەشنویە بە ئەندازەی ٠٠٠ ٢٠ تومەنی دووچاری پێبژاردن کران.

(شوعاع دەولە)ی دۆڕاو و بێ شەڕەف هەڵساوە ١٠ ئافرەتی ڕفاندووە.

لەم ساڵدا (عەبدوڵڵا بەگ) لەلایەن کاربەدەستی موکری دەستگیر کراوە و دووچاری پێبژاردن بووە بە ئەندازەی ١٥٠٠ تومەن لە هەمان کاتدا. جارێکی تر چەندین ئافرەت لە هۆزی (تونکوی) لە مێردەکانیان جیاکراونەتەوە و وەك دیل بردراون.

پێش ماویەك کاربەدەستی مەهاباد بانگی سەرۆکی مەنگور (هەمزە ئاغا)ی کردووە بۆ لای خۆی، بە شێوەیەکی زۆر سوك هەوڵی دەستگیرکردنی داوە، بەڵام سوپاس بۆ خوا لەم هەوڵە گەوجانە سەرکەوتوو نەبوو.

دەبێ کوردستان یەکبگرێ، ناتوانین بەرگەی داگیرکردنی سامان و شەڕەفمان بکەین. دەمانەوێ کونسلی بەریتانی لە تەبرێز ئاگادار بکەنەوە لەم کارانە، بەویستی خوا ڕاستی وتەکانم دەردەکەون لە لێکۆڵینەوە ڕاستەوخۆکانی حکومەتی ئینگلیزیدا.

مەلا ئیسماعیلم ناردووە بۆ بەدواداچوون کردن بۆ بابەتەکە.

## بەڵگەنامەی (٢٤)

**هاوپێچی ١ ژمارە ٤٠**

**لە کاپیتان کلایتۆنەوە بۆ میجەر تروتر**

**وان لە ٥ ئۆکتۆبەر ١٨٨٠**

(سامح پاشا[١]) پێی ڕاگەیاندووم، کە جیاوازی بنەڕەتی هەیە لە نێوان گەلی شێخ عوبەیدوڵڵا و دەسەڵاتدارانی ئێرانی. بەپێی وتەی ئەو و پێش پازدە یان شازدە ساڵ (کەسێك بەناوی هەمزە ئاغا) لە دەوروبەری شاری کەرکوك دەستگیر کراوە و بۆ ئەستەنبۆڵ ڕەوانە کراوە، دوای ئەوەی پازدە ساڵی لە بەندیخانەدا بەسەر بردووە، بەهۆی ڕەفتارە باشەکانی لێبوردن ئەوی گرتۆتەوە و ئازاد کراوە، دوای ئازادبوونی لە بەندیخانە سنووری بڕیوە و ڕۆیشتوەتە ئێران و بووەتە سەرۆکی هۆزی (مەنگور)،

---

(١) سامح پاشا: سەرکردەیەکی سەربازی عوسمانیە، بە پلەی موشیر، سەرکردەی لەشکری ئەنادۆڵ بوو، گوازرایەوە بۆ ئەستەنبۆڵ وەك سەرۆکی ئەنجومەنی ڕاوێژ، لەکاتی ڕووداوەکانی ڕاپەڕینی هەکاری لە ساڵی ١٨٧٩ وەك شاند لەلایەن سوڵتانەوە بۆ هەکاری نێردرا، دواتر وەك سەرکردەی لەشکری چوارەم دانرا، دەسەڵاتدارە بەریتانیەکان تۆمەتباریان کردووە کە نەرم و نیان و ئاسانکاری دەکات لەگەڵ شێخ عوبەیدوڵڵا.

پێش دوو مانگ و بە پاساوی نەدانی قەرز، هێزە چەکدارەکانی ئێرانی کەسێکی نزیکی ئەویان دەستگیر کردووە. (هەمزە ئاغا) ڕۆیشتووەتە مەهاباد بۆ ڕازیکردنیان بە بەردانی ئەو کەسە و پێدانی ماوەیەکی گونجاو تا بتوانێ قەرزەکانی بداتەوە. بەڵام کاردەبەستەکە فەرمان دەکات بە دەستگیرکردنی ئەویش، بۆیە هەمزە ئاغا خەنجەرەکەی دەمودەست هەڵدەکێشێ، دوای ئەوەی ژمارەیەك سەرباز بریندار دەکات، دەچێتە سەر پشتی ئەسپەکەی و بە سەلامەتی لە شەڕەکە دێتە دەرەوە. ڕاپۆرت لەبارەی کار و کاردانەوەکە بۆ تەبریز ڕەوانە کراوە، فەرمان دەرکراوە بە ئەنجامدانی هەڵمەتێکی سەربازی دژی مەنگور و دەستگیرکردنی هەمزە ئاغا، بۆیە تەنها ئەوەی لەبەردەم ماوە پەنا بۆ شێخ عوبەیدوڵڵا ببات. ئەمڕۆ سامح پاشا پێی وتم بەپێی زانیاری تازە، عەبدولقادری کوڕی شێخ عوبەیدوڵڵا بە پێنج یان شەش هەزار چەکدارەوە هاتوونەتە ناوچەکە بۆ بەرگری کردن لە مەنگور، بەرەو مەهاباد بەڕێکەوتوون، هێزە ئێرانیەکانیش بەهەمان شێوە لێی نزیکن، لەوانەیە جەنگ ڕووبدات.

سامح پاشا زیاتر وتویەتی: شێخ عوبەیدوڵڵا سوێندی بە قورئان خواردووە، کە وەفادار بێ بۆ سوڵتان. بەڵام چەند پڕوپاگەندەیەك هەیە لەبارەی جوڵانەوەی نهێنی دژی دەسەڵاتدارە تورکەکان.

بە بڕوای من، بەبێ ڕەچاوکردنی جوڵەی هەنوکەی دژی دەسەڵاتی ئێران، ئەوا شێخ بەرنامەی خۆی هەیە و دەیەوێت جێبەجێی بکات. لە میانەی گەشتی دوور و درێژم بۆ (هەکاری) بۆم ڕوون بووەوە شێخ کۆبوونەوەیەکی فەرمی ئەنجامداوە، لەگەڵ سەرۆك هۆزە بچوك و مەزنەکان. ناتوانم ئامانجەکانی ئەم کۆبوونەوەیە بەشێوەیەکی دیاریکراو دەستنیشان بکەم، بەڵام پێشبینی دەکەم بابەتەکە یان یەکێتی

گشتی بێ دژی دەسەڵاتی تورکی یان چارەسەری بیرۆکەی دروستکردنی دەوڵەتی ئەرمەنی بێ لە ناو جەرگەی کوردستان.

واژوو ئیلمیاس کلایتون

## بەڵگەنامەی (٢٥)

هاوپێچی ٢ ژمارە ٤٠

لە کاپیتان کلایتونەوە بۆ میجەر تروتر

وان ٥ ئۆکتۆبەری ١٨٨٠

لەگەڵ هاتنی پایز، چالاکییە چەکداریەکانی کورد زیاتر بووە. هیچ ڕۆژێك تێپەڕ نابێ بێ هەواڵێك لەبارەی شەڕێك لە ناوچە کوردییەکان. لە ٢٩ سێپتێمبەر سەرۆکی ئەرمەنەکان لە ناوچەی (نودورز) بە هاوڕێیەتی کەسێکی تر هاتنە لام، بانگەشەی ئەوەی کرد، پێش دوو ڕۆژ ١٢٠ چەکداری کورد هێرشیان کردۆتە سەر گوندی ئەوان، هەواڵی دزی ئاژەڵەکانیان داوە، بەڵام خەڵکی گوندەکە بەرەنگاریان بوونەتەوە، بەمەش شەڕ لە نێوانیاندا بەرپا بووە و پێنج کەس کوژراون و ژمارەیەکیش بریندارببوونە، خەڵکی گوندەکە ترسێکی زۆریان لێنیشتووە، لە هەمبەر گەڕانەوەی

کورد بە هێزێکی زۆرترەوە بۆ هێرشکردنە سەر گوندەکەیان، داوایان لێکردووم هێز بۆ گوندەکەیان بنێرم بۆ بەرگری کردن لێی[١].

بەهۆی ئەم داواکاریەوە، ڕۆژی دواتر لەگەڵ دەسەڵاتە بەرپرسەکان قسەم کرد، (سامح پاشا) بەڵێنیدا ژمارەیەك ئەسپسوار بۆ گوندەکە ڕەوانە بکات، بەڵام تا ئێستا هیچ هێزێك بۆ گوندەکە ڕەوانە نەکراوە، ئەمڕۆ ئێوارە هەواڵی ئەوەم پێگەیشت نزیکە ئەم هێزە ڕەوانە بکرێ. بە هەر حاڵ تورك بوێری یەك ئەرمەنیان نییە.

دوێنێ کاروانێك لە سەر ڕێگەی (خو تود) بە دووری چوار کاتژمێر لە وان، ڕووبەڕووی هێرشێك بووە، سێ لە گونیەکان دزراون و ژمارەیەك کەسیش بریندار کراون.

هەواڵم پێگەیشتووە لەبارەی جەنگی تر لە (ئەرجاش) و (جیفاس). بەهەمان شێوە لێرە کاربەدەستەکە بە ئامادەبوونی پۆلە خەڵکێك ڕایگەیاند، نەهاتووە بۆ سزادانی کورد، بەڵکو بۆ لێکۆڵینەوە لە کاروبارە کارگێڕییەکانی ناوچەکە هاتووە.

بەهەمان شێوە دەوترێ، ژمارەیەکی زۆری چەك لە نێو کورددا دابەشکراوە، تا پەلاماری لەشکری ئێرانی بدەن، هەروەك پڕوپاگەندەی ئەوەش هەیە ئامانج لەم

---

(١) دوای پەیماننامەی بەرلین، لە نێوان دەوڵەتی عوسمانی و ڕوسیدا، بەریتانیا پێنج کونسلی سەربازی لە کوردستان دانا، ڕایسپاردن بۆ چاودێری کردنی دۆخی ئەرمەنیەکان و ڕێگە گرتن لە دەستدرێژی کردنە سەریان لەلایەن کورد و جرکس، ئەمە بیرۆکەیەکی گەوجانە بوو بەڕاستی. ئەرمەنیەکان و کوردانی ئاشوری بۆ چەندین سەدەی دوور و درێژ بەیەکەوە ژیان،پەیوەندیەکانی خۆشەویستی و برایەتی لە نێوان تێکنەچوو، بەڵام دەستەوەردانەکانی بەریتانیا و ڕوسەکان و هاندانیان دژی یەکتر. دوای ئەم دەستەوەردان و هاندانانە تاوانی دڵتەزێن ڕوویاندا، هەموویان بەشدارن لە بەرپرسیارێتیەکەیدا.

چەکانە قڕکردنی مەسیحییەکانە. بەڵام بە دیدی من هیچ بنەمایەك بۆ ئەم پڕوپاگەندەیە نییە.

ئەو ڕاپۆرتانەی لە هەکاریەوە هاتوون، ئاماژە بە شڵەژانی زۆر تووند دەکەن لە نێو کورددا لە ناوچەکە. حکومەت دەستەوەسانە لە ئەنجامدانی هەر شتێك بەرامبەر بە دەسەڵاتی مەزهەبی شێخ، کە وێنا ناکرێ.

دوێنێ یەکێك لە بەرپرسە تورکەکان، کە سەرۆکی دادگای مەدەنیە وتی: (بۆ هەر شوێنێك دەچیت بڕۆ، تەنها مەڕۆ بۆ هەکاری، بارودۆخەکان لەوێ مەترسیدارن).

هۆکاری فراوانتربوونی جموجۆڵەکانی کورد دەگەڕێتەوە بۆ هاتنی کۆتایی وەزری بەرهەم و کۆگاکردنی ڕۆژی زستان. هۆکارێکی تریش کە دوودڵیەکان زیاد دەکات ئەوەیە دوێنێ داوا لە (ڕێکخەر) کراوە بچێتە گوندێك و گەنجەکانی بکاتە سەرباز، بەڵام خەڵك ڕێگریان لەمە کردووە و بانگەشەی ئەوەیان کردووە هیچ پاساوێك بەدی ناکەن بۆ خزمەتکردنی سوڵتان، چونکە نزیکەی (٥٠) مانگە حکومەت کەل و پەل و یارمەتی ڕەوانە نەکردووە.

ئەمڕۆ چاوم بە (سامح پاشا) کەوت، داوام لێکرد ڕێوشوێن بگرێتەبەر سەبارەت بە دابینکردنی سامانی گەلی کوردستان، وەڵامی دامەوە (ئەوەی لە توانامدا بێ دەیکەم، بەڵام ئایا دەتوانم چی بکەم؟) هیچ سامان و پارەیەکمان نییە، تەنانەت ڕێکخەران ئامادەی کارکردن نین، منیش توانای پێدانی موچەی سەربازەکانم نییە، لە ئەستەنبۆڵ و لە ڕووناکی ڕۆژدا بودجەکەمان دەلوشن. سەرباز بۆ ئەوەی خۆی تێر بکات پەنا بۆ بەرتیل دەبات، ئەمەش دەبێتە هۆی ناڕەزایی وا دەگاتە ئاستی تەقینەوە.

## بەڵگەنامەی (٢٦)

هاوپێچی ٣ ژمارە ٦١

لە شێخ عوبەیدوڵڵاوە بۆ دکتۆر کۆچەران

٥ ئۆکتۆبەری ١٨٨٠

مەلا ئیسماعیلم ناردووە تا بە زارەکی ڕووداوەکانی کوردستانم پێ ڕابگەیەنێ. داوات لێدەکەم لایەنە باڵاکان ئاگادار بکەنەوە لە پرسی کوردستان بە ڕاستگۆیانە، تا بەڕوونی پاساوەکانی ڕۆیشتنی کوڕەکەم بۆ مەهاباد ڕوون ببێتەوە.

گەلی کورد کە ٥٠٠ هەزار خێزانە، لە ڕووبەرێکی سەرەکی لە زەویە شاخاویەکانی خۆرهەڵاتی تورکیا و خۆرئاوای ئێران، خاوەنی تایبەتمەندی ئاینی و نیشتمانی و نەتەوەیی و ڕەچەڵەکییە، یاسا و بنچینەی تایبەت بەخۆی هەیە.

سروشتێك لە نێو گەلاندا هەیە، گوایە کورد گەلێکی سەرسەخت و دڕندە و دواکەوتووە لە کاروانی شارستانیەتدا.

ڕێگەم بدەن سەرچاوەی ئەم بابەتە ڕوون بکەمەوە. ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانی و حکومەتی ئێرانی لە پێناو هێشتنەوەی دەسەڵاتەکەیان بەسەر گەلی کورددا، بەردەوام ستەم و زۆردارییانلەم گەلە کردووە، ئەم تۆمەتانە دەدرێنە پاڵ کورد تا شرۆڤەی هەڵسوکەوتە نا مرۆییەکان بکات لە کوردستان.

ئێستا کورد گەیشتووەتە ئەنجامێك، ئەویش ئەوەیە هیچ ڕێگەیەك نییە بۆ ژیان لە سایەی حوکمڕانی عوسمانی و ئێرانیەکان.

ئێمە گەلێکی بەش بەشکراوین، دەمانەوێ وەك گشت گەلانی جیهان خاوەن مافی خۆمان بین، ئەمە ئامانجی ئێمەیە، هۆکاری ڕۆیشتنی کوڕەکەم بۆ مەهاباد ئەمە و هیچ شتێکی تر نییە.

ئەمڕۆ لە کوردستان جیاوازی نییە لە نێوان چەکدار و بێ چەك، چونکە بیری گەل هەموو چەکدار بەو ڕاستیەی ژیان و گوزەران ڕوونادات لە سایەی ستەمدا.

ئێرانیەکان و عوسمانیەکان دەیانەوێ کورد ڕیشەکێش بکەن.

## بەڵگەنامەی (٢٧)

هاوپێچ ٤ ژمارە ٦١

لە شێخ عوبەیدوڵڵاوە بۆ عەبباس میرزا

٥ ئۆکتۆبەر ١٨٨٠

وەرگێڕدراو

حەزم لێیە گشت خەڵك ئاگادار بن بەو پەیوەندییە تۆکمەیەی نێوان باوکم و شای کۆچکردوو کە هەیانبووە. هەرگیز باوکی بەڕێزم نزای خێری بۆ باوکتانی بیرنەچۆتەوە لە پێنج نوێژەکەدا.

ئێستا بە ڕۆیشتن لەسەر نموونەی ناسراو (کوڕ لەسەر نهێنی باویەتی) داواتان لێدەکەم و بەشێوەی سالانی ڕابردوو لوتفمان پێ بکەن بەزەیی شاهانەیتان پێماندا بێتەوە. (ڕەحیم بەگ)م بۆ گەیاندنی نامەی زارەکی من ڕەوانەم کردووە.

هیچ قسەیەکی ترم نییە[1].

---

(١) سەرچاوەیەکی قاچاری ئاگادار، دەقی نامەکە بەم شێوەیە دەخاتەڕوو:

((لە سەرەتادا هیوای سەلامەتی بۆ ئێوەی پیرۆز دەخوازم. پاشان، شای کۆچکردوو محەممەد شا، خوا بیخاتە بەهەشتەکانیەوە، هەردەم پالپشتی شێخ تەها و هەژارانی دەکرد و خۆشەویستی و سۆزی خۆی پێدەدان، بە بەردەوامی دیاری بۆ سەید تەها دەنارد، عەبا و دارگۆچانەکەشی بۆ ناردووە. لە سایەی ئەودا سەید تەها ژمارەیەك گوندی هەبوو. منیش حەزم لێیە ئەو مافانە لە دەست نەدەم. ئەمڕۆژانە گشت ئەو هۆزانەم کۆکردوونەتەوە کە لەسەر سنووری دەوڵەتی ڕۆمی پایەبەرز و ئێرانن، هەموویان سەریان بە تەریقەتی ئێمەوەیە، بەدەست بەرپرسانەوە هەراسان بوینە، (١٠٠ ٠٠٠) کەس کۆبوونەوە بۆ وەرگرتنەوەی دەسەڵات و گەورەیی لە (شاهەنشا) و ڕادەستکردنی بە تۆ وەك پاشای ئێران. ئێستا لەشکری عەبدولقادر لە (٦٠ ٠٠٠) هەزار کەس پێکهاتووە، دەستگیراوە بەسەر شنۆ - لاجان - سلدوز - میاندواو - مراغە، بەم نزیکانەی کۆشکی دەسەڵاتی تەبریزیش داگیر دەکرێ. بێگومان دوای گەیشتنی ئەم نامەیە، بەپەلە پەیوەندی بە لەشکرە براوەکەمانەوە دەکەین، شێخ عەبدولقادر و گشت سەرکردەی هۆزەکان لە خزمەتی ئێوە و فەرمانەکەتاندایە، ئێوە دیاری دەکەن چۆن هێزەکانمان بجولێین. بە ویستی خوا هیچ شتێك کەم ناکات لە گەورەیی شای کۆچکردوو، تۆ دەکەمە سەرکردە و پاشا و سوڵتانی گشت ئێران)). وەرگیراوە لە: عەلی خان کونە خان افشار - تاریخ عصیان الکرد ١٨٨٠، وەرگێڕانی بۆ کوردی محەممەد حەمە باقی - شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری لە بەڵگەنامەکانی قاچاریدا - لە بڵاوکراوەکانی کۆڕبەندی زانستی کوردستان - چاپخانەی ئاراس - ٢٠٠٧ لا ٤٧ - ٤٨.

## بەڵگەنامەی (٢٨)

هاوپێچی ١ ژمارە ٦١

لە کونسڵی گشتی، ئابوتەوە بۆ مستەر تامسون

ئورمیە ٧ ئۆکتۆبەری ١٨٨٠

شەرەفمەند دەبم کە ئێوە ئاگادار بکەمەوە لەوەی، لە ساتی گەیشتم بۆ ئورمییە لە ڕێکەوتی ٢ ئۆکتۆبەر، هەواڵێکم پێگەیشت، تیایدا هاتبوو لەشکرێکی کوردی بە سەرکردایەتی (شێخ عەبدولقادار) هێرشی لە (ئەشنویە)وە کردۆتە سەر (سولدوز). لە سەرەتادا هێرشەکەی ڕووبەڕووی بەرەنگاری بووەوە لەلایەن (قرە باباغ) و کوردانی مامش، بەڵام لە کۆتاییدا ئەم هۆزانە وایانبینی بەرگری سوودی نییە، بۆیە ڕۆیشتنە پاڵ هێزەکانی شێخ، شێخ بەردەوام بوو لە هێرشکردنی بۆ سەر مەهاباد[١]، هەر کە کاربەدەستی مەهاباد گوێبیستی هەواڵی هێرشەکە بوو، ڕایکرد بۆ تەبرێز. ئا بەم شێوەیە یاخیبووە کوردەکان بێ هیچ بەرگریەك لەلایەن خەڵکەوە ڕۆیشتنە ناو مەهابادەوە.

بەهیچ شێوەیەکبە خراپە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ شیعە و ئەو مەسیحیانە نەکرد، کە لە شارەکە نیشتەجێن، بەڵام دوو کەسی ئاشوریان لەسێدارەدا، بەهۆی خراپ هەڵسوکەوت کردنیان.

---

(١) شاری مەهاباد ساڵی ١٩٤٦ بووە پایتەختی یەکەم کۆماری کورد، بۆ ماوەی ساڵێك خایاندی، دوای کشانەوەی لەشکری ڕوسی لە ئازربایجان شکستی هێنا، ڕژێمی پەهلەوی سەرکردەکانی لەسێدارەدا و زۆر ئازاری خەڵکەکەیدا.

دوێنێ هەواڵێك گەیشت لەبارە ئەوەی شێخ ژمارەیەك نێردراوی خۆی ناردووە بۆ لای خەڵکی میاندواو و داوای خۆراك و خواردەمەنیان لێ دەکات. لە هەنگاوێکی سەیردا خەڵکی میاندواو سەری نێردراوی شێخیان بڕیوە، هەر بۆیە شێخ فەرمانی هێرش کردنە سەر میاندواوی دەرکرد و دانیشتوانەکەی کۆمەڵکوژ کرد.

لەلایەکی ترەوە چەند پڕوپاگەندەیەك بڵاوبوونەوە، کە (سلیمان خان ئەفشار) بە هێزەکانی (حار دەولە) ڕۆیشتووە شەڕ لەگەڵ کورد بکات، زیانی زۆر مەزن بەر هەر دوو لا کەوتوون، لە کۆتاییدا هێزەکانی شێخ عەبدولقادر بەرەو مەهاباد کشاونەتەوە.

بەر لە چەند ڕۆژێك یەکێك لە ئاشوریە پڕۆستانتەکان لە (گەوەر)ەوە هات، قسەی لەبارەی گردبوونەوەیەکی مەزنی کوردی کرد لە ناوچەکە. وتی گشت کورد ئاڵای شێخ عوبەیدوڵڵایان بەرز کردۆتەوە و ئامادەی ڕاپەڕینن.

دوای داگیرکردنی مەهاباد، بێ هیچ بەرگریەك قەڵای (لاجان) خۆی بەدەستەوەدا، تۆپەکانی کەوتنە دەست کورد، ٢٠٠ سەربازی ئێرانی بە دیل گیران.

دەوترێ نەخشەی شێخ ئەوەیە بەسێ لەشکر هێرش بکرێتە سەر ئێران، هەر یەکەیان بە تەنها، لەشکری یەکەم بەرەو (خوی) و (سەلماس) و دووەم بەرەو (مەرگەوەر) و (ئورمییە) و سێیەم بەرەو مەهاباد و تەبرێز.

لە کاتی ئێستادا ئورمییە بە ئامانجی سەرەکی لەشکری کوردی دادەنرێت، کە شێخ سەرکردایەتیان دەکات و ١٠٠٠ ئەسپسواری چەکدار لەخۆی دەگرێ، لە (نرغی) بارەگاکەی داناوە، کە ٢٤ میل لە ئورمیەوە دوورە.

هیچ ڕێگرێك لەبەردەم شێخدا نییە بۆ داگیرکردنی ئورمییە، ئەو هێزانەی لەژێر دەستی ئیقبال دەولەدان لە ڕووکەشدا لە دوو بەتالیۆن پێکدێن، لەوانەیە لە کاتی شەڕدا سەربازەکان پەرت ببن یان هەڵبێن. سەختەئیقبال دەولە زیاتر لە ٧٠٠ سەرباز ئامادە بکات، پێشبینی دەکەم ئورمیە هەمان چارەنووسی مەهادی ببێت.

چاوم کەوت بە ئیقبال دەولە لە سەربازگەکە لە دەرەوەی شاردا، وتی ئەگەر ناردنی لەشکر بۆ ناوچەکە دوا بکەوێ، ئەوا کورد لە چەند هەفتەیەکدا تەبرێزیش دەگرن.

دوێنێ ڕاگەیەنرا (ئیعتماد سەڵتەنە[(١)]) بە چوار فەوجەوە بەرەو ئورمییە جوڵاوە، هێزی تریش هەن بەرەو میاندواو جوڵاون.

لە نامەکانی پێشوومدا بۆ بەڕێزتان و وزەارەتی دەرەوە، هەڕەشەکانی شێخ عوبەیدوڵڵام ڕوون کردنەوە، سەبارەت بە مەسیحی[(١)] و ئێرانیەکان. گومانم لەوە نییە کاربەدەستانی ئێران بە چاکی لە گرنگی ئەم بابەتە تێگەیشتوون.

---

(١) ئیعتماد سەڵتەنە ناوی مستەفا قلی خان سەرکردەی لەشکری ئازربایجان بوو لە تەبریز، لە هۆزی قرە کویزلوە، کە لە کرمانشان نیشتەجێن، سەرچاوەکان دەڵێن هۆزێکی کوردییە. ئیعتماد سەڵتەنە ویست و ورەیەکی لاوازی هەبوو، توانای زاڵبوونی بەسەر ئەو سەربازانەیدا نەبوو کە بە دەشت و دۆڵەکاندا بەدوای جەردەیی و تاڵان بڵاوببوونەوە، لە ڕاپۆرتی یەکێك لە سیخوڕەکانی شادا هاتووە کە سەردانی ئەوی کردبوو لە سەربازگەکەیدا ((ڕۆیشتنە ناو ڕەشماڵی ئیعتماد سەڵتەنەدا، لەوێ نەبوو، ڕۆیشتنە ڕەشماڵی وەزیری بەرژەوەندی و سوود، بینیمان لەوێ لەگەڵ چەند کەسێك دانیشتووە و گوێ بە هیچ شتێك نادات. وەك ئەو کەسەی لە مەجلیسی ڕابواردندا دانیشتووە هەست بە هیچ نەکات، جلی ماڵەوەی لەبەر بوو جگە لە پانتۆڵ و گۆرەوی، زۆر ستایشی دەکرد، ئەو خوانەی لەسەر دانیشتبوون لەو خوانە چاکتر بوو کە بۆ ناپلیۆن لە گۆڕەپانەکانی جەنگدا ئامادە دەکرا)). وەگیراوە لە محەممەد حەمە باقی - شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری لە بەڵگەنامە قاجاریەکاندا، لا ٥٨٦.

نیازەکانی شێخ بە تەواوی ڕوون بوونەتەوە، دەیەوێ کوردستان لە تورکیا و ئێران جیا بکاتەوە و چەند بەشێك بەیەکەوە بلکێنێ بۆ پێکهێنانی میرنشینێکی کوردی.

مژدەدەرانی ئەمریکی کە پەیوەندی دۆستانەیان لەگەڵ شێخ هەیە، منیان دڵنیا کردۆتەوە، تەنانەت لەو دۆخەی ئورمیە لەلایەن کوردەوە داگیر دەکرێ، ئەوا هیچ ئازارێك بە مەسیحییەکان ناگەیەنرێ. ئەوان داوام لێدەکەن، نامە بۆ شێخ بنێرم، بەڵام من هیچ سودێکم لەوەدا نەبینی، چونکە پەیوەندی یەکێك لە پێگە ئینگلیزەکان بە سەرکردەی کوردی، کە هێرش دەکاتە شانشینی شا، لەوانەیە ببێتە هۆی کێشە. ناچاربوون ئارام بگرم و لە نزیکەوە چاودێری ڕووداوەکان بکەم. دڵنیابە لەوەی بە گەیشتنی هێزی فریاکەوتن بۆ ناوچەکە، ئەوا (ئیقبال دەولە) لەو تەنگوچەڵەمەیە ڕزگاری دەبێ.

واژوو ولیام. ج. ئابوت

## بەڵگەنامەی (٢٩)

هاوپێچی ٥ ژمارە ٧٧

لە کونسڵی گشتی، ئابوتەوە بۆ مستەر تامسون

ئورمییە ٧ ئۆکتۆبەری ١٨٨٠

(١) شێخ عوبەیدوڵڵا هیچ هەڕەشەیەکی لە مەسیحییەکان نەکرد، بەڵکو داوای کرد هەڵسوکەوتی چاکیان لەگەڵ بکرێ، هەروەك خودی ئابوت لەم ڕاپۆرتەدا جەختی لەسەر دەکاتەوە.

له کاتی گەیشتنم بۆ ئورمییە، یەکەم هەواڵ کە پێم گەیشتبێ لەبارەی پێشڕەوییەکانی هێزە کوردییەکان بەسەرکردایەتی شێخ عەبدولقادر، کە یەکێکە لە کوڕەکانی شێخ عوبەیدوڵڵا. لە ئەشنویە بەرەو سولدوز. لەوێ ڕووبەڕووی بەرەنگار بوونەتەوە لەلایەن هێزەکانی (قرە باباغ) و (مامش)، کەچی ئەوان ناچاری گوێڕایەڵ بن لەبەرامبەر هێزە مەزنەکەی شێخ[1]. کاربەدەستی (سولدوز) خۆراکێکی زۆری خستە بەردەستی شێخ.

شێخیش بەهەمان شێوە بەرەو مەهاباد جوڵا، هەر کە هەواڵەکە گەیشتە گوێچکەکانی کاربەدەستی مەهاباد، ئەوا بەرەو تەبریز هەڵات. ئەو کوردانەی بێ هیچ بەرەنگاریەك ڕۆیشتنە ناو مەهابادەوە پێشوازیان لێکرا[2]. کوردە ڕاپەڕیوەکان دوای

---

(١) هێزەکانی بزوتنەوەکە هیچ بەرگریەکیان بەدی نەکرد لەلایەن هۆزەکانی (شنۆ)وە، حکومەتی قاچاری داوای لە هۆزە کوردییەکان کرد، لەوانیش (مامش) و هۆزی (قرە باباغ)ی تورکمانی شیعە لە دەوروبەری (نەغەدە) بەرەنگاری هێزەکانی بزوتنەوەکە ببنەوە، بەڵام ئەم هۆزانە و سەرکردەکانیان ڕۆیشتنە پاڵ شێخ عەبدولقادر و هەمزە ئاغا، کاتێك لە ناوچەکە نزیك بوونەوە، قەبارەی زۆر لە خۆراکیان دانایە بەر دەستی بزوتنەوەکە. لەوانە ١٠٠ خەڕواڵ گەنم، ٥٠ خەڕواڵ جۆ. (خەڕواڵ = ٣٠٠ کیلۆگرام).

(٢) هێزەکانی شێخ عەبدولقادر کە ڕۆیشتنە ناو مەهاباد، زیاتر بوون لە ١٠ هەزار جەنگاوەر، بەپێی سەرچاوە قاچاریەکان پێکهاتبوون لە ((شێخ قادر و هەمزە ئاغا لەگەڵ هۆزی مەنگور، عەبدوڵڵا خان و ئیبراهیم خان لەگەڵ هۆزی زرزا، عەلی ئاغا لەگەڵ هۆزی هەرکی، محەممەد ئاغا لەگەڵ هۆزی ڕەوەند، شێخ جیهانگیر لەگەڵ هۆزی بناری، مامند ئاغا لەگەڵ عەشرەتی پیران، قرنی ئاغا لەگەڵ عەشیرەتی زودی، قاسم ئاغای کوڕی عەلی خان لەگەڵ سوارچاکانی شکاك، دەروێش ئاغا نەعمان ئاغا هەرکی، عەبدال بەگ لەگەڵ هۆزی دەشتی، قوتاس ئاغا لەگەڵ ئەسپسوارانی و پیاوانی سومای برادۆست، محەممەد ئاغا مستکانی، کویخا ملهم لەگەڵ هێزەکانی مرگەوەر، ئۆسمان ئاغا و هۆزی کەروك، محەممەد ئاغا لەگەڵ هۆزی مامش)) زۆر بە دڵخۆشی و شادیەوە لەلایەن خەڵکی مەهاباد پێشوازیان لێکرا، ئاهەنگ و شاییان گێڕا و خوانی خواردنیان ئامادە کرد لە گشت لایەك، دوای ئەوەی کاربەدەستی (میر لەتیف عەلی خان) بە تەنها بۆ تەبریز هەڵات. لە ڕۆژی سێیەمدا ئەم هێزانە بە ئاڕاستەی (میاندواو)

ڕزگارکردنی مەهاباد بەرەو (میاندواو) پێشڤەچوون، شیعە و مەسیحیەکان دووچاری هەڵسوکەوتی خراپ نەبوونە، لە کاتی تێپەڕینی کاروانی کورد، هەڵسوکەوتی هێزەکانی شێخ زۆر هاوسەنگ بوو.

دوێنێ ئەوە بڵاوبووەوە کە شێخ نێردراوەکانی بۆ لای خەڵکی (میاندواو) ناردووە، داوایان لێدەکات خۆراك و خواردنیان بۆ بنێرن، دانیشتوانی شارەکە سەری نێردراوەکانیان بڕی، هەر کە شێخ گوێبیستی هەواڵەکە بوو، فەرمانی بە هێرش کردنەسەر شارەکە کرد و کۆکوژی تێدا ئەنجامدا.

(سلێمان خان) بە هێزی زۆرەوە بەرەنگاری هێزەکانی عەبدولقادر بووەوە، هەر دوو لا زیانی زۆریان بەرکەوت، لە کۆتاییدا عەبدولقادر ناچار بوو بکشێتەوە.

یەکێك لە مەسیحییە پرۆستانتەکان، کە لە گەوەرەوە هاتۆتە ئێرە، دەڵێت: هۆزە کوردییەکان لە ژێر ئاڵای شێخ عوبەیدوڵڵادا کۆبوونەتەوە، قەڵای (لاجان) خۆی ڕادەستی شێخ کرد، هەروەك ٢٠٠٠ سەربازی ئێرانی بەدیل گیراون.

---

جوڵاون، ئاغاکانی هۆزی هەرکی و سەرکردە و هێزەکانی خەڵکی مەهاباد و دەوروبەریشی ڕۆیشتنە پاڵی، لەوانە ((میرزا عەبدولوەهاب قازی، میرزا قادر قازی، میرزا قاسم قازی، شێخ جەسیم ئیمامی جومعە، شێخی ئیسلام بایز ئاغا نەقیب، رسول ئاغا، ئیسماعیل ئاغا، ڕەحمان ئاغا، محەممەد ئاغا، برایم ئاغا، کولاوی ئاغا، برایانی ئیبڕاهیم ئاغا، ڕەزا قلی ئاغا، کوڕی مەلیك قاسم میرزا، عەبدوڵڵا ئاغای کوڕی محەممود ئاغا، خەلیل ئاغا، محەممەد کەریم بەگ، فەتحوڵڵا خانی کوڕی موزەفەری دەوڵەت، کوڕانی مەجید خان، ئەمین ئاغای کوڕی قادر ئاغا، سەلیم بەگ و کوڕانی فەیزوڵڵا بەگ، عەزیز فەتاح، حەسەن ئاغا))، ئەم هێزانە جوڵەیان کرد بۆ گوندی حاجی حەسەن، ((پەنجا هەزار کەس لەم گوندە دابەزین بە پیادە و ئەسپسوار)) بڕوانە: محەممەد حەمە باقی - شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری لە بەڵگەنامە قاچاریەکاندا، لا ٣٩٠ لاپەڕەکانی دواتری.

دەوترێت پلانی شێخ هێرشکردنە سەر ئێران بە سێ لەشکر لەخۆ دەگرێت، لەشکری یەکەم بەرەو (خوی و سەلماس) دووەمیان بەرەو (مەرگەوەر و ئورمیە) و سێیەم بەرەو (مەهاباد و تەبرێز)[1]. ئێستا شێخ سدیق ڕەشماڵەکانی ئێستان لە (نیرکی) هەڵداوەتەوە، بە دووری ٢٤ میل لە ئورمییە، هیچ هێزێك نییە ڕێگری لێبکات.

ئەو هێزانەی لە ژێر فەرمانی ئیقبال دەولەدان، لە ڕووکەشدا لە دوو بەتالیۆن پێکدێن، بۆ کاربەدەستەکە سەختە ٧٠٠ سەرباز بۆ جەنگ ئامادە بکات، ئورمییە هەمان چارەنووسی مەهابادی دەبێت.

ئیقبال دەولە سەربازگەی لە دەرەوەی شار داناوە، داوای لێکراوە بروسکیەك بۆ تەبرێز بنێرێ بۆ داواکردنی هێز، ئەگەر هێزە ئێرانیەکان لە کاتی گونجاوجا نەگەن، ئەوا تەبرێزیش لە دەستدەچێ.

---

(١) بازنەی خوی - سەلماس لەلایەن کوری مەزنی شێخ عوبەیدوڵڵاوە بەڕێوە دەبرا، شێخ محەممەد سدیق و وتەبێژە فەرمییەکەی محەممەد سەعید خەلیفە، بازنەی مەهاباد - تەبرێز شێخ عەبدولقادر و هەمزە ئاغا ڕابەرایەتیان دەکرد، شێخ بە خۆیشی بازنەی ئورمیەی بەڕێوە دەبرد، برازاکەی شێخ محەممەد ئەمین سەرکردایەتی هێزەکانی دەکرد. ئەو هێزانەی هێرشی سەر ئورمییەیان کرد پێکهاتبوون لە هێزەکانی (ئەمیر ئاغا شکاك، ڕەشید خان بەگ نەهری، عەبدوڵڵا بەگ نەهری، برایم خان، قادر بەگ، ئەمین بەگ، سەعید بەگ، سەمەد بەگ، وەهاب خان، عەزیز بەگ لە دەشتی، عەبدولسەمەد بەگ بناری، حاجی ڕەحیم خان باراندوی، شێخ عەبدولکەریمی مامی شێخ عوبەیدوڵڵا، ژمارەیەکی تر لە خزمە نزیکەکانی شێخ، لەوانە: شێخ ئەبو قاسم، شێخ شیهابەددین، شێخ نورەددین، حاجی عەلائەددین)) هەمان سەرچاوەی پەراوێزی پێشوو، لا ٤٠٠.

## بەڵگەنامەی (٣٠)

هاوپێچی ٣ ژمارە ٦٠

نامەیەك لە سكرتێری كونسڵی گشتی بەریتانیا لە تبرێز

تەبرێز ٨ ئۆكتۆبەر ١٨٨٠

وەرگێڕدراو

شێخ عەبدوڵقادری كوڕی شێخ عوبەیدوڵڵا و هەمزە ئاغا، كە ژمارەیەكی زۆریان لە هێزە كوردیەكیان لەگەڵە، هاتوونەتە (سولدوز) كە لە (دولە تو)وەوە هاتوون، بێ ئەوەی هیچ بەرەنگاریەك هەبێ لەلایەن هێزە ئێرانیەكان، ئەوا بەرەو مەهاباد جوڵاون. كاربەدەستی مەهاباد بەرەو (موشمیت)ی ناسراو بە (دواب) هەڵاتووە، كە دوو فەرسەخ لە (مراوغە)وە دوورە.

عەلی خانی كاربەدەستی مراوغە، هێزەكانی خۆی لەگەڵ هاونێك بۆ ناوچەكە ناردووە، بۆ بەرگری كردن لە (دواب)، (حاجی میرزا عەبدولقاسم)ی كاربەدەستی (بناب) كە لەوێوە هاتووە، دەڵێت: بە گەیشتنی عەلی خان بۆ (دواب) جوای نیوەڕۆی ڕۆژی ٢ ئۆكتۆبەر، شێخ عەبدولقادر و هەمزە ئاغای كوڕی بە هێزەكانیان كە دەگاتە ١٠ ٠٠٠ ئەسپسوار هێرشیان كردەسەر.

هێرشەكە لە دوای خۆرئاوابوون دەستی پێكرد، بۆ ماوەی حەوت كاتژمێر جەنگەكە بەردەوام بوو، دوای بەرگریەكی دوور و درێژ (سەلیم خان) و (جیهار دەوڵەت) و (عەلی خان) لە تیاچوون هەڵاتن.

له هەمان شەودا، کورد سەرکەوتن بەسەر بەرهەڵستکارەکانیان له (دواب)، سەری شێخی ئیسلام مەلا جەعفەریان بڕی، بەسەری ڕمەوه هەڵیانواسی. دوای هەڵکوتانه شارەکه و تاڵانکردن و کوشتنی بەرهەڵستکاران، هێزه کوردیەکان بەرەو (مراوغه) و (برج شەهر) پێشکەوتن، (حاج ئاغا عەلی نازی بوابی) دۆخی بەرگری گرتەبەر، (عەقید قاسم خان)ی کوڕی (حوسێن پاشا خان) هێشتا تا ئێستا بەرگری له شارەکه دەکات.

له ڕاپۆرتێکدا که دوێنێ نێردراوه، (عەقید ئاغاخان ئەفشار)، که پێش چەند ڕۆژێك له تەبرێزەوه جوڵاوه به فەوجی پیاده و چوار تۆپەوه، بۆ ڕێگری کردن له کورد و هێرشکردنه سەریان و ڕێگەگرتن له داگیرکرانی (بواب)، کورد بۆ ماوەی نیو (فەرسەخ) له (بواب) کشانەوه. (ئیعتماد سەڵتەنه) دوێنێ فەوجی پیاده و ۱۰۰ باری کەرستەی بۆ (ئاغا خان) ناردووه.

دوای ئەوەی کورد (دواب)ی داگیرکرد، گوندەکانی دەوری (مراوغه)یان کاوڵ کرد، گوندی (م. منوهجی) حاجی بەهزاد تاڵان کرا، بەهەمان شێوه خانووی هاوژینی کۆچکردووی (دکتۆر کۆچەران) سووتێنرا.

## بەڵگەنامەی (۳۱)

ژماره ۱۰

له مستەر تامسونەوه بۆ ئیریل گرانفیل

تاران ۸ ئۆکتۆبەری ۱۸۸۰

گەورەم

خۆشحاڵم پێتان ڕابگەیەنم، ژمارەیەکی زۆر لە کورد، نزیکەی ١٥٠٠٠ کەسی چەکدار لە ژێر سەرکردایەتی (شێخ عەبدولقادر)ی کوڕی (شێخ عوبەیدوڵڵا)ی سەرکردەی کوردی ناودار و بە هاوکاری لەگەڵ یازدە هۆزی مەزنی ئێران بە سەرکردایەتی (هەمزە ئاغا[1]) هەڵساون بە گەمارۆدانی گست ناوچەی دەوروبەری شاری مەهاباد.

---

(١) هەمزە ئاغا: سەرۆك هۆزی مەنگۆڕ بوو لە مەهاباد، لە کوردستانی ئێران، زۆر نزیك بوو لە کاربەدەستی مەهاباد (لەتیف عەلی خان)، بەهۆی لێکنەگەیشتنی نێوان ئەو و کاربەدەستەکە، کاربەدەستەکە ویستی بەندی بکات، خۆی ڕزگار کرد، دوای ئەوەی ژمارەیەك پیاوی کاربەدەستەکەی کوشت، ڕۆیشتە پاڵ هێزەکانی شێخ عوبەیدوڵڵا، و ئەو و شێخ عەبدولقادر مەهابادیان ڕزگار کرد، بووە سێیەم سەرکردەی بزوتنەوەکە. دوای کشانەوەی هێزەکانی شێخ بۆ ناو خاکی عوسمانی، کاربەدەستی نوێی مەهاباد (حەسەن عەلی خان) کە کورد بوو، لە (کروس) پیلانێکی ترسنۆکانەی دانا و بە ناپاکانە کوشتی. یەکێك لە ئەرکە سەرەکییەکانی کاربەدەست حەسەن عەلی خان، لە سەرەتاوە بریتی بوو لە زاڵ بوون بەسەر هەمزە ئاغا بە هاوکاری لەگەڵ تۆڕە سیخوڕیەکەی، هەر بۆیە بە یارمەتی میرزا قاسم قازی و قادر ئاغا دیبوکری کاریان لەسەر تێکدانی پەیوەندی نێوان (کاکەڵڵا) لەگەڵ هەمزە ئاغا، کاتێك سەرۆکایەتی هۆزی مەنگوری پێبەخشی، هەمزە ئاغا پێی وابوو ئەو شایەنی ئەم سەرۆکایەتیەیە، چونکە ئەو کەسێکی ناسراو بوو لە گشت ناوچەکەدا، بەشکۆ و بوێر بوو، ١٢ ساڵی لە بەندیخانەکانی بەغداد و کەرکوك و ئەستەنبۆڵدا بەسەر برد، لەلای سەرکردە قاچاری و عوسمانیەکان ناسراو بوو، حیسابیان بۆ دەکرد. سەرباری زمانی کوردی، بە زمانی عەرەبی و تورکی و فارسیش قسەی دەکرد. ئەزموونێکی دوور و درێژی هەبوو، هەر بۆیە ویستی بە ئارامی بژیت دوای ئەوەی ڕۆژگار ئەوی ماندوو کرد، پاش ئەوەی زۆرێك لەو سەرکردانەی بەشداریان لە بزوتنەوەکەدا کرد لێبوردنی حکومیان بەدەستهێنا. دەیویست بگەڕێتەوە و حەزی لە سەرۆکایەتی مەنگۆڕ بوو، بە هاندانی میرزا قاسم قازی و قادر ئاغا، نێردراوێکی بۆ حەسەن عەلی خان نارد و داوای لێخۆشبوونی لێکرد، حەسەن عەلی خان داوای لێکرد چاویان بەیەك بکەوێت.

له کۆتاییدا و دوای گۆڕینەوەی چەند نامەیەك لەگەڵ حەسەن عەلی خان و چەند نێوەندگیریەك و پەیمانێکی میرزا قاسم و قادر ئاغا، داوای لێکرا بێتە سابلاخ (مەهاباد) بۆ گفتوگۆ کردن لەگەڵ کاربەدەستەکە، بەم شێوەیەش توانی بیکوژێت.

هەمزە ئاغا ئەو کات لەسەر ئاستی هەر دوو پارچەی کوردستان، هێمای ئازادی و نموونەی شۆڕش بوو لە دژی ستەم و زۆرداری. بەلای شێخ عوبەیدڵلاوە وەك قەڵایەکی بەهێز بوو، کە ڕوخا)). محەممەد حەمە باقی - سەرچاوەی پێشوو، لا ٢٢٦.

پیاوماقوڵان و پیاوانی ئاینی و کەسایەتیەکانی دیکەی مەهاباد هەمزە ئاغایان ڕازی کرد سەردانی کاربەدەستەکە بکات و لەگەڵی ڕێکبکەوێت. محەممەد ئاغا مامش و کاکەڵلا ڕۆڵێکی قێزەونیان بینی لە ڕازیکردنی هەمزە ئاغا بەڕێکەوتن لەگەڵ کاربەدەستەکە.

هەمزە ئاغا و میرزا ئەبو قاسم نێوەندگیری کاربەدەستەکە هاتنە شاری مەهاباد، لە ڕۆژی دووەمی مانگی ڕەمەزان، کە دەکاتە ڕێکەوتی ١٠ تەمموزی ١٨٨١ و ١٠٠ تا ١٥٠ ئەسپسواری لەگەڵ بوو، زۆرێکیان لە خزمە نزیك و خانەوادەکەی بوون، لەلایەن هەندێك لە هێزی کاربەدەست و ئەسپسوارانی محەممەد ئاغا مامش و کاکەڵلا و قرە باخ لەلای بیستانی (ئەلقبلە) پێشوازیان لێکرا، داوا لە ئەسپسوارانی هەمزە ئاغا کرا بمێننەوە لەلای بیستانەکە لەگەڵ ئەسپسوارانی تر، کاتێك میرزا ئەبو قاسم ڕێگەی نیشانی هەمزە ئاغا و کوڕە براکانی و ژمارەیەك لە یاریدەدەرانی دەدا بۆ ڕەشماڵی تایبەت، کە کاربەدەستەکە ئامادەی کردبوو بۆ چاوپێکەوتن بە هەمزە ئاغا، ماوەیەك لە بیستانەکە دووربوو. کاتێك هەمزە ئاغا و یاوەرانی دانیشتن، لە گشت لایەکەوە وەك شەپۆلی باران گولله باران کران، زۆربەی یاوەرانی هەمزە ئاغا دەمودەست کوژران، خۆی و کوڕە براکەی (سوار ئاغا) بە سەختی بریندار بوون، لەگەڵ ئەمەشدا سوار ئاغا خۆی گەیاندە تفەنگەکەی لە گۆشەی ڕەشماڵەکە کە هی کاربەدەستەکە بوو، گوللەکەیەکی لە (سوڵتان قولی بەگ) دا، کە پیلانگێڕیەکەی جێبەجێ کرد بە فەرمانی کاربەدەستەکە، ئەوی کوشت، دواتر هێرشی کردە سەر فەرمانداری سەربازەکان (سوڵتان قۆچە) و خەنجەرێکی لێدا و لە پشتی هاتە دەرەوە، هەروەك هەمزە ئاغا ژمارەیەك سەرباز و ئەفسەرانی ئەوانی کوشت، پێش ئەوەی بەهۆی برینەکەیەوە بمرێ، ڕەحمەتی خوای لێبێ. قاچاریەکان سەری ئەویان بە ڕمێکەوە هەڵواسی و بۆ میر نیزان لە تەبرێز ڕەوانە کرد، حەسەن عەلی خان ڕێزی لێنرا و لەلای شا ناسرەددینەوە هێمای شەرەف پێبەخشرا.

ئێمە ئاشناین بە پیلانگێڕیەکانی قاچاریەکان و ئەو ناپاکی و ستەم و پەیمانشکێنیەی هەیانبووە، بۆ ئەوەی درك بە ئەندازەی ئەو ترسە بکەین کە هەمەزە ئاغا خستبوویە نێو دڵی دەوڵەتی قاچاری و ئەو گورزانە لەم دەوڵەتەی داوە، بۆ ئەوەی جیاوازی بکەین لە نێوان ئەو پیاوانەی خوا بوێری خستۆتە

دڵیان، لەگەڵ ئەوانەی ترسنۆکن، یەك گێڕانەوەی قاچاری دەهێنین لەبارەی هەمزە ئاغا. کە بەشێکە لە کتێبی (عەلی خان کونە ئەفشار)، هەر چەندە نووسەرەکە جنێو و تانە لە کورد دەدات بەگشتی، بەڵام ڕاستی بابەتیش ئاشکرا دەکات، لەبارەی شەپۆلێك ڕووداو دەنووسێ و خۆی هەڵدەکێشێ بە تاوانەکانی کاربەدەستانی قاچاری و بە پاڵەوانێتی دادەنێ، ئێمە گواستوومانەتەوە وەرمانگێڕاوە، جنێو و تانەکانمان لاداوە، کە بەشێکی زۆری لە نووسینەکانی گرتۆتەوە لەبارەی بزتنەوەکە. عەلی خان لە ژێر ناونیشانی - کوژرانی هەمزەی ئاغای مەنگور لە شاری سابلاخ بەپێی پیلانێکی سەرکەوتوو وەزیر فەوائد - دەڵێت: ((لەبەر ئەوەی هەمزە ئاغا - سەرۆکی هۆز - هەر دەم خراپ و ناپاك بوو لەگەڵ دەوڵەتی نەمری ئێران و هەرماو تا هەتا، لەبەر ئەوەی هۆکاری ناسەقامگیری و جەنگ بوو لە نێوان هەر دوو دەوڵەتی ڕومی باڵا و دەوڵەتی ئێران، هەماهەنگ بوو لەگەڵ شێخ عوبەیدوڵڵا، بووە هۆی کوژرانی (١٠٠ ٠٠٠) هەزار کەس، پێشتریش لەم شارە (سابلاخ) (١٠٠) کەسی کوشووە لە (قرە باباغ)، هەموویانی خزمەتکاری کۆشك بوون. لەم دواییانەدا بە سەرۆك ئەرکانی لەشکری کورد لەلایەن شێخ عوبەیدوڵڵاوە دانرا... هەروەك پێشتر قسەمان کرد، (ئەمیر نیزام) هەوڵی مەزنی بۆ کوشتنی هەمزە ئاغا و لەناوبردنی، (محەممەد ئاغا مامش) بەهەمان شێوە بەم کارە ڕاسپێردرابوو. هەر بۆیە چەندین شەڕ لێرە و لەوێ لە نێوان هۆزی مامش و مەنگۆر ڕوویاندا، ژمارەیەك کەس لە هەر دوو لا کوژران، فەرمانەکانی پەنهانکوژی هەمزە ئاغا لە کۆشکی باڵاوە بۆ وەزیر فەوائد دەرچوو و بە ئەرکی کوشتنەکە ڕاسپێردرا. براکەی (کاکەڵڵا بە دوای هەلێکدا دەگەڕێت بۆ ئەوەی سەرۆکایەتی هۆزی مەنگۆر بگرێتەدەست، پەیوەندی کردووە بە وەزیر فوائدەوە بۆ ئەم مەبەستە، لێرەدا گشت بارودۆخەکانی کوشتنی هەمزە ئاغا فەراهەم بوون، زۆربەی هۆزی مەنگۆر سەرۆکایەتی کاکەڵڵایان دەویست، کە بە فیرعەونی دووەم دادەنرا، هیچ ڕێگەیەکی دیکەی بەدی نەدەکرد بۆ ڕزگاربوون، هەر بۆیە ژمارەیەك زانا و پیاوماقوڵانی سابلاخ لەلای وەزیر فەوائد نێوەندگیریان کرد، بۆ دۆزینەوەی ڕێگەیەك بۆ ڕزگاربوون لە تەنگوچەڵەمەکەی. دوای پەیوەندی نێوان گشت لایەنەکان، وەزیر فوائد فەرمان کرد و وتی: با هەمزە ئاغا لەگەڵ ژمارەیەکی کەم لە پیاوەکانی بێتە دەوروبەری سابلاخ، تا چاوم پێبکەوێت و ئەو ڕێگەیە تاوتوێ بکەین کە بە ئاشتیانە پێی دەژیەن. هەمزە ئاغا نەیدەزانی ئیزرایل سەرگەردانە بە گەڕان بەدوای کەللە سەرەکەی.

بەم بۆنەیە و بەمەبەستی لەناوبردن و هەڵخەڵەتاندنی ئەم کەسە خراپە، ڕەشماڵ لە دەرەوەی سابڵاخ دانران، محەممەد خان سەرکردەی ئەسپسوارانی ئەفشار (سابین قلا) و کەسی نزیکی وەزیر فوائد پۆلێك ئەسپسواری ئامادە کرد، هەروەك عەقید (قوچە بیکلو) سەرکردەی ئەسپسوارانی (شاهسون) کۆمەڵێك سەرباز و قەناس بەدەستی بوێری ئامادە کرد. بۆ پاراستنی ژیانی وەزیر فەوائد، چاڵێك لە ژێر یەکێك لە ڕەشماڵەکان لێدرابوو، کە دوو پۆلە سەربازی (کروس) دەیانپاراست، دوای ئەم ئامادەکاریانە و

گرتنەبەری دووربینیەکان، داوا لە هەمزە ئاغا کرا بۆ ئەوەی پیاڵەی مەرگی پێ نۆش بکرێ و سەری پەل بدرێ. ناوبراو لە ڕۆژی ٦ ڕەمەزانی پیرۆز و بە یاوەری ١٥٠ ئەسپسواری بوێر و دڕندەی ئامادە بوو. هەمزە ئاغا بە تەواوی ئامادەیی خۆی هات و لە ئەسپەکەی دابەزی لەلای ڕەشماڵە. ئەسپسوارەکانی تری ماوەیەك لە ڕەشماڵە دوورتر وەستا بوون. هەمزە ئاغا لەگەڵ هەندێك لە خزمە نزیکەکانی ڕۆیشتە ناو ڕەشماڵەکە، وا دەردەکەوت دوودڵ و ناچار و ترساو بێ، ترس چاوی کوێر کردبێ. کوڕەکەی ئەو خدر ئاغا لەبەرامبەر ئەو دانیشتبوو. لەلایەکی ترەوە وەزیر فەوائد لە چاڵەکەیدا نیشتەجێ بوو. هەمزە ئاغا لە ڕەشماڵەکەدا لەسەر یەکێك لە کورسییەکان دانیشتبوو و چاوەڕێی هاتنی وەزیر فەوائدی دەکرد... دواتر لە هەموو لایەکەوە گوللەباران کران، هەمزە ئاغا و کوڕە براکەی سوار ئاغا بریندار بوون و سەربازەکانیان هێرشیان کردە سەر و ژمارەیەکیان لەلایەن بریندارەکان کوژران، دواتر هەر یەکێك لە ١ - هەمزە ئاغا ٢ - سوار ئاغا ٣ - خدر ئاغ ٤ عەلی ئاغا کوژران.

سەرەکانیان پەلدرا و بۆ وەزیر فەوائد ڕەوانە کران، کە لەگەڵ پیاوەکانی لە ناو ڕشماڵەکەیدا ئاهەنگی سەرکەوتنیان دەگێڕا. سەرۆك هۆزی موکری و ڕێزدار محەممەد ئاغا سەرۆك هۆزی مامش ئامادە بوون، داوایان لە وەزیر کرد بجوڵێن بەرەو سابلاخ، نەوەك زیانی پێ بگات، دوای ماوەیەك وەزیر سواری ئەسپەکەی بوو، سەر بڕدراوەکەی بەسەر ڕمەوە هەڵواسی لە پێشەوە. لە ڕێگادا کاکەڵڵا خان برای هەمزە ئاغا بە ٦٠ ئەسپسوارەوە هات، هەر چەندە دڵنیابوونەوە لە نیازەکەی ئاسان نەبوو، محەممەد ئاغا مامش بە پۆلێك لە ئەسپسوارەکانی ڕێگەی لێگرت تا بە سەلامەتی وەزیر دەچێتە ناو سابلاخەوە. تا دوو ڕۆژ جەستەی ئەم بێ باوەڕانە لە گۆڕەپانی شاردا مانەوە لەبەر چاوی خەڵك، دوای ئەمە خوشکەکەی هات، کە هاوشێوەی خوشکی عومەری کوڕی عەبدود بوو، هاتە سابڵاخ و تکای کرد لاشەی براکەی ڕادەست بکرێتەوە، وەزیر ڕازی بوو پێی بداتەوە و بگوازرێتەوە و بەخاك بسپێردرێت.

لە ڕۆژی ٨ مانگی ڕەمەزانی پیرۆز، یەکێك لە سەرکردەکانی (شاهسون) سەرەکانی بۆ باخچەی (دڵکوشاد) لە ئورمیە گواستەوە و خستیە بەردەم (ئەمیر نیزام)، کە فەرمانی کرد بە دەف لێدان و ئاهەنگ گێڕان و هەڵواسینی سەرەکان بەسەر ڕمەکانەوە و گێڕانی بەناو بازارەکانی ئورمیەدا، خەڵات و شیرینی بەم بۆنەیەوە بڵاوکرانەوە، کاکەڵڵا وەك سەرۆکی هۆزی مەنگور دیاریکرا... دواتر ئەمیر نیزام سەرە بڕدراوەکەی بۆ کۆشکی خەلافەت لە تارات نارد، تا شاهانشای مەزن بە چاوە پیرۆزەکانی خۆی بینی، خوا دەوڵەتەکەی بەردەوام بکات)) لە عەلی خان کونە ئەفشار، سەرچاوەی پێشوو وەرگیراوە لا ١٢٦ و دواتری.

شایەنی باسە دەوڵەتی قاجاری لە ساڵی ١٩٠٣ و دوای تێپەڕینی زیاتر لە بیست ساڵ بەسەر پیلانگێڕییە پیسەکەی دژی هەمزە ئاغا، دانبنێ بە کوڕەکەی (باپیر ئاغا) وەك سەرۆك هۆزی مەنگوڕ و (بایەزید ئاغا)ی کوڕی کاکەڵڵای لادا، نازناوی (ئیلیخانی کوردی) بە کوڕەکەی بەخشی، واتە سەرۆکی هۆزەکانی

لەگەڵ نزیکبووەنەوەی کورد لە شارەکە، جگە لە دانیشتوانەکە کاربەدەستەکانی هەڵاتن، ئیدارەکانی شارەکەیان جێهێشت، ڕایانکرد. دەوترێ هێزە کورییەکان هاتوونەتە دەوروبەری (مرکە[1]) هێڵی جیاکەرەوەی نێوان مەهاباد و تەبرێز، گوندەکانی دەوروبەریان داگیر کردووە. حکومەتی ئێران پارێزەری تەبرێزی ناردووە بۆ لە ناوبردنی ئاشوبەکە، سەرکردەی ئەم هێزانە دراوەتە (حشمت دەولە میر حەمزە میرزا[2])، کە ئەمڕۆ لە پایتەخت دەرچووە بەرەو تەبرێز ڕۆیشتووە، ژمارەی سەربازەکانی دەگاتە ١٢٠٠٠ لەگەڵ کەتیبەیەکی تۆپهاوێژ.

باڵیۆزی ئێرانی پەیوەندی کردووە بە دەسەڵاتدارانی (وان) و داوای کردووە لە دەسەڵاتدارانی تورك هاوکاری بکەن لەگەڵ هێزە ئێرانیەکان، ڕێگە بگرن لە چوونە ناوەوەی ئاژاوە گێڕانی کورد بۆ ناو خاکی تورکیا، لە کاتی هەڵاتنیان.

واژوو ڕونالد. ف. تامسون

## بەڵگەنامەی (٣٣)

**ژمارە ١١**

**لە مستەر تامسونەوە بۆ ئێریل کرانفیل**

---

کورد. ئەرکی ئیلیخانی کورد بریتی بوو لە ڕێکخستنی کارەکانی ناوچەکە و کۆکردنەوەی باجی ساڵانە و خاوەنی دەسەڵاتێکی زۆر بوو، بڕوانە: (مجتبا بورزوبی - سەرچاوەی پێشوو، لا ١٢٠).

(١) مرکە یان مراوغە: شارۆچکەیەکە دەکەوێتە خۆرهەڵاتی شاری تەبرێز و سەر ڕێگاکەی.

(٢) یەکێك لە مامەکانی ناسرەددین شا، لە ڕێگادا مرد، پێش ئەوەی بەشداری جەنگەکە بکات. شا بە سەرکردەی کشتی (سوپاسالار) یان سەرۆك ئەرکانی داناوە.

تاران ١١ ئۆکتۆبەری ١٨٨٠

گەورەم

ئەمڕۆ بەیانی شا نامەیەکی بۆ ناردووم، تیایدا دەردەکەوێ حەز بە بینینی من دەکات، بۆیە ڕاستەوخۆ ڕۆیشتم بۆ کۆشك. شا قسەی کرد لەبارەی بزوتنەوەی کورد لە ئازربایجان و مەندەهۆشی خۆی لەبارەی بابەتەکە دەربڕی، وتی: وێنای ئەوەم نەدەکرد ئەو کوردانەی لە خۆرئاوای شانشینەکە نیشتەجێن و هەردەم پاسەوانی سنووری خۆرئاوای ئێرانن، ئەوە بکەن کە کردیان. کورد هەردەم خاوەن شارستنیەتن، لە ڕاستیدا وێنای ئەوەم نەدەکرد کە کورد ڕۆژێك دێت وەك تورکمانەکانیان لێدێ لەخۆرهەڵات.

هەستم کرد شا تەواو شڵەژاوە لەگەڵ ئەم کێشەیە. داوای لێکردم ئەوەندەی لە توانامدابێ، پەلە بکەم و لە ڕێگەی حکومەتی پایەبەرزەوە و باڵیۆزی بەریتانیا لە ئەستەنبۆڵ کەشەکە بسازێنین بۆ گرێدانی هاریکاری لە نێوان تاران و بابولعالی، بۆ گرتنەبەری هەڵوێستێکی هاوبەش سەبارەت بە لەناوبردنی بزوتنەوەی کوردی.

شا پێشنیازی کرد حکومەتی بابولعالی هێزی سەربازی بەکاربهێنێ، یان هەر ئامرازێکی تر کە پێی گونجاوە، بۆ چۆکدانان بە شێخ عوبەیدوڵڵا و کوڕەکەی شێخ عەبدولقادر و پاشگەزیان بکاتەوە لە دژایەتی کردنی ئێران.

شا پێشنیازی کرد بابولعالی بە تەواوی زاڵبێ بەسەر سنووری دوو دەوڵەتەکە، تا ڕێگری بکات لە هەڵاتنی کوردانی گێرەشێوێن بۆ تورکیا، لە کاتی دەستپێکردنی هێرشی ئێرانی. بە تێڕوانینی ئەو دەبێ ئەم ڕێوشوێنانە بە پەلە بگیرێنەبەر و ئاسایش بۆ ناوچە نا سەقامگیرەکان بگێڕدرێتەوە، چونکە دەکرێ ڕوسیا بجوڵێ و

پێشبکەوێ بە پاساوی ئەوەی ئێران توانای پاراستنی ئاسایشی نییە لە ئازربایجان. شا پێی وایە دەستەوەردانی ڕوسیا بە هەر شێوەیەك، ئەو گورزی کاریگەر دەبێ بۆ هەر دەوڵەتی ئێران و تورکیا.

لە کاتی وەڵامدانەوەمدا بە شام وت، ئەوەی جەنابتان فەرمووتان بە پەلە بۆتانی دەنێرم، بەڵام جەختم لەوە کردەوە کە بابولعالی بەهۆی چەندین هۆکار ناتوانێ بە توندی شێخ بخاتە ژێر فشارەوە، هەر بۆیە نابێ ئومێدی زۆر مەزن لەسەر کاردانەوەکانی ئەستەنبۆڵ هەڵبەسترێن.

شا بەهەمان شێوە ڕوونی کردەوە کە کورد نەچوونەتە ناو مراوغە، بەڵکو چەند گوندێکی دەوروبەریان داگیر کردووە، ئینجا بەرەو باشور کشاونەتەوە.

لەبارەی چەندین هێزی چەکدار ناو ئازربایجانەوە، شا وتی: سێ بەتالیۆن لە ئازربایجان جێگیرن، پێنج فەوجی تیر ڕەوانە کراون، گشت ئەو هێزانەی لە تاران و گشت ناوچەکانی وڵات بۆ ئەوێ ڕەوانە کراون دەگاتە ١٠٠٠٠ کەس، کەتیبەیەکی تۆپهاوێژیش لەوێ و شەش تۆپی پێدراوە.

ئەو هەواڵانەی پێمان گەیشتوون ئەوەیە ژمارەی کوردەکان دەگاتە ١٥٠٠٠ کەس، لە کاتێکدا حکومەتی ئێران ئەندازەی ژمارەی ئەوانی بە ٧٠٠٠ کەس کردووە.

پێشبینی دەکرێ (حاجی میرزا حوسێن) وەزیری پێشووی دەرەوە، بەرەنگاریان ببێتەوە، کە دەسەڵاتدارانی تەبرێز تەنگوچەڵەمەی زۆریان بینی لە لەناوبردنی بزوتنەوەی کورد بەهۆی ناڕەزاییە فراوانەکانی دژی ناوبراو.

واژوو رونالد. ف. تامسون

## بەڵگەنامەی (٣٤)

**هاوپێچی ١ ژمارە ٦٠**

**نامەیەك لە سەعید میرزا خانەوە[١]**

**تاران ١١ ئۆكتۆبەر ١٨٨٠**

**وەرگێڕدراو**

**هەروەك دەزانن، نوێنەرە هێژاكانی زلهێزان لە كۆشكی ئێراندا، هەندێك كوردی دڕندە وەك عەبدولقادر و كوڕانی شێخ عوبەیدوڵڵا و هەمزە ئاغای ناودار بە كارە گێرەشێوێنەكانی، دەستدرێژیان كردۆتە سەر شار و گوندە سنووریەكان و مەهاباد و مراغە و ڕژێمەكەیان لەوێ تێكداوە.**

**حكومەتی ئێرانی پێی وایە ئەركی خۆیەتی و وەك بەرگریش لە ڕێزی مرۆڤایەتی و پاراستنی سنوورەكانی ئێران و شكۆ و پایەكەی ئەم بزوتنەوە وەحشیگەرییە بە خێراترین شێوە لەناو ببات[٢]. سەرباری ڕەوانەكردنی هێزی پیادە و ئەسپسوار لە تەبرێزەوە بە سەركردایەتی سەركردەی بەڕێزی پاسەوانی شاهانشا**

---

(١) وەزیری دەرەوەی حكومەتی قاچاری بوو.

(٢) بەڵگەنامەكانی داهاتوو، ئەو لایەنە دەردەخات كە بە وەحشیگەرانە هەڵسوكەوتی كردووە، تەنانەت تا ئاستێك دیبلۆماسییە بەریتانیەكان نەیانتوانی نكۆڵی بكەن لە ڤێزەونی تاوانی قاچارییە هاوپەیمانەكانیان. وەزیری دەرەوەی قاچاری داندەنێ بەوەی وڵاتەكەی كار دەكات لەسەر ڕیشەكێش كردنی كورد، ئەمە تاوانێكی ڤڕكردنی بەكۆمەڵە لە چەمكە نوێیەكانی سەردەمدا، بە پێشكەوتن و تێپەڕینی كات ناسڕدرێنەوە.

(حیشمەت دەولە)، فەرمانەکان بۆ گشت هێزەکان ڕوون کراونەتەوە، بۆ هێرش کردنە سەر کوردستان و ڕیشەکێش کردنی کورد.

پێم وابێ ڕەوانە کردنی ئەم نامەیە پێویستە بۆ نوێنەرانی زلهێزە مەزنە ڕێزدارەکان، بۆ بەرچاوڕۆشنی. ڕاست نییە ڕەخنە بگیرێ لە ڕەوانەکرانی هێز لەلایەن حکومەتی ئێرانەوە بۆ کوردستان، چونکە کوردە دڕندە و ڕێگر و دزەکان دەیانەوێ سەقامگیری بشێوێنن، تاڵان و دزی و کوشتن و کوشتار ڕوودات، شایستەی بەرگری لێکردن و میهرەبانی نین. لە بەرامبەردا پاراستنی ئاسایشی وڵات و سنوور بە جوڵەی سەربازی خێرا دژی دوژمنان پێویستە.

بۆ حکومەتە پایەبەرزەکان و زلهێزەکان واباشترە پاڵپشتی ئێران بکەن بەشێوەی مەعنەوی بۆ گێڕانەوەی سەقامگیری بۆ سنوور.

## بەڵگەنامەی (٣٥)

**هاوپێچی ٢ بەڵگەنامەی ٦٠**

**نامەی وەزارەتی دەرەوەی ئێران**

ئەو بروسکانەی لە حکومەتی ئازربایجانەوە هاتوون، هەندێك ڕاپۆرتیان تێدایە سەبارەت بە لەناوبردنی بزوتنەوەی کورد لەسەر سنوور لەلایەن ئەو لەشکرەی ناونراوە بە (لەشکری ژەنەڕاڵ)، لە مراوغەش چەند هەواڵێك هاتوون کە هەر بە گەیشتنی ئەم لەشکرە ئاشوبەکە کپ بووەتەوە.

نامەیەکی تر لە (بناب) هاتووە ئەوە دەگەیەنێ (هەمزە ئاغا) و گشت یاخیبوان لە (میاندواب) کشاونەتەوە و بەرەو سنوور هەڵاتوون. بە چاودێری کردنی یاخیبوان و لەناوبردنیان، پێشبینی گەڕانەوەی سەقامگیری بۆ ناوچەکە دەکرێ.

ئەو ڕاپۆرتەی لە تەبرێزەوە هاتووە سەرنجڕاکێشە. شا فەرمانی بە (ئیعتماد سەلتەنە) کردووە، ئامادەکاریەکان بکات بە خێرایی، زەخیرە بۆ ناوچەکە بنێرێ بۆ پشتیوانی کردن لە لەشکری (کیروس).

بەدرێژایی نۆ ڕۆژی ڕابردوو ٢٠٠ باری چەك و ١٥٠ بار پارچەی تۆپ و ئامرازەکانی تر ڕەوانەی ناوچەکە کراون. لە دوو لاوە تۆپم بۆ (ئیقبال دەولە) ڕەوانە کردوون.

بروسکەیەکی تر ئاماژە دەکات بە گەیشتنی ئەو کەرستە سەربازیانەی ڕەوانەکراون بە شوێنەکانیان.

(ئیعتماد سەلتەنە) هێزەکانی خۆی تێکەڵ کردووە لەگەڵ هێزەکانی (نەقیب ئاغا خان)، هەر دوو سەرکردە هیوادارن ئامادەکاری بکەن بۆ جوڵان لە (بناب)ەوە بەرەو مەهاباد لە ماوە دوو ڕۆژدا. خاڵی چاودێر و ئاسایش دانراون، هەر لە تەبرێزەوە تا بناب.

لە ڕۆژانی داهاتوودا چەند ڕاپۆرتێکی تر دێن.

## بەڵگەنامەی (٣٦)

**هاوپێچی ٤ ژمارە ٦٠**

**نامەیەك لە سكرتێری كونسڵی گشتی بەریتانیەوە لە تەبرێز**

**تەبرێز ١٢ ئۆكتۆبەر ١٨٨٠**

**وەرگێڕدراو**

**شێخ عوبەیدوڵڵا و ژمارەیەكی زۆر لە شوێنكەوتووانی نزیكبوونەتەوە لە شاری ئورمیەوە، شێخ بە دووری سێ فەرسخ لە شارسەربازگەیەكی مەزنی داناوە. هێشتا (ئیعتماد سەلتەنە) كە (عەقید ئاقا) و (ژەنەڕاڵ حەسەن عەلی خان[1]) یاوەری ئەون،**

---

(١) پێمان وابوو (حەسەن عەلی خان) ئەم پیلانگێڕیەی داناوە، بۆ كوشتنی هەمزە ئاغا، بەلەبەرچاوگرتنی ئەو ڕۆڵە مەزنەی گێڕا لە زاڵبوون بەسەر بزوتنەوەكە و ڕووداوەكانی لێكترازانی سەرۆك هۆزەكان و جەنگ كردن لەگەڵ یەكتری، بەهۆی ئەم كارە قێزەونەی و شكاندنی بەڵێنەكەی لەگەڵ هەمزە ئاغا و پیلاندانانی كوشتنی، شایەنی ناسینە. حەسەن عەلی خان كوڕی محەممەد سادق خانی كوڕی نەجەفی قلی خان كروسییە، سەر بە هۆزێكی كوردیە، لە (بیجار كروس) لە ساڵی ١٨٢١ز لە دایكبووە، بە دڵسۆزی بۆ ماوە ٦٤ خزمەتی دەوڵەتی قاچاری كردووە. لە تەمەنی گەنجێتیەكەیدا گوللەی لە باوكی داوە و كوشتوویەتی، لەبەر ئەوەی (محەممەد سادق خان دەیویست پەیوەندی لەگەڵ ژنی كوڕەكەی گرێبدات حەسەن عەلی خان، ژنەكە باسەكەی بە مێردی خۆی گەیاندووە، سكاڵای لەلا كرد لەسەر باوكی، بەڵام حەسەن عەلی خان باوەڕی پێ نەكرد و بایەخی پێنەدا، تا ڕۆژێك ڕوداوێك ڕوویدا و حەسەن عەلی خان لەمە دڵنیابووەوە، كە سكاڵای هاوژینەكەی ڕاستە، كاتێك محەممەد سادق بەلای ماڵەكەیدا دەڕۆیشت، حەسەن خان لە پشتەوە و لە ژوورێكی ماڵەوە گوللەی تێگرت، بە یەك گوللە كوشتی). لە بابا مروخ روحانی - مێژووی ناودارانی كورد بە زمانی فارسی - بەرگی سێیەم - سروش - تاران وەرگێراوە، تاران ١٣٨٢ كۆچی هەتاویی، لا ٤٣٨، لە شوێنی باوكیدا بووە سەرۆكی هۆز، بووە باڵیۆزی ئێران لە لەندەن و پاریس و ئەستەنبوڵ و دواتر بۆ كاروباری (فوائد) و كاربەدەستی (كروس) و لە هەمان كاتدا وەزیریش بوو، كاتێك جەنگی (بناب) ڕوویدا، لەگەڵ فەوجی (كروس)

ڕۆیشته پاڵ هێززه ئێرانیەکان. دوای کشانەوەی هێزەکان وەك کاربەدەستی مەهاباد و دواتر وەك سەرکردەی لەشکری ئازربایجان دانرا و نازناوی ئەمیر نیزامی پێبەخشرا.

حەسەن عەلی خان ئەدیب و شاعیر بووە، ژمارەیەك دانراوی داناوە، دیوانەکانی شاعیرانی فارسی لەسەر ئەرکی خۆی لە چاپداوە، بەهەمان شێوە خۆشنووسێکی بلیمەت بوو، پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆی لەگەڵ شا هەبوو و ڕاستەوخۆ ڕاپۆرتی بۆ ئەو بەرز دەکردەوە. دوای بزوتنەوەی ١٨٨٠ شا ڕایسپارد هەمزە ئاغا لەناوببات، ئەویش بەرنامەیەکی دانا بۆ ڕووخاندنی بناغەی گشت بزوتنەوەیەکی تازە، تۆڕێکی هەواڵگری دامەزراند، هی ئەو بوو و بەپێی دانپێدانی خۆی، چەند بنکەیەکی لە ڕواندز و هەولێر و سلێمانی دانا، ئەرکیان بریتی بوو لە بەرزکردنەوەی ڕاپۆرت لەبارەی چالاکییەکانی شێخ عوبەیدوڵڵا و هەمزە ئاغا، زۆر لە هەمزە ئاغا دەترسا، سەرباری ئەوەی کەسێکی سەربازی زیرەك بوو، بەشداری دەیان جەنگی کردووە، زۆر بوێری و چاونەترسی تێیاندا نواندووە، بەدرێژایی ئەو ماوەی لە مەهاباد بوو، خۆی دوور دەگرت لەوەی لە ڕووی سەربازیەوە بەیەکدانان لەگەڵ هەمزە ئاغا دروست ببێ، پاساوی دەهێنایەوە بۆ خۆدوورگرتن لەو شوێنانەی هەمزە ئاغای لێبوو، ڕۆژ دوای ڕۆژ ئەم شوێنانەی دەناسی، بەڵام بوێری نەدەکرد خۆی لێبدات، ئەو ترسەی تووشی ژەنەراڵ حەسەن عەلی حان دەبوو تەنها بە بیستنی ناوی هەمزە ئاغا، ڕوون دەبێتەوە لە خۆشاردنەوەی لە ژێر زەویدا، لە کاتی هاتنی هەمزە ئاغا بۆ سابلاخ، لەگەڵ ئەوەی بە لەشکرێکی تەواو دەورە درابوو. عاشقی جوانی و موڵکداری زەوی بوو بە هەر هۆیەك لە هۆیەکان، وا دەردەکەوێ هاتنی ئەو لەگەڵ فەوجی (کروس) بە خۆبەخشی بۆ بەرەی جەنگ لە (بناب) مەبەست لێی کۆکردنەوەی سامانی زیاتر بووە. حەسەن عەلی خان لە نامەیەکیدا بۆ شا دەڵێت: ئەو زانیاریانەی هاتوون ئەوە دەگەیەنن هەمزە ئاغا لە ناوچەکە ناوی (سویسنە)یە و دەوترێ: (سویسنە دەکەوێتی سەر سنووری دەوڵەتی پایەبەرز و بە (پشدەر)ەوە لکاوە لەسەر خاکی عوسمانی، همزە ئاغا لەگەڵ چوار لە کوڕە برازاکانی و عەزیز فەتاح و براکەی و ئەمین قادر ئاغا و فەتحوڵڵای کوڕی مەزهەری دەوڵەت و ٦٠ - ٧٠ کەسی لەگەڵدایە. هۆزی هەمزە ئاغا و خێزان و منداڵەکانی لەگەڵ کوڕەکەی بابیر ئاغا لە (سەید ئەحمەدان) دادەنیشن، کە دەکەوێتە دوای پشدەر لە خاکی عوسمانیدا، وا بۆمان دەرکەوتووە کە قائمقامی ڕانیە کە سەر بە سەنجەقی (کۆیە)یە یارمەتی پێشکەشی هەمزە ئاغا و هۆزەکەی دەکات، بەتایبەت ڕێز لێنانێکی ناردووە بۆ کوڕەکەی هەمزە ئاغا باپیر ئاغا، بۆ زانیاری جەنابتان و بە مەبەستی ڕیشەکێشکردنی ئەم خراپەکارانە، لەلایەك قادر ئاغا و میرزا قاسمی قازیم ڕاسپاردووە، کە پەیوەندیان لەگەڵ هەمزە ئاغا هەیە، پەیوەندی لەگەڵ بگرن و دڵنیای بکەنەوە و لەگەڵم کۆببێتەوە، بەڵکو قەناعەت بە بەڵێنەکانمان بکات و بیهێننە لامان. لەلایەکی ترەوە کار دەکەم لەسەر جێبەجێکردنی ئەو پلانەی کە سوپاسالار ناردوویەتی، بەم وێنەیەی و بە یارمەتی سەلیم خان جاردولی کاردەکەم لەسەر ئەوەی محەممەد ئاغا مامش و ئۆسمان خان کروك

له مراوغەن. ئەو کوردانەی هێرشیان بۆ سەر (دواب) کردووە، کە شەش فەرسەخ لە (بواب)ەوە دوورن، پاشەکشێیان کردووە.

## بەڵگەنامەی (٣٧)

ژمارە ١٢

له عاسم پاشاوه بۆ موسوروس بەگ[1]

(له بەرواری ١٥ ئۆکتۆبەر، لەلایەن موسوروس بەگەوە بۆ ئێریل کرانفیلەو نێردراوە)

ئەستەنبۆڵ ١٤ ئۆکتۆبەری ١٨٨٠

بابولعالی هەواڵیداوە کوڕی شێخ عوبەیدوڵڵا، کە پەنای بردۆتە بەر ئێران پێش چەند ساڵێك، خۆی ئامادە کردووە بۆ هێرشکردنە سەر خاکی عوسمانی، حکومەتی بەریتانیا کە دوودڵە لە هەمبەر سەقامگیری خەڵکی ناوچەکە، هێزەکانی ناردووە بۆ ناوچەکانی خۆرهەڵات، بۆ پاراستنی وڵات.

---

یارمەتیدەر بن بۆ کارکردن بۆ کوشتنی و بە هەر شێوەیەك بێ یان دەستگیر کردنی. من لەگەڵ ئەوەدام کە یەکێك لە پلانەکان لە کۆتاییدا سەردەگرێ و سەردەکەوێ)). وەرگیراوە لە حەسەن عەلی خان - نامە و ڕاپۆرتەکان - وەرگێڕانی بۆ کوردی محەممەد حەمە باقی - بڵاوکراوەکای - کۆڕبەندی زانستی کوردستان - هەولێر ٢٠٠٧، لا ٥٣ - ٥٤. هەر لەم سەرچاوەیەدا چەندین ڕاپۆرتی سیخوڕی حەسەن عەلی خان هەن.

(١) وەزیری دەرەوەی حکومەتی قاچاری بوو.

وا پێم باشتربو ئەو ڕاپۆرتانە ڕەوانە بکەم بۆ ئێوە، کە تایبەتن بەو ڕووداوانەی ڕوودەدەن، تا ئاگاداربن بە ڕێڕەوی ئەو ڕووداوانەی ڕوودەدەن.

## بەڵگەنامەی (٣٨)

ژمارە ١٣

له ئێریل کرانفیلەوە بۆ مستەر تامسون

وەزارەتی دەرەوە ١٦ ئۆکتۆبەری ١٨٨٠

بریکاری باڵیۆزخانە لێرە ئەوە ڕادەگەیەنێ کە بابولعالی ئاگاداری مەبەستەکانی شێخ عوبەیدوڵڵایە لە هێرشکردنە سەر خاکی تورکیا، لە ڕێگەی ئێرانەوە، ڕێوشوێنی پێویست گیراونەتەبەر بۆ بەرەنگاربوونەوەی.

واژوو کرانفیل

## بەڵگەنامەی (٣٨)

ژمارە ٥٩

لە مستەر تامسونەوە بۆ ئێریل کرانفیل

تاران ١٧ ئۆکتۆبەری ١٨٨٠

گەورەم

- به گەڕانەوە بۆ ئەو پەیامەی ١١ ئۆکتۆبەر نێردراوە (پەیامی ژمارە ١١ - وەگێڕدراوی فارسی) شەرەفەند دەبم پێتان ڕابگەیەنم، من لە باڵیۆزی تورکیەوە گوێبیست بوومە بروسکەیەکی لە (سام پاشا)وە بۆ هاتووە، سەرکردەی لەشکری عوسمانی لە وان، ئەوە بەدەستەوە دەدات کە گشت هێڵەکانی پەیوەندی کردنی کوردی بڕدراون. هەروەك بروسکەکە باسی ئەوەش دەکات پێشبینی دەکرێ ژمارەیەکی زیاتر کورد لە ئێران بچێتە پاڵ ڕاپەڕینەکە، بەڵام ڕاپەڕینێکی گشتی نەبوو، کاتێك (فەخری بەگ) شای ئاگادار کردەوە لەم بروسکەیە، داوای لێکرا فەرمان دەربکات بۆ (ئیعتماد دەولە پاشا خان) بۆ ئەوەی پەیوەندی بەردەوامیان هەبێ لەگەڵ (سامح پاشا) بەمەبەستی هەماهەنگی زیاتر و گرتنەبەری ڕێوشوێنی هاوبەش دژی کورد.

باڵیۆزی تورکی کەمتەرخەمی ڕووبەڕوو بوونەوەی بزوتنەوەکە دەخاتە ئەستۆی ئێران، ئێرانیش پێی وایە هۆکاری بزوتنەوەی کورد و پەنابردنیان بۆ نێو خاکی ئێرانی، بریتییە لە سیاسەتی (خاوێنکردنەوەی ناوچە سنورییەکان) لەلایەن تورکیاوە.

بێگومان بۆ هەر دوو دەوڵەت لە جیاتی یەکتر تۆمەتبارکردن، واباشترە گفتوگۆی بەرایی ئەنجام بدەین بۆ بەستنی پەیماننامەی نێوان تورکیا و ئێران و گرتنەبەری ڕێوشوێنی پێویست دژی دوژمنی هاوبەش. بەڵام پێم وابێ ئەم گریمانەیە لاوازە.

واژوو روناد. ف. تامسون

## بەڵگەنامەی (٤٠)

**ژمارە ١٥**

**لە ئیریل کرانفیلەوە بۆ مستەر کوشن**

**وەزارەتی دەرەوە ١٩ ئۆکتۆبەر ١٨٨٠**

**بە ئاماژەدان بە نامەی ١ تەمووز، نامەی وەزیری ڕاسپێردراوی حکومەتی پایەبەرز لە تاران بۆتان ڕەوانە دەکەم، کە دەقی گفتوگۆکانی لەگەڵ وەزیری دەرەوە ئێران لەخۆ دەگرێ، لەبارەی ئەو کوردانەی لەسەر سنووری نێوان تورکیا و ئێران نیشتەجێن.**

**لە نامەی تامسونەوە دەردەکەوێ وەزیری ڕاسپێردراوی عوسمانی لە تاران دەردەکەوێ، هیچ پێشکەوتنێك بەدی نەکراوە بۆ قەناعەت کردن بە وڵاتەکەی بۆ گرێدانی پەیماننامەیەك بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد. داوا لە بەڕێزتان دەکەین تەواوی هەوڵە دیبلۆماسییەکانتان لای بابولعالی بخەنەگەڕ، بۆ ئەوەی بایەخی پێویست بەم بابەتە بدرێت.**

**واژوو کرانفیل**

## بەڵگەنامە (٤١)

هاوپێچ ١ ژمارە ٥٤

لە کاپیتان کلایتونەوە بۆ میجەر تروتر

وان ١٩ ئۆکتۆبەر ١٨٨٠

وا پێدەچێ هۆزە کوردییەکان، بە سەرکردایەتی شێخ عوبەیدوڵڵا سورین لەسەر هاتنە ناو خاکی ئێرانی.

دوێنێ کاربەدەست بروسکەیەکی پیشاندام کە لە تارانەوە نێردراوە (هۆز کوردییەکان دەچنە پاڵ هێزەکانی شێخ)، حکومەتی ئێرانی لەلای خۆیەوە هێز بۆ ناوچەکە دەنێرێت، بەڵام ئەم هێزانە ناتوانن بەرەنگاری کورد ببنەوە. دەسەڵاتدارە کوردییەکان ڕۆژانە نوێنەری خۆیان بۆ لای شێخ دەنێرن بۆ ڕازی کردنی بە هێرش نەکردنە سەر ئێران، بەڵام شێخ وەڵامی داواکانیان ناداتەوە.

هەروەها قسە لەگەڵ کاربەدەست و قائمقامی (هەکاری) کراوە، بۆ ڕێگەگرتن لەوەی هۆزەکانی ناوچەکە بچنە پاڵ شێخ. بەڵام واپێدەچێ ئەو توانایەیان نییە بۆ کارێکی ئاوا سەخت. بەهەمان شێوە (پۆلە) سەربازیەکانمان لە پێنجەوە بۆ هەشت زیاد بکەین، بۆ ئەوەی بتوانین چاودێری بارودۆخەکە بکەین لە دوورەوە، ژمارەیەك (پۆل)یش بۆ باش قەلعە دەنێرین وەك هێزێکی ئیحتیات بۆ کاتی پێویست. سەرکردەی ناوچەی موش (موسا پاشا) بە کرداری لە (وان) بوو، ئێستا ئامادەکاری دەکات بۆ ڕۆیشتنە ناوچەی هەکاری.

بزوتنەوەی کورد جددی و مەترسیدارە، دەبێ بەدووری نەبینین کە لە هەکاریش چالاکی بکات.

لە کاتێکدا ئاسایشی ناوچەکە ڕووبەڕووی هەڕەشە بووەتە، ناتوانرێ هیچ بکرێت، هێزە سەربازیەکان، بەهۆی لەدەستدانی زەخیرە و ئامادەکاریەکان ناتوانن کاری خۆیان بکەن، داواکردنی سامان لە ئەستەنبۆڵ تەنها گاڵتەیە، وڵات لە قەیرانێکی ڕاستەقینەدایە. تاکە هیوا بریتییە لە گریمانەی بەفربارین لە ماوەی مانگێکدا، ئەمەش جوڵەکانی کورد دوادەخات و سست دەکات.

واژوو ئیمیلیاس کلایتۆن

## بەڵگەنامەی (٤٢)

هاوپێچی ٢ ژمارە ٥٤

لە کاپیتان کلایتونەوە بۆ میجەر تروتر

وان ئۆکتۆبەر ١٨٨٠

زانیاری وردترم لەسەر کورد دەستکەوتووە. لە سەرەتادا دەبێ بزانم کە هۆزەکانی دەوروبەری مەهاباد و دەریاچەی ئورمییە:

هۆزی موکری لە ٢٠٠٠ خێزان پێکدێن، دەکەوێتە خۆرهەڵاتی مەهاباد. هۆزی (موکوری) لە ٥٠٠٠ خێزان پێکهاتوون، لە باشوری هۆزی (موکری) نیشتەجێن.

لە باشوردا (مامش) نیشتەجێیە، کە ٢٠٠٠ خێزان پێکهاتوون.

(زرزا) ١٠٠٠ خێزانن، لە باکوری خۆرئاوا و نزیك ئەشنویە نیشتەجێن.

(قرە باباغ) ٣٠٠٠ خێزانن، لە باکوری مەهاباد و دەریاچەی ئورمییە نیشتەجێن.

چوار هۆزەکەی سەرەتا کوردین و (قرە باباغ) ئێرانی شیعەن.

کاتێك سەرکردەی کوردی جەنگاوەر (هەمزە) لە مەهاباد دەرچوو، ڕۆیشتە لای (موکریان) دواتر بە پۆلێك کەسایەتی ئەم هۆزەوە ڕۆیشتە لای سەرکردەکانی (مامش) گفتوگۆی لەگەڵ کردن.

شتێکی ڕوونە ئەو هەڵسوکەوتە نا مرۆییانەی لەگەڵ کورد دەکرێ، لەلایەن حوکمڕانانی ئێران، دەبێتە هۆی نارەزایەتی، ئەم هەڵسوکەوتە، سەرکردەکانی (مامش)یشیان جوڵاند، بۆ ڕۆیشتنە پاڵ دژبەرانی حکومەتی ئێرانی.

دوای ئەمە هەمزە ئاغا ڕۆیشتە ئەشنویە، بۆ ئەوەی (عەبدوڵا خان) بانگ بکات بۆ یارمەتیدان، (خوشکی عەبدوڵاخان)ی سەرۆك هۆزی (زرزا) هاوژینی شێخ عوبەیدوڵڵایە.

کەمێك پێشتر (عەبدوڵڵا خان) ڕووبەڕووی ڕەفتاری ناشیاو بووەوە، لەلایەن حوکمڕانە ئێرانیەکانەوە لە ئورمییە. کاربەدەستی ئورمییە بە پاساوێك ئەوی هێنایە ئورمییە، ئینجا دەستگیری کرد و زۆر لێیدا، دوای وەرگرتنی باج و سامانێکی زۆر ئازاد کرا, (عەبدوڵڵا خان) ڕۆیشتە لای شێخ عەبدولقادری کوڕی شێخ عوبەیدوڵڵا و چووە پاڵ هێزەکەی.

لە سەرەتادا جەنگاوەرانی کورد بەرەو مەهاباد جوڵان، لەسەر ڕێگەیان بەرەو مهاباد (قرە باباخ) بێ خوێن ڕشتن خۆیان بەدەستەوەدا، دواتر بانگی هۆزی

(موکریان)ی کرد، لەگەڵ ئەوەی ئەم هاوکاری کردنە خۆویستانە نەبوو، هێزە یاخیبووەکانی مەهابادیان داگیر کرد. لە سەرەتادا کاربەدەستی خوێنرێژی شارەکە لە بازنەیەکی بەرتەسکدا گەمارۆدرا، بەڵام سەرۆکی (موکری) و بە مەرجی ڕادەستکردنی چەك و کەرستەکان ڕێگەی پێدا بچێتە دەرەوە.

مەهاباد بە تەواوی کەوتە دەست شێخ بێ تەقاندنی یەك گوللە.

هۆزەکانی باکور و باکوری خۆرهەڵات و تەنانەت هۆزەکانی بانە و سەقزیش یاوەری شێخ عەبدولقادرن، وەك حکومەتێکی پێکهێناوە کە تا ڕووباری (تاتاو) درێژ بووەتەوە. دەوترێت ٢٠٠٠٠ هەزار کەسی لەگەڵ بووە، لەوانەیە لەم ژمارەدا زیادەڕەوی کرابێ.

هەمزە ئاغا بانگی خەڵکی (مرحمتراد) کرد بۆ هاوکاری کردن لەگەڵی، بەڵام بەهۆی ڕازی نەبوونی ئەم هۆزە، هێرشی کرایەسەر و ٢٠٠ خێزان لە کۆی ١٠٠٠ خێزان تاڵان کران.

دەوترێت (عەبدولقادر) سەربازگەی داناوە لە نێوان (مرحمتراد) و (مراغە) و ژماریەك تۆپ و ئەسپسواری لەگەڵدایە.

ئێرانیەکان هەوڵی زۆر مەزنیان داوە بۆ بەرەنگاربوونەوەی بزوتنەوەی کورد. سێ کۆمەڵە پێکهێنراون، دوانیان کەوتوونەتە ڕووبەڕوو بوونەوەی ڕاستەوخۆ لەگەڵ (شێخ عەبدولقادر) و سێیەمیان بەرەو خۆرئاوای دەریاچەی ئورمییە جوڵاوە، بۆ ڕێگەگرتن لە پاشەکشەیان. لە خۆرئاوا جەنگێکی سەخت ڕوویدا.

دەوترێ هەر دوو لەشکری کوردی بەشداری جەنگەکەن. یەکەمیان بەسەرکردایەتی کوڕی مەزنی شێخ لە نزیك (مەرگەوەر) بۆ یارمەتیدانی (شێخ عەبدولقادر) و دووەمیان بە سەرکردایەتی (خەلیفە سەعید) و لەو خاڵە وەستاوە کە دەکەوێتە نێوان (گەوەر) و ئورمییە).

خەلیفە سەعید لە نێوان کوردا دێت و دەچێت، بانگەشەی ئەوە دەکات تورك پاڵپشتی ڕاپەڕینەکە دەکەن و چەك و کەرستە بۆیان دەنێرن. خەلیفە سەعید دەڵێت کاتی ئەوە هاتووە (عەلی خان) گشت ئەو سامانانەی دەستی بەسەردا گرتووە بیگێڕێتەوە.

ژمارەیەکی زۆر لە خەڵك هێزەکانی سەعیدیان جێهێشت، بەڵام دەسەڵاتدارانی تورکی هەڕەشەی لەوانە کردووە کە ناچنە پاڵ ڕاپەڕینەکە.

حکومەتی ئێرانی سەرکۆنەی کاربەدەستی ئورمیەی کرد لەبارەی ئەم ڕووداوانە، بۆیە ئەویش دەستی لە پۆستەکەی کێشایەوە و پەنای بۆ لای شێخ عوبەیدوڵڵا برد. بەم پێیە لە ئورمییە خەڵکیش ڕازیبوونیان بە سیاسەتی شێخ دەربڕی.

هەندێك کەس پێیان وایە ئەو هێزانەی لە ژێر فەرمانی سەعید یان کوڕی گەورەی شێخدان، لە چەند ڕۆژی داهاتوودا (ئورمییە) داگیر دەکەن.

ئەمڕۆ لە پلەدارانی تورکی گوێبیست بووم، شێخ عوبەیدوڵڵا سنووری بڕیوە و بەرەو ئێران هاتووە. بەڵام دەوترێت شێخ وتویەتی هیچ پەیوەندییەکی نییە بەم ڕاپەڕینەوە، یاخیبووان بە پێچەوانەی ویستی ئەو کار دەکەن، پێویستە بە وردی سەیری ئەم پڕوپاگەندەیە بکەن.

هێزە کوردییەکان[1] کە ئامادەسازی بۆ جوڵان دەکەن بەرەو بەرەکانی پشتیوانی بریتین لەمانە:

(گەوەر) دوو پۆلە سەرباز و چوار تۆپ.

(باش قەلعە) یەك پۆلە سەرباز و دوو تۆپ.

(جۆلەمێرگ) یەك پۆلە سەرباز و دوو تۆپ.

(وانە) چوار پۆلە سەرباز و چوار تۆپ.

هەروەك ژمارەیەکی کەم لە ئەسپسوارە پەرتەوازەکان جوڵەیان دەستپێکردووە.

سەرباری ئەو ڕاپۆرتانەی ئاماژە دەکەن بەوەی، دوو پۆلە سەرباز لە (دیاربەکر) و دوو پۆلیش لە (ئەرزبخانە) لە سنووری ئێران نزیك دەبنەوە، سێ پۆلی دیکە لە (ئەرزبخانە) خۆیان بۆ جوڵە ئامادە دەکەن.

قەیرانەکە بەرەو گەرم بوون دەچێ، ئەگەر عەبدولقادر سەرکەوت، ئەوا بارودۆخەکان زۆر مەترسیدار دەبن، ئەگەر ڕاپەڕینەکەش شکستی خوارد، ئەوا بارودۆخەکە بە پلەبەندی چاك دەبێ، چونکە هۆزەکانی (موکری) و (قرە باباغ) بۆ ناوچەکانی خۆیان دەکشێنەوە لە ترسی هێرشی ئەو هۆزانەی دژی ئەوانن.

ئەو زانیاریانەی بەدەستم هێناون، ئاماژە دەکەن بەوەی دەکرێ قەیرانێکی تەواو ڕووبدات، بەڵام ناکرێ ئەو پڕوپاگەندە زۆرانە فەرامۆش بکرێن سەبارەت بەم پرسە، کە پێویستە بە بایەخەوە بەدواداچوونی بۆ بکرێ.

---

(١) لەوانە مەبەستی هێزە تورکییەکان بێ.

واژوو ئیمیلیاس کلایتۆن

## بەڵگەنامەی (٤٣)

ژمارە ١٦

لە مستەر کوشنەوە بۆ ئیرل کرانفیل

١٩ ئۆکتۆبەری ١٨٨٠

بە ئاماژەکردن بەو نامەیەی لە ڕێکەوتی ١٢ ئۆکتۆبەر نێردراوە، خۆشحاڵم وێنەی بروسکەی باڵیۆزی ئێران بخەمەڕوو لەبارەی کوردەوە.

واژوو جوروج. ج. کوشن

هاوپێچی ژمارە ١٦

لە وەزارەتی دەرەوەی ئێرانەوە بۆ باڵیۆزی ئێران لە ئەستەنبۆڵ

دوو لە کوڕانی شێخ عوبەیدوڵڵا لەگەڵ هەمزە ئاغای مەنگوڕ، کە بەوە ناسراون ویستراو نین، ژمارەیەك لە سەرۆك هۆزەکانی تریش، هەڵساون بە داگیرکردنی (لاونج) و (مراغە). هێزی سەربازی بۆ ناوچەکە ڕەوانە کراوە، بۆ لەناوبردنی بزوتنەوەکە. ئەم بزوتنەوەیە هیچ نرخ و بەهایەکی سیاسی نییە، چونکە کورد هیچ ئامانجێکیان

نییە جگە لە دزی و تاڵان[1]. هەر کە هەواڵی گەیشتنی هێزی ئێرانی بڵاوبووەوە، ئاژاوەگێڕان پەنایان بۆ هەڵاتن برد.

## بەڵگەنامەی (٤٦)

ژمارە ٢٢

لە مستەر کوشنەوە بۆ ئیرل گرانفیل

٢٣ ئۆکتۆبەری ١٨٨٠

گەورەم خۆشحاڵم وێنەیەك لە نامەی (میجەر تروتر) بخەمەڕوو، لەبارەی تێڕوانینەکەی بۆ پێکهێنانی ڕێکخراوێکی کوردی، نامەکە لەگەڵ بروسکەکە هاوپێچ کراوە.

واژوو جورج. ج. کوشن

هاوپێچی ژمارە ٢٢

لە میجەر تروترەوە بۆ مستەر کوشن

٢٠ ئۆکتۆبەری ١٨٨٠

---

(١) لە ڕاستیدا کاری دزی و تاڵان هاودەمی زۆربەی بزوتنەوە کوردییەکان بوو، تەنانەت لە سەردەمە هاوچەرخەکانیشدا، ژمارەیەك لە بەشداربووانی بزوتنەوەی کوردی ئەم کارانە ئەوانی دەجوڵاند. هۆکاری سەرەکی ئەوەبوو کە سەرکردە کوردییەکان هەرگیز بیریان نەکردۆتەوە لە ئامادەکردنی لەشکرێکی فەرمی ڕاهێنراو، بەردەوام پشتیان بەستووە بە پشتیوانە نەریتیەکانی نێو هۆزەکان.

داوام له (کاپیتان کلایتۆن) کرد گشت زانیاریەکەم پێبدات، سەبارەت بە پێکهێنانی ڕێکخراوێکی کوردی. بە بیروبۆچوونی من پڕوپاگەندەی پێکهێنانی ڕێکخراوێکی کوردی، دەستکردی حکومەتی تورکیا و هەندێك دەزگای چاپی سەر بە دەزگا فەرمییەکانە. سیاسەتی تورکیا هەمیشە هەوڵ دەدات ڕاجیایی دروست بکات لە نێوان گەلە جیاوازەکان و زاڵبوون بەسەریاندا لەم ڕێگەیەوە. شۆڕشەکانی کوردستان هەمان شێوە تا ئەمڕۆ لەناوبردنیان ئاسان نەبووە، کەچی پوچەڵکراونەتەو لەلایەن کۆمەڵانی تری کوردیەوە، بە فێڵ و تەڵەکەی تورکی لەناوبراون. کورد زۆر کاریگەرن بە پشتگوێخستنی مافەکانیان، کە لە هەمان کاتدا خۆسەری دەدرێتە ئەرمەنەکان، لە زستانی ڕابردوودا سەرکردە کوردەکان لە (وان) بە دوور و درێژی لەبارەی ئەم بابەتە قسەیان لەگەڵ کردووم، لێرەدا گریمانەیەکی بەهێز هەیە ئاگری دوژمنایەتی کورد دژی ئەرمەن و حکومەتی ناوەندی هەڵبگیرسێ، ئەگەر مافەکانی کورد پشتگوێ بخرێن، ڕەزامەندی لەسەر مافەکانی ئەرمەنەکان دراوە، هەنگاوێکی لەم جۆرە تەنها دەبێتە کوشتنی مەسیحییەکان بە گشتی، ئەمەش سیاسەتی بابولعالی حەزی لێیەتی و بە سەرکەوتنێك دایدەنێ بۆ سیاسەتی (پەرتکە، زاڵ دەبی).

بێگومان شێخ عوبەیدوڵلا لە هەر کەسێکی تر دەسەڵاتی زیاترە، هێز و تواناکەی لە هێز و توانا و دەسەڵاتی سوڵتانی عوسمانی زیاترە.

شێخ ئامانجی ڕزگاری کوردە لە دەسەڵاتی عوسمانی، دروستکردنی حکومەتێکە، دەسەڵاتی فراوان بێ بەسەر گشت ڕووبەری نێوان وان و موسڵ، دواتر گرتنەوەی تێکڕای کوردستان، بۆ گەیشتن بەم ئامانجە کار دەکات لەسەر پاراستنی مەسیحییەکان.

شێخ عوبەیدوڵڵا بریتییە لە تاکە سەرکردە کە کوردستان هەیبێ، لەگەڵ ئەوەی چەند هۆزێکی گەورە هەن و سەرکردەکانیان لە دوژمنایەتیکی تووندان لەگەڵ شێخدا. لەگەڵ ئەوەی دەسەڵاتی شێخ فراوان بووە و زۆرترین ناوچەی کوردی لە خۆگرتووە، بەڵام لە میانەی چەند مانگێکی ڕابردوودا، هێزی کێشکردنەکە لە خۆرئاوای کوردستان لە دەستداوە.

لێرەدا چەند گومانێك هەن، هۆکاری ڕۆیشتنی شێخ بۆ ئێران بریتییە لە نارەزایەتییە تووندەکانی کوردی ئێران لە ژێر فشاری حکومەتی ئەو وڵاتە و بەهۆی سازانی کەشەکە بۆ جوڵان دژی ئێران.

شێخ دەیەوێ بارودۆخی کوردستان لە ئێران سەرەتا ڕێك بخاتەوە، دواتر هێرشی یەکجارەکی لە ئێرانەوە بکات، بۆ دەرکردنی هێزەکانی ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانی لە کوردستان.

شێخ عوبەیدوڵڵا بەرامبەر بە خودی خەلیفە وەفادارە، بەڵام بوونی حکومڕانی گەندەڵ لە کوردستان، وای لە شێخ کردووە لە بنەڕەتدا دژی بوونی هێزەکانی ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانیبێ لە کوردستان.

شێخ عوبەیدوڵڵا کوڕی شێخ (زهار[١])ە، لە شێخانی ناوداری ئیسلام، ئەو شێخە لە ساڵی ١٨٤٣ فەتوایدا بە کوشتنی ئاشوریەکان لەلایەن (بەدرخان بەگ) لە بۆتان[٢]. بەڵام شێخ عوبەیدوڵڵا بە پێچەوانەی باوکی و بە سوود بینین لە پێگەکەی، زۆرێك لە مەسیحییەکانی لە مردن ڕزگارکردووە، لە کاتی کۆمەڵکوژیەکەی بایەزید.

---

(١) بەم شێوەیە هاتووە، بەڵام لە ڕاستیدا باوکی شێخ عوبەیدوڵڵا ناوی شێخ تەها یان سەید تەهایە.

(٢) بە بوکتان یان بوختان و بۆتان هاتووە، ئەو ناوەی کە ئێستا نووسراوە.

ئەگەر بابولعالی ژیر بێ، ئەوا ئەمە باشترین هەلە بۆ ئەو بۆ کوشتنی شێخ عوبەیدوڵڵا، جگە لەمە ئەوا دەبێ ئەستەنبۆڵ چاوەڕوانی کێشەکانی ئایندە بکات.

واژوو هنری تروتر

## بەڵگەنامەی (٤٧)

ژمارە ٦٦

لە کونسڵی گشتی ئابوتەوە بۆ ئێریل گرانفیل

تەبرێز ٢٣ ئۆکتۆبەری ١٨٨٠

خۆشحاڵم وێنەیەك لەو سێ نامەیەی بۆ وەزیری ڕاسپێردراوی حکومەتی پایەبەرز لە تاران ناردوومە لەبارەی کوردەوە، بۆتان هاوپێچ بکەم، لەشکری ڕوسی لەسەر سنووری ئاراس[١] کۆبوونەتەوە، سەرلەنوێ چاویان بە شا و شازادەی جێنشین کەوتووە.

بە گەڕانەوە بۆ هاوپێچی ژمارە ٢، لەوەتەی زانیومە ئافرەت و کچە مژدەدەرەکانی ئەمریکی، لەلایەن سەربازانی ئێرانیەوە ڕفێنراون، تا ئەو کاتەی لەلایەن خانەوادەکانیانەوە دۆزرانەوە، لێکۆڵینەوەی وردم ئەنجامدا. مژدەدەرەکان نامەیەکیان نووسیوە، پەردەیان لەسەر بارودۆخی بابەتەکە لاداوە. واژوو ویلیام. ج. ئابوت

---

(١) ڕووباری ئاراس سنووری ئێران و ڕوسیای لەیەکتر جیا دەکردەوە.

## بەڵگەنامەی (٤٨)

ژمارە ١٧

لە مستەر تامسونەوە بۆ ئیریل کرانفیل

تاران ٢٧ ئۆکتۆبەری ١٨٨٠

گەورەم

خۆشحاڵم بە بەڕێزتان ڕابگەیەنم، مستەر ئابوت هەفتەی ڕابردوو لە ئورمیەوە ڕۆیشتووەتە تەبرێز، بەڵام نەیتوانیوە سەردانەکەی تەواو بکات، چونکە کوردە یاخیبووەکان ڕێگەکەیان داخستووە.

نامەیەکم لایە لە مستەر ئابوتەوە، کە بەرواری ٧ ئۆکتۆبەر ڕەوانەکراوە، ئاماژە دەکات بەوەی ناوچەکە ڕووبەڕووی هەڕەشە بوەتەوە لەلایەن دوو کۆمەڵەی کوردیەوە، یەکەمیان بەسەرکردایەتی کوڕانی شێخ عوبەیدوڵڵا، واتە (شێخ سدیق) کە ناوچەی (سنونێ)ی داگیر کردووە، ٢٤ میل لە ئورمیەوە دوورە، دووەمیان بەسەرکردایەتی (شێخ عەبدولقادر) کە پێشکەوتووە تا (مراغە و مەهاباد).

دەوترێت شێخ دوای ئەوەی (میاندواب) داگیر دەکات، بەشمشێر لەگەڵ گشت بەرهەڵستەکانی دەجوڵێتەوە. گشت گوندەکانی دەوری (مراغە)ی تاڵان کردووە، بەڵام بەرەو ئورمییە کشاوەتەوە، دوای ئەوەی هەواڵی هاتنی هێزە ئێرانیەکانی بیستووە، داوای لە خەڵکی شارەکە کردووە بەبێ بەرگری خۆیان بەدەستەوە بدەن.

## بەڵگەنامەی (٤٩)

هاوپێچی ٣ بەڵگەنامەی ٥٤

وان، ٢٧ ئۆکتۆبەری ١٨٨٠

(مالی) پێیڕاگەیاندم، دوێنێ بروسکەیەکی لە ئێرانەوە پێگەیشتووە، لەبارەی جەنگی ئێرانی و کورد، دەڵێت هێزە کوردیەکان شکستیان خواردووە و ٣٠ کەس کوژراون.

شێخ مستەفا کە هاوپەیمانی شێخ عوبەیدوڵڵایە، ٣٠٠ ئەسپسواری لەگەڵە، دانیشتوانی (جیهانگیر ئاقا)ی ناچار کردووە ملکەچی بن.

دەوترێ هەندێك لە ئاشوریەکانی شەمزینان گەیشتوونەتە هێزەکانی شێخ.

ئەو کوردانەی هاتوونەتە وان، دەڵێن شێخ عوبەیدوڵڵا داوای لە گشت خەڵك کردووە دژایەتی حکومەتی ئێرانی بکەن. ئەو پڕوپاگەندەیەی دەڵێ دوای ئێران نۆبەتی تورکیا دێ، ڕۆژ دوای ڕۆژ زیاد دەبێ. پێم وابێ شێخ بەرنامەیەکی فراوانی هەیە بۆ یەکخستنی کورد، پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ بە سەرکردایەتی ئەو. شێخ کار دەکات لەسەر ناچارکردنی ئێرانیەکان بۆ قبوڵکردنی حوکمڕانی ئەو لەسەر کوردستان و دواتر ئامادەکردنی هێز لە دژی تورکیا و ئامادەکاری بۆ پێشەکیەکانی یەکخستنی هەر پارچەی کوردستان.

دوو کاروانی چەکدار کورد لێرەن بەرەو هەکاری دەجوڵێن.

ئەوە بڵاوبووەتەوە کە ڕوسیەکان هێز بۆ پاڵپشتی ئێران دەنێرن. یەکێك لە سەرکردە ئاشوریەکان کە بەم دواییانە لە ڕوسیا گەڕایەوە، دەدوێ لەبارەی کۆبوونەوەی مەزنی سەربازی لە ئیروان.

## بەڵگەنامەی (٥٠)

**هاوپێچی ١ ژمارە ٥٦**

چەند گوڵبژێرێك لە یاداشتانەی ڕۆژنامەی کونسڵی گشتی ئابوتەوە لە ئورمییە لە کاتی هێرشی کورد.

دواى نیوەڕۆی ٢٠ ئۆکتۆبەری چاومکەوت بە (دکتۆر کۆچەران)[1]، نامەیەکی لە شێخ عوبەیدوڵڵاوە پێگەیشتبوو، شێخ دڵنیایی کردبووەوە لە بارەگای خۆی لە چیای (سیر) مەسیحی و ئەوڕوپییەکان لە ناوچەکە لە ئاسایشدان و ڕووبەڕووی هیچ مەترسیەك نابنەوە.

(١) دکتۆر کۆچەران، پزیشك و مژدەدەرێکی ئەمریکی بوو، لەگەڵ شاندێکی مژدەدەرانی مەسیحی لە نزیك ئورمیە کاری دەکرد، چاوی بە شێخ عوبەیدوڵڵا کەوت و گفتوگۆی لەگەڵ کرد و پێی سەرسام بوو و بووە هاوڕێ. شێخ عوبەیدوڵڵا نامەی لەگەڵ دەگۆڕیەوە و ئاگاداری کردەوە لە ئامانجەکانی و داوای لێکرد کونسڵی بەریتانی لە نیازەکانی بزوتنەوەکە ئاگادار بکاتەوە، شێخ بەڵێنی پێدا بە پاراستنی ژیان و سامانی مەسیحییەکان، بەڵێنەکەی بردەسەر. کۆچەران نامەیەکی لە ١ حوزەیرانی ١٨٨٠ نارد بۆ ئەنجومەنی ئیدارەی شاندی مژدەدەرانی مەسیحی، تیایدا باسی شێخی کرد و وتی: ((لە زنجیرەی پلەکانی دەسەڵاتی ئیسلامیدا، شێخ خۆی بە کەسی سێیەم دادەنێت. سەرباری ئەوەی پاشای دونیایی کوردە)). خوشکی کۆچەران هەندێك لە نووسینەکانی کۆکردۆتەوە و ڕۆبرت سبیر لە کتێبەکەیدا (دکتۆرە بیانیەکە) بڵاوی کردۆتەوە، سەرچاوە: جرجیس فەتحوڵڵا، سەرچاوەی پێشوو ٢٠.

ڕۆژی ٢١ ئۆکتۆبەر، شێخ دوو نێردراوی ڕەوانەی لای خەڵکی ئورمییە کرد، داوای لێکردن خۆیان بەدەستەوە بدەن، دوو ڕۆژی بە خەڵکەکەدا، تا بڕیاری خۆیان بدەن.

دکتۆر کۆچەران و (مستەر لابارین) ڕۆیشتنە لای (مار سورعیش) بۆ چاوکەوتن بە شێخ.

٢٢ ئۆکتۆبەر، ئەمڕۆ بەیانی من و (دکتۆر کۆچەران) لەگەڵ (ئیقبال دەولە) کاربەدەستی شار چاومان بەیەك کەوت، (بە هاوبەشی لەگەڵ دەستی ئاسایش بڕیاری بەرگریماندا، بەڵام خەڵکەکە بڕیار دەدات، ئێمەش لەگەڵ بڕیاری ئەواندایین، گەل لەسەر ڕاستی و حەقە).

بە ئیقبال دەولەم وت باشتر لە دەرەوەی شار بەرگری بکرێ، لە پێناو ڕێگەگرتن لە خوێن ڕشتن و کاری دزی و تاڵانکاری.

ڕوحانیەکان لە شاردا نوێنەری خۆیان بۆ لای شێخ ناردبوو، تا بە ناوی ئەوان و خێزانەکانیان وەفاداریان بۆ ئەو دەربڕن.

ئیقبال دەولە داوای لێکردم کارێکی بۆ بکەم، چاوپێکەوتنێکی بۆ ڕێك بخەم لە نێوان ئەو شێخدا، تا بتوانێت قسە لەگەڵ تەبرێز و تاران بکات و ڕێگری لە هێرشکردنی کورد بگرێت.

ئیقبال دەولە وتی: (ئەگەر توانی شێخ ڕازی بکەیت هێرش نەکاتە سەر ئورمییە، ئەوا پێشبینی ڕوودانی جەنگ زۆر کەم دەبێتەوە، بە پێچەوانەوەی ئەم وێنەیە دەبێ جەنگ لە شار دووربخرێتەوە بە گوێرەی توانا).

له کاتی گەڕانەوەمان بیستمان شێخ لەشکرەکە بە ئاڕاستەی شارەکە دێنێ، ڕاستەوخۆ ئیقبال دەولەم لەمە ئاگادار کردەوە. دواتر من و دکتۆر کۆچەران و مستەر شیبر بەرەو بارەگای شێخ جوڵاین، خێرا چاومان کەوت بە شێخ و لەشکرەکەی، شێخ زۆر دڵخۆش و خۆشحاڵ بوو.

داوام لە شێخ کرد پاراستنی گیان و سامانی مەسیحییەکان مسۆگەر بکات، شێخ بەڵێنیدا ئەوەی لە توانایدا بێ لەم بارەوە هەوڵی بۆ بدات.

دوای ئەمە نامەی ئیقبال دەولەم پێگەیاند، شێخ لە وەڵامدا وتی: (ئێستا کاتی دانوستان بەسەر چووە، لەسەر حکومەتی ئێرانی پێویست بوو، ئەو کات بیری لە دانوستان کردبایەوە کە کوردی دەچەوساندەوە و ستەمی لێدەکرد و ڕیشەکێشی دەکرد). هەروەها شێخ وتی: (پێم وایە ئامادەبوونی ئێوە، لە هەر گفتوگۆیەکی نێوان کورد و ئێران پێویستە، حکومەتی ئێرانی لە کۆتاییدا دەبێ دان بە مافی کورددا بنێت بە فەرمی). دواتر دوامان لێکرد ڕێگەمان پێ بدات بڕۆین، ئەوسا ڕۆیشتین.

٢٣ ئۆکتۆبەر، لە کاتژمێر هەشتی بەرەبەیانەوە شێخ نامەیەکی بۆ ناردم، پێڕاگەیاندم سورە لەسەر هێرشکردنە سەر شارەکە لە دوای پاشنیوەڕۆی هەمان ڕۆژ. شێخ وتی دەیەوێ خەڵك و هاوڵاتیان سوود لەو کاتەی کە ماوە وەربگرن، بۆ دەرچوون لە شارەکە، هەر بۆ ئەمە داوای لێکردم لەگەڵ (سیمون ئاغا[١]) بچمە لای ئیقبال دەولە و داوای لێ بکەم کەشەکە لەبار بکات بۆ چۆڵ کردنی شارەکە.

---

(١) سەرچاوەکانی (سیمون ئاغا) بە وەزیری دەرەوەی حکومەتی شێخ عوبەیدوڵڵا دادەنێن، هاونیشتمانیەکی ئەرمەنی بوو لە کوردستان دەژیا.

پێشنیازی شێخم قبوڵ کرد، لە کاتژمێر نۆ لەگەڵ دکتۆر کۆچەران و سیمون ئاغا و دوو لە پاسەوانانی ئێرانی بەر دەرگای شارەکە ڕۆیشتین، لە دووری ٢٠٠ یاردە لە دەرگاکە، یەکێك لە پاسەوانەکانمان ڕەوانە کرد بۆ ڕاگەیاندنی هاتنمان، بەڵام لەناکاو هێزە ئێرانیەکان گوللەیان گرتە پاسەوانەکە، ئێنجا ئێمەشیان دایە بەر گوللە، گوللە بارانیان کردین، بە خێرایی هەڵاتین، پێم وابێ هۆکاری ڕزگاربوونەکەم وشیاری ئەسپەکەم بوو.

دوای نیوەڕۆی هەمان ڕۆژ (سیمون ئاغا) نامەیەکی تری لە شێخەوە بۆ هێنام، داوای لێکردم واژوو بکەم لەسەر پوختەی ئەوەی ڕوویداوە، تا گشت جیهان ڕاستیەکە بزانێ و لەسەر هێرشکردنە شارەکە سەرزەشتی نەکەن، واژووم نەکرد لەسەر بەڵگەنامەیەکی لەم جۆرە، بەڵام لە نامەیەکی کورتدا شێخم دڵنیا کردەوە، کە حکومەتی پایەبەرز لە وردەکاریەکان ئاگادار دەکەمەوە، لە تەواوی وردەکاریەك وەك چۆن ڕوویانداوە.

٢٧ ئۆکتۆبەر نامەیەکەم لە شێخەوە پێگەیشت، قسەی کرد لە بارەی هاتنی دەستیەك لە موڵکدارانی خەڵك بۆ ئەورمییە، بۆ نزیك (باغجە سیاوش) لە نزیك بارەگاکەی، شێخ داوای لێکردم لەگەڵ مژدەدەرانی ئەمریکی بڕۆم بە خێرایی بۆ ئامادەبوون لەو کۆبوونەوەیەی دەبەسترێ دەربارەی بارودۆخی ڕادەستکردنی شار بە هێزەکانی.

لە ماوەی چەند خولەکێکدا زاوای شێخ و ژمارەیەك ئەفسەری کورد هاتنە لای خەلیفە سەعید محەممەد، ڕوونیان کردەوە موڵکداران پێشنیازیان کردووە شارەکە ڕادەست بکەنەوە، ئیقبال دەولە لەشکری بردۆتە سەربازگەکانی دەرەوەی شار. کۆبوونەوەکە کاتژمێر دووی پاش نیوەڕۆ دەبەسترێ.

تا کاتژمێر دووی پاش نیوەڕۆ ماینەوە، لەبەر ئەوەی دەستەکە لە شارەکە نەچوونەوە دەرەوە، ئەوا نێردراوەکە گەڕایەوە لای شێخ لە بارەگەکەیدا.

خەلیفە سەعید محەممەد لەم چاوپێکەوتنەدا وتی: (شێخ چیتر بەرگەی گەوجایەتیەکانی ئێرانیەکان ناگرێ، ئێران هیچ هەنگاوێکی نەناوە بۆ زاڵبوون بەسەر ڕێگرەکانی هۆزی هەرکی و شکاك، فشاری خۆی بۆ سەر کورد زیاد دەکات ڕۆژ دوای ڕۆژ، سەقامگیری نەما بەهۆی دانانی کاربەدەستێکی ستەمکار. شێخ دەڵێت: بەڵێن دەدات دز و جەردەکان ڕیشەکێش بکات، ئەمە کارێکە نە ئێران و نە تورکیا نایانەوێ بیکەن، بە تێڕوانینی من مەسیحی و موسڵمانەکان مافی یەکسانیان هەیە، پەروەردە و خوێندن کەمترین مافی گەلن، دەبێ مزگەوت و کلێسا و قوتابخانە دروست بکرێن، ئەگەر نەتوانم کوردستان بنیات بنێم وەك ئەوەی پێویستە، من ئامادەم بێمە بەردەم دادگایەکی ئەوروپی دادگەر بۆ لێپرسینەوە، من بەرپرسیارێتی هەڵدەگرم).

لە کاتی وەڵامدانەوە بە خەلیفەم وت: (من لە پێگەیەکدا نیم بتوانم بە نوێنەرایەتی بەریتانیا یان زلهێزەکان پێشنیازەکەی شێخ قبول یان ڕەت بکەمەوە، حکومەتی پایەبەرز هیچ پەیوەندیەکی بە گرێکوێرەی کورد و ئێرانەوە نییە.

بەریتانیا هەردەم پاڵپشتی ئارامی و سەقامگیری و ئاشتی لە ناوچەکە. لە تێڕوانینی ئێمەدا ئامانجی بەرپاکردنی مەدەنیەت لە ڕێگەی خوێندن و وەبەرهێنەوە بەدەستدێت.

لە کۆتاییدا خەلیفە وتی (شێخ بۆ پاراستنی سەلامەتی ئێوە سورە لەسەر دانانی پاسەوان بۆتان)، دەتوانن بچنە بارەگای شێخ عەبدولقادر لە مەهاباد لە ڕێگەی مەرگەوەر و ئەشنویە و سولدوز و لەوێ دەتوانی بچیتە لای هێزە ئێرانیەکان).

٢٨ ئۆكتۆبەر بە ئاڕاستەی بارەگای كورد جوڵام، لەوێ دووبارە چاوم بەشێخ كەوت، نامەیەكی پێدام بۆ كوڕەكەی، بە یاوەری پاسەوانە كوردەكەم بەردەوام بووم لە گەشتەكە.

## بەڵگەنامە (٥١)

**ژمارە ١٨**

**لە مستەر تامسونەوە بۆ ئیرل گرانفیل**

**تاران ٢٨ ئۆكتۆبەری ١٨٨٠**

**گەورەم**

بە ئاماژەكردن بە نامەكەی ئەمڕۆ، خۆشحاڵم بە جەنابت ڕابگەیەنم، هەر ئێستا ڕاگەیەنرا كوڕانی شێخ عوبەیدوڵڵا و برای (هەمزە ئاغا) سەرۆكی هۆزی كوردی لە ئێران، لە ماوەی چەند شەڕێكی ڕۆژانی ڕابردووی دەوروبەری (مراغە[1]) كوژران، ئیعتماد سەلتەنە توانیویەتی كورد تێكبشكێنێ، تا ئاستی پاشەكشێیان بەرەو مەهاباد.

باشا خانی كاربەدەستی خوی[2]، بە سوود وەرگرتن لە پاڵپشتیەكان بۆ هێزەكان و بە یارمەتی هێزەكانی ئورمییە، توانیویەتی ڕۆژی یەك شەممە بچێتە ناو سەلماسەوە.

---

(١) زانیارەكان لەبارەی كوژرانی كوڕانی شێخ و برای هەمزە ئاغا ڕاست نەبوون.

(٢) خوی: شارۆچكەیەكە دەكەوێتە باكوری ئورمییە لە كوردستانی ئێران.

## بەڵگەنامەی (٥٢)

ژمارە ١٩

لە مستەر کوشنەوە بۆ ئێریل کرانفیل

کاتژمێر ١٠: ١٢ بەکاتی نیوەڕۆ، ڕۆژی ٢٩ ئۆکتۆبەر ١٨٨٠

گەورەم

ئەو ڕاپۆرتانەی لە (وان)ەوە هاتوون، ئەوە بەدەستەوە دەدەن کە (سورەیا) هەڵاتووە، شێخ عوبەیدوڵڵا سنوورەکانی بڕیوە بە ئاڕاستەی ئێران.

## بەڵگەنامەی (٥٣)

ژمارە ٦٠

لە مستەر تامسونەوە بۆ ئێریل کرانفیل

تاران، ٢٩ ئۆکتۆبەر ١٨٨٠

گەورەم

شەرەفمەند دەبم لەگەڵ ئەم نامەیە، وەرگێڕدراوی ڕوونکردنەوەی وەزیری دەرەوەتان بۆ بنێرم، لەبارەی بزوتنەوەی کورد لە ئازەربایجان و وەرگێڕدراوی بروسکەی (میرزا سەعید خان) لەبارەی ئەو ڕێگایانەی مسۆگەری لە ناوبردنی ئاشوبی کوردستان دەکەن، هەروەها وەرگێڕدراوی هەر دوو نامەکەی سکرتێری کونسڵی گشتی

له تەبرێز، کە لەبارەی کورد و جێگیرکردنی لەشکرەکەیان لە نزیك ئورمییە نووسیویەتی.

واژوو ڕونالد. ف. تامسون

## بەڵگەنامەی (٥٤)

ژمارە ٢٠

لە مستەر تامسونەوە بۆ ئێریل کرانفیل

تاران ٣٠ ئۆکتۆبەر ١٨٨٠

گەورەم

بە ئاماژەدان بە بروسکەی پایەبەرزتان لە ١٦ ئۆکتۆبەر، خۆشحاڵم پێتان ڕابگەیەنم وەزیری ڕاسپێردراو لە باڵیۆزخانەی عوسمانی لە لەندەن، وتویەتی: بەشدار نییە لە ڕا و بۆچوون و هزرەکانی شێخ عوبەیدوڵڵا. ئەوەی شێخ لە نامەکەیدا بۆ (ئیقبال دەولە) ماربەدەستی ئورمییە و میونسیری ئەمریکی لەم شارە نووسیویەتی، پێچەوانەوەی ئەوەیە کە بەرپرسی ئەمریکی بانگەشەی بۆ دەکات.

شێخ عوبەیدوڵڵا لە نامەکانیدا وتویەتی: ئامانجی ئەو و یاریدەدەرانی بریتییە لە دۆزینەوەی چارەسەرێکی بەردەوام بۆ کێشەی کورد، چونکە کورد هەردەم ڕووبەڕووی ڕەفتاری ناشیاو دەبێتەوە لەلایەن تورکیا و ئێرانەوە. لە کۆتایی وتەکانیدا ناوبراو دەڵێت: شیاوترین چارەسەر بۆ پرسی کورد بریتییە لە یەکێتی و سەرەبەخۆبوونیان.

## بەڵگەنامەی (٥٥)

هاوپێچی ٦ ژمارە ٦١

لە عەباس میرزاوە بۆ وەزیری دەرەوە

٣٠ ئۆکتۆبەری ١٨٨٠

وەرگێڕدراو

دوێنی ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ٢٩ ئۆکتۆبەری، دوو کەسی کورد هاتنە ماڵەکەم، کە برای یەکتر بوون لە خزمەتی مندا کاردەکەن، یەکێکیان ناوی (عەبدولڕەحیم) و دووەمیان ناوی (حوسێن نولی)یە، وتیان ئەوان پێشتر مووچەیان لە لایەن (ئایرخان)ەوە پێدەدرا، بەڵام ئێستا موچەکانیان بڕدراوە و داوایان لێکردم نێوەندگیریان بۆ بکەم.

دوای ئەوە یەکێکیان نامەیەکی لە گیرفانیدا دەرهێنا و پێیدام، ئەوەی دووەم بە گوێچکەی منی چرپاند (ئەمە نامەیەکە لە شێخەوە)، نامەکەم خوێندەوە و تیایدا هاتبوو (عەبدوڕەحیم) نامەیەکی زارەکیت پێ دەگەیەنێ. (عەبدوڕەحیم)م بردە ژوورێکی تر، وتی: کە لەلای شێخەوە هاتووە، شێخ لەشکرێکی مەزنی لە کورد ئامادە کردووە، تەواو ئامادەیە بۆ ئەنجامدانی چالاکیەکانی، شێخ لە چاوەڕوانی ڕۆیشتنی ئێوەیە بۆ پاڵ سەربازگەی کورد، ئەمە ئەو هۆکارەیە کە بەهۆیەوە منی بۆ لای ئێوە ناردووە.

لەبەر ئەوەی شای مەزنی ئێران، گیانم بەفیدای بێ، پایەداری کردووم، من ناتوانم ناپاکی لێبکەم، هەر دوو کوردەکەم دەستگیرکرد و ڕادەستی دەسەڵاتدارە چاکەم کرد.

## بەڵگەنامەی (٥٦)

**هاوپێچی ٧ ژمارە ٦١**

**لە سوپاسالارەوە بۆ وەزیر بەرق**

**تەبرێز ٣٠ ئۆکتۆبەری ١٨٨٠**

**(بروسکە)**

چاوم کەوت بە بروسکەیەکی وەزیری ڕێزداری بەریتانیا بۆ وەزیری کاروباری دەرەوە، کە دەقەکەی نێردراوە لەلایەن بەڕێزتانەوە بەپێی فەرمانی شاهانە[1].

دەبێ تیمور پاشا گەیشتبێتە ئورمییە، لەگەڵ لەشکرەکەی کە دەگاتە ١٠٠٠ کەس، ٦ هاونیشی لەگەڵدایە.

سبەینێ هێزی زیاتر بۆ ئورمییە ڕەوانە دەکرێ کە پێکهاتووە لە بەتالیۆنێکی پیادە و ٣٠٠ ئەسپسوار و تۆپی ٩ ڕەتل و ٥٠٠ قازیفەی تۆپ.


---

(١) وەزیری دەرەوەی بەریتانیا داوای ڕوونکردنەوە لە حکومەتی قاجاری دەکات، سەبارەت بە ڕێوشوێنەکانی لەناوبردنی بزوتنەوەکە. هەروەك لە شوێنێکی تر وتمان بەریتانیا بە تاڵوکەتر بوو لە هەر حکومەتێکی تر بۆ کۆتایی هێنان بە بزوتنەوەکە.

هێزە سەربازیەکانی تر، ئامادەکاری دەکەن بۆ جوڵان بەرەو ناوچەکە و گەیشتن بە (ئیعتماد سەلتەنە). پێش چەند ساتێك ٣٠٠ ئەسپسوار (شاهسون)م بەسەر کردەوە، بەهەمان شێوە لە بەرەبەیاندا بەرەو سەربازگەی ئیعتماد سەلتەنە بەڕێدەکەون.

ئەگەر بەتالیۆنەکانی (کروس) ئەسپسوارانی (دویران) بگەنە سەربازگەکە، ئەوا بەخێرایی هێرش دەکرێتە سەر مەهاباد، کاتێکیش (حیشمەت دەولە) دەگاتە مەهاباد، سەربازگەی ئیعتماد سەلتەنەش بەرەو ئورمییە دەجوڵێ بەهەمان شێوە.

هیوادارم ئەو ڕێوشوێنانەی گیراونەتەبەر بخرێنەڕوو، لە کاتی پێویستیشدا دەکرێ خاڵی تر بخرێنەڕوو.




ئەمە یەکێکە لە شیعرەکانی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری، بە زمانی فارسی نووسیویەتی، تیایدا باسی خۆی، شوێنکەوتووانی، خەڵکی شەمزینان و نەهری دەکات.

## بەڵگەنامەی (٤٥)

ژمارە ٦١

لە مستەر تامسونەوە بۆ ئێریل کرانفیل

تاران ٣١ ئۆکتۆبەری ١٨٨٠

گەورەم

بەدەستهێنانی زانیاری لەبارەی ئەوەی لە ئازربایجان ڕوودەدات کارێکی سەختە، هەمان کێشە سەبارەت بە تەبرێز هەیە. بۆ دڵنیابوونەوە لەمە (م. زینووف) ناچاربوو یەکێك لە فەرمانبەرانی کونسڵخانە ڕەوانەی (مراغە) بکات بۆ بەدەستهێنانی زانیاری.

مستەر ئابوت لە دووی ئۆکتۆبەر گەیشتە ئورمییە، تا ئێستا دوو نامەی بۆ ناردووم.

لە یەکێکیاندا کە لە ڕێکەوتی ٧ ئۆکتۆبەر نێرراوە، قسە لەبارەی پێشڤەچوونی کورد دەکات، لە مەهابادەوە بەرەو مراغە.

لە چواردەی هەمان مانگدا لە نامەیەکیدا لەبارەی ئاشوریەکان دەدوێ، پێشنیاز دەکات لە هەژدەی مانگ ئورمییە جێبهێڵێت، بەلام مژدەدەرانی ئەمریکی داوای مانەوەی ئەویان کردووە بۆ یەك هەفتەی تر.

مستەر تامسون وێنەیەکی لەو دوو نامانەی ناردووە، کە شێخ بۆ مژدەدەرانی ئەمریکی لە ئورمییە ناردوویەتی.

لە دوو نامەکە باسی پوختەی ئەوە کراوە، کە ناوچە کوردیەکان چیان لەگەڵ دەکرێ، لە ستەمکاری حکومەتی ئێران و هەوڵی شێخ و کوڕەکەی عەبدولقادر بۆ ڕزگاربوون لە تاوانەکانی حکومەتی ئێران و گەیشتنە چارەسەرێکی گونجاو. بەهەمان شێوە شێخ دەڵێت ئێستا گەیشتووەتە ڕێکەوتنێك لەگەڵ سەرۆك هۆزەکان بۆ دامەزراندنی کوردستانێکی یەکگرتوو، تا کاروبارەکان بەخۆیان بگرنەدەست و ڕزگار ببن لە ستەمی ئێرانی و تورکەکان.

هیچ گومانێك نییە کە شێخ لەم کاتەدا هیچ ئامانجێکی نییە جگە لە یەکێتی سەرۆك هۆزەکان و دامەزرانی حکومەتێکی خۆڕێبەری لەژێر سەرکردایەتی خۆیدا.

لە ٢٩ ئۆکتۆبەر، دوو نوێنەری شێخ عوبەیدوڵڵا هاتنە تاران، نامەیەکی ئەویان پێبوو، دوو نوێنەرەکە چاویانکەوت بە (عەباس میرزا) و قسەیان لەگەڵ گرد. شێخ داوا لە عەباس میرزا دەکات کات بەفیڕۆ نەدات و بچێتە پاڵ هێزەکانی ئەو.

عەباس میرزا چەندین ساڵی دوور و درێژی لە تورکیا بە دوورخراوەیی بەسەربرد. سەرباری ئەمە عەباس میرزی کوڕی ژنێکی کوردە، ئەگەر ئەمە لەبەرامبەر خەڵکدا دەرکەوت، ئەوا هیوای ئەوە لە دەستدەدات ببێتە شای داهاتوی ئێران[1].

(١) ژن و ژنخوازی لە نێوان خانەوادە حکومڕانەکانی ئێران و خێزانە کوردییە ناودارەکان باو بوو، زۆر جار پاشاکانی ئێران و کاربەدەستەکانی میرنشینە کوردیەکان ژن و ژنخوازیان لەگەڵ یەکدی دەکرد، بە مەبەستی سیاسی و دامەزراندنی هاوپەیمانێتی بە هێزتر، هاوسەرگیری شاکانی ئێران لەگەڵ خێزانە

کوردییەکان بە نهێنی ئەنجام نەدەدرا، وەك چۆن بەڵگەنامەکە ئاماژەی پێداوە، محەممەد شای باوکی ناسرەدین شا شانازی دەکرد بە هاوژینە کوردیەکەی دایکی عەباس میرزا، بەسەر هاوژینەکانی تریدا پەسەندی دەکرد. لەلایەکی ترەوە (خەسروخانی کوڕی ئەمانەڵلاخان) میری ئەردەلان کچی (فتحوڵڵا شا)ی هێنا، کە دەکاتە خوشکی محەممەد شا و پوری ناسرەدین شا، کە بە (حەسەن ئەلجەمال بیکم) ناوزەد دەکرا، لە کوردستان دوای مردنی مێردەکەی ئەو بە کاردەست و کارگێڕی ئەردەلان ناسرا. ناسرەدین شا کچێکی خەسروخانی هێنا، کە لە هەمان کاتدا کچە پوری بوو، ناوی (هوما خانم) بوو. بڕوانە: مجتبا بە رزویی - بارودۆخی سیاسی لە کوردستان. شایەنی باسە ناسرەدین شا کچێکی تری کوردیشی هێنا لە هۆزی (کروس)، کە هۆزی ژەنەڕاڵ حەسەن عەلی خان بوو، وەزیری فەوائد و کاربەدەستی مەهاباد، کە کچی ناسرەدین شا (شازادە خانم - تاجی سەڵتەنە) لە یاداشتانەکانیدا لەبارەی دواوە و وتویەتی: ((یەکێك بوو لە هاوژینەکانی باوکم، ناوی (ئەمینە ئەقدەس) بوو و زۆر لێی نزیك بوو، ئەمینە ئەقدە لە کوردانی (کروس) بوو، شا کلیلەکانی خەزێنەی کۆشکی پێدا... زۆرێك لە ئەندامانی خێزانەکەی لەگەڵی نیشتەجێ بوون، لە نێویاندا منداڵێك بەناوی (غولام عەلی)، کە بە ناوی (مليجك) ناوبانگی دەرکرد، بە زمانی کوردی واتە (چولەکە). شا ئەوی زۆر خۆشدەویست و تەنانەت لە منداڵەکانیشی زیاتر خۆشیدەویست... نازناوی (خۆشەویستی سوڵتان)ی پێبەخشی. میرێکی تری قاچاری لە یاداشتنامەیدا دەڵێت: ((دایکم بەتول خانم - خوێندەوارتر و کراوەتر بوو لە هاوژینەکانی دیکەی باوکم، ئەو باوکم لە کرمانشان هاوسەرگیریان کرد، کاتێك باوکم کاربەدەستی ئەوێ بوو و ڕاسپێردرابوو بە لەناوبردنی بزوتنەوەی کوڕە مامی... دایکم لە خانەوادەی خانەدانەکانی کوردی ئەوێ بوو... هەردەم بانگی من و خوشکەکانی من مریەم و مهری دەکرد، ژیاننامەی کەسایەتیە دەگمەنەکانی ئەدەبی ئەوروپی بەسەر ئێمەدا دەخوێندەوە. زۆر هۆگری شیعر و هۆنینەوەی شیعر بوو... بەتول خانم لە زۆربەی کاتەکانیدا زانیاری کۆدەکردەوە لەبارەی خزمانی و نیشتمانەکەی کرمانشان، ماڵی ئێمە شێوەزاری کوردی ڕێزمانی تیایدا بەرز بوو، کە شێوەی ڕەسەنی زمانی فارسییە (بەپێی ڕای ئەو). بڕوانە: منوجهر فرمانفرمائيان - خوێن و نەوت - یاداشتنامەکانی میری قاچاری - وەرگێڕانی بۆ فارسی مەهدی حەقیقەت خواه - بڵاوکراوەکانی قفنوس. باسی ئەوە دەکرێ باوکی ئەم میرە قاچارییە (میرزا ڕەزا کرمانی) کاربەدەست و بکوژی ناسرەدین شایە، کە حوکمی لەسێدارەدانی بەسەردا سەپێنرا.

ژن و ژنخوازی لە نێوان خێزانی کوردی و خانەوادە حکومڕانەکان، لە دەوڵەتی عوسمانیشدا ئاسایی بووە، سوڵتان عەبدولحەمید ئامۆژگاری ئەنوەر پاشا دەکات و دەڵێت: ((بزانەی غازی موشیر ئیسماعیل پاشا تاکێکی ئاسایی بوو لە کوردستان، بەڵام دوای ئەوەی دژی ڕوسیەکان ڕۆڵێکی باشی گێڕا، ئەوا من بۆ

هەر بۆیە زوو هەر دوو نێردراوەکەی دەستبەسەر کر و هەواڵی بە شادا.

بە گەیشتنی هێزەکانی ژێر فەرمانی (ئیعتماد سەڵتەنە) دوو کەرتی لەشکری شێخ عەبدولقادر بەرەو مەهاباد بەڕێکەوتن، لەوێش بەرەو خۆرئاوای دەریاچەی ئورمییە. پێش دوو هەفتە ٥٠٠٠ کەس لەو هێزانەی (خەلیفە سەعید محەممەد) سەرکردایەتیان دەکات لە دووری ٢٤ میل لە شاری ئورمییە بارەگایان دانا. هەروەك سەرۆکی (برادۆست) لەگەڵ شێخ سدیقی کوڕی شێخ عوبەیدوڵڵا لە ناوچەی مەرگەوەر سەربازگەیان دانا.

دەڵێن کورد هەموویان چەکی مارتینیان پێیە، پێش دوو ساڵ کورد ئەم تفەنگانەی بەدەستهێناوە، لەکاتی هێرشکردنە سەر بایەزید.

ڕاپۆرتەکان دەڵێن هێزەکانی ژێر سەرکردایەتی ئیقبال دەولە لە سێ بەتالیۆن پێکدێن، هەر بەتالیۆنێکی لە ٥٠٠ سەرباز تێپەڕ ناکات.

لەگەڵ دەستپێکردنی هێرش، کورد ئەم هێزانەی بۆ مراغە و ئورمییە نارد.

---

بەرزترین پلە بەرزم کردەوە و کوڕەکەی ئەوم کردە زاواکەمان))، بڕوانە: ئەروخان محەممەد عەلی - سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم.

مێژوو باسی ئەوە دەکات ناسرەدین شا کوڕێکی خۆی کە لە ئافرەتێکی قاچاری نەبوو بە ناوی (حیران خانم تەجریشی) وەك شازادەی جێنشین دیاریکرد، منداڵەکە کوژرا، منداڵێکی تری هەمان ئافرەت دیارکرا بۆ هەمان پۆست، ئەویش کوژرا، هەروەك دایکی منداڵەکەش کوژرا، هەر بۆیە ناسرەدین شا لە پیلانگێریەکانی ئافرەتەکانی ناو کۆشك ترسا، بۆیە گەورە کوڕەکەی لە شازادەی جێنشینایەتی دوورخستەوە، ئەمەی بە موزەفەرەدین بەخشی، چونکە دایکەکەی قاچاری بوو. لە دەرەنجامدا (عەباس میرزا) دووچاری هەلی لەدەستی چوونە سەر تەخت نەبووەوە، بەهۆی ڕەچەڵەکی دایکیەوە، دایکی دەیویست بە کرداری بیکاتە شازادەی جێنشین و ناونیشانی جێگری سوڵتانی پێبەخشی.

- ٣٠٠٠ كە لە هێزی سەربازی و ئەسپسوارانی مەدەنی بە سەرکردایەتی (ئیعتماد سەڵتەنە) پێش دەرۆژ لە تەبرێزەوە بۆ مراغە نێردراون - لە ٢٤ مانگدا (تەیمور پاشاخان[1])ی کاربەدەستی (خوی) بەهێزەکەی کە لە ٥٠٠٠ سەرباز پێکهاتبوو لەگەڵ چوار هاون لە تەبرێزەوە بەرەو ماکو و لەوێش بەرەو سەلماس نێردرا، واپێدەچێ گەیشتبێتە ئورمییە.
- ٤٠٠٠ سەرباز و لە نێویاندا چەکدار تفەنگ هەڵگر بە سەرکردایەتی (حیشمەت دەولە)ی مامی شا لە تارانەوە بەرەو بیجار و لەوێش بەرەو ناوچەی مەهاباد جوڵاون.
- لیوایەکی تر لە هەمەدان و کروس بە سەرکردایەتی حەسەن عەلی خان هاتە مراغە و گەیشتە هێزەکانی ئیعتماد سەڵتەنە، ئەم لیوایە لە دوو بەتالیۆنی ئەسپسوارانی سەرباز و ٧٠٠ جگە لە سەرباز پێکهاتوون.

پێشنیازی ئەوەم بۆ سەرکردەی گشتی سەرۆك ئەرکانی لەشکر کرد، دوو بەتالیۆنی ئەسپسواری لەشکر لە (ئەردەبیل)ەوە ڕاستەوخۆ بۆ ئورمییە لە جیاتی مراغە بنێردرێن، پێشبینی دەکرێ ئورمییە پێویستی بە هێزی زیاتر بێ، لە دوای ئەوەی کورد وازیان لە هێرشی سەر مراغە هێنا.

شەرەفمەند دەبم بە مەبەستی ئاگادار کردنەوەی بەڕێزتان وێنەیەکلە نامەی (مستەر ئابوت) کە لە ٧ ئۆکتۆبەر نێردرابوو لەگەڵ وەرگێڕدراوی نامەکانی شێخ بۆ (مژدەدەرانی ئەمریکی) و (عەباس میرزا ئاغا)تان بۆ بنێرم. هەروەها پوختەیەك لەبارەی نامەکەی شێخ بۆ کاربەدەستی ئورمییە، ڕاپۆرتەکەی عەباس میرزا بۆ

---

(١) تەیمور پاشاخان جەلالی کاربەدەستی ماکو بوو نەوەك خوی.

وەزارەتی دەرەوە و بروسکەی سەرکردەی گشتی کە نیوەڕۆ ئەمڕۆ حکومەتی ئێرانی بۆی ناردووم، بۆتانی بنێرم.

واژوو رونالد. ف. تامسون

## بەڵگەنامە (٥٧)

ژمارە ٣٣

لە مستەر کوشنەوە بۆ ئێرل گرانڤیل

١ نۆڤەمبەر ١٨٨٠

گەورەم

خۆشحاڵم پێتان ڕابگەیەنم، مانگی ڕابردوو نامەی بەڕێزتانم پێگەیشت، لەبارەی کاتی ئەنجامدانی پەیماننانە لە نێوان تورکیا و ئێران، قسەم لەگەڵ ئەو دەسەڵاتانە کردووە، کە زانیبێتم بەرژەوەندی وادەخوازێ قسەی لەگەڵ بکرێ. قسەم لەگەڵ عاسم پاشا کرد لەبارەی پرسی کورد، بەڵام هیچ بایەخێکی وای بە بابەتەکە نەدا. ئێستا نامەیەکی فەرمیم نووسیوە بۆ بابولعالی و دەبێ وەڵامم بدەنەوە. پێم وانییە ئەستەنبۆڵ ڕێگر بێ لە ئەنجامدانی پەیماننانەی لەم جۆرە، وەزیرەکان لەبارەی گرنگی بابەتەکە قسەیان کردووە، بەڵام تاکە پاساوی بابولعالی ئەوەیە، کورد هەردەم سەرپێچی فەرمانەکانی شا دەکەن، لە دۆخی شۆڕشکردنی بەردەوامدان.

واژوو جورج. ج. کوشن

## بەڵگەنامەی (٥٨)

ژمارە ٢١

لە مستەر تامسونەوە بۆ ئیریل گرانفیل

تاران ١ نۆڤەمبەری ١٨٨٠

گەورەم بە ئاماژەکردن بە نامەکانی ڕابردوو لەبارەی پێشڤەچوونی کوردە ئاژاوەگێڕەکان. خۆشحاڵم بە بەڕێزتان ڕابگەیەنم حکومەتی ئێران بروسکەیەکی لە تەبریزەوە بۆ هاتووە، ئەوە دەگەیەنێ کورد لە ئورمییە کشاوەتەوە. هەروەها ڕاجیایی لە نێوان سەرۆك هۆزە کوردەکان دروست بووەوە، لەبارەی چۆنیەتی ئەنجامدانی پەیماننامەیەك لە ئێران.

واژوو ڕوناڵد. ف. تامسون

## بەڵگەنامەی (٥٩)

ژمارە ٢٣

لە مستەر تامسونەوە بۆ ئیریل گرانفیل

تاران ٢ نۆڤەمبەری ١٨٨٠

خۆشحاڵ دەبم بە جەنابتان ڕابگەیەنم، شای مەزنی ئێران حەز دەکات و سورە لەسەر ئەنجامدانی گفتوگۆ لەگەڵ (بابولعالی) لەبارەی زاڵبوون بەسەر سنووری نێوان تورکیا و ئێران، کۆتایی هێنان بە یاخیبوونی کورد. هەروەها شای مەزن داوای لە (بابولعالی) کردووە، شێخ ڕازی بکات، بە دەرچوون لە ئێران و گەڕانەوە بۆ تورکیا.

لەم کۆتاییانەدا شێخ عوبەیدوڵڵا نامەیەکی بۆ عەباس میرزای[1] برای شا نووسیوە، داوای یارمەتی لێکردووە بۆ سەرخستنی ڕاپەڕینەکەی کورد.

---

(١) محەممەد شا ژنێکی هەبوو بە ناوی (مەلیك جیهان خانم) کوڕێکی لێ هەبوو، ئەویش ناسرەدین بوو و بە شازادەی جێنشین داینا، ژنی دووەمی (خەدیجە خانم) کوڕێکی بوو، شا زۆر خۆشیویست، هەر بۆیە بە ناوی باوکی (عەباس میرزا) ناوینا، کە بە پاڵەوانێکی نەتەوەیی دادەنرێ، ناسرەدین بە حەوت یان هەشت ساڵ لێی گەورەتر بوو. دوای ماوەیەك شا ویستی (عەباس میرزا) بە شازادەی جێنشین دابنێ لە جیاتی ناسرەدین، نازناوی (جێگری سەڵتەنە)ی پێبەخشی. ناسرەدین ڕقی لێبووە هەروەك خاتوو (مەلك جیهان) قین لە دڵ بوو لە دژی، بەڵام محەممەد شا کۆچی دوایی کرد پێش ئەوەی عەباس میرزا بە شازادەی جێنشین ناوبنێ، بەمەش ناسرەدین شا بە پاشای ئێران دانرا بە یارمەتی (ئەمیر کەبیر) کە بووە سەرۆك وەزیران، ناسرەدین خوشکی خۆی لێ مارەکرد، دواتر قاوەی ناوداری قاچاری دەرخواردا، بەمەش مرد.

هەر لە ڕۆژانی سەرەتاوە مەلك جیهان و ناسرەدین (ڕێگە خۆشکردنێکی بەرزیان) دەویست، بۆ تۆڵە سەندنەوە لە عەباس میرزا و خەدیجەی دایکی، بۆیە دەستیانگرت بەسەر سامان و زێر و گەوهەرەکانیان و هاوشێوەکانیان. ناسرەدین هەستی بەلاوازیەکەی دەکرد، هەر بۆیە دەترسا دەست بەسەر تەختەکەیدا بگیرێ و بە دوای پاساودا دەگەڕا بۆ ئەوەی زیان بەو و بە دایکی بگەیەنێ، دەیەویست بە نهێنی بیانکوژێ.

لە ساڵی ١٨٥١ ناسرەدین شا ڕووبەڕووی هەوڵێکی پەنهانکوشتن بووەوە، بەهۆیەوە بریندار بوو، هەلی ئەوە بۆ شا و دایکی هات تا عەباس میراز و خەدیجە خانمی دایکی تۆمەتبار بکەن، شا ویستی بیانکوژێ، دایکی دەیویت چاوەکانیان مسرێژ بکات، بەڵام نێوەندگیری هەر دوو باڵیۆزی بەریتانی و ڕوسی سەرکەوتوو بوو لە دوورخستنەوەی عەباس میرزا بۆ بەغدا و لەوێ ٢٦ ساڵ مایەوە، دواتر ڕۆیشتە ئەستەنبۆڵ تا ساڵی ١٨٧٧، ئەو کاتە ناسرەدین شا قبوڵی کرد بگەڕێتەوە ئێران. بەڵام بینی ناسرەدین هێشتا ڕقی لەوە و لەوانەیە تۆمەتباری بکات و بیکوژێت، بۆیە هەڵاتە ئازربایجان، نەگەڕایەوە تا لە

ساڵی ١٨٧٩ ناسرەدین لێی خۆشبوو. عەباس میرزا ئاماژەی بە نامەی شێخ عەبدوللا کردووە لە زیاد لە جێگایەك. بە پوختی ئەوەی عەباس میرزا لە یاداشتانەکانیدا نووسیویەتی لەم بارەوە دێنینەوە: ((کاتێك نامەکەی شێخم خوێندەوە لەرز دایگرتم، لەلایەك دەترسام خزمەتکارەکان پێی بزانن و هەواڵەکە بە هەر شێوەیەك بێ بە حکومەت و شا بگەیەنن، ئەو کات لە ئێران بەرتیلدان بە خزمەتکار و ڕاسپاردنیان بۆ بەرزکردنەوەی زانیاری لەبارەی گەورەکەی شتێکی باو بوو.

لەلایەکی تر هەستم بە دوودڵی دەکرد، ئایا دەبێ چی بکەم؟ ئایا لەبەرامبەر گشت ئەو سوکایەتیەی لەلایەن ناسرەدین شاوە بەرامبەرم کراوە پێویستە بچم و پاڵپشتی شێخ بکەم و دەستبگرم بەسەر تەبریزدا، بە نووسینی نامە و بێ خوێنڕشتن، لەوێ دەست بە هێرشکردنە سەر تاران بکەم، کە بە پشتیوانی ئەوانەی زیانیان لە ناسرەدین شا بینیوە دەتوانم بەسەریدا زاڵبم؟ یان پێویست نییە وا بکەم بەهۆی خۆشویستنی نیشتمان و ئایین و نان و خوێ، ناتوانم ناپاکی بکەم و ببمە هۆی ڕژانی خوێنی شیعە؟.

لە دۆخی ڕۆیشتنمدا دەبێ چۆن بڕۆم؟ چۆن بیت قۆناغ لە ڕێگادا دەبڕم بەبێ ئەوەی کەس نەمناسێ و دەستگیرم نەکات؟ لە دۆخی مانەوەم دەبێ چی بکەم، تا کەس نەزانێ ئەو دووانە نێردراون، منیش تووشی بەڵا نەبم؟)).

لە کۆتاییدا، لە دوای ناکۆکیەکی دوور و درێژ لەگەڵ خۆی، عەباس میرزا لە بەیانی ڕۆژی دواتردا بڕیار دەدات شا لە هەواڵەکە ئاگادار بکاتەوە و هەر دوو نێردراوەکە دەستگیر بکات، دەڵێ: ((لە بەیانیدا سوار بووم و ڕۆیشتمە مەجلیسی شا.. لەلای درەختەکانی نارنج دادەنیشت، پێم وت: بابەتێك هەیە، وتی: بفەرموو چییە؟ وتم: لەبەردەم شادا دەخەمەڕوو من کەسێکی ناپاك نیم، ئەگەر ڕۆیشتبمە ئەستەنبۆڵ ئەوا خوا دەزانێ هۆکارەکەی برسێتی بووە، ئەگەر ڕۆیشتبمە ڕوسیا، هۆکارەکەی ترسان بووە لە شا، ترسان لە شا نەنگی نییە، بەڵام ناپاکیم لێدەرناکەوێ. دوێنێ دوو ئەسپسواری کورد هاتوونەتە لام، لەلایەن شێخ عوبەیدوڵڵاوە هاتوون و نامەیەکی ئەویان پێبووە، داوای لێکردووم بۆ جەنگ. شا وتی نامەکە لەکوێیە، منیش پێمدا، وتی دوو کەسەکە لە کوێن؟ وتم لە ماڵەکەمدان...)) لا ١٤، عەباس میرزا ئاغا ئەنگوستیلەیەکی بێ نرخ بە بەهای ٢٠٠ تومەن بەدەستدێنێت، بەهۆی ئەم قسە هێنان و بردنە، تا هەتایە هەلی چوونە سەر تەخت دەدۆڕێنێ. بەڵام هەر دوو پەیامبەرەکەی شێخ حوکمی تا هەتایەیان بەسەردا دەدرێ.

## بەڵگەنامەی (٦٠)

ژمارە ٢٤

لە ئیریل کرانفیلەوە بۆ کوشن

وەزارەتی دەرەوە ٢ نۆڤەمبەر ١٨٨٠

نامەکەتانم پێگەیشت، کە لە ١٢ ئۆکتۆبەر نێردرابوو، زانیاری بەهێزی تێدابوو لەبارەی ڕاپەڕینەکەی کورد، بەسەرکردایەتی شێخ عوبەیدوڵڵا. ئەگەر پێکهێنانی دەستەیەکی بەرایی بۆ چاودێری سنوورەکانی نێوان تورکیا و ئێران بڕیاری لێدرا، پێشنیاز بکە یەکێك لە باڵیۆزانی حکومەتی پایەبەرزیش تیایدا بەشدار بێ.

واژوو کرانفیل

## بەڵگەنامەی (٦١)

ژمارە ٢٥

لە مستەر بلانکیتەوە[1] بۆ ئیریل کرانفیل

سان پێترسبێرگ، ٤ نۆڤەمبەری ١٨٨٠

---

(١) باڵیۆزی بەریتانی لە کۆشکی قەیسەری ڕووسیدا.

ڕاپۆرتەکان ئەوە بەدەستەوە دەدەن، کە وابڕیارە حکومەتی ڕوسی هێزی خۆی بۆ ئازربایجان ڕەوانە بکات، بۆ یارمەتیدانی لەشکری ئێرانی لە سەرکوتکردنی ڕاپەڕینەکەی کورد. شای ئێرانیش لەسەر بابەتەکە ڕەزامەندە. دەوترێ هێزەکانی ڕوسی زۆر کەمن، زۆرینەیان لە پاسەوانەکانی سنوورن.

## بەڵگەنامەی (٦٢)

ژمارە ٢٦

لە ئێریل گرانفیلەوە بۆ مستەر بلانکیت

وەزارەتی دەرەوە، کاژمێر ٤ ئێوارە، ڕۆژی ٦ نۆڤەمبەری ١٨٨٠

بە ئاماژەدان بە بروسکەکتان، کە لە ٤ نۆڤەمبەر هاتبوو، دەبێ داوای ڕوونکردنەوە لە حکومەتی ڕوسی بکرێ، لەبارەی بابەتەکە و لێکۆڵینەوە لە ڕاستی و نا ڕاستی ئەم پڕوپاگەندانە. ئەوەی ئێوە داوای ڕوونکردنەوەی لەسەر دەکەن ئەمانەن، یەکەم: ئایا ژمارەی هێزە ڕوسییەکان لە سنووردا دیارە یان لەوە زیاترە؟ دووەم: ئایا ڕەوانەکردنی ئەم هێزانە تەنها بۆ سەرکوتکردنی هێزە کوردییەکانە، یان ڕوسیا ئامانجی دیکەی لە پاڵ ئەمەوە هەیە؟ لەبیرتان نەچێ وەڵامی وردی وەڵامەکان پرسێکی زۆر ستراتیژیە بۆ حکومەت[١].

---

(١) قاچاریەکان، یەکێك بوون لەو حەوت هۆزانەی یارمەتی یەکەم شای سەفەویەکانیاندا. سەرکردەکەیان ئاغا محەممەد خان سەرکەوتوو بوو لە یەکخستنی لقەکانی هۆزەکە بە زەبری

تووندوتیژ و کوشتن، بەمەش دەسەڵاتی بەهێز بوو و توانی دەستبگرێ بەسەر تاران و بیکاتە پایتەختی شانشینەکەی.

لە نێوان ساڵانی ١٨١٣ - ١٨٢٨ ئینگلیز و ڕوسەکان دەستیانوەردایە ناوکاری ئێراندا، قاچاریەکان قەوقازیان (جۆرجیا و ئەرمینیا و ئازربایجانی ئێستا)یان ڕادەستی ڕوسیا کرد، لە دوو پەیماننامەی جیادا، پەیماننامەی کلستانی ساڵی ١٨١٣، پەیماننامەی تورکمان جای ساڵی ١٨٢٨. قاچاریەکان ناچارکران یاسای ماف و جیاوی بیانیەکان دابنێن، بەپێی ئەم یاسایە گشت هاوڵاتیانی بیانی بوردران لە هاتنە بەردەم دادگای ئێرانی، ئەمەش وای کرد خەڵکی ئێرانی هەست بە سەرشۆڕی و چاوشۆڕی بکات. لەو کاتەوە تا سەرەتای سەدەی بیستەم ئێران دابەشبوو لە نێوان بەرژەوەندییە دژیەکەکانی ڕوسیا و بەریتانیا، ڕوسیا سیاسەتەکانی بنیات دەنا لەسەر بنەمای فراوانخوازی لە ئاسیا و چاوی بڕیبووە ئەوەی کەنارێکی هەبێ لە ئاوە گەرمەکانی کەنداودا، لە کاتێکدا بەریتانیا هەوڵی دەستگرتنیدا بەسەر کەنداو و گشت خاکەکانی دەوروبەری هیند.

محەممەد شای نەوەی فەتح عەلی شا لە ماوەی ١٨١٣ - ١٨٤٨ حوکمڕانی کرد، ڕوسیا لە سەردەمی ئەودا هەوڵیدا سۆزی ئێران بەدەستبهێنێ، بۆ پاڵپشتی کردن لە دەسەڵاتەکەی لە هەرێمەکانی قەوقاز و تورکستان.

ناسرەدین شای کوڕی محەممەد شا لە ساڵی ١٨٤٨ حوکمڕانی گرتەدەست، سەردەمی ئەو تایبەتمەند بوو بە بوونی پەیوەندی دۆستانە لەگەڵ ڕوسیا، ئەمەش بەریتانیای تووڕە کرد، جەنگی دژی ئێران ڕاگەیاند، ڕوسیاش نەیتوانی یارمەتی ئێران بدات، بۆیە ناسرەدین شا ناچاربوو خۆی بەدەستەوە بدات، پەیماننامەی پاریسی ئەنجامدا لە ساڵی ١٨٥٨، بەپێی ئەمە دانینا بە سەربەخۆیی ئەفغانستان و ماف و جیاوی بازرگانی بە بەریتانیا لە ئێراندا.

بارون رویتری بەریتانی لە ساڵی ١٨٧٢ لەلایەن شاوە ئەو مافەی بۆ بەریتانیا بەدەستهێنا، کە دەتوانێ هێڵی ئاسنین و ڕێگەی گواستنەوە دروست بکات، سامانی کانزایی و نەوت بۆ حەفتا ساڵ بەکاربهێنێ، هەروەك مافی ئەوەی پێدا سەرپەرشتی کارەکانی گومرگ بکات بۆ ماوەی بیست و چوار ساڵ.

ئێران لە سەردەمی ناسرەدین شادا، بۆ دوو بەشی دەسەڵات دابەشببوو، ناوچەی باکور ملکەچی دەسەڵاتی ڕوسی، باشور ملکەچی دەسەڵاتی بەریتانی بوو، هەر بۆیە بەریتانیا زیادبوونی دەسەڵاتی ڕوسی بە پرسێکی پەیوەست بە ستراتیژەکەی دادەنێ.

## بەڵگەنامەی (٦٣)

ژمارە ٢٧

لە مستەر کوشنەوە بۆ ئیرل گرانفیل

ئەستەنبۆڵ ٤٥، ٥ ئێوارەی ڕۆژی ٧ نۆڤەمبەری ١٨٨٠

هەواڵم پێدراوە تورکەکان دەستیان بە داخستنی سنوورکردووە، بۆ ڕێگەگرتن لە هاتنی هێزە کوردییەکان بۆ ناو تورکیا.

نۆ کاروانی سەربازی پشتیوانی بۆ ناوچەسنووریەکان ڕەوانەکراون[١].

## بەڵگەنامەی (٦٤)

هاوپێچ ٢ ژمارە ٥٦

لە کونسڵی گشتی ئابوتەوە بۆ ئیرل گرانفیل

تەبریز ٧ نۆڤەمبەر ١٨٨٠

---

(١) بەپێچەوانەی ئەو زانیاریانە باڵیۆزی بەریتانی ناردبووی لە ئەستەنبۆڵ بۆ وەزارەتی دەرەوەی وڵاتەکەی، هێزەکانی عوسمانی هەرگیز بەرەنگاری هێزەکانی بزوتنەوەکە نەبوونەوە، لەکاتی پاشەکشێیان بۆ ناو خاکی عوسمانیدا، هەروەك هەروەك هانی دانیشتوانی کوردی مەدەنیدا بۆ هاتنە ناو خاکەکەی.

به گەڕانەوە بۆ هەر دوو نامەکەی پێشوو، کە لە ئورمییە ناردبووم، شەرەفمەند دەبم بە جەنابتان ڕابگەیەنم لە بەرواری ١٦ ئۆکتۆبەردا، ئیقبال دەولە سەربازگەکەی بۆ (بادیلبۆ) گواستۆتەوە بۆ چاودێری کردنی جوڵە سەربازیەکانی کورد لە برادۆست.

کورد قەڵای (ئیسماعیل ئاغای) داگیر کرد، کە دەکەوێتە نێوان برادۆست و دەشتی ئورمییە. لە هێرشێکی شکستخواردوودا ئێرانیەکان دوو هاوەنیان لە دەستدا.

لە ٢٠ ئۆکتۆبەردا، شێخ سەربازگەیەك مەزنی دانا لەسەر چیای (سیر)، لە کاتی گەڕانەوەی لە سەردانێکی چاودێریدا بۆ (نوحیە و مرگەوەر). هێزەکانی شێخ و لەشکری کوڕەکەی (سدیق)، کە پێشتر لە (حیدرلو) بارگەی دانابوو، دەگەیشتە ٨٠٠٠ ئەسپسواری چەکدار. لە ڕۆژی دواتردا شێخ دوو نێردراوی ڕەوانە کرد، بۆ ئاگادار کردنەوەی خەڵکی ئورمییە، سەبارەت بە پێویستی خۆبەدەستوەدان. ئیقبال دەولە کە لە (بادیلبو) دەگەڕایەوە، فەرمانی بەرگری کردنی دەرکرد، لە پشت دیوارەکانی شار هێزەکانی شوێنی خۆیان گرت.

جەنگەکە لە ڕۆژی ٢٢ ئۆکتۆبەر دەستی پێکرد، دوژمن هێرشی کردە سەر شار لە هەر چوار لاوە، بەڵام هەوڵەکانی تا ڕۆژی ٢٨ بێ ئەنجام مایەوە، یەك جار کورد پێشکەوت تا دەروازەی (جرباش)، بەڵام دوای قوربانی زۆر ناچاری پاشەکێشێ بوون.

خەڵکی شار بڕیاری خۆبەدەستەوەدانیان دابوو، بێ دەنگیان هەڵبژارد بوو لەبەرامبەر فەرمانە تۆکمەکانی ئیقبال دەولە.

هەلی ئەوە دۆزرایەوە دەستەبەریەکانی شێخ بە مەسیحییەکان شار بگەیەنرێ، بەوەی هیچ ئازارێکیان پێ ناگەیەنرێ. ڕۆژی ٢٨ ئۆکتۆبەر، ئورمیەم جێهێش بە یاوەری پاسەوانی تایبەت کە شێخ بۆی دانابووم، بڕیارمدا بچمە تەبرێز لە ڕێگەی

(مەرگەوەر و ئەشنویە و سولدوز و مەهاباد). پێشتر شێخ پێی وتم باش نییە لە سەلماسەوە بڕۆیت، چونکە سدیقی کوڕی شێخ ئامادەکاری دەکات بۆ بەرەنگاربوونەوەی هێزەکانی تەیمور پاشاخان.

کاتێك ئورمیەم جێهێشت، شێخ لە چیای (سیر) مابوویەوە ٦٠٠٠ هەزار ئەسپسوار دەوریدابوو، نامەیەکی بۆ نووسیم بۆ (شێخ عەبدولقادر) لەبارەی بایەخدان پێم و لەوێ بە بە گەرمی پێشوازیان لێکردم.

لەشکری کوردی لە مەهاباد ژمارەی نەدەگەیشتە زیاتر لە ١٥٠٠ کەس، چونکە هۆزەکان زۆرن، دوای دەستگرتن بەسەر دەستکەوتی زۆر، ئەوا گەڕانەوە بۆ شوێنی مانەوەیان.

ناوچە کوردیەکان کە دەکەونە سەر کەناری ڕووباری (تاتاو) و (جغتو)، تووشی کاولبوونی تەواوبوونە، ٢٠٠ گوند بە تەواوی سوتێنراون، هەروەك نزیکەی ١٠٠٠٠ کەس ئاوارە بوونە.

لە بینینەکانمدا گەیشتمە ئەوەی ٢٠٠٠ ئێرانی لە میاندواو کوژراون، لە نێویاندا ٣٠ کەسی ئەرمەنی و ٥٠ کەسی جولەکە، لەلایەکی ترەوە ٩٠ کەسی ئەرمەنی هاتوونەتە ئێرە لە گوندی (تاجر باشیان) لە ژێر پاسەوانی تووندا لە نزیك مەهابادەوە.

لەكۆی ٣٣٠ جولەكە و ١٢ كەسیان لە ژیاندا ماون، ژمارەیەكی زۆریان لە دیلیدا دەژیان[(١)].

لەوێ و بەدرێژایی ڕێگاكە، من لە ژێر پاسەوانی شێخدا بووم، هەر بۆیە دەبوایە ڕازی بووبام لەسەر هەر هەنگاوێك بۆم ڕێكبكەوتایە، شێخ پێ ڕاگەیاندم ٣٠٠ ئەسپسواری تایبەتكردووە بۆ یاوەری كردنم، تا دەگەمە نزیك سەربازگەی ئێرانیەكان، بەم شێوە مەهابادم جێهێشت.

هەمزە ئاغای سەرۆك هۆزی مەنگوڕ و هەروەها (عەبدوڵڵا خان زرزی) و براكەشی (ئیبڕاهیم خان) و ژمارەیەك سەرۆك هۆزی تر یاروەریان كردم، كاتێك گەیشتنە (جلیك) سەرۆك هۆزەكان داوای مۆڵەتیان لێكردم بۆ ئەوەی ماوەیەكیان پێبدەم، فەرمانیان دەركرد بە سوتاندنی ژمارەیەك گوند.

بە درێژایی ڕێگە ٣٠ كەسی ئێرانیم كۆكردنەوە، كە لەسەر ڕێگاكە بوون. لەگەڵ خۆم بردنە (بناب).

ڕۆژی سێ نۆڤەمبەر گەیشتمە سەربازگەی ئێرانیەكان لە (بناب).

ڕۆژی ٤ نۆڤەمبەر چەند پۆلە سەربازێك لە تارانەوە گەیشتنە ئەوێ، كە لەلایەن (حیشمەت دەولە)وە بەرەو (سنكلج) پێشڕەویان دەكرا.

---

(١) كونسڵی بەریتانی ئابوت، ئاماژە بەو لایەنە ناكات كە بووەتە هۆی كوشتنی جولەكەكان، لەشكری ئێرانی لە بەرەوپێشچوونەكانیدا تۆڵە دەسەندەوە لە كەمینە ئاینەكان و تێكڕای كورد، ئەم بەڵگەنامانە بە ڕوونی ئەو كارە تۆڵەسەتێنانە لە ناوچەكانی تر بە جوانی ڕوون دەكەنەوە، بەتایبەت تۆڵەسەندنەوەی لە مەسیحییەكان. لەلایەكی ترەوە دەڵێت شێخ تۆڵەی سەندۆتەوە لە خەڵكی میاندواو و بێ بەزەیانە خەڵكەكەی كوشتووە، وەك تۆڵەی كوژرانی خاڵی شێخ عەبدولقادر، نەدەبوو هەرگیز ئەمەی كردبا. بزوتنەوەكە زۆر زیانی پێكەوەت لەم كارە دوژمنكارە بێ پاساوانە.

ئەو هێزەی لە تارانەوە گەیشت، نزیکەی ٢٠٠٠٠ سەرباز و بیست پارچەی تۆپ و ١٢ هاوەن بوون. لە سەربازگەی ئێرانیەکان، سەرکردەی گشتی تەیمور پاشاخان پێی ڕاگەیاند کەوا شێخ سدیق تێکشکاوە لە جەنگێکدا، لەسەر ڕێگەی نێوان (سەلماس و ئورمیە).

(ئەلمار یوسف مەترانی) لە ئورمییە، ڕۆیشتبووە پاڵ هێزەکانی شێخ بۆ شەڕکردن لەگەڵ ئێرانیەکان.

هەروەك شێخ، لەبارەگاکەی خۆیدا پێشوازی کرد لە ٣٠٠ ئاشوری، کۆمەڵەی موزیکی لەشکری شێخ بە تەواوی لە ئاشوریەکان پێکدەهات.

ئەمڕۆ چاوم بە سەرکردەی گشتی کەوت[١]، باوەڕم وایە تەیمور پاشاخان سەرکەوتوو بوو لە پاشەکشە کردن بە شێخ، دەبێ پەلە بکەم لە ڕۆیشتنە مەهاباد.

واژوو ویلیام. ج. ئابوت

(١) هەندێك لە سەرچاوە قاچاریەکان ئاماژە دەکەن بەوەی سەرباری ئەو ڕێز و میوانداریەی شێخ عوبەیدوڵڵا پێشکەشی کرد، بەڵام کونسڵی بەریتانی - ئابوت - زانیاری سیخوڕی گرنگی بەدەستەوەدا لە کاتی چاوپێکەوتنی بە سەرکردەی گشتی لەشکری قاچاری. هەندێك سەرچاوەی دیکەی قاچاریش تۆمەتباری دەکەن، بەوەی هەوڵیداوە ڕێگە بگرێ لەوەی ئیقبال دەولە، بەرەنگاری هێزەکانی شێخ ببێتەوە، داوای لێکردووە ئورمییە ڕادەستی ئەم هێزانە بکات.

## بەڵگەنامەی (٦٦)

**ژمارە ٢٨**

**لە مستەر لانکیتەوە بۆ ئیریل کرانفیل**

**سان پێترسبێرگ ٨ نۆڤەمبەری ١٨٨٠**

**گەورەم**

**شانازی دەکەم ئەمڕۆ بەیانی، بروسکەی بەڕێزتانم بەدەست گەیشت، کە لە ٦ نۆڤەمبەر ڕەوانەتان کردبوو. چونکە ئەمڕۆ یەك شەممە، ناتوانم چاوك بە (بارون جومینی[1]) بکەوێ.**

**ڕۆژنامەی (بیریك) لە وتارەکەیدا، بە تێروتەسەلی دواوە لەبارەی داوای شای ئێران، بۆ ناردنی هێزی ڕوسی بۆ ئازربایجان، بۆ یارمەتیدانی هێزە ئێرانیەکان، لە لەناوبردنی یاخیبوانی کورد.**

**(بیریك) لە کۆتایی وتارەکەیدا باسی ئەوەی کردووە، ڕوسیا لەو کاتەی ئێران توانای زاڵبوونی نەبێ بەسەر یاخیبواندا، ئەوا تەنها یارمەتی ماددی پێشکەش دەکات. وەرگێڕدراوی وتارەکەی ڕۆژنامەی (بیریك) بەهاوپێچ لەگەڵ ئەم بروسکەیەدا دەخەمەڕوو.**

---

(١) وەزیری دەرەوەی ڕوسیا. لە هەندێك سەرچاوەدا هاتووە: ڕاوێژکار بووە لە وەزارەتی دەرەوەی ڕوسیادا.

**هاوپێچی بەڵگەنامەی ٢٨**

**گوڵبژێرێك لە ڕۆژنامەی (بیریك)**

**(وەرگێڕدراو) سان پێترسبێرك ٧ نۆڤەمبەر ١٨٨٠**

**ناسەقامگیری لە ئێران - ڕۆژنامەی (بیریك) هەواڵی سەرنجڕاكێش لە ئێرانەوە هاتووە، كە هاوسنوورە لەگەڵ هەر یەك لە ئەفغانستان و توركیا و ڕوسیا. لەسەر لایەكانی سنووری ئێرانی - توركی - ڕوسی، كورد دەژین، كە بەدوای بەهێزكردنی جێ پێكانیاندا دەگەڕێن. كورد و ئەرمەنەكانی توركیا، بەردەوام لە ناكۆكی و ململانێ دابوونە.**

**بەڵگەی بەهێز ئاماژە بەوە دەكەن، قەیرانی نەتەوەیی لە ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانیدا و بەتایبەتی بزوتنەوەی عەرەب ڕوودەدەن.**

**كوردیش لە دژی ئێران ڕاپەڕیون. ئایا تورك دەستیان هەیە لەوەی ڕوودەدات؟ ئایا بابولعالی بەدوای پلانی فێڵدا دەگەڕێ، بۆ بەتاڵكردنەوەی پەیماننامەی كۆنگرەی بەرلین[1] دەربارەی ئەرمەنەكان لە ناوەڕۆكەكەی؟ شتێكی پێشبینی كراوە**

---

(١) دەوڵەتی عوسمانی، پەیماننامەی (سان ستیفانو)ی لەگەڵ ئیمپڕاتۆریەتی ڕوسی واژوو كرد، لە ١ مارسی ١٨٧٨ بەناچاری، دوای ئەوەی كەشتیگەلی ڕوسی هاتە ناو دەریای (مەڕمەڕ) و بەرامبەر بە ئەستەنبۆڵی پایتەخت جێگیر بوو، لە دوورگەی (بیوك ئەدات) هەڕەشەی هاتنە ناو پایتەختی كرد، بەڵام هەڕەشەی بەریتانیا بە هاتنە ناو جەنگەكەوە، ڕێگەی لە ڕوسیا گرت لە پێشڕەوی كردن بەرەو پایتەختی ئیسلامی، كە سوڵتان محەممەد فاتح بە جەنگ خستییە سەر شانشینەكەی لە ساڵی ١٤٥٣ز.

دەوترێت وەزیری دەرەوەی عوسمانی پەیماننامەی (ویبكی) واژوو كرد، هونەرمەندێكی ڕوسی وێنەی وەزیری كێشاوە بە گریاوی، وتراوە سوڵتان هەڵیگرتووە. دەوڵەتانی ئەوروپی پێیان وابوو، ڕوسیا بەهۆی بەدەستهێنانی ئەم هەموو دەستكەوتانە لە پەیماننامەكە، هاوسەنگی نێودەوڵەتی تێكدەدات، دەوڵەتانی ئەوروپی كۆك بوون لەسەر گۆڕینەوەی بە پەیماننامەی بەرلین، ئەمەش بۆ گێڕانەوەی مافەكانی

دیبلۆماسیەتی تورکی حەز دەکات سوود ببینێ لە بزوتنەوەی کورد لە خۆرهەڵاتی ئیمپڕاتۆریەتەکە و لە ناو ئێران، بۆ دووبارە کردنەوەی ئەزموونە سەرکەوتووەکەی، لە خراپ سوود وەرگرتن لە ئەلبانیەکان لە بەرامبەر (منتینیگرۆ)، پێشبینی دەکرێ وەڵامی ئەم پرسیارانە زوو ئاشکرا ببێ.

بەدرێژایی ساڵانی ١٨٤٤ تا ١٨٥٣ هەماهەنگیەکی تەواو هەبوو، لە نێوان دەوڵەتانی لەندەن و پێترسبێرگ لەبارەی ئێرانەوە، هەرچەندە جەنگی قرم بووە هۆی نەمانی

---

عوسمانی یان دادگەر بوون نەبوو، بەڵکو بۆ دووبارە دابەشکردنی دەستکەوتەکان بوو، پەیماننامەکە لە بەرلین ئەنجامدرا بە سەرۆکایەتی ڕاوێژکاری ئەڵمانی ناودار (بسمارك) لە ١٣ حوزەیرانی ١٨٧٨، بیسمارك تێبینی کرد فرمێسك لە چاوەکانی وەزیری دەرەوەی عوسمانی (سەفوەت پاشا) دەهاتە خوارەوە و پێی وت: (لە جیاتی ئەوەی وەك ئافرەت بگرین، پێویست بوو وەك پیاو بەرگری لە مافەکانتان بکەن)، بسمارك ڕاستی نەدەکرد، عوسمانیەکان ئەوەندی پێیان کرا بەرگریان کرد، بەڵام دەوڵەت لە لاوازیەکی گشتیدا بوو، لە توانای گەلانی عوسمانیدا نەبوو سەرکەوتن بە دەست بهێنن، لە بارودۆخی لاوازی دەوڵەتدا.

پەیماننامەی بەرلین لە ٦٤ مادده پێکهات و دەرچوو، لەوانە: ١ مەقدۆنیا بۆ دەوڵەتی عوسمانی گێڕدرایەوە، دوای ئەوەی بە بولگاریا درابوو. ٢ - بولگاریا بۆ دوو بەش دابەشکرا، هەر لە ژێر دەسەڵاتی سوڵتاندا مایەوە، لەگەڵ دانی باجی ساڵانە بە بابولعالی، لە بەرامبەر خۆڕێبەری. ٣ - بۆسنە و هێرسك و بەنی بازار درانە نەمسا، ٤ - بیساربیا لە بەلقان درانە ڕوسیا، قارس و ئەردەهان لە ئەنادۆل درانە ڕوسیا، بایەزید بۆ دەوڵەتی عوسمانی گێڕدرایەوە، ٥ - ناوچەی قگور درایە ئێران، تەسالیە درایە یۆنان، ٦ - پشکی بەریتانیا دوورگەی قوبرس بوو. سەربەخۆیی درایە بولگاریا و سڕب و چیای ڕەش. سەبارەت بە ئەرمەنەکان، ئەوا مکردیج خریمیان (خریمیان هایریك) کە سەرۆکی شاندی ئەرمەنی بوو بۆ کۆنگرەی بەرلین، بە تاکەکانی گەلەی وت: "ئازادی لە بەرلین کولێنرا، بەڵام نەمانتوانی بە کەوچکی پەڕاو بیخۆین. ئەی منداڵە شیرینەکانم، هیچ هیوایەکتان بە بیانیەکان نەبێ، بەخۆتان کاروباری خۆتان ڕێکبخەن". پەیماننامەکە لە ماددەی ٦١ دان بە مافەکانی ئەرمەنەکاندا بنرێ، بەڵام ئەوە سەیرە لەسەر دەوڵەتی عوسمانی پێویستکرا ڕێگە لە کورد و جرکس بگیرێ لە دەستدرێژی کردنە سەر ئەرمەنەکان. سەرچاوە: ئوروخان محەممەد عەلی - سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم - عێراق - ١٩٨٧ - لا ١٣٨ دواتری.

هەماهەنگی. بەڵام ئەمڕۆ کەشەکە لەبارە بۆ هاریکاری یەکتری لەبارەی بابەتی ئێرانەوە.

پەیوەندی دۆستانەی نێوان ئێران ڕوسیا، وای کرد دەوڵەتی ئێران هەڵی داواکردنی یارمەتی لە ڕوسیا بۆ فەراهەم ببێ، داوای ناردنی هێزی لێبکات بۆ لەناوبردنی بزوتنەوەی کورد. بەڵام پێشبینی دەکرێ پێویستی بە دەستێوەردانی ڕوسی نەبێ، ئەو ڕاپۆرتانەی لە پێگەکانی دەوڵەتی ڕوسیەوە هاتوون، جەخت لەسەر ئەمە دەکەنەوە.

## بەڵگەنامەی (٦٧)

ژمارە ٣٠

لە مستەر تامسونەوە بۆ ئێریل کرانفیل

تاران ٨ نۆڤەمبەری ١٨٨٠

گەورەم

ئێرانیەکان هێشتا ئورمیەیان بەدەستەوە ماوە، جەنگی بەردەوامە، بەڵام بەپێچەوانەی پڕوپاگەندەکانی سەرچاوە فەرمییەکانی ئێران، کورد پاشەکشەی نەکردووە. هێزەکانی ئێرانی لە (بناب[1])سەرکەوتنێکیان بەدەستهێناوە، لە کاتی شەڕەکەدا ٣٠٠ چەکداری کورد کوژراون.

---

(١) بناب: شارۆچکەیەکە دەکەوێتە خۆرهەڵاتی مەهابد و سەر ڕێگای تەبرێز، جەنگی زۆر تووندی تێدا ڕووداوە.

## بەڵگەنامەی (٦٨)

**ژمارە ٣١**

**لە مستەر تامسونەوە بۆ ئیریل کرانفیل**

**تاران ٨ نۆڤەمبەر**

**گەورەم**

**بە ئاماژەکردن بە بروسکەکەی پێشوو، لەبارەی ڕاپەڕینی کورد لە ئازەربایجانەوە. خۆشحاڵ دەبم بۆ جەنابتان بخەمەڕوو حکومەتی ئێرانی بەهیوای ئەوەیە لە ڕێگەی گفتوگۆ و دروستکردنی درز و کەلێك گورز لە کورد بوەشێنێ. هەواڵەکان لە سەربازگەی کورد وا هاتوون، بەهۆی دروست بوونی پەرتەوازەیی و لێکترازان، هەندێك لە سەرۆك هۆزەکان لەلای شێخ ڕۆیشتوون و دەیانەوێ سەرلەنوێ شوێن شای ئێران بکەون[1].**

---

**(١) پێش ئەوەی ئیعتماد سەڵتەنەی سەرکردەی لەشکری ئازربایجان، بچێتە ناو هیچ جەنگێکەوە لەگەڵ هێزە کوردییەکان، توانی خزمەتکاری زۆرێك لە سەرۆك هۆز و سەرکردەکانی کورد بکڕێت، لەوانە (کولابی ئاغا دیبوکری) و (قادر ئاغا موکری)، کە کوڕەکەی ئەمین ئاغا لەگەل ژمارەیەکی زۆر لە ئەسپسوارانی موکری لێی جیابوونەوە، بەڵام بەخۆی هەر بە وەفاداری بۆ هێزەکانی بزوتنەوەکە مایەوە، بەهەمان شێوە (محەممەد ئاغا مامش) و هۆزی قرە باباخ و (خان باباخانی موکری) کە شێخ کردبوویە کاربەدەستی مەهاباد ڕۆیشتنە پاڵ سەربازگەی قاچاریەکان، دوای یەك ڕۆژ لە خۆبەدەستەوەدانی سەربازە ئێرانیەکان ئەویان کوشت.**

## بەڵگەنامەی (٦٩)

ژمارە ٣٢

لە مستەر بلانکیتەوە بۆ ئێریل گرانفیل

سان پێترسبێرگ، ٨ نۆڤەمبەری ١٨٨٠

گەورەم

لە میانەی جێبەجێکردنی فەرمانی جەنابتان، ئەمڕۆ بەیانی سەردانی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ڕوسیام کرد، تا لە ڕێگەی (بارون جومینی) هەواڵی دروستی یان نا دروستی بڕیاری حکومەتی ڕوسی بەدەستبهێنم، سەبارەت بە ڕەوانەکردنی هێز بۆ ئازربایجان.

بارون لەو کاتدا لە کۆبوونەوەدا بوو، بەڵام هەر کە زانی من هاتووم، کۆبوونەوەکەی جێهێشت و زۆر بە گەرمی پێشوازی لێکردم. باروت وتی شا لە ڕێگەی وەزیری ڕاسپێردراوی ڕوسیا لە تاران داوای ڕەوانەکردنی هێزی کردووە.

لە دەرەنجامی ئەم داوایەدا، دەمودەست ئیمپڕاتۆر ڕازی بوو، بەڵام جەختی کردۆتەوە هێزەکانی ڕوسیا نەچنە ناو خاکی تورکیا، لە کاتی ڕاوەدوونانی کورد.

بارون لە کاتی قسەکردندا وتی لەسەر بنچینەی باشتربوونی بارودۆخ و گۆڕانی هاوکێشەی جەنگ بۆ بەرژەوەندی هێزە ئێرانیەکان، ئەوا هیچ پاساوێك نابینێ بۆ

ڕەوانەکردنی هێزی ڕوسی. ئەوەی دەرخست کە نازانێ ئەو ژمارەیە چەندە کە بڕیاردراوە ڕوسیا بۆ ئێران ڕەوانەی بکات.

واژوو ف. ر. بلان

## بەڵگەنامەی ٧٠

هاوپێچی ١ ژمارە ٨٤

لە هەمزە ئاغای مەنگوڕەوە بۆ شێخ عوبەیدوڵڵا

وەرگێڕدراو

دەجەنگم بە درێژایی دوو ڕۆژ لە ناوچەی (بناب)، لە چوار لاوە گەمارۆمانداوە تا کەس نەتوانێ لە قەڵاکە ڕابکات.

داوا لە خوا دەکەم دوژمن پەرت بکات وەك پوش و پەڵاش.

داوا لە بەڕێزی پایەدارتان دەکەم و بە خێرایی ١٠٠٠ سەرباز بنێرێ، لەگەڵ کەرستە بۆ ناوچەکە، ئەوەندەی لە توانادابوو.

(تێبینی، ئەو زاراوانەی بەکاردەهێنرێن، تایبەتن بەوەی گفتوگۆ لەگەڵ شای دەوڵەت دەکرێ)[١].

---

(١) تێبینیەکە لە دەقی بروسکەکەدا نووسرابوو.

## بەڵگەنامەی (٧١)

**لە شێخ عەبدولقادرەوە بۆ شێخ عوبەیدوڵڵا**

**شەڕەفمەند بووم بە وەرگرتنی پەیامی بەڕێزتان، کە لەگەڵ مەلا حەسەن ناردوتانە، زۆر خۆشحاڵبووم بە هەواڵی بیستنی گەمارۆدانی ئورمییە.**

**دوو هاوەنم گرتووە، لەشکری موسڵمانان سەرکەوتوو، دانیشتوانی ئورمییە لە ستەمی دوژمنان ڕزگاریان بوو، داوا لە خوا دەکەم سەرکەوتنێکی گەورەمان پێببەخشێ.**

**٢٠٠٠ ئەسپسوارم بۆ لای بەڕێزتان ناردووە، تا بەشەو و ڕۆژ لە خزمەتتاندا بن[1]، لەشکرێکی بچوکم لایە لە شوێنکەوتووانی (خان بەها خا) و (هەمزە ئاغا) و هەندێکی هۆزی تر.**

**دوژمن لە بەرامبەرمانە، (گلی عەلی ئاغا) کراوەتە بەرپرسیان، داواکارم لە جەنابتان١٠٠٠ ئەسپسوار و کەرستەی پێویست بنێرن، دوای ڕۆیشتنە ناو ئورمییە.**

**هیوادارم شەڕەفمەندمان بکەن بە هاتنی جەنابتان بە نزیکترین کات.**

---

(١) ئەو ئەسپسوارانەی شێخ عەبدولقادر ڕەوانەی کردن، بریتی بوون لە شوێنکەوتوانی محەممەد ئاغا مامش و قرە باباخ، شێخ دڵنیا نەبوو لێیان، هەروەك زۆر سەرۆك هۆزی لێی جیابوونەوە، هەر بۆیە داوای یارمەتی لە باوکی کرد. ئەو قسە لەبارەی لەشکرێکی بچوك دەکات، دوای ئەوەی ٥٠٠٠٠ - ٦٠٠٠٠ جەنگاوەری لەگەڵ بوو.

## بەڵگەنامەی (٧٢)

نامەیەکی (واژوو نەکراو) بۆ شێخ عوبەیدوڵڵا

فەرمانە پیادەکراوەکانی جەنابتان بە وردی جێبەجێ کراون، دوژمن لە بەرامبەرمان هەڵدێن بە هیمەتی شێخی ڕزگارکەری خاوەن شکۆ.

ئەستەمە پێگەی بەرز و دادگەری جەنابتان کەمتەرخەمی لەهەمبەر ئێمەدا بکەن.

داوام وایە فەرمان بکەن بە ناردنی ٢٠ بۆ ٣٠ کەس بۆ پاسەوانی کردن لە موڵك و سامانەکەم.

## بەڵگەنامەی (٧٣)

لە عەبدولقادرەوە بۆ شێخ عوبەیدوڵڵا

هۆکاری شکستخواردنم لە (بناب)، بریتی بوو لە هاوکاری کردنی هەندێك لە هۆزەکان لەگەڵ حکومەت. جەنگ دوو ڕۆژ و دوو شەوی خایاند.

وا بڕیارە من بگەڕێمەوە (میاندواو) بۆ تەمبێکردنی هۆزی (جار دولی)، زۆرێك لە سەرکردەی هۆزەکان ئاوازی ڕیزپەر دەچڕن.

پێمان وایە پێویستە فەرمانی دەستگیرکردنی (جیهان خان قرە بابك) و (ئیسماعیل ئاغا حاجی خوش) دەربچێ، تا ببنە پەند بۆ ئەوانی تر.

وایلێهاتووه جڵەوگیرکردنی ئەو هۆزانەی لە ژێر فەرمانی ئەواندان زۆر سەخت بووە.

## بەڵگەنامەی (٧٤)

لە ئەلیکساندەر رینارتی خزمەتکاری فەرەنسیەوە بۆ شێخ

پێش چەند ساڵێك، بەڕێزتان لوتفتان نواند لەگەڵ ئێمە، قبوڵتان کرد ببمە دۆستی ئێوە.

ئێستا خاوەنی یەکێك لەو گوندانەم، کە لە بەشێکی موسڵمان و لە بەشێکی تر مەسیحی نیشتەجێن، یەك کەسی شیعەش لە نێوماندا نییە.

داواکارم نامەیەك بۆ خەڵکی ناوچەکە بنێری، بۆ ئەوەی زیان بە لەشکری موسڵمانان نەگەیەنرێ.

هەمووومان لە هاوڵاتی دڵسۆزی ئێوەین.

## بەڵگەنامەی (٧٥)

ژمارە ٣٤

لە مستەر تامسونەوە بۆ ئێریل کرانفیل

تاران ٩ نۆڤەمبەری ١٨٨٠

گەورەم بە ئاماژەدان بە نامەکانی پێشوو، لەبارەی ڕاپەڕینی کورد، بۆتان دەخەمەڕوو (ئیقبال دەولە[١]) لە ڕاپۆرتەکەیدا بۆ حکومەتی ئێرانی دەڵێت: توانیویەتی کورد بە سەرکردایەتی شێخ عوبەیدوڵڵا لە (سیر[٢]) بەرەو گوندی (ئیسماعیل کلاسی) بەرەو پاش ببات. ئەم گوندە دە میل لە ئورمیەوە دوورە و نزیکە لە (روە) و (مەرگەوەر) لەسەر زنجیرەی سنووری لەگەڵ تورکیا.

واژوو ڕوناڵد. ف. تامسون

## بەڵگەنامەی (٧٦)

ژمارە ٧٢

لە کاپیتان کلایتونەوە بۆ میجەر تروتر

وان، ٩ نۆڤەمبەری ١٨٨٠

ڕۆژی ٦ نۆڤەمبەر بروسکەیەکم بۆ باڵیۆز نارد، تیایدا هاتووە شێخ عوبەیدوڵڵا ئورمیەی داگیر کردووە، لە ٧ نۆڤەمبەردا بروسکەیەکی دیکەم بۆ باڵیۆز نارد، تیایدا وتم: هێزە ئێرانیەکان ئورمیەیان گرتۆتەوە.

(١) ئیقبال دەولە کاربەدەستی ئورمیە بوو.

(٢) چیای سیر دەکەوێتە خۆرئاوای ئورمییە.

ئەمڕۆ (سامح ئاغا) پێی ڕاگەیاندم، هەرگیز شێخ ئورمیەی داگیر نەکردووە، بەڵام شارەکەی گەمارۆدابوو بە تەواوی، بۆ ماوەی نیو کاتژمێر، بەڵام لە بەرامبەر هێرشی ئێرانی پاشەکشەی کرد.

تورك ئێستا لە شوێنی تۆمەتبارکراون، بە جوڵاندنی شێخ بۆ ئەنجامدانی ڕاپەڕینەکەی، وا پێدەچێ دۆستایەتی کوردانی ئێرانی و (زازا) هۆکاری حەزی شێخ بوو لە دانوستاندن لەگەڵ تورك.

دەوترێت شێخ عەبدولقادریش پاشەکشەی کردووە. دوێنێ پڕوپاگەندەی ئەوە بڵاوبووەوە کە لە کاتی جەنگەکەدا کوژراوە، بەڵام لە هیچ سەرچاوەیەکەوە لە هەواڵەکە دڵنیا نەبوومەوە.

واپێدەچێ جوڵە سەربازیەکانی کوردی گەیشتبێتە کۆتاییەکەی.

سەبارەت بە بارودۆخی ئێستا، دەبێ ئاماژە بەوە بکەم ئێرانیەکان بەردەوامن لە تاڵانکردنی گوندەکانی ناوچە کوردییەکان، ئەگەرچی هۆکاری هەرە مەزن یاخیبوونی خودی کوردەکان بوو. سامح پاشا دڵنیای کردمەوە ئەوەی لە توانایدابێت دەیکات بۆ ڕێگەگرتن لە ئێران لە دووبارە کردنەوەی ڕێوشوێنەکانی.

واژوو ئیمیلیاس کلایتۆن

## بەڵگەنامەی (٧٧)

ژمارە ٣٥

لە ئێریل کرانفیلەوە بۆ مستەر بلانکیت

وەزارەتی دەرەوە، ٩ نۆڤەمبەری ١٨٨٠

ئەمڕۆ باڵیۆزی ڕوسی هات بۆ چاوپێکەوتن لەگەڵم، قسەی کرد لەبارەی هێرشی کۆمەڵانی کورد لە ناو خاکی ئێراندا. ئەمیر بانف وتی: شاای ئێران داوای یارمەتی کردووە لە ئیمپڕاتۆری ڕوسی، بەڵام ئیمپڕاتۆر دژی ڕەوانەکردنی هێزە بۆ ناو خاکی ئێران، تەنها ئەوەی بە تەواو زانی هەندێك پۆلە سەرباز لەسەر سنووری ئێران بڵاو بکرێنەوە. بروسکەیەکم سەبارەت بە بابەتی ناوبراو بۆ ناردن.

واژوو کرانفیل

## بەڵگەنامەی (٧٨)

ژمارە ٤٠

لە مستەر کوشنەوە بۆ ئێریل کرانفیل

ئەستەنبۆڵ ٩ نۆڤەمبەری ١٨٨٠

گەورەم

خۆشحاڵم دوو نامە بۆ بەڕێزتان بەرز بکەمەوە، لە بریکاری کونسڵ (کلایتون)ەوە بۆ (میجەر تروتر) لەبارەی پرسی کورد. من بە وردی بەدواچوون بۆ پرسی کورد دەکەم، بەڵام بەدەستهێنانی زانیاری ورد لەبارەی بابەتەکە کارێکی ئاڵۆزە، بەهەر حال بە درێژایی ئەو چەند ڕۆژە کەمەی ماوە هەوڵ دەدەم زانیاری لەبارەی بابەتەکەوە بۆ بەڕێزتان بەرز بکەمەوە.

واژوو جورج. ج. کوشن

## بەڵگەنامەی (٧٩)

ژمارە ٥٥

لە کونسڵی گشتی ئابوتەوە بۆ ئێریل کرانفیل

تەبرێز، ١١ نۆڤەمبەری ١٨٨٠

گەورەم

شانازی دەکەم بەوەی ڕاپۆرتێك پێشکەش بکەم لەبارەی دۆخی مەسیحییە ئاشوریەکان لە ئورمییە، کە لە سەرەدانی دوایمدا بۆ ناوچە نووسیومە، هاوپێچ لەگەڵ ئەم نامەیەدا، هیوادارم ڕەزامەندیتان بەدەست بخەم.

واژوو ویلیام. ج. ئابوت

## بەڵگەنامەی (٨٠)

**هاوپێچی ژمارە ٥٥**

**لە پێناو توێژینەوەی ژیانی ئاشورییە مەسیحییەکان، ناسینی واقیعی گوزەران و پەیوەندیەکانیان لەگەڵ موسڵمانان، چۆنیەتی وەرگرتنی باج لێیان، هاوشێوەی ئەم شتانە، دەبێ زانیاری تەواو بەدەست بخەین.**

**دەشتی ئورمییە، شارەکە بە هەمان ناو لەخۆدەگرێ، درێژیەکەی ٥٠ میلە لە باکورەوە بۆ باشور. دەریاچەی ئورمییە دەکەوێتە خۆرئاوا و فراوانیەکەی ٣٠٠ کیلۆمەتر چوار گۆشەیە، نزیکەی ٥٠٠ گوند دابەش بوونە بەسەر دەشتی ئورمیەدا، نزیکەی لە ١٠٠ گوندا مەسیحییە ئاشوریەکان نیشتەجێن، ئەوانی دیکەش موسڵمانان شیعەی تێدا نیشتەجێن، هەروەك هەندێك دانیشتوانی سوننەشی لێن.**

**سێ ڕووباری گەورە هەن، لە چیاکانی دەوروبەر هەڵدەقوڵێن، بە ناو دەشتایی بەرەو ئورمیەدا دەڕۆن، ئەوانیش بریتین لە (جەهر جای) و (نزلو جای) و (براندوز جای).**

**دەشتەکانی ئورمییە جوان و سەوزن، تا ئاستێك دەتوانرێ ناوبنرێن بە (بەهەشتی ئێران).**

گەورەترین هۆزی ناوچەکە ناوی هۆزی (ئەفشارە) کە شیعە مەزهەبە[1].

سیستەمی باج و خەراج بە (کورال) ناودەبرێ، بە مانای (کۆشش بکە، وەربگرە)، ئەو سامانانەی وەك باج کۆدەکرێنەوە، ئەمانەن:

باجی خێزانی موسڵمان ٥ قرانە

باجی مەسیحییەکان ٨ قرانە

باجی سەر مەڕومالاّت و ئاژەڵەکان باجێکی یەکسانە

گامێش ٣ قران، مانگا ١٠/ ١ قران، مەڕ ١٠ شاهی، مانگا ١٠ / ١ قران.

مەسیحیەکانی سەرووی تەمەن ١٥ساڵ، لە جیاتی خزمەتکردن لە ژێر ئالاّدا، ساڵانە ٥ قران دەدەن. لێکۆڵینەوەی تێروتەسەلم کردووە لەبارەی هۆکاری ئەوەی خانەوادە مەسیحییەکان دوو قرانی زیادە دەدەن بەراورد بە باجی خانەوادە موسڵمانەکان، بەڵام من نەگەیشتوومەنە هیچ دەرەنجامێك.

لەبارەی زنجیرەی پلە داراییەکان، هاوڵاتی لەبەرامبەر موڵکدار، موڵکداریش لەبەرامبەر حکومەت بەرپرسە، باج و سەرانەکانی بە نەختینەیی وەردەگیرێن، یان بە هەر شێوەیەك کە حکومەت دیاری دەکات و بەشێوەیەکی ساڵانە.

(١) هۆزی ئەفشار: یەکێکە لە هۆزە مەزنەکان، کە بەشداربوونە لە دروستکردنی دەوڵەتی سەفەویدا، لە ئورمییە نیشتەجێ بوون، دەستیان گرتووە بەسەر زۆرێك لە زەوی و موڵکەکاندا.

ئەوەی بەلای حکومەتەوە گرنگە، بریتییە لە وردی ئەندازەی سامان، کە دیاری دەکرێ، لەلای گرنگ نییە سامانەکە بە دادگەرانە یان نادادگەرانە گەیشتووەتە ئەندازەکەی.

لە نزیك قوتابخانەیەکی ئەمریکی، کە شوێنی مانەوەم بوو، دوو گوند هەن، یەکێکیان موسڵمان و ئەوەی تریان مەسیحیە، لە هەر دووکیاندا نزیکەی ١٥ خێزان دەژین، هەر یەکێکیان خاوەنێکی هەیە.

سیستەمی موڵکداری کشتوکاڵی بەشێوەیەکە، موڵکدار تۆ بۆ جوتیاران دابین دەکات، لە وەرزی بەرهەم دروێنەدا، یەك پشك دەداتە جوتیار، بەرهەمی ساڵێك دەگاتە نزیکەی ١٥ خەروار[١] دەوڵەت لە هەر خەروارێکی گەنم ٥ قران وەردەگرێ، باجی بەدەستهاتوو کۆی گشتیەکەی لە ساڵێکدا دەگاتە ٢٥ تومەن.

زۆرێك لە موڵکداران پێشێلی مافی مەسیحیەکان دەکەن، تۆوی زیاتر بە موسڵمانان دەدەن، بەڵام باجەکە یەکسانە، هەندێك جار موڵکدار پارچە زەویەکی کشتوکاڵی بە جوتیار دەدات تا سوود لە بەرهەمەکانی ببینێ بۆ چاککردنی باری گوزەرانی، بەڵام مەسیحی لێی بێبەش دەکرێ.

لە دەشتی ئورمیەدا، هەندێك گوندم لە نزیکەوە بینی، دانیشتوانەکەی مەسیحی بوون، ژمارەیەکیشیان موسڵمان بوون.

جوتیارە مەسیحیەکان لە موسڵمانەکان زیاتر لە خۆشگوزەرانیدا دەژیان. بەڵام لەبەر ئەوەی کەمینەن، هیچیان پێ ناکرێ لەبەرامبەر موڵکداری خۆسەپێن.

---

(١) خەروار، کێشەکەی بە ئەندازەی ٣٠٠ کیلۆگرامە.

کاتێك لە گوندی (ئیرشادی) بووم، کە دەوڵەت بەڕێوەی دەبرد، بەپێی سیستەمی (کوراڵ)، گوێبیستی ستەمی مولّکدارەکە بووم، ڕاستەوخۆ سکاڵاکەم گەیاندە کاربەدەستی ئورمییە، سەرکۆنەی مولّکدارەکەی کرد و هەڕەشەی لە کاردووخستنەوە و سزادانی ئەوی کرد.

بۆ چەند ڕۆژێك لە گوندی (کوك تبە) مامەوە، کە یەکێکە لە گوندە پێشکەوتەکانی دەشتی ئورمییە، ڕۆژی یەکشەممە نوێژم لە کڵێسای ئاشوریەکاندا کرد، لەوێ ژمارەیەکی زۆر لە پیاو و ئافرەت و منداڵانی ئاشوری هەبوون، بەشداریان لە بەجێگەیاندنی پەرستشی ئاینیدا دەکرد، دوای نوێژ قسەم لەگەڵ ئەوان کرد بە تورکی و سڵاوی گەرمی شاژنی ئینگەلتەرامبە مەسیحییەکانی ناوچەکە گەیاند، داوام لێکردن ببنە هاوڵاتی چاك بۆ شا و هیوام پیشاندا لە چاکتربوونی دۆخی مەسیحییەکان ڕۆژ دوای ڕۆژ، لە سایەی ئەو پەیوەندیە باشەی لە نێوان ئێران و ئینگەلتەرادا هەیە.

بەداخێکی قوڵەوە دەڵێم: لە هەندێك لەو گوندانەی دەکەونە سەر ڕووباری (نزلو جای)، موسڵمانان و مەسیحییەکان ناچار دەکەن بۆ ئەنجامدانی کاری بێ کاری. تەنانەت هەندێکیان لێشیان دەدرێ، بارودۆخی موسڵمانەکان لە مەسیحییەکان خراپترە، چونکە مەسیحییەکان بە پێشنیازی مژدەدەرانی ئەمریکی دەستەیەکیان داناوە، بۆ بەرگری کردن لە مافەکانیان، یارمەتی باشیان پێدەدرێ لەلایەن ئەمریکا و ئینگەلتەڕاوە.

سەبارەت بە کورد بارودۆخەکەیان زۆر نالەبارە، هیچ پشتیوانێکیان نییە، حوکمەتیش بەهەمان شێوە، لەبەر ئەوەی بە چاوی نامۆ سەیریان دەکەن، ئەوا ستەمی زۆرتریان لێدەکرێ.

زۆربەی گوندە کوردیەکان کاول بوونە، جەستەی لاواز و باریك و ڕووخسارە زەرد هەڵگەڕاوەکانی کوردە گوندنشینەکان، بەڵگەیەکی بڕاوەیە لەسەر ناڵاندنیان. شێوەی ڕژێمی دەرەبەگایەتی باو لە ناوچەکە، هەردەم دەبێتە مایەی بوونی موڵکدارێکی بێ وژیدانی بڕیار بەدەست، کە مانای مرۆڤدۆستی نازانێ.

هەردەم موڵکدار بایەخ دەدات بە دابینکردنی ئەندازەی باجی ساڵانە، بەڵام ڕەچاوکردنی مرۆڤایەتی ئەوا تەنها خەیاڵە. لە هەندێك کاتدا و بەهۆی فەتوای هەندێك زاناوە، موسڵمانان کەلوپەلی مەسیحییەکان ناکڕن.

کورد چەندان جار زیاتر لە دۆخی خراپدا دەژین، چونکە ڕووبەڕووی هێرشەکانی ئێران دەبنەوە، موڵك و کەل و پەلەکانیان هەردەم هەڕەشەی لەناوچوونیان لەسەرە.

هیچ کێشەیەك نییە ڕوونکردنەوەی پوخت بدەم، لەبارەی (ئیسلامی نوێ)، بەپێی ئەو یاسایەی کە ئەگەر کەسی مەسیحی ببێتە موسڵمان، ئەوا دەبێتە خاوەنی گشت سامانی خانەوادەکەی، زۆر جار وا ڕوویدا گەنجی موسڵمان کچێکی مەسیحی هەڵدەخەڵەتێنێ، بە بانگەشەی ئەوەی کچەکە بووەتە موسڵمان، داوای سامان و موڵك لە خانەوادەکەی دەکات.

دەبێ کاری زۆر بکرێ، بۆ ڕەتکردنەوەی ئەم یاسایە، کە بەشێوەیەکی ئاشکرا سوکایەتی بە پیرۆزیەکانمان دەکات، ئەم یاسایە دژی دادگەری و مرۆڤایەتی و یەکسانیە. پێشبینی دەکەم حکومەتی ئێرانی ڕەزامەند دەبێ لەسەر ڕەتکردنەوەی ئەم یاسا نا مرۆڤانەیە، ئەگەر پێشنیازی لەم بارەوە بۆ بکەم.

دوای لێکترازانی نێوان دەوڵەتی ئێرانی و هەندێك هۆزی یاخیبوو. چەندین جار بینیم کاتێك کار دەگاتە دادگا، دادوەر بڕیار دەدات بە گێڕانەوەی کچەکە بۆ خانەوادەکەی و پێبژاردن بەسەر تۆمەتبارەکەدا دەسەپێنێ. یەکێك لەم دادگایانە بڕیای بەندکردنی بۆ ماوەی سێ هەفتە بەسەر تۆمەتبارێکدا سەپاند، هەروەها بەڵێن وەرگرتن لێی بەوەی دوای ئازاد کردنی نەگەڕێتەوە بۆ ئەم جۆرە کارانە.

لە دادگاکانی ئێرانیدا گەواهی و شایەتی کەسی مەسیحی لە دژی موسڵمان وەرناگیرێ. هەمان دۆخ لە تورکیاش هەیە، بەڵام لەبەر ئەوەی یاسای تورکی جەخت دەکاتەوە لەسەر یەکسانی نێوان گەلان، دەکرێ سود لەم یاسایە وەربگیرێ لە کاتی پێویستدا، ڕێگە لە پێشێلکردنی مافەکان بگیرێ.

زۆربەی کات لە ئێران، دانانرێ بە مافەکانی مەسیحی و جولەکەکان، هەر بۆیە ئەرکی ئینگەڵتەرایە داوا لە ئێران بکات بەشێوەیەکی باشتر هەڵسوکەوت لەگەڵ کەمینەکان بکات.

لەوەی پێشوودا وتم: ئاشوریەکان لە جیاتی خزمەتکردنی سەربازی، بە بڕە پارەیەك دووچاری پێبژاردن (غرامە) دەبن، لە کۆتاییدا حکومەت یاسایەکی دانا، ئاشوریەکانیش ناچار دەکات بۆ ئەنجامدانی خزمەتی ئاڵا و بەرەو کۆمەڵە موزیکیەکان لە یەکە سەربازیەکان دەبرێن، لەبەر ئەوەی سەربازە موسڵمان و مەسیحییەکان لە یەك شوێنی هاوبەشدا دەخەون، ئەوا بەردەوام مشتومڕیان لە نێودا بەرپا دەبێ، کەسە مەسیحییەکە مافی دەخورێ.

ئاشوریەکان بەلایەنی کەمەوە ساڵانە جارێك گەشت بۆ ڕوسیا دەکەن.

هەندێکیان بە دوای کاردا دەگەڕێن، لە بەدلیس یان ناوچەکانی تری قەوقاز، بەڵام زۆربەیان دەچنە مۆسکۆ و پێترسبێرگ بۆ سواڵکردن، لەوانەیە هیچ گەلێك لە جیهاندا نەبێ وەك ئاشوریەکان خازۆکی بکاتە پیشەی خۆی. هەر ساڵێك ٥٠٠٠ ئاشوری دەچنە ڕوسیا، لە نێویاند ٣٠٠ بۆ ٥٠٠ خازۆکی دەچن، ئەوانی دیکەش بۆ گەڕان بەدوای کاردا. داهاتی ساڵانەی خازوکی دەگاتە ٤٠٠٠ لیرە، داهاتی کار دەگاتە ٠٠٠، ١٠٠ لیرە، لەکاتی گەڕانەوەیاندا، ئاشوریەکان زۆر سامان لە دەستدەدەن، بەهۆی فەرمانبەرانی گومرگ، کوردەکان، پاسەوانە حکومیەکان، ڕێگرەکان هاوبەشی بەردەوامی ئاشوریەکانن.

مژدەدەرە ئەمریکیەکان و ئاشوریەکان کار دەکەن بۆ چاك کردنی بارودۆخی مەسیحییەکان لە دەشتی ئورمیەدا.

فەرمانبەرانی دەوڵەتی ئێرانی ڕێز دەگرن لە دروشمەکانی ئاینی مەسیحی و ڕێگری لێناکەن.

ڕاپۆرتەکان سەبارەت بە چەندین بابەت، بۆ وەزیری ڕاسپێردراوی حکومەتی پایەبەرز بەرز دەکەمەوە، خۆشبەختانە بە ئەرێنی هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکرێ.

مژدەدەرانی ئەمریکی لە هەر گوندێکی مەسیحیدا قوتابخانە و کڵێسایان دروستکردووە، لە هەر قوتابخانەیەکدا مامۆستایەك دانراوە، شوێنی خەوتن و مانەوەی مژدەدەران دەکەوێتە دەوروبەری گوندەکان. فێرکردنی ئاشوریەکان بەخێرایی بەرەوپێش دەچێ، خوێندنی زانستە ئاینیەکان و زمانەکان ئەنکلوساکسونیەت بەشێکی ناچاریە لە پەیڕەوی خوێندندا. حکومەتی ئێرانی بە

هەمان شێوە ئاسانكاری پێشكەش دەكات سەبارەت بە كاروباری ئاشوریەكان. ڕۆژگاری ڕووناكی و ئاشتی لە ڕێگەیە.

تەبرێز، ١١ نۆڤەبەری ١٨٨٠

واژوو ویلیام. ج. ئابوست

## بەڵگەنامەی (٨١)

ژمارە ٣٦

لە مستەر تامسونەوە بۆ ئیرل گرانفیل

تاران ١٢ نۆڤەمبەری ١٨٨٠

گەورەم

خۆشحاڵم بە جەنابتان ڕا بگەیەنم، دوێنێ نامەیەكەم لە شاوە پێگەیشتووە، لە ڕێگە (میرزا سەعید خان[1])، ئاماژەی بە هەوڵە كاریگەرەكانی ئێوە كردووە، لە هاندانی سوڵتانی عوسمانی بۆ هاریكاری كردن لەگەڵ ئێران، بۆ لەناوبردنی كورد. شای مەزن لە نامەكەیدا دەڵێت، لەگەڵ ئەوەی زاڵبووین بەسەر بزوتنەوەكەدا، بەڵام ترسی ئەوە هەیە سەركردەكانی بزوتنەوەكە ڕایانكردبێتە ناو خاكی سوریا.

(١) وەزیری دەرەوەی حكومەتی قاچاری.

شا جەختی کردەوە لەسەر تووندکردنی هەوڵەکانتان بۆ فشار خستنەسەر سوڵتانی عوسمانی، بۆ هاریکاری کردن لەگەڵ ئێران و دەستگیرکردنی شێخ عوبەیدوڵڵا و کورەکانی و گشت ئاژاوەچییەکان، کە پەنایان بۆ تورکیا بردووە، لێپرسینەوە کردن لەگەڵیان بە تووندی. بە تێڕوانینی شا، هاریکاری هاوبەشی هەر دوو لا دەکرێ ببێتە هۆی ڕیشەکێش کردنی بزوتنەوەی کورد.

واژوو رۆناڵد. ف. تامسون

## بەڵگەنامەی (٨٢)

ژمارە ٣٧

لە مستەر تامسونەوە بۆ ئیریل کرانفیل

تاران ١٢ نۆڤەمبەری ١٨٨٠

گەورەم

شانازی دەکەم بە ئاگادار کردنەوەی جەنابتان، هەواڵی مردنی لەناکاوی (حیشمەت دەولە میرزا) کە پێشتر لەلایەن تارانەوە بۆ سەرکردایەتی کردنی هێزە چەکدارەکان بۆ لەناوبردنی کورد دانرابوو، پێش چەند کاتژمێرێك گەیشتە تاران.

دوێنێ بروسکەیەك لە حکومەتی ئێرانی بە واژووی (موشیر حوسێن خان) پێگەیشت، ئاماژەی بەوەدا شاری (مەهاباد) بە تەواوی لەلایەن ئەو هێزانەوە پاککراوەتەوە، کە (ئیعتماد سەڵتەنە) سەرکردایەتیان دەکات، کوڕی شێخ عوبەیدوڵڵا

و هەمزە ئاغا لە سەرکردەکانی یاخیبوان هەڵاتوون، هێزە ئێرانیەکان شوێنیان کەوتوون. یەکێك لە پۆلە کوردە یاخیبووەکان، بە توندی بەرەنگاری هێزە ئێرانیەکان بووەوە، لە کاتی کشانەوەیدا بەرەو سنوور و هەوڵدانی بۆ ڕۆیشتنە ناو تورکیا، ناچار بوو بەرەو بەرزایەکانی دەوروبەر ڕابکات. زیانەکانی کورد ٢٠٠ کەس بوو.

## بەڵگەنامەی (٨٣)

ژمارە ٣٨

لە مستەر کوشنەوە بۆ ئێریل کرانفیل

١٣ نۆڤەمبەری ١٨٨٠

داواتان لێدەکەم مۆڵەتم بدەن، تا داوا لە بابولعالی بکەم، شێخ عوبەیدوڵڵا و کوڕەکانی دەستگیر بکات، سزایان بدات بۆ ئەوەی ببنە پەند بۆ ئەوانی تر؟ بەدڵنیایەوە بە بڕوای من بێباکی (بابولعالی) لە بابەتی شێخ و کوڕەکانی دەبێتە هۆی هەڵگیرسانی ئاگری شۆڕشێکی گشتی و سەرەتاسەری لە کوردستان.

## بەڵگەنامەی (٨٤)

ژمارە ٣٩

لە ئێریل کرانفیلەوە بۆ مستەر کوشن

وەزارەتی دەرەوە، ١٣ نۆڤەمبەری ١٨٨٠

بە ئاماژەدان بە بروسکەکەی ئەمڕۆتان، ئەندازەگیری خستنەڕووی بابەتی شێخ عوبەیدوڵڵا بۆ بابولعالی بۆ ئێوە جێدەهێڵم.

کونسڵەکان لە ڕاپۆرتەکانیاندا دەڵێن: ناردنی هێز بۆ لەناوبردنی شێخ، هەڕەشە نییە بۆ سەر ئەستەنبۆڵ. پێویستە بابولعالی ئاگادار بکرێتەوە، پاراستنی شێخ لەوانەیە ببێتە هۆی تێکچوونی پەیوەندی نێوان ئێران و تورکیا.

واژوو کرانفیل

## بەڵگەنامەی (٨٥)

ژمارە ٥٦

لە کونسڵی گشتیەوە بۆ ئێریل کرانفیل

تەبرێز، ١٥ نۆڤەمبەری ١٨٨٠

گەورەم

شانازی دەکەم گوڵبژێرێك لەو یاداشتنامانەتان پێشکەش بکەم، کە لە کاتی هێرشی کورد نووسیومە، بۆ سەر ئورمییە، لەگەڵ وێنەیەك لەو نامەیەی ناردوومە بۆ وەزیری ڕاسپێردراوی حکومەتی پایەبەرز، هاوپێچ لەگەڵ ئەم بروسکەیەدا، هەروەك چەند بابەتێك دەخەمەڕوو لەبارەی سەرەدانەکەم بۆ (مەرگەوەڕ) و (ئەشنویە) و (سولدوز) و (مەهاباد) سەربازگەی ئێرانیەکان لە (بناب).

کاتێك هەواڵم بیست لەبارەی هەواڵەکانی پێشکەوتنی سەرسوڕهێنی لەشکری کوردی بەرەو تەبرێز، پێم وابوو ئەرکی منە لە ئورمیە دەربچم و بگەڕێمەوە شوێنی کارکردنم. مەترسی هەبوو ئەگەر لە ڕێگەی سەلماسەوە گەڕابامەوە، چونکە هێرشی شێخ سدیق بۆ سەر هێزەکانی تەیمورخان لە هەر ساتێکدا پێشبینیکراو بوو. هیچ ڕێگەیەکم لەبەردەمدا نەبوو، تەنها بردن نەبێ بۆ ڕێناسێکی کوردی، کە شێخ لە خزمەتی منی دانابوو.

لەبەر ئەوەی شێخ پێی وتم ڕێناسەکە لە ناو سەربازگەی کوردا هەیە، ناچاربووم بچمە ئەوێ. لە ماوەی مانەوەمدا لە ئورمیەدا، بە هەموو تواناکەم کارم کرد بۆ قەناعەت کردن بە شێخ، بۆ خۆدوورگرتن لە جەنگ و خوێنڕشتن، چونکە پێشبینیم کرد جەنگەکە فراوان و تووند بێ، لەوانەیە ببێتە هۆی بەفیڕۆچوونی گیانی سەربازەکان و هاوڵاتیانیش.

بەرگەی مەترسی مەزنم گرت بۆ ئەوەی ڕەزامەندی حکومەتی پایەبەرز بەدەستبهێنم.

واژوو ویلیام. ج. ئابوت

**بەڵگەنامەی (٨٦)**

**ژمارە ٦٨**

**لە بریکاری کونسڵەوە، کلایتۆن بۆ میجەر تروتر**

**وان، نۆڤەمبەری ١٨٨٠**

**(گوڵبژێرێك)**

**زانیاری تەواو نییە لەسەر جوڵەکانی کورد لە ئێران. دەوترێ عەبدولقادر مراغەی داگیرکردووە، کۆمەڵەی بچوکی ئەسپسوارەکانی جێگەی خۆیان گرتووە لە نزیك دیوارەکانی تەبریز، ژمارەیەکی زۆری هێزە کوردیەکان لە هۆزەکان پێکدێن، بۆیە چەك و کەرستەی سەربازی پێشکەوتوویان پێ نییە، هەر بۆیە دەکرێ لە ناوببرێن لەلایەن یەکەی سەربازی بچوکەوە.**

**زانیاریەکانی دوایی ئەوە دەگەیەنن شێخ عوبەیدوڵڵا ئامادەکاری دەکات بۆ هێرش کردنە سەر ئورمییە، ئەرمەنەکان لە (باش قەلعە) جەخت دەکەنەوە لەسەر بوونیان لە گوندەکانی دەوروبەری ئورمییە و لەلای سنوور.**

**شێخ زۆر هەوڵ دەدات یارمەتی مەسیحیەکان بەدەستبخات. ئاشوریەکان لە شەمزینان گوێڕایەڵیان بۆ نواندووە، نێردراوێکی ناردووە بۆ لای (مار شەمعون)، داوای هاوکاری کردنی لێدەکات، جەخت لەسەر سزادانی دەستدرێژی کاران دەکاتەوە.**

دەوترێ نزیکەی ٤٠٠ بۆ ٥٠٠ کەسی ئاشوری، چوونەتە پاڵ هێزەکانی شێخ، بەڵام کاتێك بنچینەی بابەتەکەیان زانیوە، وتویانە لەگەڵ ئێرانیەکان ناجەنگین، گەڕاونەتەوە ماڵەکانیان.

سەرکردەی ئەرمەنیەکان لە (باش قەلعە) کە بەم دواییانە هاتە ئێرە پێی وتوم، شێخ چەندین بانگهێشتی فەرمی بۆ ناردووە، بۆ چاوپێکەوتن، بەڵام لە هەر جارێکدا پاساوێکی هێناوەتەوە.

## بەڵگەنامەی (٨٧)

ژمارە ٤١

لە ئێریل کرانفیلەوە بۆ مستەر بلانکیت

وەزارەتی دەرەوە، ١٦ نۆڤەمبەری ١٨٨٠

چەند زانیاریەك هاتوون، لە نامەکەی (م. دی. کیرس) بۆ باڵیۆزی ڕوسی، لەبارەی داواکاری شای ئێران لە ئیمپڕاتۆری ڕوسیا، بۆ ناردنی یارمەتی بۆ وڵاتەکەی، لە پێناو لەناوبردنی ڕاپەڕینەکەی کورد.

بە (ئەمیر لوبانف)م[1] وت: دڵنیام بکاتەوە لە دەستوەرنەدانی ڕوسیا لە ئێران، ئەوەی دەربڕی کە خودی ئیمپڕاتۆر حەز بە بەزاندنی سنوورەکان و هاتنە ناو خاکی

---

(١) لەوانەیە ئەمیر لوبانف، باڵیۆزی ڕوسی بێ لە لەندەن.

ئێرانناكات، تا نەبێتە مایەی ورژواندنی دەوڵەتانی خاوەن بەرژەوەندی، بەتایبەت بەریتانیا.

(ئەمیر لوبانف) زیاتر وتی: (ویستی ئێمە ئەوەیە نەچینە ناو جەنگەوە) منیش لە وەڵامیدا وتم: (ئەمە چاكترین شێوە دەربڕینە بۆ كۆتایی هێنان بە گفتوگۆكان).

واژوو كرانفیل

## بەڵگەنامەی (٨٨)

ژمارە ٤٥

لە مستەر كوشنەوە بۆ ئێریل كرانفیل

ئەستەنبۆڵ ١٦ نۆڤەمبەری ١٨٨٠

لەوەتەی ئەو نامەیەم بۆ نووسی لە ٢٦ ئۆكتۆبەر لەبارەی پرسی كورد، دانوستانی ڕێك و پێكم ئەنجامداوە لەگەڵ سەرۆك وەزیران و وەزیری دەرەوە، بەڵام تا ئێستا ناتوانم شیكردنەوەیەكی تەواو بخەمەڕوو، لەبارەی ڕاپەڕینیان و هێرشەكەیان بۆ سەر خاكی ئێرانی.

ڕاپۆرتەكانی وەزارەتی دەرەوە ئاماژە دەكەن بەوەی یەكێك لە سەركردەكانی كورد، لە ئەستەنبۆڵ بۆ چەندین ساڵ گیرابوو، بەڵام دوای ئەوەی لە بەندیخانە ڕزگاری بوو، ڕوویكردە شوێنی لە دایكبوونی و دوای ماوەیەكی كەم لە ئێران دەركەوت و بە شكۆ و ڕێزەوە لەوێ پێشوازی لێكرا.

ئەو پرسەی پێویستە لێکۆڵینەوەی لەبارەوە بکرێ، ئەوەیە حکومەتی عوسمانی چۆن دەڕوانێتە کورد؟ ئایا تورك ڕازین لە بزوتنەوەکەی کورد؟ ئایا ئەندازەی ڕاستی ئەو پڕوپاگەندەیە چەندە، کە ئەستەنبۆڵ چەك بۆ کورد دابین دەکات.

پێویستە سەیری ئەم پڕوپاگەندانە بکرێ زۆر بە وردی، چونکە حکومەتی تورکی دەیەوێ ئەو ناوچانە بگێڕێتەوە کە لە ماوەی جەنگدا لە دەستی داون[1]. ئەم گریمانەیە لەم کاتەدا زیاتر دەبێ، کە شێوەزاری تورك لەبارەی ئەم پرسە ناڕوون و شێلو و دوو ڕوویی هەڵدەگرێ.

هەرگیز ئەندێشە نەدەکرا ئێرانیەکان لەبەرامبەر کورددا خۆڕاگر بن.

سەرباری ئەوەی باسکرا، شەوی ڕابردوو وەزیری دەرەوە پێی وتم، هێزە تورکییەکان نەیانتوانیوە یان ڕێگریان نەکردووە لە هاتنە ناوەوە بۆ ناو خاکی ئێرانی، لە بەدواداچوونی بۆ کورد.

ئایا حەقیقەتەکە ئەوەیە تورکیا بە هێزی ١٠٠٠٠ سەرباز ناتوانێ لەگەڵ کورد بجەنگێ؟ ئایا دەکرێ دڵنیایی بدرێ لەوەی تورکیان لە دۆخی دەستگرتن بەسەر شێخ عوبەیدوڵڵادا، سزای دەدات؟

---

(١) جەنگی نێوان ڕوسیا و عوسمانیەکان ١٨٧٧ - ١٨٧٨ بوو، بە ڕێکەوتننامەی سان ستیفانۆ کۆتاییهات، لە سێی مارسی ساڵی ١٨٧٨ لە سان ستیفانۆ واژوو کرا، شارێکە لە خۆرئاوای ئەستەنبۆڵ، لەسەر کەرتی ئەوروپی لە دەریای مەرمەڕە لە تورکیا، ئەم ڕێکەوتننامەیە لە ٢٩ مادده پێکدێت، لەلایەنی تورکیەوە سەفوەت پاشا واژووی کردووە، ئەم ڕێکەوتننامەیە بووە هۆی دەرکەوتنی دەوڵەتێکی بولگاری مەزن. دەوڵەتانی ئەوروپی دژی ئەم ڕێکەوتننامەیە بوون، چونکە زیانی گەیاندووە بە هاوسەنگ ئەوروپی و ڕوسیا دەسکەوتی زۆری بەدەستهێناوە، بۆیە هەرگیز جێبەجێ نەکرا، بەڵکو گۆڕدرا بە ڕێکەوتننامەی بەرلین، بەم پێیە دەوڵەتی عوسمانی زۆرێك لە زەویەکانی دۆڕاند، لەوانە ناوچەی قتور، کە دەکەوێتە خۆرئاوای ئورمیە و خۆرهەڵاتی ویلایەتی وان.

شتێكی سەیرە هێزێكی وەك توركیا نەتوانێ ڕێگری بكات لە هاوڵاتیانی لە هێرش كردنە سەر خاكی دەوڵەتی دراوسێ!!

لەگەڵ چەندین دەسەڵاتدار قسەم كردووە، لەبارەی گریمانەی سزادانی شێخ، بەڵام لە هەر جارێكدا یەك وەڵامم بیستووە، ئەویش ئەوەیە (گومان لەوەدا نییە نەرم و نیانی نواندنی زۆر لەگەڵ شێخ شتێكی ڕەوایە). ئەمە لە كاتێكدایە دەسەڵاتدارانی توركی دەستەوەسانی خۆیان دەردەبڕن لە گرتنی سەرۆك هۆزێكی بچوكی كوردی، كە سێ كەسی كوشتووە لە بەندیخانەی (سیواس) هەڵاتووە، چۆن دەكرێ متمانەی پێبكرێ بەوەی ڕێگەیەكی مەترسیداری سیاسی دەگرێتەبەر بە سزادانی شێخ؟.

وێنەیەكی وەرگێڕدراوی یەك لە وتارەكانی ڕۆژنامەی (حەوادس)تان بۆ هاوپێچ دەكەم، لەبارەی سەرچاوەكانی هێرشی كورد.

لە پەیامنێری نیشتەجێی ئەستەنبۆڵ

ڕاپەڕینی كوردستان (سەرچاوە - ڕۆژنامەی حەوادس)

بابەت، ئەو بابەتانەی ناڕەزایەتیەكانی كوردی لە ئێران وروژاند.

پەیامنێرەكەمان لە ئەستەنبۆڵ دەنووسێ: لە مانگی ڕەمەزانی ڕابردوو، كاربەدەستی مەهاباد (ئاغا شەهزادە) یەكێكی ناردووە و داوای (هەمزە ئاغای) سەرۆك هۆزی (مەنگۆڕ) دەكات، هەمزە ئاغا وەڵامی داواكەی دایەوە، ژمارەیەك ئەسپ و خشڵی وەك دیاری بۆ كاربەدەسەكە لەگەڵ خۆی برد، بەڵام كاربەدەستەكە وای بینی دیاریەكە نەگونجاوە و كەمە، (هەمزە ئاغا) داوای لێكرد كاتی پێبدات تا بتوانێ قەرەبوی بكاتەوە و شارەكەی جێهێشت، كاتێك ئاغا زادە گوێبیستی ڕۆیشتنی (هەمزە

ئاغا) بوو، فەرمانی بە ڕائد (محەممەد سادق خان) و نەقیب (محەممەد حوسێن بەختیاری) کرد، کە ٥٠٠ ئەسپسواری چەکداریان لەگەڵ بوو، (هەمزە ئاغا) دەستگیر بکەن، بە دەست و پێ بەستراوی بیهێنن.

هەمزە ئاغا بەمەی زانی، ژمارەیەك ئەسپسواری خۆی نارد تا بەرەنگاری هێزی کاربەدەستەکە ببنەوە و شکستیان پێهێنا. کاتێك هەواڵەکە گەیشتە مەهاباد، شەهزادە هێزی زیاتری کۆکردەوە، هەر کە هەمزە ئاغا بەمەی زانی، لەترسی ئەوەی لە توانایدا نەبێ بەرەنگاریان ببێتەوە، داوای یارمەتی لە شێخ عوبەیدوڵڵا کرد، شێخ کوڕەکەی خۆی لەگەڵ دوو هەزار ئەسپسوار ڕەوانە کرد. سەرۆك هۆزێکی تر بە ناوی (کەریم خان) بەپەلە ڕۆیشت بۆ یارمەتیدانی هەمزە ئاغا. ئەم سێیانە بەرەو مەهاباد جوڵان بە هێزێکی ٨٠٠٠ ئەسپسوارەوە، هەر کە هەواڵەکە گەیشتە کاربەدەستی مەهاباد، ئەوا ناوبراو لە ترسان تۆقی و بەرەو تەبرێز لەگەڵ ژمارەیەك لە ئەسپسوارەکانی هەڵات.

هەمزە ئاغا و یاریدەدەرانی هیچ بەرەنگاریەکیان لەسەر ڕێگە بەدی نەکرد. لە کۆتاییەکانی مانگی سێپتێمبەر گەیشتنە مەهاباد و ڕۆیشتنە ناوی، پێشوازیەکی بێ وێنەیان لێکرا لەلایەن خەڵکی مەهابادەوە. هۆکاری ئەم پێشوازیەش ڕزگاربوونیان بوو لە ستەمی بێ سنووری ئێرانیەکان و باج، کە پشتی ئەوانی دەشکاند، کە لە لایەن حکومەتەوە کۆ دەکرایەوە لە چەندین بۆنەدا، وەك: (مانگانە) و (ساڵانە) و (جەژنانە) و (نەورۆز) و (موحەڕەمییە) ئەمە ئەو باجە بوو کە لە سەرەتای ساڵی مانگی یان مەولودی کۆ دەکرایەوە، لە ڕۆژی لە دایکبوونی پێغەمبەردا کۆ دەکرایەوە. دانیشتوانی مەهاباد زۆر کارتێکراو بوون، هەر وەرچەرخانێك لە ژیانیاندا قبوڵیان دەکرد.

دوای سێ ڕۆژ هەمزە ئاغا هێرشی کردە سەر میاندواو، دوای ئەوەی لەشکری کاربەدەستی مراغە (عەلی خان)ی تێکشکاند، کە لە ٢٠٠٠ ئەسپسوار پێکهاتبوو، لە یەکی ئۆکتۆبەردا شارەکەی داگیر کرد. لەم جەنگانەدا (مەلا محەممەد جاف) کوژرا، هەروەك (مەکرەمەت عیباد) بەدیل گیرا.

دوای میاندواو، کەرەتی (بناب) هات، (حاجی عەلی) کاربەدەست بە ٣٠٠٠ ئەسپسوارەوە بەرەنگاریەکی پاڵەوانانەی نواند، لە کۆتاییدا تێکشکا و کورد (بناب)یشی داگیر کرد.

ئاغا خان لەگەڵ ٧ یا ٨ لیوای سەربازی و ٨ تۆپ هاتە ناو جەنگەکەوە، جەنگەکە بۆ ماوەی بیست و چوار کاتژمێر بەردەوام بوو، لە کۆتاییدا لەشکری ئێرانی تواوە و بە هەڵاتوویی لە شەڕەکە دەرچوو.

ئەم شکستە بووە هۆی بڵاوبوونەوەی ترسێکی تەواو لە تەبرێز، شازادەی جێنشین (موزەفەڕەدین میرزا) و کاربەدەستی تەبرێز، کە ئەو کات لە تاران بوو، فەرمانیان بە (ئیعتمان سەڵتەنە) کرد بەوەی پێوستە لەشکرێکی مەزنتر ئامادە بکرێ بۆ لەناوبردنی ئەم ئاشوبە، فەرمان بۆ کاربەدەستی کرمانشانیش ڕەوانەکران، بۆ دەستکردن بە کرداری دژ بە یاخیبوان.

ئەو شارانەی کەوتنە نێو چنگی کوردە ڕاپەڕیوەکان بێ بەرگری ئەمانە بوون: مەهاباد، سەقز، بانە، لاجان، سەرجان، شنۆ، بۆکان.

ئەو شارانەی کورد داگیریان کرد، دوای جەنگی سەخت ئەمانە بوون: میاندواب، مەرحمەت ئاباد، مراغە، ئورمیە، وینوسراجە، هشترود، ساتلمش، بوزلیك، کیول ئەودل، کە کورد و جگە لە کوردیشی تیایدا نیشتەجێن.

وەزیری جەنگی ئێرانی پێشوو، برا (کورد عەزیز[1]) ڕۆیشتە پاڵ ڕاپەڕیوان. بە سوود بینین لە تواناکەی توانرا زۆرێك لە سەرۆك هۆز و ئەفسەرانی کورد ڕابکێشرێن بۆ ڕیزەکانی هێزە ڕاپەڕیوەکان.

---

(١) عەزیزخان یەکێك بوو لە میرەکانی هۆزی موکری لە سابلاخ - مەهاباد، ساڵی ١٢٠٧کۆچی لە شاری سەردەشت لە دایك بوو، دەدرێتە پاڵ قوباد بەگی کوڕی حەیدەر موکری، لە کاتی حوکمڕانی محەممەد شا و جێنشینەکەی ناسرەدیین شادا، پلە و پۆستی بەرزی وەرگرت، لەوانە پۆسی سوپاسالار و کاربەدەستی ئازربایجان، کچی ئەمیر کەبیری سەرۆك وەزیرانی ئێرانی هێنا، بووە وەزیری بەرگری لە سەردەمی ناسرەدین شا لە ساڵی ١٢٨٤ کۆچیدا. ناسرەدین شا لە یاداشتنامەکانیدا نووسیویەتی و دەڵێت: ((بروسکەیەك لە مستەوفی مەمالیکەوە هاتووە، ئەوە بەدەستەوە دەدات کە سەرکردەی گشتی عەزیزخان، دوای بیست ساڵ لە ناڵاندن بەدەست نەخۆشیەوە کۆچی دوایی کردووە لە تەبرێز، لە شەوی ١٨ شەوالی ١٢٨٧، لەگەڵ ئەوەی سەرکردەی گشتی کۆچکردووە تەمەنی گەیشتبووە ٨٠ ساڵ، لەگەڵ ئەوەشدا زۆر خەفەتم بۆ خوارد)). بڕوانە: بابا مەردۆخ ڕوحانی - مێژووی ناودارانی کورد - بەرگی سێیەم، لا ٣٦٨.



**لای ڕاست: شێخ سەید تەهای نەهری، لای چەپ: شێخ عەبدوڵڵا.**

## بەڵگەنامەی (٨٩)

**ژمارە ٤٤**

**لە مستەر بلانکیتەوە بۆ ئێرل گرانفیل**

**سان پێترسبێرگ، ١٧ نۆڤەمبەری ١٨٨٠**

**گەورەم**

**پرسیارم لە (بارون جومینی) کرد، دوای نیوەڕۆی ئەمڕۆ لەبارەی هەواڵەکانی کوردستان، وەڵامی دامەوە کە ڕاپۆرتەکان گەشبینن، هێزە ئێرانیەکان لە سەرەتادا، بڕوایان وابوو کورد یارمەتی زۆر مەزنیان لە تورکیا وەرگرتووە، بەڵام ڕوون بووە شتەکە لە ڕاستیدا وانەبووە، بارودۆخی کوردستان بەرەو سەقامگیری و ئارامی دەڕوات. هەوڵمدا زانیاری بەدەست بخەم لەبارەی ڕەوانەکردنی هێزی ڕوسی بۆ ئێران، بەڵام هیچ شتێکی شایەنی باسم بەدەست نەهێنا، هەموو ئەوەی ناوبراو وتی ئەوە بوو: (دەستوەردانی ڕوسی چیتر پێویست نییە).**

**واژوو ف. بلانکی**

## بەڵگەنامەی (٩٠)

هاوپێچی ١ ژمارە ٦٦

لە کونسڵی گشتی ئابوتەوە بۆ مستەر تامسون

تەبرێز، ١٩ نۆڤەمبەری ١٨٨٠

شەرەفمەند دەبم ئەم بروسکە بنێرم.

پۆستەی ئورمیە گەیشت، لە ١٢ نۆڤەمبەر شێخ و لەشکرەکەی هەڵاتن، بە ئاماژەدان بە بروسکەی ڕۆژ ١٨ نۆڤەمبەر، هێزە سەربازیەکان هەڵسان بە تێکدانی ئەو ناوچانەی سوننە نشینن، دەستدرێژیان کردە سەر ژیان و سامانی موسڵمانی سوننە مەزهەب و ئاشوریەکان.

لە نامەیەکی تردا بە تێروتەسەلی لەبارەی ئەم بابەتە دەنووسم.

لە بەرواری ١٢ نۆڤەمبەر نامەیەکم لە ئورمیە پێگەیشت، ئەوە دەگەیەنێ لە بەرەبەیانی ڕۆژی ١٢ نۆڤەمبەرهیچ شوێنەوارێکی هێزەکانی شێخ بەدی نەکرا، بەڵگەکان ئاماژە دەکەن بەوەی هێزەکان بە پەلە ناوچەکەیان جێهێشتووە، دەوترێ شێخ لە ناوچەی (مەرگەوەڕ) بووە، سەربازەکانی ئورمیە بەدوای کورد کەوتوون.

لەشکری ئێرانی موڵك و ماڵ و خاکی کوردیان تاڵان کرد، بەتایبەت موڵك و سامانی مەسیحییەکانیان تاڵان کرد.

دانیشتوانی (کوك تبه) ڕۆیشتنه لای تەیمور پاشا بۆ دەربڕینی سکالاّ، یەکێك له مەسیحییه پڕۆستانتەکان به تەیمور پاشای وت: هەڵسوکەوتی کورد زۆر باشتر بوو، بەلایەنی کەمەوه دەستدرێژیان نەدەکرده سەر ئافرەتان.

لەوەتەی شێخ دەرچووه، ئێرانیەکان هەڵساون به تالاّنکردنی گونده سوننه نشینەکان. ئێرانیەکان گوندی (بالو)یان سوتاند و ٥٠٠ پیاویان سەربڕیوه[١].

هەروەك گوندی ئاشوریەکان (ئەنهاری)یان تالاّن کرد، (٨) ئافرەت و کچیان ڕفاند.

مژدەدەره ئەمریکییەکان ڕۆیشتوون، بۆ سکالاّکردن لەلای تەیمور پاشا، داوایان لێکردووه پاسەوان دابنێ، بۆ پاراستنی گوندەکان.

واژوو ویلیام. ج. ئابوت

## بەڵگەنامەی (٩١)

هاوپێچی ٢ ژماره ٦٦

له کونسڵی گشتی ئابوتەوه بۆ مستەر تامسون

تەبرێز ١٩ نۆڤەمبەری ١٨٨٠

شەرەفمەند دەبم ئەم بروسکەیه پێشکەش به بەرێزتان بکەم.

---

(١) ئەم تاوانانه، له گشت ناوچەکانی کوردستان دووباره بوونەوه، حکومەتی قاچاری تاوانی جەنگ و کۆمەڵکوژی و لێشاوێك تاوانی دژی مرۆڤایەتی ئەنجامداوه. بەڵگەنامه قاچاریەکان دان بەم تاوانانەدا دەنێن به دەربڕینی ڕاشکاو، هەندێکیان خۆیان پێ هەڵدەکێشن.

ژمارەیەکی زۆر لە قەوزاق گەیشتوونەتە نخجوان، دەوترێ بەتالیۆنێکی تەواوە.

دەیانەوێ بەرەو (جەلفا[1]) بجولێن. جولانەوەی سەربازی مەزن هەن لە نێوان (تلفیس و نخجوان). بیستومە هێزە ڕوسییەکان دەجولێن بەرەو (جەلفا). پێشبینی دەکرێ ڕوسیا چەکی مەزنی لە قارس کۆگا کردبێت.

ئەگەر میرنشینێکی کوردی سەربەخۆ دروست بوو، دوژمنێکی گەورە بۆ ڕوسیا لە نزیك (قارس و بایەزید) دەردەکەوێ، تەنانەت (تفلیس و ئەلیکساندەر)یش دووچاری هەڕەشەی ڕاستەقینە دەبنەوە.

ژمارەیەکی مەزن لە قەوزاقی ڕوسی لە (خنجوانەوە بەرەو جەلفا) جولاون، حکومەتی ئێرانی چاودێری ڕووداوە تازەکان دەکات بە بایەخێکی زۆرەوە.

بیستوومە سێ بەتالیۆنی ئەسپسواری لەشکری تورکی، گەیشتوونەتە بایەزید، بەتالیۆنێکی تر گەیشتووەتە (قزل دزیە). لەبارەی ئەم بابەتە ڕاپۆرتێکی تر دەنێرم.

واژوو ویلیام. ج. ئابوت

---

(١) ئەو کاتە خالێك بوو لەسەر سنووری نێوان ڕوسیا و ئێران، لە سنووری عوسمانی نزیك بوو.

## بەڵگەنامەی (٩٢)

ژمارە ٤٢

له مستەر تامسونەوە بۆ ئیرل گرافیل

تاران، ١٩ نۆڤەمبەری ١٨٨٠

گەورەم

پێش کاتژمێرێك بروسکەیەکم پێگەیشت، لە کونسڵی گشتی حکومەتی پایەبەرزی بەریتانیا، لە تەبریز، لە بروسکەکەدا هاتووە، هێزەکانی شێخ عوبەیدوڵڵا لە ئورمییە پاشەکشێیان کردووە و بەرەو (مەرگەوەڕ) هەڵاتوون. (تەیمور پاشاخان[1]) و (ئیقبال دەولە)ی کاربەدەستی ئورمییە و هەر دوو سەرکردەی هێزەکانی ئێران شوێن ئاژاوەگێڕان کەوتوون.

واژوو رونالد. ف. تامسون

---

(١) تەیمور پاشاخان کاربەدەستی ماکو بوو، کوردی ئێران بوو، لە هۆزی جەلالی، زۆر دژایەتی شێخی دەکرد، هەروەك لە نێوان ئەو و ئیقبال دەولەدا دوژمنایەتی کەسی هەبوو. لە کاتی جەنگدا فێڵکار بوو، ڕێگەی نەناسراوی دەگرتەبەر، بۆ خۆدوورگرتن لە بەریەکەوتن لەگەڵ هێزەکانی بزوتنەوەکە، وەك دزێکی ڕاستەقینە بوو، کەل و پەل و سامانی گشت خەلکی دزی، تەنانەت کەلوپەلی پشتیوانان و لایەنگرانی دەوڵەتی ئێرانیشی تاڵان کرد، هەزاران باری حوشتری لە سامانی تاڵانکراوی نارده ماکو. سەربازەکانی شاری ئورمیەیان بە حەڵاڵ دانا و دەستدرێژی بێ وێنەیان کردە سەر کورد و تورك و سوننە و شیعە و مەسیحییەکان، وەك تۆڵە سەندنەوە لە کاربەدەستی شار ئیقبال دەولە، تەنها کاتێك گەڕانەوە کە شارەکەیان وەك کاولگە جێهێشت. ڕاپۆرتە ڤاچاریەکان ئاماژە بە چەندین تاوان دژی لایەنگرانی دەوڵەت دەکەن.

## بەڵگەنامەی (٩٣)

ژمارە ٤٣

له مستەر تامسونەوە بۆ ئیریل كرانفیل

تاران، ٢٠ نۆڤەمبەری ١٨٨٠

گەورەم

پێش چەند ساتێك، بروسكەیەكم لە كونسڵی گشتی حكومەتی پایەبەرزەوە لە تەبرێز بەدەست گەیشت، ئەوەی تێدایە كە ژمارەیەك هێزی ڕوسی لە سەربازگەكانیان دەرچوون، بەرەو (نخجوان) لەسەر سنووری نێوان ڕوسیا و توركیا بەڕێكەوتوون.

پێویستە هێزەكانی تایبەت بە سیخوڕی لە خاڵی سنووری لەلای (جەلفا) جێگیر ببن، بۆ چاودێری كردنی جوڵەكانی هێزە ڕوسیەكان.

مستەر تامسون بەهەمان شێوە ئاماژە دەكات بەوەی هێزێكی مەزنی ڕوسی بەرەو (جەلفا) جوڵاوە.

واژوو رونالد تامسوون

## بەڵگەنامەی (٩٤)

**هاوپێچی ٣ ژمارە ٦٦**

**لە کونسڵی گشتی ئابوتەوە بۆ مستەر تامسون**

**تەبریز، ٢٠ نۆڤەمبەر ١٨٨٠**

**شەرەفمەند دەبم، بە جەنابتان ڕابگەیەنم، ئەمڕۆ چاومکەوت بە شازادەی جێنشین، شای مەزنم ئاگادار کردەوە لە وردەکاری سەردانەکەم بۆ ئورمییە. بۆ شازادەی جێنشینم ڕوونکردەوە بە درێژایی ماوەی مانەوەم لە ئورمییە، بە هەموو هەوڵێکمەوە ویستم کاریگەری لە شێخ بکەم، بۆ ڕێگەگرتن لە خوێنڕێژی. چەندین دڵنیایم لە شێخەوە پێدرا، لەبارەی پاراستنی گیان و سامانی مەسیحی و موسڵمانان. هەروەك دەبێ سوپاس و پێزانین ئاڕاستەی ئیقبال دەولە بکەم لەبارەی بەرگریە پاڵەوانیەکەی لە ئورمییە.**

**پیرۆزباییم لە شازادەی جێنشین کرد، بۆ سەرکەوتنی بەسەر بزوتنەوەی کوردستان، لەم چاوپێکەوتنەدا شا بە گەرمی پێشوازی لێکردم، بە وردی گوێی بۆ وتەکانی گرتم.**

**واژوو ئابوت**

## بەڵگەنامەی (٩٥)

**هاوپێی ١ ژمارە ٨٠**

**لە کاپیتان کلایتونەوە بۆ میجەر تروتەر**

**وان، ٢٢ نۆڤەمبەری ١٨٨٠**

**هەواڵەکان باس لە زاڵبوونی تەواو دەکەن، بەسەر ڕاپەڕینی کورد لە ئێران، تەنها چەند سەد کەسێك لە پاڵ شێخ عوبەیدوڵڵا و شێخ عەبدولقادری کوڕی ماون.**

**شێخ عوبەیدوڵڵا گەڕاوەتەوە ماڵی خۆی لە شەمزینان. دەوترێ تورك ڕێگەیان لە گەڕانەوەی ئەو گرتووە. بە هەر حاڵ شێخ لە نزیکی سنوور دەژیەت، شێخ عەبدولقادری کوڕی لە نێو هۆزەکانی باشوری دەریاچەی ئورمییە دەژیت.**

**ئەمڕۆ مژدەدەرانی ئەمریکی، نامەیەکیان پیشاندام، تیایدا هاتووە شێخ عوبەیدوڵڵا بۆ ماوەی هەفتەیەکی تەواو ئورمییەی گەمارۆ داوە، بەڵام ئێستا بارودۆخەکە باشتر بووە، بە نزیکبوونەوەی گەیشتنی هێزی تازەی ئێرانی.**

**پێشبینی دەکرێ ئەم جەنگە، بگۆڕدرێ بۆ جەنگێکی توونت لە نێوان شیعە و سوننەدا، هەر دوو لایەن لە کۆمەڵکوژی ناترسن. مەسیحییەکانیش بێ بەش نین لە مردن و خوێنڕشتن.**

**ئەو هەواڵەی لە (باش قەلعە)وە هاتووە، دەڵێت: هێزە تورکییەکان بە درێژایی سنووری (گەوەر) جێگیر بوونە، بۆ ڕێگەگرتن لە هەڵاتنی کورد و هێزە ئێرانیەکانیش**

شوێنیان کەوتوون. لەگەڵ ئەمەدا زۆرێك لە کورد هەڵاتوونە دیوەکەی تری سنوور، زۆرێك لە گوندە مەسیحییەکانیشیان تاڵان کردووە.

بە هەر حاڵ، پێم وانییە شێخ بەم خێراییە بتوانێ هێزەکانی و زەخیرە و کەرستەکەی نوێ بکاتەوە بۆ دووبارە هێرش کردنەوە سەر ئێران.

واژوو ئیمیلیاس کلایتون

## بەڵگەنامەی (٩٦)

ژمارە ٤٦

لە مستەر تامسونەوە بۆ ئێریل کرانفیل

تاران، ٢٣ نۆڤەمبەری ١٨٨٠

گەورەم

خۆشاڵ دەبم، پێتان ڕابگەیەنم، ئەمڕۆ بەیانی بانگهێشتێکی فەرمیم لە شاوە پێگەیشت. دوای ڕێوڕەسمی ڕێزلێنان، جارێکی تر شا دوودڵی خۆی لە هەمبەر ڕاپەڕینی کورد دەربڕی. شا وتی: حکومەتی ئێرانی ئاگاداری ئەوەیە کورد لە مەهاباد و دەوروبەری ڕۆیشتوونەتە دەرەوە، شێخ لەلایەن لەشکری ئێرانیەوە دوو جار شکستی خواردووە، بە سەرکردایەتی (تەیمور پاشاخان)ەوە، ئەمەش لە دەشتەکانی ئورمییە بووە، شێخ هەڵاتووە بۆ ناوچەی (مەرگەوەڕ)، عەبدولقادری کوڕی شێخ لەگەڵ ئەسپسوارانی شکاك لەلای باوکی ڕۆیشتووە. هێزەکانی ئیقبال دەولە و تەیمور

پاشا خان بەرەو گەرووی مەرگەوەڕ و برادۆست پێشدەکەون، هەروەك وا بڕیارە سوپاسالار[1] بەیانی بگاتە مەهاباد،لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا دەچێتە مەهاباد، لە کاتی پێویستشدا دەچێتە ناوچەکانی شکاك. هێزە ئێرانیەکان هەوڵ دەدەن لە ناو سنووری ئێراندا شێخ دەستگیر بکەن، بەڵام شا باوەڕی وایە شێخ جارێکی تر بچێتە تورکیا، لە ژێر فشاری لەشکری ئێرانیدا.

شا پێی وایە تورکیا بەرپرسیارێتی تەواو هەڵدەگرێ، لەبارەی ئەم بزوتنەوەیە، چونکە پلاندانان و جێبەجێکردنەکەی لەلایەن شێخەوە لە ناو تورکیا ئەنجام دراوە. حکومەتی تورکیا هیچ ڕێوشوێنێکی نەگرتووەتەبەر دژی شێخ، تەنانەت بێدەنگی نواندووە لەبەرامبەر ئەو وتاردانە ئاگرینانەی شێخ بۆ جوڵاندنی کورد لە دیوی ئەم لایەی سنوورەوە.

شا پێشبینی دەکات، حکومەتی بەریتانی فشار بخاتەسەر حکومەتی عوسمانی، بابولعالی ناچار بکات لەسەر دەستگیرکردن و لە سێدارەدان یان دوورخستنەوەی شێخ عوبەیدوڵڵا بۆ ناوچە دوورەکان لە ئیمپڕاتۆریەت، یان ئەستەنبۆڵ ڕەزامەند بێ لەسەر ڕۆیشتنە ناوەوەی هێزەکانی تورکی بۆ ناو خاکی تورکیا و لەناوبردنی ڕاپەڕینەکە بە تەواوی.

شا وتویەتی: ئەگەر بابولعالی بەخۆی ڕاستەوخۆ شێخ دەستگیر نەکات، ئەوا ناچار دەبێ فەرمان بە هێزە ئێرانیەکان بکات، بە بڕینی سنوور و لەناوبردنی یاخیبوان.

تێگەیشتم لەم شێوەزاری شا، کە ڕوسیا لە دواوەی ئەم کارەوەیە بۆ جوڵاندنی ئێران. بەڵام داواکاری ئێران بۆ هەڵسانی بابولعالی بە دەستگیرکردنی شێخ یان

---

(١) میرزا حوسێن خان، سەرۆك ئەرکانی لەشکری قاچاری بوو.

دوورخستنەوەی، شتێکی گونجاوە. ئەگەر کارێکی لەم جۆرە نەکرێت، ئەو گریمانەی ڕوودانی ڕووداوی لەم جۆرە لە بەهاری داهاتوودا لە ئارادایە.

مانەوی شێخ عوبەیدوڵڵا لەسەر سنوور، هەڕەشەکردنی بە بەکارهێنانی هێز، دەبێتە هۆی ئەوەی مانەوەی چەند لەشکرێکی ئێرانی لە ئازربایجان پێویست بێت، ئەمەش پێویستی بە بودجەیەکی مەزن هەیە، هەروەك گشت کەرستە و زەخیرەکانی خۆراکی ناوچەکە، کە بەهۆی وشکەساڵیەوە لە بنەڕەتدا کەمی کردووە، ئەوا سەربازانی ئێرانی هەڵی دەلوشن.

لە کۆتاییدا، بابولعالی ڕەزامەندی دەربڕی، لەبارەی گفتوگۆ کردن لەگەڵ تاران دەربارەی ئەنجامدانی ڕێکەوتنێك سەبارەت بە کورد، حکومەتی ئێران لێکۆڵینەوە دەکات لە بانگەشەکانی ئەستەنبۆڵ، لەبارەی شێخ عوبەیدوڵڵا و گشت سەرکردەکانی یاخیبونەکە.

ئەگەر گفتوگۆی هەر دوو لایەنەکە نەگاتە دەرەنجامێ، ئەوا بە دووری دەزانم، ئێران ئەم جارەیان بێ لایەن بمێنێتەوە وەك پێش دوو ساڵ، لە هەر جەنگێکی چاوەڕوانکراو لە نێوان ڕوسیا و عوسمانیەکان.

واژوو ڕوناڵج. ف. تامسون

## بەڵگەنامەی (٩٧)

**ژمارە ٤٧**

**لە مستەر تامسونەوە بۆ ئیریل کرانفیل**

**تاران، ٢٤ نۆڤەمبەری ١٨٨٠**

**گەورەم**

**بە ئاماژەدان بە نامەی ڕۆژی ٢٠ نۆڤەمبەر، تیایدا ئاماژەم کرد بە جوڵەی نائاسایی هێزە ڕوسییەکان، لەسەر سنووری ئێران، بە جەنابتان ڕادەگەیەنم، من لە هاوتا ڕوسیەکەم بیستووە، کاتێك دوێنێ چاوم پێیکەوت، نزیکەی ٥٠٠ سەربازی ڕوسی لە تاقمی قەزاق هاتوونەتە (جەلفا).**

**مستەر زینویف وتی: لە کاتی پێویستیدا گریمانەی ئەوە هەیە چەند بەتالیۆنێکی قەزاق بێنە ناوەوە. ناوبراو جەختی کردۆتەوە لەسەر ئەوەی هیچ هێزێك بڵاو نەکراوەتەوە لەسەر سنووری ئێران.**

**واژوو ڕوناڵد. ف. تامسون**

## بەڵگەنامەی (٩٨)

ژمارە ٤٨

لە ئیریل کرانفیلەوە بۆ مستەر کوشن

وەزارەتی دەرەوە، ٢٤ نۆڤەمبەری ١٨٨٠

بروسکەیەکم لە مستەر تامسونەوە پێگەیشتووە (بڕوانە نامەی ژمارە ٤٦) تیایدا قسە دەکات لەسەر گفتوگۆکانی لەگەڵ شا لەبارەی ڕاپەڕینی کورد. شا دەڵێت: (ئا ئەوەتا بزوتنەوەکەی شێخ عوبەیدوڵڵا تێکشکاوە، دەبێ بابولعالی شێخ دەستگیر بکات و سزای بدات، یان ڕادەستی دەسەڵاتدارانی ئێرانی بکات، یاخود دەبێ ڕەزامەندی بدات لەسەر بەزاندنی سنوور لەلایەن هێزە ئێرانیەکان و دەستگیر کردنی سەرکردەکانی بزوتنەوەکە بە هاوبەشی لەگەڵ لەشکری عوسمانی).

## بەڵگەنامەی (٩٩)

ژمارە ٤٩

لە مستەر بلانکیتەوە بۆ ئیریل کرانفیل

سان پێترسبێرگ، ٢٤ نۆڤەمبەر ١٨٨٠

گەورەم

له كاتی گفتوگۆدا، (بارون جومینی) پێی وتم: ئەو ڕاپۆرتانەی لە كوردستانەوە هاتوون باش نین.

پرسیارم لێكرد ئایا ئەم بارودۆخە دەگۆڕێ، ئەگەر لەشكری ڕوسی لەسەر سنووری ئێران بڵاو بكرێتەوە یان نا.

بارون جومینی وتی: (لە كاتی ئێستادا بڕوام وانییە، چونكە بارودۆخی كوردستان زۆر خراپ نییە، بەڵام ئەگەر ئێرانیەكان شكستیان خوارد، ئەوا گریمانەی ئەوە هەیە لەشكری ڕوسی سنوور ببڕێ، بۆ یارمەتیدانی ئێرانیەكان).

واژوو بلانكیت

## بەڵگەنامەی (١٠٠)

ژمارە ٥٠

لە مستەر تامسونەوە بۆ ئیریل كرانفیل

تاران ٢٥ نۆڤەمبەری ١٨٨٠

گەورەم

بە جەنابتان ڕادەگەیەنم، بروسكەیەكەم پێش چەند ساتێك لە كونسلی گشتی حكومەتی پایەبەرزەوە پێگەیشتووە، لە تەبرێزەوە كە ئەمانە لەخۆ دەگرێ (ئەم بەشەی بروسكەكە تەرك كراوە).

## بەڵگەنامەی (١٠١)

هاوپێچی ١ ژمارە

لە کونسڵی گشتی ئابوتەوە بۆ مستەر تامسون

تەبرێز ٢٥ نۆڤەمبەری ١٨٨٠

(گوڵبژێرێك)

ڕاپۆرتەکان دەڵێن هێزە ڕوسییەکان، کە وا بڕیاربوو بۆ (جەلفا) ڕەوانە بکرێ لە ماوەی شەش ڕۆژدا، بەرەو (نەخجوان) دەستی بە جوڵە کردووە. هێزێکی ٢٠٠ کەسی لە هێزە ڕوسییەکانی سەربازی قەزاق و کەتیبەیەکی تۆپهاوێژ گەیشتوونەتە نەخجوان.

## بەڵگەنامەی (١٠٢)

ژمارە ٥١

له مستەر كوشنەوە بۆ ئێرل كرانفیل

ئیستەنبۆل، كاتژمێر ٤٠، ١١ . ٢٥ نۆڤەمبەری ١٨٨٠

زۆر ڕوونكردنەوەم پێشكەش كردووە، لەبارەی شێخ عوبەیدوڵڵاوە بۆ بابولعالی، لەلایەن وەزارەتی دەرەوەوە پێم ڕاگەیەنرا، دەستەیەكی باڵا پێكدەهێنرێ، بۆ دادگایی كردنی شێخ و كوڕەكەی و سەركردەكانی بزوتنەوەكە. من زۆر پێداگیریم كرد لەسەر سزادانی ئەو كەسانەی ویستراو نین، كە دەكرێ ببنە هۆكاری تێكچوونی پەیوەندی نێوان ئێران و توركیا. سوڵتان بە باڵیۆزی ئێرانی وت: نێردراوێكی ڕەوانە كردووە بۆ گفتوگۆ كردن لەگەڵ شێخ و قەناعەت پێهێنانی بە گەڕانەوە بۆ توركیا[1]. باڵیۆزی ئێران دەڵێت ئەم هەنگاوانە قەناعەت پێكەر نین.

واژوو كوشن

---

(١) دەكرێ بەبێ دوودڵی بوترێ: شێخ عوبەیدوڵڵا بە درێژایی ئەو ماوەیە بە جۆرێك لە جۆرەكان پەیوەندی لەگەڵ سوڵتان عەبدولحەمید هەبووە، فشارە نێودەوڵەتیەكان سوڵتانیان ناچار كرد بانگهێشتی شێخ بكات و پاشەكشە لە ئێران بكات، ئەم بانگهێشتانە لە سوڵتانەوە یەكێك بوون لە هۆكارە یەكلاكەرەوەكان بۆ كۆتاییهێنان بە ڕاپەڕینەكە یان دواخستنی. بە دڵنیایەوە شێخ سیاسەتی عوسمانی بەرامبەر بە ئێران جێبەجێ نەدەكرد، بەڵكو تەواو كۆك بوو لەگەڵ ئەستەنبۆڵ لەسەر چەند بابەتێكی دیاریكراو، لەوانەش: دامەزراندنی خۆڕێبەڕی لە كوردستان.

## بەڵگەنامەی (١٠٣)

**هاوپێچی ٢ ژمارە ٧٠**

**لە کونسڵی گشتی ئابوتەوە بۆ مستەر تامسون**

**تەبرێز، ٢٥ نۆڤەمبەری ١٨٨٠**

**گوڵبژێرێك**

شەرەفمەند دەبم پێتان ڕابگەیەنم، لە ١٧ فۆڤەمبەردا بروسکەیەکم لە ئورمییە پێگەیشت، ئەوەی تێدابوو کە تەیمور پاشا خان لە ڕاوەدوونانی شێخ عوبەیدوڵڵادا، ئەوی دوچاری (دەردێك) کردووە. بەهەمان شێوە ئیقبال دەولە لە ڕێگەی (بناب)ەوە جوڵاوە، (نەقیب ئاغا خان) بەهەمان شێوە ڕاوەدووی شێخ عەبدولقادر دەنێ، کە پێگەکەی لە مەرگەوەرە.

مژدەدەرانی ئەمریکی پرسی ڕفاندنی ئافرەتانی ئاشوریان لەلایەن سەربازی ئێرانی ڕوونکردۆتەوە، وتویانە: ئەم ئافرەتانە بە ئەنقەست خۆیان شاردبووەوە، تا پڕوپاگەندەی دیلکردنیان لە ناوچەکە بڵاوببێتەوە(١).

باڵیۆزی تورکی لە تاران، بە توندی ناڕەزایی دەربڕی لەبەرامبەر دەستدرێژی هێزەکانی ئێرانی بۆ سەر گیان و سامانی خەڵك لە ئورمییە و مەهاباد.

---

(١) جارێکی تر مژدەدەران دەیانەوێ پەردەپۆشی تاوانەکانی هێزەکانی قاچاری بکەن، بۆ ئەوەی هانیان بدەن وازیان لێبێنن.

هاوتا تورکییەکەم نامەیەکی لەبارەی ئەم بابەتە بۆ ناردووم، وێنەیەکی ئەم نامەیە دەخەمەڕوو. پێم وابێ حکومەتی ئێرانی، باڵیۆزیتورکیان ڕازی کردووە، بەوەی لەمەولا لەشکری ئێرانی بە شێوەیەکی مرۆڤ دۆستانە هەڵسوکەوت بکەن لەگەڵ دانیشتوانی شار و گوندەکان.

ئازاردانی موسڵمانە سوننەکان لەلایەن سەرکردە و سەربازانی ئێرانیەوە، بابولعالی تووڕە کردووە.

هەواڵەکان دەڵێن: هێزەکانی ئێرانی ٢٠ گوندیان لە ناوچەی (جهرویدان) تێکداوە.

سەربازانی ئێرانی هەموو نەریتە سەربازیەکانیان پێشێل کردووە، زۆرێك لە هاوڵاتیانی بێ تاوانیان سەربڕیوە.

ئێستا گوندەکانی (مەجید خان) دووچاری هەمان چارەنووس بوونەتەوە. (خان بابا خان)ی کوڕی (مەجید خان)ی ناوبراو کوژراوە، لەلایەن هێزە ئێرانیەکان بە بەرگری کردن لە گوندەکە تۆمەتبار کرابوو.

سەربازانی ئێرانی سەرەتا جەنگاوەرە کوردەکانیان گوللەباران کردووە، ژمارەیەکیان لێ کوشتوون، لەلای خۆیەوە ئیعتماد سەڵتەنە گوندەکان تۆپباران دەکات، دوای کۆمەڵکوژی (خان بابا خان)ی سەربڕی(١).

---

(١) خان بابا خانی کوڕی مەجید خان، یەکێکە لە سەرکردەکانی هۆزی موکری، شێخ عەبدولقادر ئەوەی دیار کردبوو وەك کاربەدەستی مەهاباد دوای ڕزگارکردنی، بەڵام لە گەرمەی جەنگدا ڕۆیشتە سەربازگەی ئێرانی و خۆی ڕادەستی ئیعتماد سەڵتەنە کرد، ناوبراو بەڵێنی پێدا لەشکری ئێرانی نەچێتە گوندەکانی، بەڵام سەربازە ئێرانیەکان گوێیان بۆ بڕیاری سەرکردەکەیان نەگرت، بەمەش گوندەکانیان تاڵان کرد، هەروەك گولەیان گرتە خان بابا خان، بەمەش بەیەکدادان ڕوویدا، خان بابا خان و ژمارەیەك لە پیاوەکانی کوژران و ئەوانی دیکەش هەڵاتن.

ئێرانیەکان ئێستا کار دەکەن بۆ تێکدانی گوندی (کیندر کاج) و گوندی (قادر ئاغا)، چونکە (محەممەد ئەمین خان) و کوڕەکەی چەکیان بەسەر ئەندامانی گوندەکە دابەش کردووە، هەوڵەکانی داگیرکردنی بە فیڕۆچوون.

زۆرێك لە هاوڵاتیان لەگەڵ خێزانەکانیان بۆ سەردەشت و ناوچەکانی دیکەی کوردستان هەڵاتن، بۆ دۆزینەوەی سەلامەتی و دووربوون لە کوژران.

عوسمان کور بەگ، یەکێکە لە سەرکردە بەهێزەکانی هەمان ناوچە، لە سەرەتاوەلە بزوتنەوەی کورد دوورخرایەوە، پێشبینی دەکرێ هێزە ئێرانیەکان، ڕێچکەیەکی ئاشتیانەی لەگەڵ بگرنەبەر. تا ئێستا سەرکردەی هۆزەکانی (سنندج و سەقز) بێ لایەنن.

تایبەتمەندێتی سەرۆك هۆزەکانی هەر دوو شارەکە، وا دەخوازێ هەڵسوکەوتی نەرم و ئاشتیانەیان لەگەڵ بنوێنرێ، چونکە هەر هەڵسوکەوتێکی نا سروشتی، وایان لێدەکات ببنە دوژمنی سەرسەختی ئێران.

سوپاسالار لە کوردستان سەرکەوتوو، بەڵام دادگەری لە هەڵسوکەوتەکانیدا نەبوو، جیاوازی لە نێوان تاوانبار و بێ تاواندا نەکرد، ئەمەش ئاگری جەنگێکی تر ئەمڕۆ یان سبەی هەڵدەگیرسێنێ.

هەڵسوکەوتی خراپی ئێران لەگەڵ موسڵمانە سوننەکان، تۆوی جەنگی مەزهەبی نێوان سوننە و شیعە هەڵدەگرێ.

هەر هەڵسوکەوتێکی نا ژیرانە لەگەڵ سوننە لە ئێران، وا لە ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانی دەکات پشت لە دانوستان لەگەڵ ئێران بکات.

تەیمور پاشا خان ١٦٠ بارە وشتری چەك و كەرستەی گرتووە، لە كەسێك كە دەیویست بۆ شێخ بیگوازێتەوە، كەسەكە وتی: دەیویست بیگەیەنێتە (نوجی[1]). هێزەكانی ئێرانی بەرەو مەهاباد بە هێواشی بەرەوپێش چوون، شێخ عەبدولقادر و هەمزە ئاغا و سەركردەكانی زەرزی كاتی تەواویان بە دەستەوە بوو بۆ چۆڵكردنی دوایین خاڵ بۆ بەرگری كردن لە مەهاباد و ڕۆیستن بەرەو دارستانەكانی مەرگەوەر. بەرێگەی لاجان بۆ ئەشنویە ڕۆیشتن. چەندین هەوڵیانداوە بۆ زاڵبوون بەسەر ناوچەی سنووری لە (سولدوز)، بەڵام لەلایەن (قرە بابا)وە شكستیان پێهێنراوە، لە كۆتایدا شێخ عەبدولقادر بۆ مەرگەوەر كشایەوە، هەر بۆیە ناكرێ دوودڵی ڕوسیا لەبارەی پرسەكانی ئازربایجان بەبێ پاساو دابنرێن، چونكە ڕووداوەكانی ئازربایجان ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئاسایشی ناوخۆی ڕوسیا پەیوەستن.

## بەڵگەنامەی (١٠٤)

**هاوپێچی ١ ژمارە ٧٤**

**یاداشتانامەیەكی (وەرگێڕدراو)**

ڕووداوەكانی دوایی لە ناوچە كوردییەكان، كە بوونەتە هۆی هەڵگیرسانی ئاگری جەنگێكی گەرم، هەڵوێستی ناڕونی ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانی لەهەمبەر بەریەككەوتنەكان، وای كردووە ڕۆڵی باڵیۆزی ئێرانی لە ئەستەنبۆڵ بۆ چارەكردنی ئەم بابەت ڕۆڵێكی چارەنووسساز بێ.

---

(١) نودجە: گوندی شێخ نەهری یان (نایری)یە لەلای كورد.

باڵیۆزی ئێرانی دەیەوێ وەزیری حکومەتی پایەبەرز لە ئێران بە پەلە ئاگادار بکەمەوە، لە بارەی ئەو گفتوگۆیانەی لەگەڵ بابولعالی کراون.

پێش دوو ساڵ باڵیۆزی ئێرانی ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانی ئاگادار کردۆتەوە لە بارەی مەترسی (شێخ عوبەیدوڵڵا) لە پەنا بردنی بۆ هێز.

ناوبراو بەناوبانگە لە تاڵانکردنیسامانی ئەرمەنیەکان لە ئاسیا(١).

ئەم پیاوە کارگەی دامەزراندووە، بۆ کەرستەی تفەنگ، لەشکرێکی بە تەواوی پڕ چەك کردووە، لەسەر سنووری نێوان ئێران و تورکیا جێگیری کردووە.

هیچ هەنگاوێکی کرداری لە هەمبەر هەوڵەکانی باڵیۆزی ئێرانی نەگرتۆتەبەر، شێخ دوورنەخراوەتەوە، هەمزە ئاغاش ئازاد کراوە، کە بە تاوانی مەزن تۆمەتبار کراوە، لە ژێر چاودێری پۆلیسدا بوو لە ئەستەنبوڵ بۆ ماوەی پێنج ساڵ، ئەویش گەیشتووەتە شێخ.

پێش پێنج مانگ، باڵیۆزی بابلوعالی هۆشداریدا، لەبارەی کۆبوونەوەی زیاتر لە پێنج هەزار کوردی چەکداری ئامادە بۆ هێرشکردنە سەر ئێران، بەڵام بابولعالی باڵیۆزی ئێرانی دڵنیا کردۆتەوە، سەرقاڵی پەرتکردنی سەربازە کوردەکانە.

هەمزە ئاغا ڕۆیشتووەتە پاڵ هێزەکانی شێخ، دوو لە کوڕەکانی شێخ سەرکردایەتی هەزاران هێزی کوردی دەکەن، بۆ هێرشکردنە سەر ئازربایجان. ٦٠٠٠ هەزار کەسی بێ تاوان لە موسڵمان و مەسیحی و ئاشوریەکان کوژراون.

---

(١) تەنها باڵیۆزی ئێرانی شێخ تۆمەتبار دەکات بە دەستدرێژی کردنە سەر ئەرمەنیەکان، لە کاتێکدا سەرچاوەکانی تر جەخت دەکەنەوە، لە دۆستایەتی و خۆشەویستی شێخ عوبەیدەڵڵا بۆ ئەرمەنی و مەسیحییەکان لە کوردستان بە گشتی.

بۆیه حکومەتی ئێران، نوێنەری خۆی لە ئیستەنبۆل ئاگادار کردەوە گفتوگۆ لەگەڵ لایەنی تورکی و بپچڕێنێ.

لەشکری ئێران بۆ ناوچەکە ڕەوانە کراوە، دوای خوێنڕێژیەکی زۆر ئاشوبەکە کپ کراوە. کورد هەڵاتن بەرەو خاکی عوسمانی، زیانی زۆریان بەرکەوتووە.

جارێکی تر باڵیۆزی ئێرانی، داوای لە بابولعالی کردووە، ڕێگری بکات لە هاتنی یاخیبوان بۆ ناو تورکیا. جارێکی تر ئەستەنبۆڵ بەڵێنیدا و کەچی هیچ شتێکی نەکرد.

شێخ عوبەیدوڵڵا و کوڕەکانی و سەربازە کوردەکان گەڕاونەتەوە ماڵەکانیان، هیچ ڕێوشوێنێکیان دژ نەگیراوەتەوەبەر.

ئەمڕۆ حکومەتی عوسمانی بەرپرسیارێتی تەواو هەڵدەگرێ، لەبارەی خوێنڕێژی، هیچ خۆدزینەوەیەکی بۆ نییە لەبەرامبەر ئەو تۆمەتانەی ئاڕاستەی دەکرێن.

شای ئێران دەیەوێ پرسەکە بە دادگەرانە چارەسەر بکرێت.

ئەمەش وا دەخوازێ شێخ و کوڕەکانی دادگایی بکرێن، چەك لە کورد دابماڵرێ، گشت پەیوەندیەکی نێوان هەر دوو لای سنوور لە نێوان کورد بپچڕێنرێ، تاوانباران ڕادەستی حکومەتی ئێرانی بکرێن، بەپێی ماددەی پێنجەم لە پەیماننامەی (ئەرزەڕوم).

باڵیۆزی ئێران جەخت دەکاتەوە لەوەی، ئەستەنبۆڵ هیچ هەنگاوێك نانێ بۆ وەڵامدانەوەی داواکارییەکانی ئێران، ڕۆژنامەوانی تورکی پڕوپاگەندەی فراوان دژی ئێران بڵاو دەکەنەوە.

## بەڵگەنامەی (١٠٥)

**هاوپێچی ٢ ژمارە ٧٤**

**نامەیەك لە بابولعالیەوە بۆ باڵیۆزی ئێرانی**

**٢٥ نۆڤەمبەری ١٨٨٠**

**(وەرگێڕدراو)**

**لە دوایین نامەدا بۆ جەنابتان، ڕوونم کردەوە کە هۆزەکانی ئێران یەکیان گرتووە و جوڵاون بۆ ئەنجامدانی ڕاپەڕینێك، بە کاریگەری فەرمانبەرانی ناوخۆیی ئێرانی.**

**ئێستا نامەیەکم لە جەنابتان وەرگرت، کە لە بەرواری ١٦ ئۆکتۆبەر ڕەوانە کرابوو، لە وەڵامەکەی ئێوەدا هاتبوو بەرپرسە ناوچەییەکانی ئێران هیچ پەیوەندیەکیان نییە، ئەوان کارێکی نا یاسایی ناکەن سەبارەت بە جوڵاندنی کورد یاخود چەکدان پێیان.**

**جەنابتان جەختی کردۆتەوە کە هەمزە ئاغا، یەکێکە لە سەرکردەکانی کوردی ئێرانی، چووەتە پاڵ شێخ و هێرشی کردۆتە سەر مەهاباد.**

**لە ئاماژەی ئێوەدا ڕوون دەبێتەوە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دەستی لەوەدا هەیە کە ڕوودەدات، هەر بۆیە پێم وایە پێویستە هەندێك خاڵ ڕوون بکرێنەوە.**

**کاتێکی زۆر تێنەپەڕیوە لەسەر دەستگیرکرانی هەمزە ئاغا، لەلایەن پۆلیسی ئەستەنبۆڵەوە، دواتر لەلایەن پۆلیسی نشینگەی بەردەوام لە (موسڵ) ئازادکرا، دوای**

ئازادبوونی و هەڵاتنی بۆ مەهابد، لەلایەن دەسەڵاتدارانی ئێرانی پێشوازی لێکرا و بە سەرۆکی هۆزە ناوبراوەکان دانرا.

لەبارەی عەبدولقادری کوڕی شێخ عوبەیدوڵڵاوە، دەبێ ئەوە ڕوون بکەمەوە پێش چەند ساڵێك تورکیای جێهێشتووە و لە ئێران نیشتەجێ بووە.

کاتێك ئەویش گەیشتە یاخیبوان، جەنابتان بەوپەڕی متمانەوە جەختتان لەوە کردەوە کە حکومەتی عوسمانی پاڵپشتی کوردە ڕاپەڕیوەکان دەکات، لە کاتێکدا سوڵتانی مەزن پێی وایە ئەرکی ئەوە و لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندییە ئیسلامییەکان ڕێگە لە هەر یاخیبوونێك بگرێت.

لەسەر ئەم بنچینەیە، دوای ڕاپەڕینێکی ڕاستەوخۆ، فەرمان دەرکران بۆ ڕەوانەکردنی هێزی پشتیوانی بۆ ڕواندز، هەکاری، کوار، وان، نامەم لەگەڵ دوو نێردراوی تایبەت ڕەوانە کرد، بۆ خۆدوورگرتن لە جوڵانەوەکە و گەڕانەوە بۆ ناو خاکی تورکیا. ئا بەم شێوەیە دۆستایەتی خۆمان بۆ ئێران ڕوون کردەوە، لەبەر هەمان هۆکار، ڕێگەمان گرت لە هەر جوڵەیەکی کوردی عوسمانی.

هیچ بەڵگەیەك نییە لەسەر هەماهەنگی شێخ عوبەیدوڵڵا و هەمزە ئاغا بۆ هێرش کردنە سەر ئێران.

هیوادارین حکومەتی ئێرانی پایەبەرز وازبهێنێ لە تۆمەتبارکردنی دوور لە واقیعی ئەو وڵاتەی دەستکەوتی مەزنی فەراهەم کردووە لە میانەی پەیوەندی لەگەڵ ئێراندا.

## بەڵگەنامەی (١٠٦)

**هاوپێچی ٣ ژمارە ٧٤**

**نامەی باڵیۆزخانەی ئێران بۆ بابولعالی**

**بەروار: ٢٥ نۆڤەمبەری ١٨٨٠**

**(وەرگێڕدراو)**

**باڵیۆزخانەی ئێرانی لە وەڵامدانەی نووسراوەکانی (بابولعالی)دا، بە نووسراوەکەی کە لە بەرواری ٢٥ نۆڤەمبەر ١٨٨٠ (٢١ زیلحیجەی ١٢٩٧) دەرچوو بوو، ڕایدەگەیەنێ هەمزە ئاغا دوای زنجیرەیەك کاری دزی و جەردەیی وەك ڕێگر لەسەر خاکی ئێران، بۆ تورکیا هەڵات، دوای ئەوەی پاڵپشتی شێخ عوبەیدوڵڵا و هەزاران کوردی ناوچەکەی بەدەستهێنا، سەرلەنوێ گەڕایەوە ئێران، مەهابادی کردە ئامانج و یاخیبوونی ڕاگەیاند.**

**کوڕ و نەوەی شێخ یاوەری هەمزە ئاغا بوون، ئەمەش هێمای بەشداری کردنی شێخە لە یاخیبوون. بابولعالی ئەوە ڕوون دەکاتەوە، لە ڕێگەی ناردنی نامە بۆ فەرمانبەرانی، هۆشداری بەوان داوە لە یارمەتیدانی کورد، داوای لەوان کرد بەردەوام بن لە ڕێگری کردن لە کورد لە بزوتنەوەکەیان، حکومەتی عوسمانی بەهەمان شێوە دەڵێت هێزی پشتیوانی بۆ ڕواندز و هەکاری و کووان و وان ناردووە.**

بەڵام ئەوەی زۆر سەیرە، ئەوەیە بۆچی نەیتوانی شێخ دەستگیر بکات، یان ڕێگەی لێبگرێ لە بەشداریکردنی لە ڕاپەڕینەکەیدا؟

باڵیۆزخانەی ئێرانی ڕێز لەوە دەگرێ کە بابولعالی دۆستایەتی ئەوان پیشان دەدات.

ئەو ڕاپۆرتانەی هاتوون، ئەوە بەدەستەوە دەدەن کە کوردانی عوسمانی بەدرێژایی یاخیبوون، خۆراك و کەرستەیان بۆ کوردانی یاخیبووی ئێران ناردووە.

بەهەمان شێوە شێخ عوبەیدوڵڵا شارەکانی ئازربایجانیشی کردە ئامانج، ئەمە لە کاتێکدا بابولعالی ئاگاداربوو لەم نامانە و هیچ ڕێوشوێنێکی نەگرتەبەر. هەر کاردانەوەیەك لەم بارەوە، ئاشتی دەخاتە مەترسیەوە و کار لە پەیوەندی نێوان هەر دوو ئیمپراۆتۆریەتە مەزنەکە دەکات بۆ ماوەیەکی زۆر.

باڵیۆزخانەی ئێرانی بەداخەوە، دڵنیابووەتەوە لە فەرامۆشکرانی هەموو داواکاریەکانی ئێران، سەبارەت بە ڕادەستکردنی شێخ عوبەیدوڵڵا، بەڵام ژمارەیەك بەڵگە هەن لەسەر دەستوەردانی شێخ لە ڕاپەڕینەکەی کوردستان.

لە دەرەنجامدا باڵیۆزخانەی ئێرانی دڵنیایە لە هاتنی شێخ عوبەیدوڵڵا لە ڕێگەی سنوورەوە بۆ تورکیا، دوای ئەوەی هەستی بە مەترسی کردووە، بەهۆی فشاری ئێرانی لەسەر یاخیبووان، بێ دەنگی حکومەتی عوسمانی، لەم بارودۆخە تەنها سەردەکێشێ بۆ تێکچوونی پەیوەندی نێوان هەر دوو وڵات و خوێنڕشتن.

## بەڵگەنامەی (١٠٧)

**ژمارە ٥٤**

**لە مستەر کوشنەوە بۆ ئێرل گرانفیل**

**ئیتەنبۆڵ ٢٦ نۆڤەمبەری ١٨٨٠**

**گەورەم**

شانازی دەکەم بە ناردنی وێنەیەکی سێ نامەکەی (کاپیتان کلایتۆن) لەبارەی هێرشی کورد بۆ سەر ئێران و جوڵە سەربازیەکان هاوپێچ لەگەڵ ئەم یاداشتنامەیە بۆ جەنابتان. ئێستا زۆر شت ڕوون بوونەوە کە نادیار بوون، بەڵام هێشتا دوو پرسیار هەن، وەڵامەکەیان سەختە. ئایا شێخ عوبەیدوڵڵا سەرگەرمی جێبەجێکردنی پلانێکی تۆکمەیە؟ ئایا هەڵوێستی حکومەتی عوسمانی لەهەمبەر ئەم ڕاپەڕینە چییە؟

باڵیۆزەکەم لە گشت ئەو ڕێوشوێنانە ئاگادار کردەوە، کە لەم بارەوە گیراونەتەبەر، لەو کاتەوە تا ئێستا دوو جار چاوم بە عاسم پاشا کەوتووە، لە دوایین چاوپێکەوتنذا پێی وتم، بابولعالی دەستەیەکی پێکهێناوە بۆ لێکۆڵینەوە لە هۆکارەکانی بزوتنەوەی شێخ عوبەیدوڵڵا و پێشکەشکردنی پێشنیاز بۆی.

بەپێچەوانەی بانگەشەکانی ئێران، ڕاپەڕینەکەی شێخ، کاری دەستەیەکی دز و جەردە و ڕێگر و هەڵکوتینە سەر سەربازگەیەك نەبوو، بە ئامانجی دزینی سامان و

ماڵ، بەڵکو پڕ بە مانای وشە شۆڕش بوو، لە دژی حوکمڕانی ئێرانی لە ناوچە کوردییەکاندا.

حکومەتی عوسمانی هێشتا ڕەزامەندی نیشان نەداوە لەسەر، یاسای دەستگیرکردن و دادگایی کردنی شێخ. بەیانی سەر لەنوێ چاوم بە پاشا دەکەوێت، جەخت لەسەر داواکاریەکانی ڕابردوو دەکەمەوە. هەڵدەستم بە ئاگادارکردنەوەی بابولعالی لەو ئاکامە گریمانەییانەی دێنە ئاراوە، لە کاتی نەرمی نواندن لەگەڵ شێخ و بەرپرسیارێتی هەڵنەگرتن لەبارەیەوە، بەو پێیەی هاوڵاتیەکی عوسمانیە

## بەڵگەنامەی (١٠٨)

هاوپێچی ٢ ژمارە ٨٠

لە کلایتونەوە بۆ میجەر تروتەر

وان ٢٧ نۆڤەمبەری ١٨٨٠

(گوڵبژێرێك)

بە ئاماژەکردن بە وتەکانی ڕابردووتان، لەبارەی پێکهێنانی یەکێتیەکی کورد، بڕوام وایە ناکرێ یەکێتیەك پێکبهێنرێ، کە گشت سەرکردە کوردەکان لە ئێستادا لەخۆ بگرێ.

بە ڕوانینە کەسایەتیە لەخواترس و بوێری و مرۆڤ دۆستیەکەی شێخ عوبەیدوڵڵا، دەبنین خاوەنی دەسەڵاتێکی دەرئاسایە لە ناو دڵی خەڵکدا، هەر بۆیە

سەرۆك هۆزەكان لە دەوری كۆدەبنەوە، بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندی هاوڵاتیەكانیان لەلایەك، لەلایەكی تریشەوە بەدەستهێنانی هەندێك دەستكەوتی جەنگ.

بەڕای من كورد بەخۆیشیان نازانن چیان دەوێت، لەگەڵ ئەوەی خراپ هەڵسوكەوتكردنی ئێرانیەكان، ئەو ماف و جیاوكانەی دوایی بۆ ئەرمەنیەكان، زەمینەیەكی بۆ هەماهەنگی و یەكێتی نێوان كورد فەراهەم كردووە.

من دڵنیام ئامانجی كۆتایی شێخ، بریتییە لە یەكخستنی كوردانی توركیا و ئێران و پێكهێنانی میرنشینێكی سەربەخۆیە.

واقیعی ئێستای كوردستان وادەخوازێ، یەكەمجار لە حوكمڕانی ئێرانی ڕزگاری ببێ، دوای جێگیركردنی واقیعی تازە، هەمان شت بكرێ بۆ كوردستانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانیدا.

شێخ عوبەیدوڵلا هیوای دەخواست، دۆخێكی هاوشێوەی ئەو حكومە خۆسەریەی لە باشوری دەریاچەی ئورمییە هەیە بەسەر تێكڕای كوردستان هەبێ، ئەگەر لەم هەنگاوەدا سەركەوتوو بوو، ئەوا دەكرێ ببێتە دەوڵەتێكی سەربەخۆ بەسەركردایەتی شێخ، كە ئاشوری و ئەرمەنیە نیشتەجێكانی ناوچەكەش لەخۆدەگرێ.

سامح پاشا دوێنێ ڕایگەیاند، نامەیەكی لە شێخەوە پێگەیشتووە، هەواڵی پێدەدات زۆربەی هۆزە كوردییەكان چوونەتە پاڵ ئەو، ئەوەندە چەك و كەرستەی لەبەردەستە، دەتوانێ جەنگێكی تەواو ئەنجام بدات[1]. بەڵام دەسەڵاتی شێخ بۆ

(١) نامەی شێخ عوبەیدوڵلا بۆ سەركردەی عوسمانی (سامح پاشا) زیاد لە مانایەك هەڵدەگرێ، لەلایەك ئاماژە دەكات بە پەیوەندی بەردەوامی شێخ بە دەسەڵاتدارانی عوسمانیەوە، لەلایەكی ترەوە ئەوە

سەرکەوتنەکانی زۆر نەبوو، هۆزەکان ئەویان بە تەنیا جێهێشت، کاتێك بەشی خۆیان لە دەستکەوتەکە برد، هەر بۆیە پێی وابوو مەترسی بزوتنەوەیەکی تری کورد نەما، بەلایەنی کەمەوە تا کاتێکی تر.

دەسەڵاتدارە تورکییەکان ئاگاداریان کردمەوە، شێخ گەڕاوەتەوە شەمزینان، هێزەکەی بەتەواوی پەرتەوازە بووە، زۆرێك لە سەربازەکانی مانەوەیان لە تورکیا هەڵبژارد، لە ترسی سزادانیان لەلایەن حکومەتی ئێرانەوە. بەمەش دەکرێ دڵنیایی بەدەستبخرێ لە نەمانی هیچ هێرشێکی کوردی تازە.

## بەڵگەنامەی (١٠٩)

ژمارە ٥٢

لە مستەر تامسونەوە بۆ ئێریل کرانفیل

تاران، ٢٨ نۆڤەمبەری ١٨٨٠

هەر ئێستا بروسکەیەکم لە کونسڵی گشتی حکومەتی پایەبەرزەوە لە تەبرێز پێگەیشت، باس لەوە کراوە کە نێردراوێکی ئێرانی لە مەهاباد ڕەوانە کراوە، ناوبراو لەلایەنی ئێرانی هەواڵی ئەو ڕێوشوێنانەی پێیە کە سوپاسالار گرتوویەتیەبەر بۆ

---

دەگەیەنێ شێخ لە هەڵمەتەکەی بۆ سەر ئێران شکستی نەهێنا، بەڵکو بەدەم داواکەی سوڵتانەوە ڕۆیشت بۆ پاشەکشە کردن.

ڕێگەگرتن لە سنووربەزاندنی هێزە ئێرانیەکان. ڕاپۆرتەکان دەڵێن: هۆزی موکری[1] و ژمارەیە لە سەرۆك هۆزەکان خۆیان ڕادەستی حکومەتی ئێرانی کردووە.

واژوو رونالد. ف. تامسون

(١) هۆزی موکری، هۆزێکی مەزنی کوردستانی ئێرانە، نیشتەجێی شاری مەهاباد و دەوروبەریەتی، هۆزەکە لە سەرەتای سەدەی نۆیەمی کۆچی لە دەوروبەری جزیرە و بۆتان و میزۆپۆتامیای باکور کۆچیان کردووە، هاوکات لەگەڵ بزوتنەوەی سەفەویدا (بڕوانە - مجتبا برویی - سەرچاوەی پێشوو، لا ٤٤)ن، میرنشینێك بەناوی موکریان لە مەهاباد دامەزرێنرا. هۆزەکە زۆر دەینالاند بەهۆی جەنگی نێوان و ئێران و عوسمانیەکان، چەندین سەرکردەی ناوبانگیان دەرکردووە، لە پێشەوەیان میر (میر بەگ)، کە ناسراوە بە (خانی لەپ زێر - واتە ئەو خانەی دەستی ئاڵتونی هەیە)، ئەم میرە زۆر کەسێکی نزیك بوو لە عەباس شاوە، پاڵەوانێتی زۆر نواند لەگەڵ شای ناوبراودا، لە شەڕی دژی عوسمانیەکاندا، لە یەکێك لە جەنگەکاندا دەستێکی بڕدرا، شا دەستێکی ئاڵتونی بۆ دروست کرد. خان میرنشینایەتی ئورمیە و شنۆی لەلایەن شاوە پێدرا، قەڵایەکی مەزنی لە دۆڵی (قاسملو)ی باکوری شاری ئورمییە دروست کرد، زۆر بەهێز و تۆکمە و مایەی سەرەنجی تەلارسازان بوو، هێشتان شوێنەوارەکانی هەر ماون، خان سامانی زۆری بۆ بنیاتنانی ئەم قەڵایە خەرج کرد، کاتێك تەواوی کرد جیابوونەوەی خۆی لە دەوڵەتی سەفەوی ڕاگەیاند، زاڵبوو بەسەر ڕووبەرێکی بەرفراوانی ناوچەکە، لەشکری سەفەویەکان گەمارۆی قەڵاکەیاندا، بەڵام زۆر تۆکمە بوو، هەڵوێستی کوردانی بەرگریکار بەسەرکردایەتی خان و ژمارەیەك لە کوڕەکانی سەرسەختانە و پاڵەوانانە بوو. یەکێك لە ناپاکەکانی ناو قەڵاکە سەرچاوەی ئاوی خواردنەوەی قەڵاکەی پیشانی لەشکری سەفەویدا. لە دەرەنجامدا بەرگریکاران تێنوکەوتن لەسەر دیوارەکان، کە جەنگەکەی لەسەر ئەنجامدرا، ئەو کاتە لەشکری سەفەوی ڕۆیشتە ناویەوە، ئافرەتانی خان لە ناوەوە بە باروت خۆیان تەقاندەوە، بەمەش لگەڵ ژمارەیەك زۆر لە هێرشبەرانی قزل باش کوژران. گۆرانییە میللیەکان و گێڕەرەوە فلکلۆر و شاعیرە نەتەوەییەکان لە گشت ناوچەکانی کوردستان ئەم داستانە مەزنەیەیان زیندوو هێشتووەوە، کە بە داستانی (دمدم) ناسراوە، تا ئەمڕۆش خەڵك داستانەکە دەگێڕنەوە و گۆرانی پێ دەڵێن.

## بەڵگەنامەی (١١٠)

هاوپێچی ٤ ژمارە ٧٤

نامەیەك لە بابولعالیەوە بۆ باڵیۆزخانەی ئێران

٢٨ نۆڤەمبەری ١٨٨٠

٢٥ زولحیجەی ١٢٩٧

(وەرگێڕدراو)

بابلوعالی نامەی باڵیۆزخانەی ئێرانی بەدەستگەیشت، کە لە بەرواری ١٥ ئۆکتۆبەری ١٨٨٠ ڕەوانە کرابوو.

حکومەتی پایەبەرزی عوسمانی، داخ و پەژارەی قوڵی خۆی دەردەبڕێ بەهۆی بەردەوامی بەدگومانی ئێران.

وا باشترە باڵیۆزخانەی ئێرانی ئەوە بزانێت، حکومەتی ئێرانی ئەوەی لە توانایدابێ ئەنجامی داوە، بۆ کۆتایی هێنان بە ئاشوبی کوردستان[1]. حکومەتی تورکی ژمارەی پاسەوانانی سەر سنووری زیاد کردووە، لە هەمان کاتدا ئەو هۆزە تورکیانەی گێڕاوەتەوە کە ڕۆیشتنە بەرزاییەکانی ئێران. ئەمە هۆکاری ئەوەیە یاخیبووان

(١) زاراوەی حکومەتی تورکی لە سەرچاوەکەدا هاتووە، لەم بەڵگەنامانەدا زاراوەکانمان وەك خۆیان گێڕایەوە، پێم وانیە بابولعالی ناوی حکومەتی ئێرانی بۆ حکومەتی عوسمانی بەکارهێنابێ، هەڵەکە یان لە وەرگێڕدراوی کوردی یاخود لە هی فارسیەکەدایە، یان لەوانەیە بەریتانیەکان وشەی تورکیان لە جیاتی عوسمانیەکان هەندێك جار بەکارهێنابێ.

ناتوانن ژمارەیان زیاد بکەن و لێکترازانیان لە نێو ڕووداوە، ئەمەش وای لە هێزەکانی ئێرانی کردووە بە ئاسانی پێش بکەوێت.

بەداخەوە باڵیۆزخانەی ئێران، لە نامەکەیدا بابولعالی تۆمەتبار دەکات، بەوەی ئەو لە پاڵ ئاشوبەکەی کوردستانە، یارمەتی پێشکەشی یاخیبوان دەکات.

ئەمە تۆمەتبارکردنێکی ترسناکە بۆ حکومەتی عوسمانی، جێگای سەرسامییە.

حکومەتی تورکی نەك بەرپرسیار نییە لەم ڕووانە، بەڵکو هەردەم لە هاریکاریدا بووە لەگەڵ ئێران لەم بارەوە.

گونجاو نییە شێخ عوبەیدوڵڵا بە بەرپرسیار دابنرێ لە ڕاپەڕینەکەی کوردستان. ئەو بەڵگانەی هەن ئاماژە دەکەن بە هەڵسوکەوتی دەسەڵاتدارانی ئێرانی لە ناوچەکە، لەگەڵ هەمزە ئاغا و شەڕعاندنی ستەم دژی کورد لەلایەن کاربەدەستە ناوچەییەکان، ئەمە هۆکاری ڕەسەنی ئەم ڕاپەڕینەن.

ئەگەر بە وردی سەیری ڕووداوەکانی ناوچەکە و پێکهاتەی بەشداربووان بکەین، ڕوون دەبێتەوە هیچ هۆزێکی تورکی بەشدار نەبووە لەوەی ڕوودەدات.

حکومەتی تورکی چەندین جار بەرەنگاری هێرشی هۆزەئێرانیەکان بووەتەوە، بۆ سەر ناوچەکانی بەغداد و موسڵ و وان، بەڵام هەرگیز وەڵامێکی قەناعەت پێکەرمان لەلایەن دەسەڵاتدارانی ئێرانیەوە بەدەست نەکەوت.

بەهۆی ئەم هۆکارانەی سەرەوە، بابولعالی بەتووندی ئەوە بەدرۆ دەخاتەوە، کە دەستی لە پرسی کوردی وەردابێت.

## بەڵگەنامەی (١١١)

ژمارە ٥٣

لە مستەر بلانکیتەوە بۆ ئێریل کرانفیل

سانپێترسبێرگ، ٢٩ نۆڤەمبەری ١٨٨٠

شانازی دەکەم، بە پێشکەشکردنی چەند پارچەیەك لەو یاداشتنامەیەی، لە بارون جومینی بۆم هاتووە، هاوپێچ لەگەڵ ئەم نامەیەدا.

بارون جومینی دەڵێت: شێخ عوبەیدوڵڵا بە پشت بەستن بەو بروسکەیەی لە تارانەوە هاتووە، دوای شکستخواردنی بەرامبەر هێزە ئێرانیەکان، وا بڵاوبووەتەوە کە وازی لە پلانەکانی هێناوە.

بەهەمان شێوە لە بروسکەکەدا هاتووە، شێخ عوبەیدوڵڵا و لە گفتوگۆکانی لەگەڵ حکومەتی ڕوسی و ئێرانی، وتویەتی: پێویستە ئەم هێزانە جیاوازی بکەن لە نێوان سەرپێچیکاران و تێکڕای کورد، دەبێ بە فەرمی دان بە مافە ڕەواکانی کورددا بنرێت[1].

(١) شێخ عوبەیدوڵڵا نامەیەکی بۆ دەسەڵاتدارانی نێودەوڵەتی نارد، لەبارەی کارەکانی سەرکوت کردنی دانیشتوان و تۆڵەسەندنەوە لێیان، لەلایەن دەسەڵاتدارانی قاچاریەوە و فەرامۆشکردنی مافەکانی کورد. هەروەك ژمارەیەك لە سەرکردەی هۆزەکانی کورد، سکاڵایەکی هاوشێوەیان پێشکەشی باڵیۆزخانە و کونسلگەریەکان و دەسەڵاتدارانی وڵاتانی ئەوروپی و بە ڕوسیاشەوە کردووە.

له نامەکەدا هاتووە، کە سەرکردەکانی کورد ئاڕاستەی کونسڵی ڕوسیایان کردووە: ((ئێمەی خەڵکی کوردستانی ئێران، ژمارەمان لە ١٠٠ هەزار خێزان زیاترە، نەماتوانیوە لەگەڵ دەوڵەتی ئێرانی بژین، بەهۆی ستەم و دەستدرێژی دەوڵەتی ناوبراو و هەڵسوکەوتە نایاساییەکانی، هەر بۆیە ناچار بووین، کاتێك هیچ هێزێکمان نەما بۆ بەرگە گرتنی شتی زیاتر، ناچاربووین داوا لە خەڵکی کوردستان بکەین بە هاواری ئێمە بێن، دژی ئەو دەسەڵاتە ستەمکارە، هەندێکیان هاتنە ناو ئێران، ئەمەش بووە هۆی بەرەنگاربوونەوەمان لەگەڵ هێرش و دەستدرێژیەکانی دەوڵەتی عوسمانی، لەلایەکی ترەوە دەمانتوانی ڕزگارمان ببێ لە دوژمنە سەرسەختەکەمان کە دەوڵەتی ئێرانە، بەڵام لە ترسی دەوڵەتی عوسمانی جەنگمان لەگەڵ ئێران کۆتایی پێهێنا و ناچاربووین ئەو ١٠٠ هەزار خێزانە کۆچ بکەین. دوای ئەم کۆچکردنەمان، دەوڵەتی عوسمانی ئێران کە لەسەر خاکی کوردستان بوو، لەشکر کێشی ئەنجامدا دژی خەڵکەکە، نەك تەنها ژن و منداڵەکانی کوشت و بەدیل گرت، بەڵکو هەموو شتێکی تاڵان کرد کە دەستی پێگەیشت. ئەو خەڵکەی لە کوردستان مانەوە، هیچ جۆرە تاوانێکیان ئەنجام نەدابوو، شەڕیان لەگەڵ دەوڵەتی ئێرانی نەکرد، کاری ئاسایی خۆیانیان ئەنجام دەدا، بەڵام ئەم دەوڵەتە گیانی موسڵمان و مەسیحی و پیاوانی ئاینی کێشا.

هەر بۆیە داوا لە دەوڵەتی ڕوسی دەکەم بەزەیی پێماندا بێتەوە، لەم ستەم و زۆرداریە ڕزگارمان بکات... بەرپرسێکی تایبەت و بەویژدان ڕەوانە بکات بۆ وردبینی کردن لە بارودۆخی کوردستان و ئاشنابوون بەو ستەم و زۆرداریەی خەڵکەکە دووچاری هاتووە، بارودۆخێکمان بۆ بسازێنی کە هەر گەلێك بتوانێ ژیانی تیادا بگوزەرێنێ لەسەر خاکی نیشتمانە ڕەسەنەکەی بە ئاشتی و ئارامی، دواتر بۆ دەوڵەتانی گەورە ئەو ڕاستییە دەردەکەوێ ئایا خەڵکی کوردستان چیایی دڕندەن؟ یان داگیرکەرانی کوردستان بە ساختەکاری تۆمەتی پاشکەوتوویی و نەزانی و دووربوون لە شارستانیەت بە کوردەوە دەلکێنن؟

داوا لە دەوڵەتی ڕوسی دەکەین، کە بە دادگەری و بەرگریکاریەکەی لە ستەمکاران ناسراوە، بەزەیی پێماندا بێتەوە و لە ستەم و زۆرداری ستەمکاران ڕزگارمان بکات)). محەممەد حەمە باقی - شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵا لە بەڵگەنامەکانی قاجاریەکاندا، لا ٢٢٨ - ٢٢٩.

## بەڵگەنامەی (١١٢)

**هاوپێچی ژمارە ٥٣**

**لە بارون جومینی بۆ مستەر بلانکیت**

**سان پێترسبێرگ، ٧/ ٢٩ نۆڤەمبەری ١٨٨٠**

**بروسکەیەکم لە تارانە بەم ناوەڕۆکە پێگەیشت، ئەوە بڵاوکراوەتەوە شێخ عوبەیدوڵڵا، دوای ئەوەی بەرامبەر هێزەکانی ئێران تێکشکاوە وازی لە ئامانجەکانی هێناوە... شای ئێران داوای لە بەریتانیا و ڕوسیای کردووە، فشار بخاتە سەر بابولعالی، بۆ دەستگیرکردن و دادگایی و سزادانی شێخ عوبەیدوڵڵا.**

**واژوو جومینی**



**وێنەی درەختی ساداتی نەهری.**

## بەڵگەنامەی (١١٣)

ژمارە ٦٢

لە مستەر كوشینەوە بۆ ئیرل گرانفیل

ئەستەنبۆڵ، ٢٩ نۆڤەمبەری ١٨٨٠

گەورەم

گفتوگۆی تێروتەسەلم لەگەڵ وەزیری دەرەوەدا كردووە، هەروەك چاوم بە باڵیۆزی ئێرانیش كەوتووە، تا ئاگاداری ئەو گفتوگۆیانە بم كە لە نێوان وەزیرانی هەر دوو لا ئەنجامدراون.

بێگومان عاسم پاشا زانیاری تایبەتی لایە، وەك گشت وەزیرانی كابینەكە، دەڵێ: زانیاریەكانی لێرە و لەوێ وەرگرتووە. نازانێ شێخ لە نێو خاكی عوسمانی یان ئێراندایە.

لەلایەكی ترەوە باڵیۆزی ئێرانی دەڵێت: بە پێی نامەكەی شێخ عوبەیدوڵڵا بۆ شا، شێخ گەڕاوەتەوە توركیا[1]. زۆر سەرسام بووم، كاتێك بینیم وەزیری دەرەوە تا ئەم ئاستە بایەخ بەو ڕووداوانە نادات كە لە كوردستان ڕوودەدەن.

بێ ئاگابوونی لە بارودۆخی ناوچەكە سەرسامیەكەمی زیاتر كرد.

---

(١) هیچ سەرچاوەیەكی تر لەبارەی ئەم نامەیەوە نییە، كە باڵیۆزی ئێرانی قسەی لەسەر دەكات.

کاتێك باسی ئەوەم بۆ کرد پێویستە شێخ سزا بدرێ، بۆم ڕوونکردەوە حکومەتی ئێران داوای ڕادەستکردنی شێخ دەکات یان دادگایی کردنی لەلایەن حکومەتی تورکیەوە، ئاماژەی کردووە بە تۆمەتی فراوانی بابولعالی دژی حکومەتی ئێرانی لە سەر پرسەکانی سنووری، وتی: (تا ئێستا ئێران وەڵامی هەموو داواکاریەکانی ئەستەنبۆڵی نەداوەتەوە).

کاتێك بە توندی بەرگریم لە داواکاریەکانی ئێران کرد، ناوبراوسەرلەنوێ جەختی لە داواکارییەکانی ئێراندەکردەوە، بەوپێیەی هەر هەنگاوێك دژی شێخ عوبەیدوڵڵا، پەیوەستە بە سزادانی سەرۆك هۆزە ئێرانییە دواکەوتووەکان.

لەبارەی ئاکامەکانی دادگایی نەکردنی شێخ، لەلایەن بابولعالیەوە، عاسم پاشا وتویەتی، پێم وابێ پێکهێنانی دەستەیەکی هاوبەش، یارمەتیدەر دەبێ بۆ چارەسەرکردنی کێشە هەڵواسراوەکان.

لەبارەی بابەتی ئەوەی هۆکاری یارمەتیدانی بابولعالی بۆ کورد، بریتییە لە هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ ئەرمەنیەکان، عاسم پاشا وتویەتی: (ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانی ئەوەندە توانایەی هەیە، بەبێ یارمەتی کورد، بە خێراترین کات هەر ئاشوبێك لەناوببات).

لەکاتی قسەکردن لەبارەی هەوڵی شێخ بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان، عاسم پاشا هیچ بایەخێکی بە بابەتەکە نەدا.

پێم وابێ بابولعالی، بە شێوەیەکی جدی بیری نەکردۆتەوە لە گریمانەی ڕوودانی ئەمە.

## بەڵگەنامەی (١١٤)

هاوپێچی ٣ ژمارە ٧٠

لە كونسڵی گشتی ئابوتەوە بۆ مستەر تامسون

تەبرێز ٢٩ نۆڤەمبەری ١٨٨٠

ڕاپۆرتەكان دەگەن و دەڵێن سوپاسالار ٥ بەتالیۆن و ٨ هاوەن و ١٥٠٠ ئەسپسواری بۆ ناوچەی مەرگەوەر ناردووە، ٤ بەتالیۆنی ناردووە بۆ لەناوبردنی مەنگۆریەكان، ئەوانی تریشی بۆ سەربازگەی سولدوزن ناردووە.

دانیشتوانی مەهاباد، ئەوانەی بۆ (سەردەشت) و چیاكانی دەوروبەر هەڵاتوون، لەلایەن ئەحمەد بەگی سەرۆك هۆزی بایەزید هێنراونەتەوە ماڵەكانیان.

ئەحمەد بەگ هەردەم دڵسۆزی ئێرانیەكان و بەیاوەری سوپاسالار ڕۆیشتووەتە مەهاباد، لەو كاتەی (سەرداری دەولە) كاربەدەست بوو.

سوپاسالار خاوەنی شارەزاییە لە تاكتیكی (ڕاوەدوونانی جەنگی)، دیاریكردنی (عوسمان ئاغا كیورك) وەك سەركردەی باڵای ئەو هێزانەی ڕاسپێردراون بۆ

لەناوبردنی هەمزە ئاغا و مەنگوڕیەکان، کارێکی ژیرانەیە، چونکە سەرۆك هۆزەکان لە مشتومڕدان[1].

---

(١) دوا پاشەکشەی هێزەکانی شێخ عوبەیدوڵڵا بۆ ناو خاکی عوسمانی، هەمزە ئاغا بەردەوام بوو لە سەرکردایەتی کردنی زۆرینەی هۆزی مەنگوڕ و هەڵدەکوتێتە سەر سەربازگەی ئێرانی، پێشبینیەکانی ئابووت لە شوێنی خۆیدا نەبوو، عوسمان ئاغا بەشێوەیەکی ڕاستەقینە لەگەڵ هەمزە ئاغا شەڕی نەکرد. هەر چەندە لە نێوان دوو هۆزەکەدا ناکۆکی هەبوو. دەسەڵاتدارە قاجاریەکان نەیانتوانی بەسەریدا زاڵبن، تەنها لە دوای گرتنەبەری ڕێگەی فێڵ و تەڵەکە نەبێ. لە بروسکەیەکی کاربەدەستی فێڵباز (حەسەن عەلی خان) بۆ سوپاسالاری ڕاستیەك دەردەکەوێ، ئەویش ئەوەیە زۆر دەگمەنە کوردیەك بە دڵسۆزانە لە پاڵ دەوڵەتی داگیرکەردا بجەنگێت، عەلی خان دەڵێت: ((ئێستا، لەو کاتەی ئەم نامەیەی تێدا دەنووسم، بۆم دەرکەوت لەوەی (کولاوی ئاغا)م بۆ سەردەشت ناردووە، بەپێی ئەو نامانەی دەینێرێت، هەست دەکەم عوسمان ئاغا و خدر ئاغا خۆیان دەدزنەوە و پاساو دێننەوە و خۆیان بەپاش دەخەن، هەر بۆیە نامەیەکم پێش دوو ڕۆژ بۆ کولاوی ئاغا نووسی بەم ناوەڕۆکە: ئەگەر عوسمان ئاغا و خدر ئاغا بە تەواوی گوێڕایەڵیەوە لەگەڵی هاتنە سابلاخ، ئەوا ئەمە کارێکی باشە، ئەگەرنا دەبێ ئەو بگەڕێتەوە و خۆی دوانەخات)). لە ڕۆژی ٢٠/ ١٢/ ١٨٨٠ کاربەدەستەکە بۆ سوپاسلار دەنووسێ هەمزە ئاغا هاتووەتە سەردەشت و کولابی ئاغا و عوسمان ئاغا و خدر ئاغا لەوێ هەڵاتوون بەرەو گوندی (ڕەبەت)، ئاگاداری دەکاتەوە کە پێشبینی دەکرێ گشت خەڵك بچێتەپاڵی.

تەنانەت حەسەن عەلی خان کە لە هەموو شتێك زیاتر، لە بیستنی ناوی هەمزە ئاغا دەترسێ، خۆی دەدزیەوە لە شەڕکردن لەگەڵ هەمزە ئاغا و بەرپرسەکانی هەڵدەخەڵەتاند، بۆ سەرکردەی گشتی لە ١٧ موحەڕەمی بەرامبەر ٢٠ / ١٢/ ١٨٨٠ نووسیویەتی و دەڵێت: ((بەم بۆنەیەوە و بە ویستی خوا، سبەی هەژدەی مانگ (مەبەستی موحەڕەمە) بەرەو سەردەشت دەجوڵێم لەگەڵ هەزار کەس، هەڵیاندەبژێرم لە هەر دوو بەتالیۆنی (کروس) و (بەتالیۆنی) و ٢٠٠ ئەسپسواری دیوانی کە لێرە هەن... تا ڕەگە بۆگەنەکانی هەمزە ئاغا ڕیشەکێش بکەم)).

دوای چوار ڕۆژ، لە ٢١ موحەڕەمی ٢٤/ ١٢ کاربەدەستەکە نامەیەکی تر بۆ سەرکردەی گشتی دەنووسێ و دەڵێت: ((بەیانی، ڕێکەوتی ٢٢ مانگ، بێ وەستان لە هیچ قۆناغێکی ڕێگا یان لادان لێی، دەچمە سەردەشت بۆ تێکشکاندنی ڕەگ و ڕیشە خراپەکانی هەمزە ئاغا، لە هەر گۆشە یان بەرد یاخود دارستانێك بێ... بەر لە تەواو کردنی ئەم کارە ناگەڕێمەوە سابلاخ)). لە ٢٧/ ١٢ دەنووسێ و دەڵێت: ((سبەی سێشەممە لەگەڵ هێزێکی هەڵبژێردراو بەرەو سەردەشت دەجوڵێم)).

سوپاسالار دڵنیایی بە هەمزە ئاغا نەدات، بەڵام بانگهێشتی کرد بۆ سەربازگەی ئێرانیەکان، بۆ دەربڕینی نیاز پاکیەکەی.

پێشبینی دەکەم، سوپاسالار لە نامەکانیدا بۆ سەرکردەکانی لەشکر داوای ئەوەیان لێ بکات ستەم لە خەڵکی ئەو گوندانە نەکرێ لەلایەن هێزە ئێرانیەکانەوە، کە شوێنەکانیان جێهێشتووە.

پێشبینی دەکرێ لێپرسینەوە لەگەڵ هەندێك لەو میرانە بکرێ، کە هێزەکانیان هەندێك گوندیان تێکداوە، بەهۆی بێ باکی ئەوان.

شێخ عوبەیدوڵڵا خاوەنی ژمارەیەك گوندە لە مەرگەوەڕ و زنجیرە چیای سنووری نێوان ئێران و تورکیا، دوور نییە چووبێتە ئەوێ.

---

بەڵێنەکانی کاربەدەستەکە تەنها بەڵێن بوون و تەواو، تەنانەت بوێری ئەوەی نەدەکرد لەو شوێنە نزیك ببێتەوە کە هەمزە ئاغای لێبوو، لە بەرواری ٤ ئازاری ١٨٨١ و دوای تێپەڕینی سێ مانگ لەسەر ئەم نامانەی بۆ شا دەنووسێ، دان دەنێ بە بوێری هەمزە ئاغا، دەڵێت: ((خزمەتکارتان شتێك دەزانێ و لێی بێدەنگ نابێ، ئەویش ئەوەیە: هەمزە ئاغا کەسێکی بوێرە و لە ژیانی ناترسێ، هەر کە بەفر توانەوە و ڕێگەکان خۆشدەبن، تەنانەت ئەگەر خۆیشی بە تەنها بمێنێ، وەکو دز سەری خۆی لەم بەردە یان ئەو بەردە دەردێنێ و خۆی دەردەخات)).

کاتێك بەهار هات، ئەوا شاری سەردەشت لە دەرەوەی دەسەڵاتی حکومەتی قاچاریدا، وەك چیمەنێك وایە هەمزە ئاغا بە کەیفی خۆی تێدا دێت و دەچێت. کاربەدەستەکە لە ١١/ ٤/ ١٨٨١ نامەیەك دەنووسێ و دەڵێت: ((من لەگەڵ هێزی ١٠٠٠ هەزار سەربازی، کە بەخۆم هەڵمبژاردوون و ٢٠٠ ئەسپسوار و پیاوماقوڵانی موکری و خەڵکی ناوچەکە دەجوڵێم، هێزەکە لە ٥٠٠٠ هەزار کەس کەمتر نابێ، لە ڕێگەی (ئیل تەیمور)ەوە دەجوڵێم، کە ناوەڕاستی گوندەکانی موکریدا دەڕوات و دەگاتە تولەڕێی (کورتەك) و لەوێ بەرەو سەردەشت دەچم)). سەرچاوە - حەسەن عەلی خان کروسی - سەرچاوەی پێشوو - نامەکانی ١٩ و ٢٠ و ٢١ و ٦٢ و ٩٤.

دەوترێ کاروانێکی سەربازی تورکیا، بەرەنگاری هەوڵەکانی شێخ عوبەیدوڵڵا بوونەتەوە بۆ بڕینی سنوور. (ئیجریك) بریتییە لە بارەگای (عەلی خان شکاك) و بە هەڵە لە بروسکەکەدا ئاماژەی پێکراوە، ئەم شوێنە دەکەوێتە لای ڕاستی ئەو زنجیرە چیایەی، سەلماس لە ئورمییە جیا دەکاتەوە.

واژوو ویلیام. ج. ئابوت

## بەڵگەنامەی (١١٥)

ژمارە ٧٥

لە مستەر تامسونەوە بۆ ئیرل گرانفیل

تاران، ٢٩ نۆڤەمبەری ١٨٨٠

گەورەم

مستەر ئابوت ئاگاداری کردنەوە، وێنەیەکی لە نامەکانی لەبارەی ئاشوریەکانی ئورمیەی بۆ بەرێزتان ناردووە.

سەردانەکانی بۆ ناوچەکە، لە دۆخی ناهەمواردا بووە، هێرشی کورد ڕاستەوخۆ دوای ئامادەیی ئەو لە ناوچەکە دەستیان پێکرد.

هێرشەکانی کورد زۆر خێرا بوون، تا ئاستێك لە ماوەی دوو ڕۆژدا گشت گوندەکانی دەوروبەریان داگیر کرد، هەروەك گەمارۆی شارەکەشیان دا.

دۆخی مستەر ئابوت بەهۆی ئەم بارودۆخەوە زۆر سەخت بوو، لەگەڵ ئەمەشدا لێکۆڵینەوەکانی باش بوو، ڕێوشوێنەکانی لە هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ یاخیبووان و گفتوگۆکانی لەگەڵیان شایستەی ڕێزن.

لێکۆڵینەوەکانی مستەر ئابوت ئەوەیان دەرخست، دانیشتوانی موسڵمان و مەسیحی، بەتایبەت موسڵمانان، زیانی زۆریان بەرکەوتووە.

دەربارەی ئاشوریەکان، دەبێ بوترێ دەسەڵاتی ئێرانی هەڵسوکەوتی ناشیاویان لەگەڵ دەکات، لەگەڵ ئەوەی هەندێك ڕق و کینەی کۆن سەرلەنوێ دەردەکەونەوە.

ئاشوریە مەسیحیەکان لە ئێران، کاری کشتوکاڵی دەکەن، لە نزیك ئورمییە، زۆربەیان لەو زەویانەدا کار دەکەن، کە هی موسڵمانانن، ژمارەیەکی کەمیان خاوەن زەوینە. زۆربەی زەویەکان هی (هۆزی ئەفشار)ن، کە بە یەکسانی باج لە موسڵمان و مەسیحییەکان وەردەگرێ.

مەسیحییەکان ڕەخنەیان لەسەر چەند جیاکاریەك هەیە لە نێوان ئەوان و موسڵماناندا:

١- هەندێك لەو باجانەی سەپێنراون لەسەر مەسیحییەکان، زیاترن لەوەی لەسەر موسڵمانان سەپێنراون.
٢- سەختی کارکردن لە زەویەکانی هەندێك ناوچە، سەبارەت بە موسڵمانان یان مەسیحییەکان، ئەوا دەبێ زیاد لە وزەی مرۆڤێکیان هەبێ.
٣- داواکاریەکانی فەرمانبەرانی دەوڵەت، لەو ئاشوریانە لە ڕوسیا هاتوونەتەوە، داوای بڕە پارەی زۆریان لێ دەکەن، کە زۆربەی جاران دادگەر نین.

٤- ڕفاندنی کچانی مەسیحی لەلایەن گەنجانی موسڵمانان، لەم دوایانەدا کەمتر بووەتەوە، بەرامبەر بە پێشوو.

٥- دەستبەسەرکردنی گشت سامانی مەسیحیەکان، لە کاتی موسڵمان بوونی ئەندامێکی، بۆ بەرژەوەندی موسڵمانە تازەکە.

٦- وەرنەگرتن گەواهی و شایەتی کەسی مەسیحی دژی موسڵمان لە دادگادا.

ئەمانە کۆی ئەو جیاوازیانەن، کە کارمان کردووە بۆ چەند ساڵێك لەسەریان، لە پێناو چاککردنیانن داوای یارمەتیمان لە حکومەتی ئێرانیش کردووە.

دەبێ ئاماژە بەوە بدەین باروخۆی مەسیحیەکان ئەمڕۆ لە ئازربایجان، بە دانپێدانانی مژدەدەرە مەسیحی و ئاشوری و کاربەدەستانی ئینگلیزی لە پێشتر باشترە.

لێرەدا پڕۆژەیەك هەیە بۆ پاڵپشتی کردنی کاروبارەکانی مەسیحییەکان لە ئازربایجان، وا بڕیاربوو پڕۆژەکە بە زوویی جێبەجێ بکرێ، بەڵام بزوتنەوەی کوردی جێبەجێکردنی دواخست. وەزیر بەڵێنی جێبەجێ کردنی هەنگاوی سەرەتایی داوە لەم پڕۆژەیە لە میانەی چەند هەفتەیەکی داهاتوودا(١). کار دەکرێ بۆ پوچەڵکردنەوەی ئەوەی لە ماددەکانی (٥ و ٦)دا هاتووە، داوام لە تەبرێز کردووە لە

(١) لە ڕاستیدا بە پێچەوانەوە، باڵیۆزی ئێرانی لە تاران وێنەیەکی جوان دەکێشێ بۆ دۆخی مەسیحییەکان لە ئورمییە، ئەمەش بۆ پەردەپۆشکردنی شکستەکەی لە ڕێگەگرتن لەو کاولکاریەی بەسەر مەسیحییەکاندا هات، لەسەر دەستی هێزی قاچاریەکان، تەنانەت بەرپرسیارێتی دواکەوتنی پڕۆژەکان دەخاتە ئەستۆی حکومەتی قاچاری. بەڵگەنامەکان بە ڕوونی دۆخی مەرگەساتی مەسیحییەکان ڕۆشن دەکەنەوە.

داواكاری ئێمە سەبارەت بەمە بكۆڵنەوە، ڕێوشوێنی خێرا بگرنەبەر، ئەگەر وەڵامم دەستنەكەوت، ئەوا نامەیەك ڕاستەوخۆ بۆ شا بەرز دەكەمەوە.

مستەر ئابوت پێی وایە، دەسەڵاتی مژدەدەرە ئەمریكییەكان، لە نێو ئاشورییەكان شایەنی ئاگادار بوونە لێی. زۆربەی جاران بوونی ئەوان دەبێتە هۆی لەكیس نەچوونی مافی مەسیحییەكان. بەدڵنیایەوە فەرمانبەر ئێرانیەكان لە ناوچەكە بە هیچ شێوەیەك نایانەوێ ڕێوڕەسمی ئاینی مەسیحی لە ناوچەكەدا بەڕێوە بچێ، یارمەتی بەردەوام پێشكەش دەكەن.

من هاوڕای مستەر ئابوتم، لەسەر ئەوەی بەرژەوەندی لەوەدایە، ئەفسەرێكی بەریتانی لە كونسلگەری ئورمیەدا دابنرێ.

واژوو رونالد. ف. تامسون

## بەڵگەنامەی (١١٦)

هاوپێچی ٦ ژمارە ٧٤

نامەی بابولعالی بۆ باڵیۆوخانەی ئێران

٢٩ نۆڤەمبەری ١٨٨٠ (٢٦ زولحیجەی ١٢٩٧)

(وەرگێڕدراو)

نامەی باڵیۆزخانەی ئێرانمان پێگەیشت، لە کاتی وەڵامدانەوەمان دەڵێین: هێزە کوردیەکان چەکەکانیان ڕادەستی دەسەڵاتی پۆلیس کرد، ئەندامەکانی داوای پانایان کرد. هەر بۆیە هیچ هۆیەك بۆ دادگایی کردن و سزادانیان نییە.

لەلایەکی ترەوە ڕاپۆرتەکان ئاماژە دەکەن بەوەی هێرشی فراوان، کە لەشکری ئێرانی کردیە سەر کوردستان و تاوانی کۆمەڵکوژی ئەنجامداوە و دەستدرێژی کردۆتە سەر شەرەف و ناموسی خەڵك، تا ئێستا ناچار بووە ٦٠٠٠٠ بۆ ٧٠٠٠٠ کەس لە دانیشتوانی ئورمیە ناچاربوون بچنە ناو خاکی تورکیا، هەروەك نزیکەی ٢٠٠٠ کەس بەرەو هەکاری ئاوارە بوون.

تاکە هۆکاری ئاوارەبوونی کورد بەرەو تورکیا بریتییە لە هەڵسوکەوتی نا ژیرانەی حکومەتی ئێرانی.

بەجێهێشتنی خاکی باوو باپیران، چاوەڕێکردنی هەلی تۆڵەسەندنەوە لە دوژمنان، وای لەسەر تورکیا پێویست کردووە، هەمیشە هێز لەسەر سنوورەکانی کۆ بکاتەوە، بۆ ڕێگەگرتن لە هێرشی کورد بۆ سەر ئێران، هر بۆیە بابولعالی داوا لە حکومەتی ئێرانی دەکات، چاوبخشێنێتەوە لە ڕێوشوێنە سەربازیە پیادەکراوەکانی لە ئازربایجان و کوردستان.

داوا لە حکومەتی ئێرانی دەکەم، ڕەزامەند بێ لەسەر داواکاری بابولعالی و لیژنەیەکی تایبەت بۆ تورکیا ڕەوانە بکات، بۆ گفتوگۆ کردن لەبارەی ئەو ڕاجیایی هەیە و چارەسەرکردنی خێرای بەد تێگەیشتن.

## بەڵگەنامەی (١١٧)

ژمارە ٧٠

لە کونسڵی گشتی ئابوتەوە بۆ ئیرل گرانفیل

تەبریز ٣٠ نۆڤەمبەری ١٨٨٠

گەورەم

شەرەفمەند دەبم، لەگەڵ ئەم بروسکەیە وێنەیەکی ئەو سێ نامەیە ڕەوانەم کردووە بۆ وەزیری ڕاسپێردراوی حکومەتی پایەبەرز لە ئێران هاوپێچ بکەم، ئەم نامانە لەبارەی ڕەوانەکردنی هێزەکانی ڕوسیایە بۆ سنووری ئاراس و ڕێوشوێنەگیراوەکان لەلایەن سوپاسالارەوە بۆ سەرکوتکردنی کورد.

واژوو ویلیام. ج. ئابوت

## بەڵگەنامەی (١١٨)

**هاوپێچی ١ ژمارە ٧٦**

**لە کونسڵی گشتی ئابوتەوە بۆ مستەر تامسون**

**تەبرێز ١ دێسەمبەری ١٨٨٠**

**ئەم دواییانە لە تەبرێز ئەوە بڵاوبووەوە شێخ عوبەیدوڵڵا، لەگەڵ هێزێك کە ئیسماعیل ئاغا کلیسی سەرکردایەتیان دەکات، گەڕاونەتەوە ناوچەی برادۆست.**

**نامەکانمان تا بەرواری ٢٥ نۆڤەمبەر، ئاماژە بەمە ناکەن، تەنها باس لە هەڵاتنی شێخ و بنکەدانانی هێزەکانی عەبدولقادر و سدیق دەکەن لە مەرگەوەر، دوای هەڵاتنیان.**

**هەروەك جوڵانی تەیمور پاشا خان ڕاگەیەنرا، کە ٦٠٠٠ کەسی لەگەڵە، بەرەو برادۆست.**

**ئیقبال دەولە بە ٢٠٠٠ کەسەوە لە ئورمییەوە نیشتەجێن.**

**دەکرێ پاسەوانانی سنووری تورك، ئەرکی خۆیان ئەنجامداوە بەشێوەیەکی چاك، لە ڕێگەگرتن لە کشانەوەی کوردانی یاخیبوو بەرەو سنوور.**

**واژوو ویلیام. ج. ئابوت**

## بەڵگەنامەی (١١٩)

**هاوپێچی ٢ ژمارەی ٧٦**

**لە کونسڵی گشتی ئابوتەوە بۆ مستەر تامسون**

**تەبرێز، ٣ دیسەمبەری ١٨٨٠**

**زانیومە تا ئێستا هیچ هێزێکی ڕوسی نەگەیشتووەتە (جەلفا). هیچ زانیاریەکم نییە لەبارەی ژمارەی هێزە ڕوسییەکان، کە هاتوونەتە (نخجوان).**

## بەڵگەنامەی (١٢٠)

**ژمارە ٧٦**

**لە کونسڵی گشتی ئابوتەوە بۆ ئێریل کرانفیل**

**تەبرێز، ٤ دێسەمبەری ١٨٨٠**

**گەورەم**

**بە ئاماژەکردن بە نامەکانی ڕۆژی ٢٣ و ٣٠ نۆڤمەبەر، شەرەفمەند دەبم، وێنەی چوار نامەتان بۆ بنێرم، کە بۆ وەزیری ڕاسپێردراوی حکومەتی پایەبەرز لە تاران ناردبووم، نامەکان پەیوەستن بە یاخیبوانی کورد و بنکە دانانی هێزە**

ڕەوانەکراوەکانی (نخجوان) لەسەر سنووری ئاراس و هەڵاتنی شێخ عوبەیدوڵڵا بۆ تورکیا.

واژوو ویلیام. ج. ئابوت

## بەڵگەنامەی (١٢١)

هاوپێچی ٣ ژمارە ٧٦

دوێنێ نوێنەرانی سەربازگەی سوپاسالار لە (سولدوز)، جەنابی شایان ئاگادار کردەوە شێخ و ٩ لە یاوەرانی بۆ (نوجی) هەڵاتوون. هەواڵی تریشم لە ئورمییە پێگەیشت، دەڵێن: شێخ و دوو لە کوڕەکانی بۆ (نەهری) هەڵاتوون، لەسەر زمانی خەڵکی ناوچەکە بە (نیری) دەری دەبڕن کە پایتەختی (نوجیە). لە نەخشە فەرمییەکاندا پێی دەوترێت (تیرجی).

هەواڵی تر هەن، دەڵێن شێخ و یاریدەدەرانی دوای هەڵاتنیان گەڕاونەتەوە ماڵەکانیان.

واژوو ویلیام. ج. ئابوت

## بەڵگەنامەی (١٢٢)

**هاوپێچی ٤ ژمارە ٧٦**

**لە کونسڵی گشتی ئابوتەوە بۆ مستەر تامسون**

**تەبریز، ٤ دێسەمبەر ١٨٨٠**

**هێزە ڕوسییەکان، لە نخجوان لە ١٠٠٠ سەرباز و یەك هاون پێکهاتوون. ڕاپۆرتەکان ئاماژە بەوە دەکەن پێترسبێرگ بڕیاری داوە ٥٠٠٠ سەرباز ڕەوانە بکات، حکومەتی ڕوسی ڕایگەیاند ئامانجی ناردنی ئەم هێزانە، بۆ پاراستنی ئاسایشی سنوورەکانی ڕوسیا و ڕێگە گرتنە لە هەڵاتنی یاخیبووە کوردەکان.**

**واژوو ویلیام. ج. ئابوت**

## بەڵگەنامەی (١٢٣)

**هاوپێچی ٥ ژمارە ٧٤**

**نامەی باڵیۆزخانەی ئێرانی بۆ بابولعالی**

**٥ دێسەمبەر ١٨٨٠**

**(وەرگێڕدراو)**

بەداخێکی مەزنەوە، دوایین نامەی جەنابتانم لە بەرواری ٢٨ نۆڤەمبەر بەدەست گەیشت.

لە نامەکەماندا وتمان شێخ عوبەیدوڵڵا لەوەتەی سێ ساڵە کورد دەجوڵێنێ بۆ یاخیبوون، نانەوەی ناسەقامگیری، هەروەك ئاماژەمان بەوە کرد ئەو کوردانەی لە خاکی تورکیا نیشتەجێن، بێ پابەندبوون بە هەر پەیماننامە و ڕێکەوتننامەیەك، بە بەردەوامی سنووری خۆرئاوا بەرەو ئێران دەبڕن و چەك و زەخیرە و خۆراك بۆ کورد دەهێنن.

لە نامەکەماندا وتمان پاسەوانانی سنووری تورکی، چاویان دەپۆشن لە کرداری گواستنەوە و هاتوچۆ، ئەرکەکەیان بە شێوەیەکی دروست جێبەجێ ناکەن.

لە وەڵامەکەماندا پێویستە ئاماژە بەوە بکەین، ئێمە ڕەزامەندیمان دەرنەبڕیوە لەهەمبەر گرتنەبەری ڕێوشوێنەکانتان لەسەر سنوور، لێرەدا چەند پرسێك هەن وا دەکات مەندەهۆش بین لەبەرامبەریان.

دەڵێن شێخ عوبەیدوڵڵا پاشەکشەی لە ئێران کردووە، بە کاریگەری ئامۆژگاریەکانی بابولعالی، دەڵێن بڕینی سنوورەکان بەشێوەیەکی بەردەوام، لەلایەن گەلانی ئێرانیەوە، دەبێتە هۆی دەرکەوتنی گیانی تۆڵەسەندنەوە لەلای دانیشتوانی تورك، هۆزە تورکییەکان دەستوەرنادەنە ئاشوبەکانی کوردستان.

سوپاسی هەمیشەیی خۆمانتان پێ ڕادەگەیەنین، سەبارەت بەو ڕێوشوێنانەی گرتووتانەبەر بۆ پاراستنی سنوورەکان، بەڵام بەداخەوە ئەم ڕێوشوێنانە چالاك نەبوون و سنوور بڕین و هامۆشۆ بە ئاسانی بە نێو سنوورەکان لە شارێکەوە بۆ یەکێکی تر ئەنجامدەدرێ.

پرسی دووەم پەیوەستە بەشێخەوە، چەندین جار شێخمان تۆمەتبار کرد بە سەرکردایەتی کردنی بزوتنەوەکە و سنوور بەزاندن، بەڵام هەردەم حکومەتی عوسمانی هەوڵی داوە تۆمەتەکەی لەسەر لاببات و ستایشی بکات، لە کاتێکدا بەڵگەنامەی دەمکوتکەر هەن لەسەر بوونی شێخ لەسەر سنوور و بەشداربوونی لە پشێویەکانی کوردستان.

ڕاستیەکی تر کە دەبێ بوترێ، کشانەوەی کورد لەسەر ئامۆژگاریەکانی ئیپڕاتۆری عوسمانی نەبوو، بەڵکو بەهۆی خۆڕاگری لەشکری بەتوانای ئێران بوو بە سەرکردایەتی شای ئێران.

بابەتی سێیەم، لەبارەی ئەوەیە کە بانگەشەتان کردووە هێزە عوسمانیەکان سنووریان نەبەزاندووە و دەستدرێژیان نەکردۆتەسەر ئێران.

هەزاران کوردی دەستدرێژیکار و بە کەرستەی تەواو، لەو دیوی سنوورەوە هێرشیان کردووە، جا ئەگەر ئەوان عوسمانی نەبن ئەوا کێن؟

لە کۆتایدا حکومەتی ئێرانی پایەبەرز، پێی وایە شێخ عوبەیدوڵڵا بەرپرسە لە مردنی ٥٠٠٠ کەسی بێ تاوان، ئەگەر شێخ دادگایی و سزا نەدرێ لەلایەن حوکمڕانانی عوسمانیەوە، ئەوا بابولعالی بەرپرسیارێتی مەترسیداری ئەم تاوانە لە ئەستۆ دەگرێ.

## بەڵگەنامەی (١٢٤)

ژمارە ٥٧

لە مستەر تامسونەوە بۆ ئیریل کرانفیل

تاران، ٧ دیسەمبەری ١٨٨٠

گەورەم

شەرەفمەند دەبم، بە جەنابتانی ڕابگەیەنم، حکومەتی ئێران هەواڵی پاشەکشەی شێخ و پیاوەکانی و هەمزە ئاغا لە شوێنی پێشوویان بەرەو خاکی تورکیا پێ گەیشتووە.

واژوو ڕونالد. ف. تامسون

## بەڵگەنامەی (١٢٥)

ژمارە ٥٨

لە مستەر تامسونەوە بۆ ئیریل کرانفیل

تاران، ٩ دێسەمبەری ١٨٨٠

گەورەم

ئێستا بروسکەیەکم لە کونسڵی گشتی حکومەتی پایەبەرز لە تەبرێز بەدەست گەیشت، تیایدا لە (میرزا حوسێن خان - سەرکردەی گشتیەوە[١]) هەواڵی خۆبەدەستەوەدانی مەرگەوەر دەگوازێتەوە، ناوبراو لە ڕاپۆرتەکەدا ئاماژە بۆ شازادەی جێنشین دەکات سەبارەت بە بەرقەرابوونی سەقامگیری و ئاسایشی گشتی لە ناوچەکە.

واژوو رونالد. ف. تامسون

---

(١) میرزا حوسێن خان، چەندین پۆستی لە دەوڵەتی قاچاریدا وەرگرتووە، سەرۆك ئەرکانی لەشەر (سوپاسالار) و وەزیری دەرەوە و سەرۆك وەزیران، لەگەڵ هاوڕێکەی (مەلکم خان)ی ئەرمەنی باڵیۆزی ئێران لە لەندەن، قەناعەت بە شا بکەن تا سەردانی بەڕیتانیا بکات و گرێبەستی بازرگانی مەزن لەگەڵ کۆمپانیا بەریتانیەکان ئەنجام بدات، بەهۆی ئەوەی وترا ناوبراو ئێرانی فرۆشتووەتە کۆمپانیا بەریتانیەکان، پیاوانی ئاینی لە ئێران لە کاتی گەڕانەوەی شا لە بەریتانیا پێیان ڕاگەیاند (میرزا حوسێن خان) نەیێنێتەوە تاران، بۆیە لە مازندەران بەجێیهێشت. لە قەزوین ژیانی دەگوزەراند، کاتێك بزوتنەوەی شێخ عوبەیدوڵڵا دەستی پێکرد، بەهۆی دۆستایەتیەکەشی لەگەڵ بەریتانیا شا بۆ ناو لەشکری گێڕایەوە و بە سەرۆك ئەرکانی تازە داینا، دوای مردنی لەناکاوی مامی شا (حیشمەت دەولە).

## بەڵگەنامەی (١٢٦)

ژمارە ٦٣

لە ئێریل گرانفیلەوە بۆ مستەر تامسون

وەزارەتی دەرەوە، ٩ دێسەمبەری ١٨٨٠

وەزیری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دوودڵی خۆی دەربڕی لەبارەی چارەنووسی مژدەدەرانی ئەمریکی و خێزانەکانیان لە ئورمییە، چونکە بڕوای وایە دەکرێ ئێران تۆمەتباریان بکات، بەوەی یارمەتی شێخیان داوە.

ئەمڕۆ بروسکەیەکم بۆ ناردن، داوام لێکردن ئەفسەرەکانیان بۆ ناوچەکە ڕەوانە بکەن، بۆ دەستەبەرکردنی سەلامەتیان.

واژوو گرانفیل

## بەڵگەنامەی (١٢٧)

**ژمارە ٦٤**

**لە مستەر تامسونەوە بۆ ئێریل کرانفیل**

**١٠ دێسەمبەری ١٨٨٠**

**گەورەم**

**بە ئاماژەدان بە بروسکەی دوێنێی جەنابتان، لە ڕۆژنای ڕابردوودا کەشەکە نا سروشتی بوو بۆ مژدەدەرە ئەمریکییەکان، کە لە ئورمییە نیشتەجێن، بەڵام توندی ئاگرەکە لەم دوو ڕۆژەی ڕابردوودا کەمبووەتەوە[1].**

**حکومەتی ئێران بروسکەیەکی بۆ سوپاسالار نارد، داوای لێکردووە بە خودی خۆی دەستەوەردان بکات بۆ پاراستنی مژدەدەران.**

**سوپاسالار ڕاستەوخۆ لە مەهابادەوە بۆ ئولامییە جوڵا، پێشبینی دەکرێ بەیانی بگات.**

**واژوو ڕونالد. ف. تامسون**

---

(١) دەسەڵاتدارانی ئێرانی، مژدەدەرانی ئەمریکیان لە ئورمییە تۆمەتبار کرد بە هاریکاری کردنی شێخ عوبەیدوڵڵا، هەر بۆیە زۆر دەستدرێژیان کرایەسەر، ئەمریکا داوای لە بەریتانیا کرد دەستوەردانێك بکات، بۆ وەستاندنی دەستدرێژیەکان، چونکە هیچ پەیوەندیەکی لەگەڵ ئێران نەبوو. شایەنی باسە دەستدرێژیەکانی ئێران، ژن و کچەکانی مژدەدەرانی ئەمریکیشی گرتەوە، کە زۆرێکیان ڕفێندران.

## بەڵگەنامەی (١٢٨)

هاوپێچی ١ ژمارە ٨٥

تەبرێز، ١٠ دێسەمبەری ١٨٨٠

(گوڵبژێرێك)

بەدرێژایی ماوەی گەمارۆی سەر ئورمییە، مژدەدەرانی ئەمریکی بە چەندین کێشەوە ناڵاندیان.

لەلایەك شێخ عوبەیدوڵڵا لە تەنیشتماڵەکانی ئەوان سەربازگەی دانابوو لە دەرەوەی شار، ئەوان ناچاربوون دۆستایەتیەکەی قبوڵ بکەن. لەلایەکی ترەوە دەبوایە بەشێوەیەك هەڵسوکەوت بکەن، کە حکومەتی ئێرانی هەراسان نەکەن.

(مونسینور کلوزل) سەرکردەی مەسیحییەکانی فەڕەنسا پەنای بۆ هێنام، داوای ڕەوانەکردنی نامەیەکی لێکردم بۆ شێخ عوبەیدوڵڵا، بۆ ئەوەی داوای لێبکەم کەمینەکان و مژدەدەران بپارێزێ، شێخیش ئەمەی قبوڵ کرد.

ئاڵای هێڵ و ئەستێرەکان[١] لەسەر بانی ماڵەکان هەڵکران، تابلۆیەکم لەسەر دیواری ماڵەکان دانا و نووسیم (شوێنی نیشتەجێ بوونی کونسڵی بەریتانی و مژدەدەرانی ئەمریکی).

---

(١) ئاڵای ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.

نزیکەی ٢٠٠ کەس لە ئاشوری و موسڵمانان پەنایان بۆ قوتابخانە ئەمریکیەکە هێنا.

خانووی (مستەر وبیل) لە گشت لایەکی ناو شارەکەوە ڕووبەڕووی هەڕەشە بووەوە.

ئەو ڕاپۆرتانەی باس لە ناڵاندنی مژدەدەران دەکەن، تۆمەتێکی ناڕەوا و درۆیەکی پوختە. لەسەر ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پێویستە شانازی بە مژدەدەرانی بکات، ئەوانەی ئەرکەکانی خۆیان جێبەجێ دەکەن، لە کاتی جەنگ و برسێتی و نەخۆشی کولێرا.

لەبارەی خراپ هەڵسوکەوت کردنی حکومەتی ئێرانی بەرامبەر مژدەدەران، دڵنیام کردنەوە کە حکومەتی پایەبەرز گیان و سامان و ناموسیان دەپارێزێ.

واژوو ئابوت

## بەڵگەنامەی (١٢٩)

ژمارە ٦٥

لە مستەر تامسونەوە بۆ ئێریل کرانفیل

تاران، ١١ دێسەمبەری ١٨٨٠

گەورەم

هەر ئێستا بە ڕێکەوتی دوێنێ بروسکەیەکم پێگەیشت، لە کونسڵی گشتی حکومەتی پایەبەرزەوە لە تەبرێز. ئەوەی تێدایە بە پشتبەستن بە گفتوگۆکانی مژدەدەرانی ئەمریکی پەیوەندیەکانیان لەگەڵ حکومەتی ئێرانی، زۆر توونی و تۆڵ بووە، بەشداری کردنیان لە ڕاپەڕینەکەی شێخ عوبەیدوڵڵا و خراپ هەڵسوکەوت کردنی ئێرانیەکان لەگەڵیاندا تەنها پڕوپاگەندەیە[1].

مستەر ئابوت جەختی کردۆتەوە، لەسەر گەیشتنی بروسکەکەم لە بەرواری ١٩ دێسەمبەر، لە میانەی ئاماژە کردنەکەی بۆ دۆخی باشی مژدەدەرانی ئەمریکی، وتی: داوای چاوپێکەوتنی کردووە لەگەڵ نێردراوی وەزیری دەرەوە بۆ تەبرێز، بۆ ئەوەی سڵاوی ئەو بگەیەنێتە شا و ئەو و شازادەی جێنشین ئاگاردار بن، لە بابەتەکە، بۆ ئەوەی فەرمان بۆ سوپاسالار بنێرن، کە ئێستا لە ئورمیەیە، تا تاوتوێی ئەو پرسانەی لەگەڵ بکات کە پەیوەستن بە مژدەدەرانەوە.

واژوو رونالد. ف. تامسون

---

(١) مژدەدەران ویستیان پەیوەندی باشی خۆیان لەگەڵ دەسەڵاتدارانی ئێرانی بپارێزن، وەك پیاوانی ئاینی خۆیان دوورگرت لە کێشە نانەوە، هەر چەندە دەستدرێژی نا ڕەوشتیان کراوەتەسەر، بەڵام ئەرکی ئاینی ئەوان ئەوەی لەسەریان پێویست کردووە کە چاو لەم کارانەی ئێرانیەکان بپۆشن، لە پێناو بەردەوام بوون لە کارە خواییەکەیان.

## بەڵگەنامەی (١٣٠)

ژمارە ٦٧

لە ئیریل کرانفیلەوە بۆ مستەر ئێس. تی جون[1]

وەزارەتی دەرەوە، ١٣ دێسەمبەری ١٨٨٠

نامەکەی مستەر کوشنم بەدەست گەیشت، کە ١٦ ئۆکۆتبەر ڕەوانە کرابوو، تیایدا باس لە گفتوگۆکانی دەکات لەگەڵ عاسم پاشا لەبارەی هێرشەکانی ئەم دوایەی کورد بۆ سەر خاکی ئێران.

ئێوە لە بۆچوونەکانم ئاگادار دەکەمەوە، لەبارەی سیاسەتی تورکی بە پشت بەستن لەوەی لە نامەکەی کوشندا هاتووە.

واژوو کرانفیل

(١) ئێس. تی. جون. باڵیۆزی بەریتانیا لە ئەستەنبوڵ لە شوێنی کوشین.

## بەڵگەنامەی (١٣١)

ژمارە ٧١

لە مستەر بلانکیتەوە بۆ ئێریل کرانفیل

سان پێترسبێرگ، ١٣ دێسەمبەری ١٨٨٠

گەورەم

بە درێژایی گفتوگۆکانم لەگەڵ (ئێم. دی کیرس)، دوێنی لەبارەی هەواڵەکانی کوردستان لێم پرسی، لە وەڵامدا ئەوەی ڕوون کردەوە هیچ زانیاریەکی لەم بارەوە پێ نییە، بەڵام وا پێدەچێ پشێویەکان کپ بووبن.

پێم وت: چیتر پێویست بە مانەوەی هێزەکانی ڕوسی ناکات لەسەر سنوورەکانی ئێران.

(کیرس) تەنها ئەوەی وت: بایەخدانە تایبەتەکەی ڕوسیا بە ڕووداوەکانی کوردستان، وای لێکرد هێزی سەربازی بۆ (نخجوان) ڕەوانە بکات.

واژوو ف. ر. بلانکیت

## بەڵگەنامەی (١٣٢)

**هاوپێچی ٧ ژمارە ٧٤**

**نامەیەك لە باڵیۆزخانەی ئێرانیەوە بۆ بابولعالی**

**١١ موحەڕەمی ١٢٩٨ (١٣ دێسەمبەری ١٨٨٠)**

**(وەرگێڕدراو)**

**نامەکەتانمان بەدەست گەیشت، کە لە بەرواری ٣٠ نۆڤەمبەر ڕەوانە کراوە (٢٦ زولحیجەی ١٢٩٧).**

**هەموو ئەوەی دەتوانین بیڵێین: بریتییە لە گوزاشت کردن لە داخ و پەژارەمان.**

**ئەو کەسانەی چوونەتە پاڵ یاخیبووان دوو کۆمەڵەن:**

**شێخ عوبەیدوڵڵا، هەندێك کەسی لە نەبوونەوە هێنایە بوون، بە هەڕەشە و گوڕەشە و ناچاری کردن لەسەر گوێڕایەڵی کردن، ئەوانە دوای ئەوەی شار و گوندەکانیان تێکدران و باوو باپیر و ژنەکانیان لەدەستدا، ناچاربوون بەرەو سنوور هەڵبهێن.**

**کۆمەڵەی دووەم، لە کوڕانی شێخ و نزیکەی دە بۆ پازدە کەسی کوردی تورکیا پێکهاتووە، دوای تێکشکانی تەواویان لەلایەن لەشکری ئێرانەوە بۆ ئەو دیوی سنوور هەڵاتن.**

شێخ عوبەیدوڵڵا، ئێستا کار بۆ نانەوی پشێویەکی تر دەکات لە وەزری بەهاردا.

جارێکی تر دەڵێین، ئەگەر لە ناوچە سنووریەکانی ئێران دوورنەخرێتەوە، ئەوا حکومەتی تورکی بەرپرسیارێتی ئەو دەرەنجامانە هەڵدەگرێ، کە بەهۆی مانەوەی شێخ لەسەر سنووری ئێران پەیدا دەبن.

سەبارەت بەو کەسانەی هەڵاتوونەتە ئورمییە، ئەوا کەسانێکن بە گوتارەکانی شێخ هەڵاتوون، لە پاڵیدا زیاد لە سەد گوندیان وێران کردووە.

پەنادانی ئەم تاوانبارانە، دەبێتە هۆی تێکچوونی نێوان ئەم دوو دەوڵەتە موسڵمانە مەزنە، پابەندییە سنووریەکانی نێوان هەر دوو دەوڵەتکە پێشێل دەکرێ.

جارێکی تر داوا لە حکومەتی تورکی دەکەین لە میانەی لاری بوونمان لە پەنادانی ئەم یاخیبوانە، زەمینەیەك بسازێنرێ بۆ گێڕانەوەیان لەلایەن ئێرانەوە.

دەبێ ئەوە بێنینەوە یاد، پێشنیازی ئێوە بە ڕەوانەردنی دەستەیەك لە ئێرانەوە پێشوازی و ڕەزامەندی تەواوی لەسەرە.

## بەڵگەنامەی (١٣٣)

**هاوپێچی ٨ ژمارە ٧٤**

**نامەیەك لە باڵیۆزخانەی ئێرانەوە بۆ بابولعالی**

**١٢ موحەڕەم ١٢٩٨، ١٥ دێسەمبەری ١٨٨٠**

**(وەرگێڕدراو)**

شتێکی ڕوونە بەپێی یاسای چاپەمەنیەکان، لەو کاتەی یەکێك لە ڕۆژنامەکان پێچەوانەی واقیع دەنووسێ، پڕوپاگەندە دەکات، دەبێ دادگایی بکرێ و سزاش بدرێ.

بەداخەوە، لە هەفتەکانی دواییدا بینیمان، بابەتەکانی ڕۆژنامەی (ئەلوەقت) و ڕۆژنامەی (حەوادس) لەبارەی یاخیبوان لە ئێران درۆی تەواون.

ئەم ڕۆژنامانە هەوڵ دەدەن ڕاستیەکان، سەراوژێر بکەن، تۆوی دووڕوویی و جوڵاندنی کورد بۆ ڕاپەڕین و تێکدانی پەیوەندی نێوان هەر دوو وڵات بڵاو بکەنەوە.

بۆ چەندین جار بەشێوەی زارەکی داوای لێکۆڵینەوەمان کردووە، بەڵام دەسەڵاتدارانی تورکی چاوپۆشیان لێکردووە، ئەمەش بێ شەرمی ئەم چاپەمەنیانەی زیاد کردووە.

بەسوك دانانی ئاینەکانی گەلی ئێران، بەکارهێنانی وشەی خراپ و شێواندنی ڕاستیەکان، بەشێکە لە سیاسەتی پەیڕەوکراوی ئەم چاپەمەنیانە.

ڕۆژنامە فەرمییەکان، ڕەنگدانەوەی بنەما فەرمییەکانی حکومەتن، بە سوك دانانی دەسەڵاتی باڵای دەوڵەتێکی دۆست، بە هێنانەوەی شتی پەست و پێوە لکاندنی تۆمەتی نابەجێ و جوڵاندنی کورد؛ تەنها پێشێل کردنی یاداشتنامەکانی لێکتێگەیشتنی نێو هەر دوو دەوڵەتی دراوسێیە.

باڵیۆزخانەی ئێرانی داوا لە بابولعالی دەکات بە فەرمی ڕێگە لە دووبارە بوونەوەی کاری هاوشێوە بکات، بۆ فەراهەم کردنی زەمینەیەکی لەبار بۆ چارەسەرکردنی قەیرانەکە.

## بەڵگەنامەی (١٣٤)

**ژمارە ٦٩**

**لە مستەر تامسونەوە بۆ ئێریل کرانفیل**

**تاران، ٢٠ دێسەمبەری ١٨٨٠**

**(گوڵبژێرێك)**

حکومەتی ئێرانی بروسکەیەکی پێگەیشت، ئەوەی تێدا هاتووە سوپاسالار گەیشتووەتە ئورمییە. ناوبراو لە سەرەتای مانگی ئۆکتۆبەرەوە لە تەبرێزەوە ڕۆیشتبووە ناوچە پشێو و ناسەقامگیرەکان، بۆ ئەوەی بە خودی خۆی سەرکردایەتی لەشکری ئێرانی لە جەنگی دژی یاخیبوان بگرێتەدەست.

له ڕۆژانی دواییدا چەند سەرەدانێکی ئەنجامداوە، بۆ ناوچەکانی (مراغە) و (مەهاباد) و (سولدوز) کە گیرابوون.

ئێستا هەموو سەربازەکانی شێخ پەرت بوونە، ئاسایش و سەقامگیری گەڕاوەتەوە ناوچەکە.

له چاوپێکەوتنەکەی لەگەڵ سەرۆك هۆزە کوردەکان، سوپاسالار خۆبەکەموانیەکی زۆری نواند، هەر بۆیە زۆرێك لە سەرۆك هۆزەکان پەشیمانیان دەربڕی لەوەی ئەنجامیاندا، لایەنگیر و دڵسۆزی خۆیان بۆ شا نوێکردەوە.

بەدڵنیایەوە ژمارەیەك سەرۆك هۆزیش، دادگایی کران و سزادران.

هەر سەرۆك هۆزێکی پەشیمان بووەوە، ئامادەیی خۆیان پیشاندا بۆ دانی پێبژاردنێك بە ئەندازەی ١٠٠٠٠ تومەن.

لەگەڵ ئەم سەرکەوتنە سنووردارانەشدا، حکومەتی ئێران بە سەرکەوتووی ڕەها دانانرێ، چونکە شێخ و کوڕەکانی و ژمارەیەك سەرۆك هۆزی کورد سنووریان بڕیوە، ناتوانرێ سزا بدرێن، پێشبینی دەکرێ بە کۆتایی هاتنی وەرزی زستان، ئاگری ڕاپەڕینێکی تر هەڵبگیرسێ.

لەکاتی قسەکردنی باڵیۆزی تورکی لەگەڵ شا و وەزیرەکان، داوا لە حکومەتی عوسمانی کرا، ڕەزامەندی بدات لەسەر چوونە ناوەوی لەشکری ئێرانی بۆ ناو خاکی عوسمانی، بۆ ڕاوەدوونانی شێخ، یاخود بابولعالی بە خودی خۆی شێخ دادگایی و سزای بدات، بەڵام ئەستەنبۆڵ، بە فەرامۆشکردنی پێشنیازەکانی ئێران، دەرگای گفتوگۆیە فەرمییەکانی بۆ ئەم مەبەستە داخست.

دوێنێ ڕۆیشتم بۆ ئەوەی چاوم بە شا بکەوێت، زۆر دەینالاند بە هۆی هەڵسوکەوتەکانی حکومەتی عوسمانی.

شا وتی: (حکومەتی تورکی بەڵێنی دابوو یارمەتیمان بدات، بەلام نەك تەنها ئەوەی نەکرد، بەڵکو ڕێگریشی نەکرد لە هاتنە ناوەوەی یاخیبوان بۆ ناو خاکەکەی، باڵیۆزی تورکی سوێندی خوارد ڕاوەدووی شێخ و یاریدەدەرانی دەنرێ، کاتێك دێنە ناو تورکیا، کاتێکیش دەستگیر دەکرێ، ئەوا یان لەسێدارە دەدرێ، یاخود ڕادەستی دەسڵاتدارانی ئێرانی دەکرێ).

شا زیاتر وتی: (بابولعالی بەڵێنی دابووە باڵیۆزی ئێرانی، دەربارەی گرتنەبەری ڕێوشوێن دژی یاخیبوان، بەڵام قەناعەت پێکەر نەبوو، بەڵام قسەکانی فەخری بەگ ڕوون و ڕاشکاو بوون).

هەروەها شا وتی: (زۆر هەوڵمدا بابولعالی ڕازی بکەم، بۆ ڕادەستکردنەوەی شێخ و یاریدەدەرانی، بەڵام ئەستەنبۆڵ بەڵێنی داوە بە داماڵینی چەك لە شێخ، ئێوە دەزانن چەك داماڵین لە شێخ، هیچ برینێك سارێژ ناکات، مانەوەی ئەو لەسەر سنوور هەڕەشەی بەردەوامە لەسەر ناوچە کوردییەکان، دەکرێ ئاشوبێکی تر هەڵبگیرسێ، شێخ عوبەیدوڵڵا بەم ئاسانییە واز ناهێنێ. بوونی هەمیشەیی لەشکری ئێرانی لە ئورمییە و کوردستان، بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەڕەشەکان، بە بەکارهێنانی هێز، خەرجی زۆر دەخاتە ئەستۆی حکومەتەوە).

شا زۆرتر وتی: (نامەیەکم داوەتە بابولعالی، لە ڕێگەی باڵیۆزی ئێران لە ئەستەنبۆڵ، بۆ دوورخستنەوەی شێخ لە سنوورەکان و ڕادەستکردنەوەی هەمزە ئاغا

و ئەمین ئاغا و فەتحوللا ئاغا، لە سەرکردە کوردە ئێرانییەکانی بەشداربوو لە ئاشوبەکەدا، ئەم داواکارییە ژیرمەندانە نییە.

ئەگەر بابولعالی ئەم پێشنیازەی ڕەتکردەوە، دەبێتە هۆی تێکچونی کەشەکە، دەرکەوتنی جیاوازی لە نێوان ئەستەنبۆڵ و تاران).

شا تەواوی ڕەزامەندی خۆی پیشاندا، بۆ پێکهێنانی لیژنەیەکی هاوبەش بۆ تاوتوێکردنی بانگەشەکانی هەر دوولا.

جگە لەمە، مانەوەی کێشەی نێوان عوسمانی و ئێران، پەیوەندیەکانی ڕوسیا و ئێران قوڵ دەکاتەوە، بەو مانایەی هاوپەیمانی ئێران و ڕوسیا و سەرکەوتنی (سان پێترسبێرگ)ە لە تۆڵەسەندنەوە لە ئەستەنبۆڵ.

واژوو رونالد. ف. تامسون

## بەڵگەنامەی (١٣٥)

ژمارە ٧٤

ئەستەنبۆڵ، ٢٢ دێسەمبەری ١٨٨٠

گەورەم

لەسەر داواکاری موحسن پاشای باڵیۆزی ئێران، هاوپێچ لەگەڵ ئەم بروسکەیە، هەندێك نامەی وەرگێڕدراو لەبارەی هێرشی کوردە عوسمانیەکان بۆ سەر ئێران دەخەمەڕوو.

ئەم هێرشانە کە شێخ سەرکردایەتیان دەکات، لە کۆتاییدا لەشکری ئێرانی بەسەریدا زاڵبوو. باڵیۆزەکە پێی ڕاگەیاندم، سەرباری نەمانی مەترسی یاخیبووان، ئەوا حکومەت ناچارە بۆ پاراستنی ئاسایش ٣٠٠٠٠ کەس، لە هێزە سەربازیەکان لە ناوچەکە بهێڵێتەوە، خەرجی ئەم هێزانە، ئەرکی حکومەت گران دەکات، لە پێناو ئەمە باڵیۆزەکە هیوادارە بابولعالی ڕازی بکرێ بە دوورخستنەوەی شێخ.

واژوو ف. ر. ئێس. تی. جون

## بەڵگەنامەی (١٣٦)

**ژمارە ٧٣**

**لە سێر ئیلیاتەوە بۆ ئیریل کرانفیل**

**ڤیەننا، ٢٣ دێسەمبەری ١٨٨٠**

**لەسەر داواکاری وەزیری ئێرانی، بارون هایمرلی[1] بەڵێنیدا، داوا لە بابولعالی بکرێ، ڕێوشوێنی ڕاوەدوونان و دەستگیرکردنی یاخیبووە کوردەکان بگرێتەبەر.**

**واژوو هنری ئیلیات**

---

**(١) وەزیری دەرەوەی نەمسا بوو.**

## بەڵگەنامەی (١٣٧)

**ژمارە ٨٤**

**لە مستەر تامسونەوە بۆ ئێریل گرانفیل**

**تاران، ٢٣ دێسەمبەر ١٨٨٠**

**لە چاوپێکەوتنەکەم لەگەڵ شا لە بەرواری ١٩ سێپتێمەر، شا زۆر داوای لێکردم، ئەو بەڵگەنامانە بۆ جەنابتان بەرز بکەمەوە، کە دەربارەی ڕاپەڕینەکەی کورد، کەوتوونەتە دەست ئێرانیەکان.**

**شا وتی: (وێنەیەکمان لەم بەڵگەنامانە، بۆ گشت باڵیۆزخانە بیانیەکان ناردووە، تا بەخۆیان بڕیار بدەن).**

**شەڕەفمەند دەبم، وەرگێڕدراوی ئەم بەڵگەنامانە، لەگەڵ ئەم نامەیە هاوپێچ بکەم، چەند نامەیەك لە نێوان هەمزە ئاغا و عەبدولقادر و کەسێکی فەڕەنسی بەناوی (ئەلیکساندەر رینالت) بۆ شێخ عوبەیدوڵڵا.**

**لەم نامانەدا بە سیفەتی شای دەوڵەت، شێخ عوبەیدوڵڵا دوێنراوە.**

**هەر بۆیە، دەکرێ دڵنیا ببینەوە لەوەی ئامانجی شێخ عوبەیدوڵڵا، زۆر لە ڕاپەڕینێکی ناوچەیی دوورتر بوو، چونکە هەموو نامەکان باسی شێخیان کردووە، وەك حوکمڕانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ.**

**واژوو رونالد. ف. تامسون**

**بەڵگەنامەی (١٣٨)**

**هاوپێچی ٢ ژمارە ٨٥**

**لە کونسڵی گشتی ئابوتەوە بۆ مستەر تامسون**

**تەبرێز، ٢٩ دێسەمبەری ١٨٨٠**

**شەڕەفمەندم، ئەمڕۆ ئەم بروسکەیەی خوارەوە بۆ جەنابتان بنرێم.**

**بروسکەی مژدەدەرانی ئەمریکی لە ڕێکەوتی ٢٣ دێسەمبەر، ئاماژە بەوە دەکات سوپاسالار بە گەرمی پێشوازی لە مژدەدەران کردووە.**

**حوکمەتی ئێرانیش بەهەمان شێوە، ئەم تۆمەتانەی بڕوا نەکردووە.**

## بەڵگەنامەی (١٣٩)

ژمارە ٨٥

لە كونسڵی گشتی ئابوتەوە بۆ ئیریل كرانفیل

تەبرێز، ٣٠ دێسەمبەری ١٨٨٠

گەورەم

شەرەفمەند دەبم، وێنەی دوو نامە هاوپێچ بكەم، كە بۆ وەزیری ڕاسپێردراوی حكومەتی بەریتانیا لە تاران ناردوومە، لەبارەی بێ بنەمایی ناڵاندنی مژدەدەرانی ئەمریكییەكان و بەدرۆخستنەوە هەواڵی ڕۆیشتنیان بۆ پاڵ شێخ عوبەیدوڵڵا، دەبێ كار بۆ ڕەتكردنەوەی ئەم تۆمەتانە بكرێ لەسەریان.

دڵنیام ئەو ڕێوشوێنانەی پیادەمان كردوون، مایەی ڕەزامەندی ئێوە دەبن.

واژوو ویلیام. ج. ئابوت

## بەڵگەنامەی (١٤٠)

ژمارە ٨٠

لە مستەر ئێس. تی. جونەوە بۆ ئێرل گرانفیل

ئەستەنبۆڵ، ٤ کانونی دووەمی ١٨٨١

گەورەم

شەرەفمەند دەبم، نامەی بریکاری کونسڵی گشتی حکومەتی پایەبەرز لە (وان) ڕەوانە بکەم، لەبارەی هێرشی کورد، پێکهێنانی (یەکێتی کوردان).

واژوو ف. ر. ئێس. تی جون

## بەڵگەنامەی (١٤١)

ژمارە ٧٨

لە ئێریل کرانفیلەوە بۆ مستەر جون

وەزارەتی دەرەوە، ٧ کانونی دووەمی ١٨٨١

لە دێسەمبەری ڕابردوودا، بروسکەکەتانم بەدەستگەیشت، لەگەڵ یاداشتنامەکەی (موحسن خان)ی باڵیۆزی ئێران لە ئیستەنبۆل بۆ بابولعالی.

خۆشحاڵ دەبین، باڵیۆزی ڕوسی بەهەمان شێوە، لە گفتوگۆکانیدا لەگەڵ بابولعالیدا، هەوڵی ڕازی کردنی ئەستەنبۆڵ بدات، بۆ بەدەمەوە چوون بۆ داواکاریەکانی ئێران.

واژوو کرانفیل

## بەڵگەنامەی (١٤٢)

**هاوپێچی ٣ ژمارە ٨٦**

**لە کونسڵی گشتی ئابوتەوە بۆ ئێریل گرانفیل**

**تەبرێز، ١٥ کانونی دووەمی ١٨٨١**

**(گوڵبژێرێك)**

هەواڵێك بۆ سوپاسالار هاتووە، ئەوە بەدەستەوە دەدات کە سەردانی ئورمیە دەکات، لە ڕۆژی ١٢ کانونی دووەمدا[١].

دەوترێت ئەو لەشکرەی بۆ مەنگوڕ نێردراوە، دوای ئەوەی گوندەکانی ناوچەکەی کاولکردووە، گەڕاوەتەوە سەربازگەکەی.

خانوو و شوێنی نیشتەجێبوونی هەمزە ئاغا سوتاوە، ١٦ کەس لە ئەندامانی خێزانەکەی بەهۆی ئاگرەکەوە مردوون[١].

---

(١) دەسەڵاتدارانی ئێران و کۆمەڵێك ئاژاوەگێڕ، مژدەدەرانی ئەمریکی و بەتایبەت دکتۆر کۆچەرانیان تۆمەتبار کرد بە هاوسۆزی لەگەڵ شێخ عوبەیدوڵڵا و پشتگیری کردن لە داواکاریەکانی، دەستدرێژی زۆریان کرایەسەر، هەڕەشەی کوشتنیان لێکرا، دۆخەکە گەیشتە ئەوەی ئافرەت و کچەکانیان ڕفێنران، ئەو کات ویلایەتە یەکگرتووەکان پەیوەندی دیبلۆماسی لەگەڵ ئێران نەبوو، بۆ وەزیری دەرەوەی ئەمریکا، داوای لە وەزیری دەرەوەی بەریتانیا کرد، مژدەدەران بپارێزێ، ئەمەش وای لە حکومەتی قاچاری کرد سوپاسالار ڕەوانەی ئورمیە بکات، بۆ خۆدوورگرتن لە دەستدرێژی کردنە سەر ژیتن و شەرەف و کەل و پەل و سامانی مژدەدەران.

## بەڵگەنامەی (١٤٣)

**هاوپێچی ٤ ژمارە ٨٦**

**لە کونسڵی گشتی ئابوتەوە بۆ مستەر تامسون**

**تەبرێز، ١٦ کانونی دووەمی ١٨٨١**

**ئەو هەواڵانەی هاتوون، قسە لەسەر ئەوە دەکەن، هێزە تورکیەکان ڕێگریان کردووە لە پەڕینەوەی هەمزە ئاغا بۆ ئەودیوی سنوور، ئێستا لەلایەن هێزە ئێرانیەکانەوە گەمارۆ دراوە(٢).**

---

**(١) شتێکی ڕوونە ئەندامانی خێزانی هەمزە ئاغا ژن و منداڵ بوون، دوور نیە لەشکری قاچاری ئەوانی لە خانوودا کۆ کردبێتەوە و هەمووانی بەم شێوەیە سوتاندبێ، ئەمە تاوانی جەنگ و تاوانی دژی مرۆڤایەتیە.**

**(٢) کونسڵی بەریتانی لە تەبرێز ویلیام ئابوت، زۆر بەجۆش و خرۆش بوو بۆ کۆتایی هێنان بە بزوتنەوەی کوردی، هەر بۆیە خۆشحاڵە بە بڕواکردن بەو پڕوپاگەندانەی لە شەقامدا ڕەواجیان پێدەدرێ، یان بانگەشەی حکومەت ڕەواجیان پێدەدات، ویلیام ئابوتیش بۆ سەرپەرشتیارەکەی دەگوازێتەوە. لەو کاتەی ئابوت هەواڵی گەمارۆدرانی هەمزە ئاغا لەلایەن هێزە ئێرانیەکانەوە بە باڵیۆزی وڵاتەکەی لە تاران ڕادەگەیەنێ، کاربەدەستی مەهاباد ژەنەڕاڵ حەسەن عەلی خان هەواڵی بە شادا هەمزە ئاغا جارێکی تر دەستی گرتووە بەسەر شاری سەردەشت، ئەو هێزانە هەڵاتوون کە کاربەدەستەکە بۆ ڕاوەدوونانی هەمزە ئاغا ناردبووی. کاربەدەستەکە لە بروسکەیەکدا بۆ شا لە بەرواری ٢١ کانونی دووەمی ١٨٨١ دەڵێت ((لە ناکاو هەمزە ئاغا هاتە ناو شاری سەردەشت لەگەڵ ٦٠ - ٧٠ پیاو و خزمەکانی، بە پاڵپشتی خەڵکی شارەکە، لە شوێنێکەوە هات پێی دەوترێ (دارمە) ناوچەیەکی سەر بە سەردەشتە، بە خاکی عوسمانیەوە لکاوە. کولاوی ئاغا و عوسمان ئاغا لە شارەکە دەرچوون، هیچ هێزێکیان لەگەڵ نەبوو. کاربەدەستەکە زیاتر بۆ شاکەی دەڵێت: ((ئەگەر بۆ ماوەیەك هەمزە ئاغا لە سەردەشت مایەوە، ئەوا بێگومان خەڵکی سەردەشت و هۆزی (کروك) لەوانەیە هۆزەکانی**

شێخ عوبەیدوڵڵا بەهەمان شێوە گیراوە، داوای لە دەسەڵاتدارانی تورکی کردووە، ڕێگەی پێبدەن بەرگری لەخۆی بکات لەبەردەم دادگایەکی فەرمیدا[1]. دادگای فەرمی واتە ئامادەبوونی دەستەی ئێرانی و تورکی.

## بەڵگەنامەی (١٤٤)

بروسکەی ٧٩

له مستەر س. تیەوە بۆ ئیریل گرانفیل

ئیستەنبۆل، کاتژمێر ١٠/ ٢٠ کانونی دووەمی ١٨٨١

بە ئاماژەکردن بە بروسکەی دوێنێی جەنابتان، باڵیۆزی ڕوسیا پێی ڕاگەیاندم چەندین جار داوای لە بابولعالی کردووە، بەدەم داواکانی ئێرانەوە بچێ، بەدواداچوون بۆ هەوڵەکانیشی دەکات لەم بارەوە.

واژوو ف. ر. ئێس. تی جون

---

دیکەش لەگەڵ ڕێك دەکەون، ئاشوبێکی تازە بەرپا دەبێ))، سەرچاوە: حەسەن عەلی خان کروسی - هەمان سەرچاوە - نامەی ٥٦، لا ٥١.

(١) سەبارەت بە دادگایی کردنی شێخ عوبەیدوڵڵا، ئەوا ئابوت تەنها گوزارشتی لە خەونێکی قاچاری دەستەبەر نەبوو دەکات. لەو کاتەی ئابوت لەبارەی دادگایی کرانی شێخ دەدوێ، شازادەی جێنشین (موزەفەرەدین میرزا) لە ٢٨ کانونی دووەمی ١٨٨١ بۆ شا دەنووسێ لەبارەی ئامادەکاریەکانی شێخ بۆ بزوتنەوەیەکی تازە. بڕوانە: شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری لە بەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوەی ئێراندا - بڵاوکراوەکانی کۆڕبەندی زانستی کوردستان - هەولێر ٢٠٠٧، لا ٧٦.

## بەڵگەنامەی (١٤٥)

**هاوپێچی ٣ ژمارە ٨٥**

**لە قەشە لاباری بۆ کونسڵی گشتی ئابوت**

**ئورمیە ٢٣ کانونی دووەمی ١٨٨١**

**لە دوای ڕۆژێك لە گەیشتنی سوپاسالار، ڕۆیشتین بۆ ئەوەی چاومان پێی بکەوێت، بەگەرمی پێشوازی لێکردین. ئەمڕۆش ڕۆیشتینەوەی لای ئەو، سوپاس و پێزانینی خۆی بۆ چالاکییە خێرخوازیەکانمان دەربڕی، ڕوونی کردەوە حکومەتی ئێران هەرگیز بڕوای نەکردووە بەوەی مژدەدەران یاوەری و هاوکاری دوژمنیان کردبێ.**

**بەهەمان شێوە ئاماژەی کردووە بە بروسکەکەی ئێریل کرانفیل، کە ئاڕاستەی مستەر تامسون کراوە، لەبارەی داواکاری حکومەتی ئەمریکا بۆ پاراستنی شوێنکەوتوو و هاوڵاتیەکانی، وتی: ئەم هەنگاوە نیشانەی نیاز پاکی بەریتانیایە.**

## بەڵگەنامەی (١٤٦)

ژمارە ٨١

لە ئێریل کرانفیلەوە بۆ ئێریل دفرین[١]

وەزارەتی دەرەوە ٢٨ کانوونی دووەمی ١٨٨١

نامەی (ئیم. دی. کیرس)م بەدەست گەیشت، کە باڵیۆزی ڕوسی لە ٢٥ کانوونی دووەم نووسیویەتی، لەبارەی تیری هێرشی کورد بۆ سەر ئێران. وتی: دەبێ حکومەت دڵنیا بکرێتەوە لە دەستەوەرنەدانی ڕوسیا، بەریتانیا داوای هەڵوێستێکی هاوبەشی کرد لەبارەی پرسی کوردستان.

هەڵوێستی نارونی بابولعالی، کاریگەریەکی خراپی داناوەتەوە سەر ئێران، هەڵوێستی هاوبەشی ڕوسیاو بەریتانیا بووەتە هۆی چارەسەرکردنی زۆرێك لە کێشەکانی نێوان ئێران و دەوڵەتی عوسمانی. ئێستا هەر دوو دەوڵەت و بە ئارامی و بە سوود بینین لە دەسەڵاتەکەیان، دەتوانن ئەم پرسە چارەسەر بکەن.

(ئەمیر لوبانف) سەرلەنوێ جەختی کردۆتەوە لەسەر سەقامگیری ناوچەکە و داوای ماوەیەکی کردووە، بۆ ڕاوێژکردن بە دەسەڵاتە باڵاکان.

---

(١) چەندین بروسکە لە باڵیۆزخانەی بەریتانیا لە ئیستەنبۆل بۆ وەزارەتی دەرەوە بە ناوی (ئێس. تی. جون) ڕویشتوون، ئەم بروسکەیە لە وەزیری دەرەوەوە بۆ ئێریل دفرین ڕەوانە کراوە، وا دیارە دفرین باڵیۆزی بەریتانیا بووە لە ئیستەنبۆل لەم ماوەیەدا. بەڵام تەنانەت لە دوای ئەم بروسکەیەش، گفتوگۆکانی (ئێس. تی. جون) لە باڵیۆزخانەی ئەستەنبۆڵ لەگەڵ وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا بەردەوام بوو.

## بەڵگەنامەی (١٤٧)

ژمارە ٨٢

لە مستەر تامسونەوە بۆ ئیریل کرانفیل

تاران، ٣١ کانونی دووەمی ١٨٨١

گەورەم

دوێنێ وەزیری دەرەوە دوو بروسکەی بۆ خوێندمەوە، کە لە حکومەتی ئێرانیەوە هاتبوون، تیایاندا باس لەوە کرابوو شێخ عوبەیدوڵڵا ئامادەکاری دەکات بە تۆکمەیی بۆ جەنگێکی تر، لە کاتێکدا تورکیا بێ ئاگایی خۆی ڕادەگەیەنێ.

میرزا سەعید خان وتی: شا پێی خۆشبوو ئاگادارتان بکەمەوە لەو باسە، بشزانن ئەگەر بابولعالی ڕێوشوێن نەگرێتەبەر بۆ ڕێگەگرتن لە شێخ و کوڕەکانی، دەبێ لە بەرهار داهاتوودا چاوەڕێی جەنگێکی تر بکەین.

تا ئێستا ئێران نەیتوانیوە ئەستەنبۆڵ ڕازی بکات شێخ بگوازێتەوە بۆ ناوچەیەکی دوور، یان ڕادەستی دەسەڵاتدارانی ئێرانی بکات، بۆیە هەر جۆرە داواکاریەکی لەم جۆرە تەنها کات بەفیڕۆدانە.

شێخ عوبەیدوڵڵا خۆی بۆ ڕاپەڕینێکی تر ئامادە دەکات.

شا داوای له باڵیۆزخانەی ئێران کردووە، ئەستەنبۆڵ ڕازی بکات، بۆ چاودێری کردنی شێخ و دوورخستنەوەی بۆ ناوچەیەکی دیکەی خاکی عوسمانی.

هەروەها داوای له حاجی موحسن کردووە، فشار بخاتەسەر بابولعالی، بۆ ئەنجامدانی پەیماننامەیەکی هاوبەش.

واژوو رونالد. ف. تامسون

## بەڵگەنامەی (١٤٨)

ژمارە ٨٣

له مستەر تامسونەوە بۆ ئێریل کرانفیل

تاران ٢ شوباتی ١٨٨١

(گوڵبژێرێك)

شەرەفمەند دەبم، بۆ جەنابتان ڕاپۆرتێك بخەمەڕوو، لەبارەی گفتوگۆیە دوور و درێژەکانی دوێنم لەگەڵ شادا.

شا وتی: له بروسکەکانی (میرزا ڕەزا خان) ئەفسەری ڕەوانەکراوە لەلایەن سوپاسالارەوە بۆ (وان)، دەردەکەوێت شێخ عوبەیدوڵڵا لەشکرێکی دیکە کۆ کردۆتەوە و ئەفسەرەکانیشی له پلەدارە خانەنیشکراوە عوسمانیەکان هەڵبژاردووە، چەك و کەرستەی پێویستی له قاچاخچیەکانی تورك کڕیوە، خەریکی هێرشێکی نوێیە بۆ سەر خاکی ئێران.

هەر چەندە حکومەتی تورکیا ئاگادارە، کەچی هیچ هەنگاوێکی بۆ ڕێگەگرتن لە شێخ عوبەیدوڵڵا نەهاوێشتووە. هەوڵەکانی ئێران بۆ دەستخستنی دڵنیایی لە حکومەتی عوسمانی بەفیڕۆ چوون.

شا وتی: چەندین جار داوام لە بابولعالی کردووە، بۆ ڕێگە گرتن لە جوڵانەوە کوردیەکان، داوامان کردووە ڕێگە نەدرێ هێزە چەکدارەکانی تورکی بێنە ناو خاکی ئێران.

ئەگەر ئەستەنبۆڵ وەڵامی داواکانمان نەداتەوە، ئەوا ئەم جارەیان حکومەتی تورکی بە بەرپرسیار دەزانین لە دەستدرێژیەکانی شێخ عوبەیدوڵڵا بۆ سەر ئێران، وەك هاوڕێ سەیری ئەم دەوڵەتە ناکەین.

شا هیوادارە، حکومەتی پایەبەرزی بەریتانیا، بەوەی لە توانایدا هەیە کار بکات لەسەر هاندانی تورکیا، بۆ قبوڵ کردنی پێشنیازەکانی ئێران، ئەمە هەنگاوێکی بنەڕەتییە بۆ تێپەڕاندنی کێشە و ئاشوبی کورد.

بە شام وت: بەر لەوەی ئەمە بۆ حکومەتی پایەبەرز بەرز بکەمەوە، پێم وابێ لەسەر ئێران پێویستە ئامادەبێ، بۆ بەرپەرچ دانەوەی هێرشی هەرچەشنێکی یاخیبوو.

**بەڵگەنامەی (١٤٩)**

**ژمارە ٨٦**

**لە کونسڵی گشتی ئابوتەوە بۆ ئیریل کرانفیل**

**تەبرێز، ٣١ کانونی دووەم**

**گەورەم**

**شەرەفمەند دەبم، وێنەیەکی ئەو شەش نامانەتان بۆ هاوپێچ بکەم، کە بۆ وەزیری ڕاسپێردراو ناردوومە لەبارەی پرسە سیاسییەکان.**

**هاوپێچی ١ ژمارە ٨٦**

**لە کونسڵی گشتیەوە بۆ مستەر تامسون**

**بەڵگەکان ئاماژە بەوە دەکەن، سوپاسالار سەرکەوتوو بووە لە گێڕانەوەی سەقامگیری بۆ کوردستان، دووبارە زۆرێك لە سەرۆك هۆزەکان، دڵسۆزی خۆیان بۆ شا پیشانداوە، ئامادەییان دەربڕیوە پێبژاردن (غەرامە) بدەن[1].**

---

**(١) حکومەتی قاچاری پێبژاردنی زۆر مەزنی سەپاند، بەسەر سەرکردە و سەرۆك هۆزەکانی کورد، زۆربەیان ڕۆیشتنە بۆ گیرفانی ژەنەڕاڵ حەسەن عەلی خان و سوپاسالار و بەرپرسەکانی تری حکومەتی قاچاری، ژەنەڕاڵی کاربەدەستی مەهاباد کلاوی ئاغا دیبوکری ڕاسپاردبوو بە وەرگرتنی پێبژاردن (غرامە) لە خەڵکەکەش، کلاوی ئاغا لە مانگی شوباتی ١٨٨١ لە کاتی کۆکردنەوە پێبژاردن (غرامە) مرد، کاربەدەستی سەردەشت داوای بڕینەوەی موچەیەکی بۆ کوڕی ئەو (قاسم ئاغا) کرد، بە ڕەچاوکردنی خزمەتەکانی باوکی. بڕوانە: حەسەن عەلی خان کروسی - سەرچاوەی پێشوو - نامەی ٨٣، لا ٦٨.**

هیچ زانیاریەکی شایەنی باس لەبارەی هەمزە ئاغای مەنگورەوە نییە[١]، تەنانەت زانیاری لەبارەی ئەو لەشکرەی ژەنەڕاڵ حەسەن عەلی خان ئەفشار[٢] سەرکردایەتیان دەکات کەمن.

دەوترێت سوپاسالار بەم زوانە دەچێتە ئورمییە، لە بروسکەی مژدەدەرانی ئەمریکی دەردەکەوێ مەسیحی و شیعە و سوننەکان، بە ئەندازەی دووچارەی کێشە بوونەتەوە.

بێگومان سوپاسالار لێکۆڵینەوە لەم پرسانە دەکات بە وردی.

---

(١) هەمزە ئاغا بۆ ماوەیەك ژیانی لە ناوچەیەك بە ناو سویسنەی سەر بە شاری سەردەشت ژیا، لەوێ بەردەوام بەرەنگاری دەسەڵاتدارانی قاچاری دەبووەوە تەنانەت کاربەدەستی مەهاباد لە ١١ نیسانی ١٨٨١ نووسیویەتی: ((دوای ئەو نەخشەیەی باسم کرد، ئەگەر خەڵکی سەردەشت گوێڕایەڵی تەواویان بۆ من دەربڕی ئەوا ئەمە باشە، بەمەش ژیان و سامانی خۆیان لە پێشێلکاریەکانی دەوڵەت دەپارێز، ئەگەر هەر بەردەوامیش بوون لەسەر سەرپێچی و بەرەنگاربوونەوەی هێزەکانی دەوڵەت، دەبێ ئەم ناوچانە لە ڕێگەی جەنگ و هێرشی سەربازی و دەستکراوەیی بەرامبەر هەر شتێکی خەڵکی ناوچەکە داگیر بکرێ، دەبێ بابەتی سەردەشت بە هەر شێوەیەك بێ یەکلا بکرێتەوە)) حەسەن عەلی خان - سەرچاوەی پێشوو، لا ٨٧.

(٢) ژەنەڕاڵ حەسەن عەلی خان، لە هۆزی ئەفشار نەبوو، بەڵکو لە بیجار و شار کروس لە دایك ببوو، لە هۆزێکی کوردی ناودارە، تا سەر ئێسقان دڵسۆزی شا بوو، ڕاسپێردرا بە شوێنکەوتنی هەمزە ئاغا، دوای پاشەکشەی بزوتنەوەکە، گوندی مەنگۆریەکان و ماڵەکەی هەمزە ئاغا بە منداڵ و ئافرەتەکانی سوتاند. لە جێگایەکی تردا قسەمان لەسەر کرد.

**بەڵگەنامەی (١٥٠)**

**هاوپێی ٢ ژمارە ٨٦**

**گوڵبژێرێك لەو نامەی بۆ کونسڵی گشتی ئابوت ناردم.**

**پیاوانی تەیمور پاشا لە تاڵانکردن و دزینی ناوچەکە لە کورد کەمتر نین.**

**سوننە دەڵێن: ٥٠٠ خێزانی کوردی هەڵاتوونە چیاکان، چاوەڕوانی مەرگن. برسێتی و نەخۆشی ئەوانی قڕ کردووە.**

**٢٧ گوندی مەسیحی بەهەمان شێوە لەلایەن تەیمور پاشاوە تاڵان کراون.**

**خراپترین بارودۆخ لە کاویلان، تەواوی گوندەکە تاڵان کراوە، شەش کەسیش کوژراون، لە (جار باشە) ١٠٠ کەس کوژراون[1].**

---

(١) لەشکری قاچاری، دوای پاشەکشەی بزوتنەوەی کوردی، گەڕانەوەی شێخ عوبەیدوڵڵا بۆ گوندی نەهری، چەند کۆمەڵ کوژیەکی ئەنجامدا دژی کورد و مەسیحییەکان، بەم هۆیە هەزاران خانەوادەی کوردی هەڵاتن. لە ناوچەی ئورمییە خێزانەکان پەنایان بردە بەر چیایە سنووریەکانی ناو خاکی عوسمانی و ناوچەی هەکاری و وان،لە کاتێکدا چەند خێزانێك لە ناوچەی مەهاباد پەنایان بردە بەر قەڵای دزە و رانیە و زۆربەشیان بۆ سەردەشت، کە زۆر بە دەگمەن لەشکری قاچاری پێی دەگەیشت، بەهۆی ئەوەی هەمزە ئاغا لەوێ یان لە دەوروبەری بوو.

کاری تۆڵەسەندنەوە لە هاوڵاتییە مەدەنیەکان، تەنها لەلایەن لەشکر و دەسەڵاتدارانی ئێرانیەوە نەبوو، بەڵکو دەستی هۆزەکانی ئازەری و تورکمانی و فارسیەکانیش واڵا کران بۆ کوشتنی مەسیحییەکان و تاڵانکردنی ماڵ و سامانیان و دەرکردنیان لە ماڵەکانیان لە شار و گوندەکاندا. ڕوونمان کردەوە هەڵسانی هێزەکانی بزوتنەوەی کوردی بە کوشتنی هاوڵاتیانی میاندواو کارێکی بێ پاساو بوو. لە بەرامبەردا هۆزەکانی ئەم شارە و بەهاندانی دەسەڵاتداران هەڵسان بە کاری تۆڵەسەندنەوە لە کورد و بەتایبەت

## بەڵگەنامەی (١٥١)

**هاوپێچی ٥ ژمارە ٨٦**

**لە کونسڵی گشتیەوە بۆ مستەر ئابوت**

**تەبرێز، ٢٩ کانونی دووەمی ١٨٨١**

**(گوڵبژێرێك)**

**هەمزە ئاغا و هاوڕێکانی لە کاتی بڕینی سنووردا، دووچاری ڕووبەڕوو بوونەوەی هێزە تورکیەکان هاتن، لە نێوانیاندا جەنگێکی تووند هەڵگیرسا، دوای زیانێکی مەزن هۆزی مەنگوڕ بەرەو سەردەشت پاشەکشەی کرد.**

---

هۆزی موکری، مەهابادی لە خەڵکەکەی چۆڵکرا، بەهۆی ئەم کردارانە، کە بۆ چەندساڵێك بەردەوام بوو و قوربانیەکانی چەندان ئەوەندەی میاندواو بوون.

لە یەکێك لە نامەکانیدا کاربەدەستی مەهاباد داوا لە دەسەڵاتدارە باڵاکان دەکات، ڕێگە بگرن لە دەستدرێژییە دزێوەکانی خەڵکی میاندواو و هۆزی بالکانلو بۆ سەر هاوڵاتیانی کورد، دەڵێت هەندێك گوندی ناوچەی موکریان تاڵانکردووە و جارێکیان ١٠٠ کەسیان کوشتووە. بڕوانە حەسەن عەلی خان - سەرچاوەی پێشوو - لا ٦٨.

هەندێك لە سەرچاوەکان دەڵێن، کاربەدەستی مەهاباد، ژەنەڕاڵ حەسەن عەلی خان هەوڵی ڕاستەقینەی داوە بۆ ڕازیکردنی هۆزەکانی میاندواو بۆ وەستاندنی تۆڵەسەندنەوە لە دژی کورد.

لە نامەیەکدا بۆ شا دەنووسێ: ((نا یەکسانی و کاری کوشتن و کوشتار و تاڵان و دزی و جەردەیی یەك لە دوای یەك لەلایەن خەڵکی میاندواو خەڵکی دەوروبەری مراغە و هەندێك هۆز دژی گوندەکانی موکری، بووەتە هۆی قەیراناوی بوونی دۆخی نێوان کورد و تورکە ئازەریەکان)) داوا لە شا دەکات ڕێگری لە دەسەڵاتدارە ئازەریەکان بکات لە پێشێلکاریەکانیان دژی کوردانی موکری. مجتبا بورزویی - سەرچاوەی پێشوو، لا ٩٩.

هەندێك هەواڵ لە مەهابادەوە گەیشتن، بەوەی هەمزە ئاغا گەمارۆی سەردەشتی داوە، کاربەدەستی مەهاباد هەر کە ئەمەی بیست، بەتالیۆنێکی ئەسپسوار و هاونێکی بۆ سەردەشت نارد.

ڕاپۆرتەکان دەڵێن: فەرمان دەرچووە بۆ ئەسپسوارانی (شاهسون)، کە وا بڕیار بوو بگەڕێنەوە تاران، لە تەبرێز بمێننەوە تا کاتێکی تر.

## بەڵگەنامەی (١٥٢)

**هاوپێچی ٦ ژمارە ٨٦**

**لە کونسڵی گشتی ئابوتەوە بۆ مستەر تامسون**

**تەبرێز، ٣٠ کانونی ١٨٨١**

**گوڵبژێرێك**

بەپێی ئەو زانیاریانەی هاتوون، هێزە ڕوسییەکان کە بۆ (نخجوان) ڕەوانە کرابوون، دوای کۆتایی هاتنی ئاشوبی کوردستان، لە ٢٤ کانونی دووەمدا دەستیان بە گەڕانەوە بۆ ناوەند کردووە.

## بەڵگەنامەی ١٥٣

**ژمارە ٨٧**

**لە مستەر ئێس. تی. جون بۆ ئێریل گرانفیل**

**ئەستەنبۆڵ، ٤ شوباتی ١٨٨١**

**بروسکەیەك لە کاپیتان کلایتۆنەوە پێگەیشت، دەڵێت شێخ عوبەیدوڵڵا ئامادەکاری بۆ هێرشێکی تر دەکات، بۆ سەر خاکی ئێران.**

**سوڵتانی عوسمانی نێردراوێکی بۆ ناوچەکە ناردووە، تا یارمەتی بگەیەنێتە دەستی[1].**

---

**(١) سوڵتانی عوسمانی یاوەری خۆی کۆلۆنێل ئەحمەد بەگی نارد، بۆ بارەگانی شێخ عوبەیدوڵڵا لە مانگی شوباتی ١٨٨١ بۆ گفتوگۆ کردن لەگەڵی لەبارەی بزوتنەوەی کوردی و حەزی سوڵتان بۆ گوێگرتن لە داواکاریەکانی شێخ و دانوستاندن کردن لەگەڵیدا. لەبارەی ئەرکی نێردراوی سوڵتان، شێخ عوبەیدوڵڵا نامەیەك بۆ (محەممەد ئاغا ئاکو) لە بەرواری ١٢ شوباتدا دەنووسێ: ((بەڕێز ئەحمەد بەگی یاوەری تایبەتی جەنابی سوڵتان وەك نوێنەر دەوڵەتی پایەداری عوسمانی گەیشت، ئەمەش لەبەر هەندێك کاری تایبەت و نهێنی... لەگەڵ جەنابی یاور ڕووناکی چاوان شێخ عەبدولقادر و شێخ محەممەد سەعیدم بە یاوەری ئەو ناردووە بۆ (رواندز و هەولێر)، پێم باش بوو سەرەتا ئێوە ئاگادار بکەوە تا پێشوازی لە ناوبراو بکەن و چاوتان پێی بکەوێ، ئاگاداری هەموو کاروبارەکانە، لەبارەی هەموو شتێکەوە قسەی لەگەڵ بکەن... بە کورتی ئێمە لە کاروباری نێودەوڵەتی ڕازین، ئەوە دەمێنێ خەڵکی کوردستان بە دڵ و جەستە یەکبگرێ...)) هەمان سەرچاوە: محەممەد حەمە باقی - شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵا لە بەڵگەنامەکانی قاچاریدا، لا ٢٣٣ - ٢٣٤. شێخ نامەیەك بۆ (ماند ئاغای پیران) دەنووسێ و تیایدا دەڵێت: ((لەم ڕۆژانەدا ئەحمەد بەگی یاوەری تایبەتی جەنابی سوڵتان بۆ هەندێك کاری تایبەت و نهێنی هاتە لامان... هەموو وڵاتان بەو چاوە سەیر وڵاتی فارس دەکەن، کە دەوڵەتێکی**

بالّیۆزی ئێرانی داوای لێکردم، فشار بخەمەسەر بابولعالی بۆ گرتنەبەری ڕێوشوێنی پێویست.

---

دەستدرێژیکار و حەق و ڕاستی لای ئێمەیە. ئەم دەوڵەتانە دەیانەوێ کوردستان ڕادەستی ئێمە بکەن، پرسەکە کۆتایی هاتووە، ئەگەر خەڵکی کوردستان خراپ هەڵسوکەوت نەکەن، دەبێ سوربین لەسەر یەکگرتوویمان، کۆچبەران ئارام بگرن و نەگەڕێنەوە وڵاتی فارس، کە لە ڕێگەی هەندێك بەڵێنی فێڵبازانە دەیەوێ بیانگێڕێتەوە)) هەمان سەرچاوە، لا ٢٣٥.

شێخ نامەیەکی تایبەتی نارد بۆ کوردە کۆچبەرەکان و ئەوانەی نیشتەجێی سەر سنوورن، تیایدا مژدەی سەرکەوتن و گەڕانەوەی خێرا بۆ وڵاتەکەیان بەواندا. بە درێژایی سێ ڕۆژ شێخ عوبەیدوڵلا لە بارەگاکەی لەگەڵ نێردراوی سوڵتان کۆبووەوە، ناوبراو لەوێ ڕۆیشتە هەولێر و ئامادەی کۆبوونەوەی سەرکردە کورد و سەرۆك هۆزەکان بوو، کە شێخ داوای ئەنجامدانی کردبوو، هەمووان کۆك بوون لەسەر قبوڵ کردنی سەرکردایەتی شێخ و بەڵگەنامە و بروسکەی پشتگیریان بۆ شێخ ڕێکخست و نارد بۆ بابولعالی، نێردراوی سوڵتان بەڵێنی وەڵامدانەوەی داواکاریەکانی خەڵکی کوردستانی کرد لە ماوە چل ڕۆژدا.

ئەم هەواڵە گەیشتە ژەنەڕاڵ حەسەن عەلی خان، لە ڕێگەی سیخوڕەکانی کە لە هەموو شوێنێك دایانبوو، دوای تێپەڕینی نزیکەی مانگێك لە گەیشتنی کۆڵۆنێك ئەحمەد بەگی یاوەری سوڵتان بۆ بارەگای شێخ لە نەهری و سەفەرکردنی بۆ هەولێر، ئەو نامانەی بەرز دەکردەوە بۆ ئاستە باڵاکان، لە محەممەد ئەمین ئاغا مامش و عوسمان ئاغا کروك بۆی دەهات، لە کۆتایی ڕاپۆرتەکەیدا دەینووسی: ((هەواڵێکی ترم بیستووە، سەرچاوەکەی کەسێکی بیانیە، سوێندم بۆ خواردووە ناوەکەی نەدرکێنم، هەواڵەکەش ئەوەیە: ((هەروەك لە نامەکەدا هاتووە، دەوڵەتی عوسمانی ڕاشکاوانە شێخ عوبەیدوڵلا و سەرۆك هۆزەکانی بەگشتی و هەمزە ئاغای بەتایبەتی دڵنیا کردۆتەوە، لەبارەی پشتیوانی و هاریکاریەکەی، ئەحمەد بەگ یاوەر کۆبوونەوەکەی لە هەولێر ڕێکخست... ئەو کەسە بەخۆی نامەکەی لە شێخ عەبدولقادرەوە پیشاندام، کە بۆی نووسیوە و دەڵێت: ٦٠ تومەن لە قەرزەکەت بنێرە و ئەوەندە ماوەتەوە ئەو کاتە دەتدەمێ کە دێمە سابلاخ...)) سەرچاوە: حەسەن عەلی خان - سەرچاوەی پێشوو - لا ٧٩.

## بەڵگەنامەی (١٥٤)

ژمارە ٨٨

لە ئێریل کرانفیلەوە بۆ مستەر ئێس. تی. جون

وەزارەتی دەرەوە، ٥ شوباتی ١٨٨١

بروسکەی ڕێکەوتی ٤ شوباتم بەدەستگەیشت، لەبارەی ئامادەکاری نوێی شێخ عوبەیدوڵڵا بۆ هێرش کردنە سەر ئێران.

من و (مسیو دی ناویکوک) پشتیوانی هەموو جۆرە فشارێك دەکەین بۆ سەر بابولعالی[١].

واژوو کرانفیل

(١) لەوانەیە باڵیۆزی فەڕەنسی بێ لە لەندەن.

## بەڵگەنامەی (١٥٥)

**ژمارە ٧٩**

**لە مستەی ئێس. تی جونەوە بۆ ئێریل گرانفیل**

**ئەستەنبۆڵ، ٧ شوباتی ١٨٨١**

**گەورەم**

**بە ئاماژەدان بە بروسکەی بەڕێزتان، هی ڕۆژی ٥ شوبات، شەرەفمەند دەبم پێتان ڕابگەیەنم، قسەم لەگەڵ وەزیری دەرەوە کردووە، لەبارەی بوونی بەردەوامی شێخ عوبەیدڵڵا لە نزیك سنووری ئێرانی، پێم وت: حکومەتی پایەبەرز داوای لێکردووم پێش دوو مانگ زانیاریەکانی وەزیری دەرەوەی بەریتانیا نوێ بکەمەوە.**

**شێخی ئاژاوەگێڕ[1]، خۆی بۆ هێرشکردنە سەر خاکی ئێران ئامادە دەکات.**

---

**(١) شێخی پایەدار عوبەیدوڵڵا، شایەنی ئەم وەسفە نییە، لەلایەن ئەو دوژمنانەشیەوە کە کۆك بوونە لەسەر ڕەوشت بەرزی و دادگەری پرسەکە و چاك ڕەفتاریەکی لەگەڵ هەمووان، زۆریان نووسیوە لەبارەی هەوڵەکانی بۆ دامەزرانی کۆمەڵگەیەکی وەستاو لەسەر خۆڕاگری و پاکژی و دادگەری و یەکسانی، بەڵام تێڕوانینی خۆبەزلزانی بەریتانیا وای لەوان کردووە وەسفی ناشیاو بەکاربهێنن، شێخ عوبەیدوڵڵا زیانی بە بەریتانیا یان هیچ یەکێك لە دیبلۆماتکارانی ئەو نەگەیاند لە ناوچەکە، بەڵکو بە ڕێزەوە هەڵسوکەوتی لەگەڵ کردن، خۆشەویستی و دۆستایەتی ئەوانی بەدەستهێنا، ئەی چی وای کردووە ئەم دیبلۆماتکارە بەریتانیە وەسفی ناشیاوی پێگەی شێخ عوبەیدوڵڵا بکات، لە کاتێکدا پیرۆزی و ڕێزی پاشا و سوڵتانەکانی سەردەمی خۆی هەبووە؟**

عاسم پاشا له وەڵامدا وتی: ڕێوشوێنی پێویست بۆ چارەسەرکردنی ئەم بابەتە گیراونەتەبەر، پڕوپاگەندە پڕ چەککردنی کورد لەلایەن تورکیاوە درۆیەکی تەواوە، کورد گەلێکی نا ئارامە، پڕ چەککردنیان کارێکی هەڵەیە.

واژوو ف. ر. ئێس. تی. جون

# پوختەیەك دەربارەی وەرگێڕ:

- ناوی سیانی: زێبار عەزیز موحەممەد، ناسراو بە (زێبار عەزیزخان مهاجیر).
- بەرواری لەدایك بوون: ١٢/ ١١/ ١٩٨٩.
- شوێنی لەدایك بوون: گەڕەكی نەهری، دیانا، سۆران، هەولێر.
- ڕەگەز: نێر.
- باری خێزانی: خێزاندار، خاوەنی سێ منداڵ، دوو كوڕ و كچێك بە ناوەكانی: زێبین، ڕێبین و زەریا.
- نووسەر، وەرگێڕ و میدیاكار.

- **ئاستی زانستی:**

- هەڵگری بڕوانامەی دبلۆم، بەشی كارگێڕی كار، پەیمانگای تەكنیكی سۆران (٢٠٠٩ - ٢٠١٠).

- هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس، لە بەشی سیاسەت و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی فاکەڵتیی یاسا، زانستە سیاسییەکان و بەڕێوەبردن، زانکۆی سۆران (٢٠٢٠).
- هەڵگری بڕوانامەی ماستەر لە پسپۆری سیاسەتی و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، لە بەشی سیاسەت و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی فاکەڵتیی یاسا، زانستە سیاسییەکان و بەڕێوەبردن، زانکۆی سۆران (٢٠٢٥).

➢ **زمان:** لە پاڵ زمانی دایك، شارەزا لە زمانەکانی عەرەبی و ئینگلیزی.

▪ **کۆبەرهەمەکانم لە بوارەکانی وەرگێڕان و نووسیندا:**

**- بەرهەمە وەرگێڕدراوە چاپکراوەکانم:**

١- بانگخوازە و پێغەمبەر نییە، حسن فرحان مالکی.
٢- پوختەیەك لە زانستەکانی قورئان، وەزاح خەتیب.

٣- بنەماکانی ئاینی ئیسلام، د. قەحتان دووری.

٤- تەوژمی فیکری سیاسی وەهابی، ئەحمەد کاتب.

٥- بیروباوەڕی ئیسلامی و مەزهەبەکانی، د. قەحتان دوری.

٦- نوێسازی هەڵوێستی ئیسلامی، د. محەممەد شەریف ئەحمەد.

٧- کۆمەڵگەی موسڵمان، د. محەممەد عەلی هاشمی.

٨- خوا، سەعید حەوا.

٩- بزوتنەوەی شێخ عوبەیدوڵای نەهری لە بەڵگەنامەکانی بەریتانیادا.

١٠- حەقیقەتی لیبڕالییەت و هەڵوێستی ئیسلام لە بەرانبەریدا، د. عەبدولڕەحیم سمایل خەلیلی.

١١- ئامۆژگارییەك بۆ گەنجانی موسڵمان سەبارەت بە ئاشکراکردنی زیادەڕۆچوونی زانایانی هەوچەرخی سعودی، حەسەن فەرحان مالیکی.

١٢- ئایین و قۆرخ کردنی حەقیقەت، واسق غازی.

١٣- سەلەفییەت... خوێندنەوەیەکی ڕەخنەیی، ئەحمەد تەها.

١٤- لەگەڵ قورئان لە جیهانە فراوانەکەیدا، پ. د. عیمادەدین خەلیل عومەر.

١٥- کاتێك شنەی ئیمان هەڵدەکات، ئەبی حەسەنی نەدەوی.

١٦- چەند دەردێکی سەر ڕێگا، سەید محەممەد نووح.

١٧- ئەو کەسایەتیانەی سەرنجیان ڕاکێشاوم، د. محەمەد سەعید ڕەمەزان بوتی.

١٨- پەیڕەوی گۆڕانکاری و چاکسازی لای نوورسی، عەبدوڵا مەحمود تەنتاوی.

١٩- گەشەسەندنی بیری سیاسیی شیعە لە شوراوە بۆ ویلایەتی فەقیهـ، ئەحمەد کاتب.

٢٠- شیعەگەرێتیی ئاینی و شیعەگەرێتیی سیاسی، ئەحمەد کاتب.

٢١- ڕیالیزمی کلاسیکی، ڕیچارد نیدلیبۆ.

٢٢- بیروباوەڕی ئیسلام، سەید سابق.

٢٣- ڕیالیزمی بونیادی، جۆن مێرشایمێر.

٢٤- لە سایەی سێبەری قورئاندا، پێشەکی و سوڕەتی فاتیحە، سەید قوتب.

٢٥- پاراستنی مافەکانی مرۆڤ لە کاتی ناکۆکییە چەکدارییە نێودەوڵەتییەکاندا، لە نێوان شەریعەت و یاسادا، د. ئادەم بێدار.

٢٦- چۆن منداڵانمان فێری ئیسلام بکەین، محەممەد شەمسەدین.

٢٧- چەکوژی بەڵگە و شوشەی خوانەناسی، د. عەدنان ئیبڕاهیم.

٢٨- فەلسەفەی ئەخلاق: کۆمەڵێك نووسەر.

٢٩- ئەو قاچەی ماوەتەوە، کەماڵ سەید.

٣٠- هونەری مامەڵە کردن لەگەڵ هاوسەرانی کەللەڕەق، د. یاسر نەسر.

٣١- زنجیرەی کەسایەتییە درەوشاوەکان: ماندێلا.

٣٢- لینین.

٣٣- ستالین.

٣٤- مارکس.

٣٥- غاندی.

٣٦- هێتلەر.

٣٧- ڕۆزفێڵت.

٣٨- کاسترۆ.

٣٩- ناپلیۆن.

٤٠- ئەسکەندەری مەزن.

٤١- بیدعە، سەعید حەوا.

٤٢- زنجیرە چیرۆکی دروستکردنی کەسایەتی منداڵ: دوورکەوە لێم، فید براکاش.

٤٣- سڵاو، فید براکاش.

٤٤- کیسەڵ و کاڵەك، شەمسەدین درمیش.

٤٥- کەرکوك، لە چەند لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی و سیاسی دا، لەگەڵ بیبلۆگرافیایەکی گشتی بۆ توێژەران.

٤٦- تەفسیری ساکار، دانانی: کۆمەڵێك لە زانایان. دوو جار چاپکراوە.

٤٧- تیرۆر و تۆپاندن لە دیدی قورئاندا.

٤٨- چی بکەین؟ لینین.

٤٩- مانیفێستی حیزبی شیوعی. مارکس و ئەنگلیس

٥٠- ماددەگەراییی دیالیکتی و ماددەگەراییی مێژوویی. مارکس.

٥١- ئەفسانەی وەسیەتنامەی حەسەن خەیری و پێگەی دەرسیم لە بزوتنەوەی کوردی.

- بەهەرمە نووسراوە چاپکراوەکانم:

١. تەفسیری سورەتی فاتیحە و سورەتی بەقەرە، عەبدولڕەحمان ناصرِ سەعدی.

٢. تەفسیری سورەتی ئالی عیمران، عەبدولڕەحمان ناصرِ سەعدی.

٣. موعجیزە لە دیدی ئایین و زانستدا.

٤. تەفسیری سورەتی مولك.

٥. كاریگەریی كاڵبوونەوەی سەروەری دەوڵەتان لەسەر پەیوەندییە نێودەوڵەتییەكان.

٦. تەفسیری سورەتی یوسف.

٧. هونەری وەرگێڕان.

٨. Iranian Foreign Policy towards Iraq from ٢٠٠٥ to ٢٠٢١: A Comparative Study

٩. سیاسەتی دەرەوەی ئێران بەرامبەر بە عێراق لە ٢٠٠٥ـەوە بۆ ٢٠٢١: توێژینەوەیەكی بەراوردكاری.

١٠.تەحەدداكانی بەردەم ئاسایشی نیشتمانیی عێراق: ٢٠٠٣ -٢٠٢٠.

١١. نزا و پاڕانەوە.

▪ **شوێنی كاركردن:** فەرمانبەر لە بەڕێوبەرایەتیی ڕاگەیاندنی سەرۆكایەتیی زانكۆی سۆران، بە ناونیشانی یاریدەدەری توێژەری سیاسی.